نەژاد عەزیز سورمێ



# دیدار لەبارەی شیعر و ڕۆژنامەنووسیی

چاپی یەکەم
کوردستان - 2020

ئازاد عەزیز سورچی

# دیدار لەبارەی شیعر و ڕۆژنامەنووسی

● نەژاد عزیز سورمێ

● دیدار لەبارەی شیعر و ڕۆژنامەنووسیی

● بەرگ و کاری کۆمپیوتەر: کاروان محەمەد سینۆ

● چاپی یەکەم 2020

● **نرخ** : (3000) دینار

● لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکانی کوردستان ژمارەی سپاردنی (154) ساڵی(2020)ی پێ دراوە.

ئازاد عەزیز سورمێ

# دیدار لەبارەی
# شیعر و ڕۆژنامەنووسی

چاپی یەکەم 2020

# پێش خەبەر

ئەوەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە چەند دیدارێکی ڕۆژنامەنووسین لە کاتی جیاجیادا بە داوای ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی ( لە شوێنی خۆیاندا ئاماژە بە ژمارە و ڕۆژی دەرچوونیان دراوە) لەگەڵم کراون . زادەی وەختی خۆیانن ، کێرڤی بۆچوونەکانمن لەوەی پەیوەستن بەو مەسەلانەی لە پرسیارەکاندا وروژێنراون.

نازانم بە کۆکردنەوەیان باشم کردووە یان نا ، بەڵام بێگومان وەڵامی پرسیارەکان وەڵامی پەتیی خۆمن ، دوورن لە ماندوو کردنی خوێنەر بە ناو و زاراوە و شایەدی دان بە خەڵکی دی کە ئێستا بووە بە مۆدو لە هەندێ نووسین و خوێندنەوە و لێکدانەوەدا دەبینرێن .

دیارە من لەم ڕاستەدا باس لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەڕەسەنەکان ناکەم کە بەمیتۆدی زانستی و دروست و بەڵگاوەر و ئاکامگرەوە دەنووسرێن ، بەقەد ئەوەی ڕووم لەو نووسینانەیە هەوڵ دەدەن بە هێنانەوە و خۆهەڵواسین بە بۆچوون و بیروڕای دی ڕەوایی بە هی خۆیان بدەن.



2018 \ 6 \ 24

(گۆڤاری **هەنار** ژمارە 58 نۆڤێمبەری 2010)

# دیدار لەگەڵ نەژاد عزیز سورمێ :
# زەوی ئەوەندە گەورە نییە
# ئەگەر شیعر نەمێنێت
# جێی مرۆڤی تێدا ببێتەوە

**سازدانی: حەمە کاکەڕەش**

*** دەمەوێ بتگەڕێنمەوە بۆ منداڵیی ، منداڵیی تۆ چۆن بوو ، کەی هەستت کرد گەورە بوویت ، چین ئەو وێنە و خەیاڵ و تابلۆیانەی کەوا لە سەردەمی منداڵییەوە تا ئێستا بەشێکی دانەبڕاون لە ڕۆحی تۆ ، ئایا لە منداڵیدا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان تۆ و شیعردا هەبووە؟**

ـ منداڵیی من تێکەڵەیەک بوو لەسەرسوڕمان و بێدەنگیی و ترس... هێشتا نەچووبوومە بەر خوێندن کە گوێم بە ڕستەی (تەیارە هات) ئاشنا بوو ، پاشان ژیانی ئەشکەوت و بن تاوێران تا ئەوەی لە ناوەڕاستی دەستپێکی خوێندن نێردرامە شار... لەوساوە خۆم لێ بزر بوو ، بەداخەوە ئێستاش پاش هەموو ئەو ماوە دوورو درێژە خۆم نەدۆزیوەتەوە.

ئێستاشی لەگەڵدابێت بە هەست هەستم نەکردووە گەورە بووم...

من نازانم تۆ تەمەنی منداڵیی لە چەند ڕادەگری ، لای من زۆرن ئەو یادگارانەی لە خەیاڵدا جێگیربوون و پێموایە تا مردنیش دەمێننەوە.

لەو ڕاستەشدا پەیوەندیم لەگەڵ دونیای خوێندنەوەو نووسین ، بەتایبەتی شیعر ، هاتە پێش ، هەر زوو هێشتا لە دەستپێکی قۆناغی ناوەندیدا بووم بە پێچەوانەی زۆر لە هاوڕێ و هاوپۆل و هاوئارەزووەکانمدا کە بە شیعر دەستیان پێکرد ، من بە نووسین و دەرهێنانی

شانۆ دەستم پێکرد ، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا شانۆیەکی چاپکراوم نییە.

ڕاستیی ، لێڕوانینی منداڵی من هەمیشە وەک وتم تێکەڵەیەک بوو لە سەرسوڕمان و ترس و بێدەنگی... تۆ پرسیارگەلێکیشی بخەپاڵ ، پرسیار لە دەوروبەر ، پرسیار لە هەموو ئەو ئەندازە نەگەڕانەی بە ڕێککەوت بێت یان بە تەگبیر لاپرسەنی لا دروست دەکردم... کە بە ساویلکەیی خۆم لێکمدەدایەوە... لە سەرەتاشدا هەرچەندی دەمویست ئەو ساویلکەییەی خۆم بەشێوەیەک لە شێوەکان بشارمەوە... تا ئێستاش نەمتوانی... ڕەنگە هەر ئەوەش بێت هێزی مانەوەی منداڵی لێ نەبڕیبم.

*** تۆ سەرەتا بە شیعر دەستت پێکرد ، دواتر هاتیتە سەر وەرگێڕان و لە وێنەکێشانیشدا کاری گەلێک سەرنجڕاکێشت لە کۆلاژدا کردووە. دەمەوێت ئەوە بڵێم ئایا ئەم هاتن و چوون و گەڕان و گۆڕین و لە دەرگادانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دونیای شیعر ، یان**

**ئاســمان و پانتــایی شــیعر جێگــای خەون و بینین و خەیاڵەکانی تۆی تێدا نـابێتەوە یـان خەمێکــی ڕۆشــنبیریی وات لێــدەکات هەر لە وێســتگەی شــیعردا نەمێنیــتەوە و دەســت بـۆ ژانرەکانیتر بەریت؟**

ـ تۆ وەکو خۆت ڕاسـت دەکەیـت مـن بە شـیعر دەستمپێکردووە ، چونکە لەوە زیاترت نەدیوە، بەڵام وەک وتـم لە سـەرەتادا مـن بە نووسـینی شانۆ دەستمپێکرد ، کە زۆریان لەکـاتی خۆیـدا نمایشیش کران بەداخەوە لەکاتی خۆیـدا بـڵاوم نەکــردنەوەو لە دەســتم چــوون... مەســەلەی شــیعر و کـۆلاژیش لای مـن یەک سـەرچاوەیان هەیە ، نـــازانم بـــۆچی وایە ، وەڵامێکــــی دیاریکراوم بۆ ئەوە پێ نییە.
ئەوەندەی دەزانـم مـن هەمیشـە گـوێ لە نـاخم دەگـرم ، لەو جیهـانە بێـدەنگە تـژی هـاوارەی چیایـان بە لادا دێنــێ ، زەوی هەڵــدەتەکێنێ و درەختان ڕادەقەنێنێ.
ڕەنـگە وەک پێویسـت نەمتوانیبێـت لە تـونێڵی بە سامی بدەم و بە ئاسانی چاوەڕوانکراو لێـی

دەربچـم... بەڵام هەرگیـز خیـانەتم لە شـیعر نەکـردووە ، لەو وەختـانەدا کە خـۆم لە لێوارەکـانی نیگەرانیـدا بینیـوەتەوە ، هـونەری کۆلاژ باوەشی بۆ کردوومەتەوە... دەمێکە ئەو هـونەرەم خۆشـدەوێت ، بەڵـێ ڕاسـتە ئەو هـونەرە لەگەڵ شـیعر بەراورد ناکرێـت ، شـیعر شـتێکی دیـکەیە... بەڵام دیسـان ، ئەو هونەرەش دەتوانێت بە زمـانی شـیعر مـامەڵەی لەگەڵـدا بکەیـت ، کە لەگەڵ پێداویسـتییە ڕۆحی و جەوهەرییەکانی مرۆڤدا دێتەوە.

مـن لە هەمـوو ئەو پێشـانگایانەی کـردوومنەتەوە، هەوڵمـداوە ، ئەوەی بەهـۆی زمـانی شـیعرییەوە وتنـی ئاسـان نەبـووە ، بە کـۆلاژ کە ڕەنـگە زمـانێکی ئەبسـتراکتری بـۆ بڕەخسێنرێت بگوترێت.

بە هەر حـاڵ لای مـن بەردەوامیـی گرنگتـر بووە...

بـۆ مەسـەلەی وەرگێـڕان ، مـن هەر وەرگێـڕانم نیـیە ، یەکەمـین کەسیشـم کە نووسـین و لێکۆڵینەوەم لەبـارەی تەکنیکـی ڕۆژنـامەگەریی بە کـوردیی لە هەمـان کاتـدا لەبـارەی

ڕۆژنـــامەگەریی کوردیـــدا نووســـیوە ، لەو ڕووەشـــەوە چەنـــدین کتێـــب و وتـــار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەو لە چاپدراوم هەیە و خاوەنی یەکەمین پڕۆژەی ئاژانسی دەنگوباسی کوردســتانم ، کە کــاتی خــۆی لە ســەرەتای نەوەدەکـــانی ســـەدەی ڕابـــردوو بـــڵاوم کردووەتەوەو وەک پڕۆژە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانم کردووە.

لێـــرەدا مەبەســـتم لە هێنـــانەوەی ئەو ئەسـکەندەرنامەیە ئەوەیە بڵـێم لە مەسـەلەی نووسین و وەرگێڕاندا ، شیعری لێ بترازێت ، هەمیشـه لە چوارچێـوەی (خزمەتگـوزاریی ڕۆشـنبیریی) چـاوم لێکـردووەو بە پێویسـتم زانیـوە... بە نمـوونە کـاتێ سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو کتێبـی (سـەرەتایەک بـۆ تێگکەیشـتنی هـونەری شـێوەکاریی)م بە پێشـەکی و پەراوێـز نووسییەوە وەرگێڕا ، لە هەستکردنم بە بوونی کەلێنێکـی گەورە لەو بـوارەدا بـوو ، کتێبێـک هەبێـت بە زمـانی کـوردیی بـاس لە ڕەگەزەکانی هونەری شێوەکاریی بکات ، کە

بەداخەوە تا ئەو دوادواییەش تاکە کتێب بوو لەم بوارەدا.

ئەمانەم هەمووی وەک وتم بە وەرگێڕانیشەوە (شیعری لێ بترازێت) لە چوارچێوەی خزمەتگوزاریی کولتووریيدا کردووە و وەکو ئەرکێک بە پێویستم زانیوە بە کوردی هەبن.

*** ئەگەر هەڵە نەبم تۆ لە (تاڤگەی مەند)ـەوە کە یەکەمین ئەزموونی شیعریت بوو تا ئەمڕۆ بەردەوام لە چڕبوونەوەیەکی جواندا دوور لە تەمومژی دەستکرد لە باڵاکردن و دەنگ زووڵاڵیدای ، خەیاڵ ، وێنە و دەربڕین لە شیعرەکانتدا تووشی چەقبەستن و دووبارەبوونەوە نەهاتوون ، ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە پشتی شیعرەکانتەوە ئیلهامێکی کەڵەگەت وەستاوە ، یان ڕۆشنبیرییەکی فرە ڕەهەند؟**

ـ هەر بۆ مێژوو (ئەو شەوانەی خەوم نایێ) یەکەمین ئەزموونی شیعریم بوو لە شێوەی کۆشیعر ساڵی 1977 لە شاری نەجەف

(چاپخانەی النعمان) چاپم کرد ، ئەودەمەی نەفی بووم لەوێ ، نەک (تاڤگەی مەند) کە دووەم کۆشیعرم بوو. بۆ ئەزموونیش کە باسی دەکەی .

ڕەنگە سەرەتای دەستپێکی ئەزموونی خۆم (تاڕادەیەک) باوەڕم بەوەی ناویاننناوە (ئیلهام) ، هەبووبێت ، بەڵام بە تێپەڕینی کات ئەو بڕوایەم لا کز بوو... ئێستا من زیاتر شیعر بە پیشەسازیی وشە تێدەگەم ، شیعر زمانە لەناو زماندا... ئەو ئیلهامەی تۆ باسی دەکەیت من بە (هێدمە)ی دەخوێنمەوە... (هێدمە) بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە.

لە ئەزموونی خۆمدا هەمیشە هەوڵم داوە لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆبم ، شیعر ڕاستگۆییە ، پێشموایە شاعیر پێویستە لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێت... لە ساتەکانی مەستیش ڕاستگۆتر ، هەوڵمداوە هەمیشە کێبەرکێ لەگەڵ ئەزموونی خودی خۆمدا بکەم و پێشی بکەوم و بتوانم بە خۆم بوەستم.

هەر وشەی (ئەزموون)یش وای دەبینم لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت... بێگومان لەو

ناوەشـدا خوێنـدنەوە دەرەتـانی دی پێـداوم و زۆرجـــاریش ڕونـــاهی ئەو ســـەری تـــۆنێڵی خستووەتە بەر ئاسۆی ڕوانین و بینینم.
ئەوانە تێکڕاو شتی دیکەی لاوەکیشـی بخەپـاڵ کە لە ژیاندا تێیهەڵدەنگوین مرواری فڕێدراوی ، پەراوێزخراوی تـژی نهێنـی وایـان پێشـانداوم ، کە زۆرجـار نەمکـردوون بە نگـین ، بەڵکـو بە کاژی دڵم هەڵواسیون.

*** قۆنـاغی نـوێی شـیعری کـوردی بـۆ چەنـد قۆنـاغ دابەش دەکەن ، گەلێـک ڕاوبۆچـوونی جیـــاواز دەربـــارەی دەستنیشـــانکردنی ســـەرەتاکانی تـــازەگەریی شـــیعری کـــوردی نووسراون ، بەڕای تۆ ئەو دەستنیشـانکردنانە تا چەنـد تەواو و بـێ هەڵەن ، ئەی تـۆ چـۆن دەستنیشانی دەکەیت؟**

ـ شـیعر مـۆدێلی ئۆتۆمبێـل نیـیە تـا بەپێـی سـاڵ و مانگـان پـۆلێن بکرێـت... شـیعر یـان دەبێـت شـیعر بێـت کە بەڕای مـن پێویسـتە زەمـان پێـی نەوێرێـت... یـان شـتێکی دیـکەیە

دەتوانیت خۆت ناوی لێبنێیت... من لە تۆ دەپرسم جزیری ، نالی ، مەحوی ، وەفایی ، مەولەوی و چەندانی دی سەر بە کامە قۆناغی شیعریین ، کە ئێستاش سێبەریان بە چڕیی ماوەتەوە و ئامادەییان لەدەست نەداوە ، کە پێشم وانییە بەو ساڵ و زەمانانە لە دەستی بدەن ، چونکە ئەوانە و نموونەی دیکەش هەر یەکیان بە دنیابینی خۆیەوە کاریان لە زمان و نهێنییەکانیدا کردووە و ڕۆحیان بە وشە بەخشیوە.

ئەگەر مەبەستیشت لەم پرسیارە ئەو حەفت و هەشتە بێت ، سەرەتای حەفتاکان لەو بارەیەوە لە گۆڕێ بوو ، من خۆم وای چاو لێناکەم ، وەکو وتم شیعر مۆدێلی ئۆتۆمبێل نییە.

ئێمە هەر ئەوەندە دەتوانین دەستنیشانی ئەو قۆناغانە بکەین کە فلانە شاعیری داهێنەری تێدا بووە ، وەکی تر بڕوام بەو بۆچوون و ڕوانینانە نییە کە سەرەتای تازەگەریی شیعری کوردی لە شاعیرێک یان چەند شاعیرێک گیر دەکەن. بەڕای من بابەتایەریش نوێخوازە وەک

ئەوەی جزیـری ، نـالی ، مەحـوی ، وەفـایی ، مەولەوی، گۆران و چەندانی تریش نوێخوازن.
ئیشـکالییەتەکە لە ڕەخـنەی کـوردی (ئەگەر هەبـوو بـێ) لەوەدا بـووە زەمەنـی شـیعری و شـیعرییەتیان لەگەڵ زەمەنـی ئاسـایی تـێکەڵ کـردووە ، بەمەش لە هەڵسـەنگاندن و خوێنـدنەوەی هاوکێشـەکاندا دووچـاری جـۆرە شاشییەک بوون.

*** لە ڕۆژگاری ئێوەدا زۆرێک لەو جیلەی ئێوە لەگەڵ ئەدەب خەریکـی سیاسـەتیش بـوون. دەپرسم ئایا تۆ هیچ بەشدارییەکی سیاسیی و شۆڕشـگێڕیت هەبـووە ، پێمخۆشـە وەک شـاعیرێک حیکـایەتی دونیـای سیاسـەت بگێڕیتەوە کە چۆن بوو؟**

ـ ئەمە هێنـدەی ئەوەی پرسـیارێکی قورسـە ، ئەوەندەش جێی سـەرنج و لێڕامـان و تەنـانەت پێکەنینیشە.
پرسیارێکی قورسە ، چونکە هیچ تاکێکی کورد نیـیە کەم و زۆر بـاجی کوردبـوونی نەدابێـت ،

تەنــانەت بەوانەشــەوە کە لە بەرەی گەلەکەی خۆیاندا نەبوون (لەگەڵ پارێز وەرگـرتنم) ، کە ئەمەش مایەی پێکەنینە تاڵەکەیە.
ڕاستی ئەوە قەدەری جیلـی ئـێمە بـووە... مـن بە خــۆم بە حــوکمی زێــدی ژیــانم نیــوەی قوتابخـــانەی ســــەرەتاییم لە ئەشـــکەوتان بەڕێکردووە.
لە شەســت تیــری فڕۆکەکــانی عەبــدولکەریم قاسمەوە بگرە کە هێشتا فـامم نەکردبـوو ، تـا دەگـــاتە ناپاڵمەکـــانی بەعســـم لە بیـــر نەچوونەتەوە.
ئەشکەوت و بـن بەرد نەمـا بەدرێژایـی تەمەنـی منداڵی و لاویمان نەیبینین... سیاسەت بۆ مـن ڕەنگە بە ویست نەبووبێـت ، ئەوەنـدەی قەدەر بووە،قەدەرێک کە بەینەت و ویژدان بە خاک و میللەتەکەمی گرێداوم.
ئەوەنــدەی لەبیـرم مابێـت تەنیـا لە مــاوەی شۆڕشی ئەیلوولدا چوار جار ماڵمان لە بناغەوە هەڵتەکێنـراوە... لە ڕێکخـراوی قوتابیـان کـارم کـردووە ، ســەرەتای هەڕەتــی لاویـم بـوو کە ئێستاش شانازیی پێوە دەکەم ، لە ڕاگەیاندنی

شـــۆڕش وەکـــو یەکەم پەیـــامنێری جەنـــگ لە بەرەکانی شەڕ لە هەڵایساوترین بەرە ، بەرەی هێـزی بـاڵەک ، کە لە دواییـدا چەنـدین هێـزی دیکەشـــی هـــاتە پـــاڵ و شـــوورەی پـــارێزەر و مقـاوەمەی شـۆڕش بـوو ، چیاکـانی کـۆڕەک (دارە هیشک) و (گەلی مێگر) و (گەلی شـێخ ســـەید) و (گەرووی عـــومەر ئاغـــا) و (دارە قەســـپ) و چیاکـــانی ( هەنـــدرێن و زۆزگ و سەرتیز و دۆڵی ئاکۆیان و ڕەواندز) و چەنـدین شـوێنی دیـکە لە بەرەکـانی هێـزی خەبـات و زمناکۆو ئەزمەڕ لە دەڤەری سلێمانی ریپۆرتاژی بـۆ ئێـزگەی دەنگـی کوردســـتان لـێ ئامـادە نەکەم ، کە ئێســـتاش زۆریـــان لە ئەرشـــیفی ئێزگەدا ماون.

من بـاس لەو کاتـانە دەکەم پێکەنـین هەبـوو ، گریـان هەبـوو ، ئـێمەی تـازە پێڕاگەیشـتوو بـاوەکو لە زۆر شـت بێبەش بـووین ، بەڵام لە دەوروبەرێکی پتەو پەروەردە بووین ، بە هێزی لەبـن نەهـاتووی ئومێـدەوە هـاتبووینە نـاو ئەو دونیـــایەی تـــۆ نـــاوت نـــاوە سیاســـەت و شۆڕشگێڕایەتی. هەرواشە ، شاعیر فەرماندەی

عەسکەریی نییە کە بەداخەوە زۆرجار ئەوەی لێخواستراوە...
ئەو وەچەیەی ئێمە هەرچی زۆرخوازیی و تەوژمی ختووکەدان و سەنگدڵی هەیە بەسەرماندا کەڵەکە بوو...
منیش وەک زۆربەی هاوڕێکانم تاڵیی و سوێریی دوورخرانەوەمان بۆ باشووری عێراق بینی ، زیندانمان بینی... دەردی غوربەت و مەحروومییەتمان بینی ، کە ئێستاش لە نەستماندا ڕەش نەبووەتەوە ، کە ئەوەش دەڵێم هەرگیز مەبەستم لەوە نییە خوانەخواستە منەت بەسەر نیشتمان و میللەتەکەمدا بکەم ، بە پێچەوانەوە لەگەڵ هەموو ماندووبوون و ڕەنجدا ئێمە بە تۆزی بەرپێی ئەوانە ڕاناگەین ڕاستەوخۆ ، بە گیان ، خۆیان بەقوربانی کوردستان کرد و شەهید بوون.

*** کورد ئەدەبێکی هەیە بەناوی ئەدەبی تاراوگە ، یان مەنفا. ئەدەبی کوردی تاراوگە ئەگەر هەیە لە چ ئاستێکدایە، ئەگەر نییە،بۆ؟**

ـ نامەوێت لێکی بکێشمەوە، لەوانەی سەردەمە جیاجیاکاندا (کە تا زۆردا بێین ژمارەیان زیاترە) کۆچیان کردووە ، بەهۆی زۆر ئەگەران کە لە ئەهلی قەڵەم شاراوە نییە هەموویان یاخود زۆربەیان نەیانتوانیوە تەنانەت لە خودی نووسینیش بەردەوام بن.

بەڕای من ئەوەشی بەردەوام بووە تاک و تەرا نەبێت ئەویش لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێنەپەڕیون ، نەیانتوانیوە ئەدەبێک بخوڵقێنن سیمایەکی تایبەتی ، ئەوەی تۆ پێیدەڵێیت (ئەدەبی تاراوگە)ی پێوە ببیندرێت ، قسەم لەم دوادواییانە نییە ، دوای پەیدابوونی تۆڕی ئینتەرنێت کە خێراییەکی لە خەیاڵان بەدەری بە پرۆسەی پێکگەیشتندا ، هەروەها ئەزموونی بێ وێنەی کوردستانیش لە بواری بڵاوکردنەوەدا لەچاو ساڵانی ڕابردوو زۆر لە نووسەرانی کوردی دەرەوەی هێنایەوە سەر خەت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەو مانایە نەبووە ئەدەبێکی تاراوگە ، بە ئەزموون و سیما تایبەتییەکانی سەریهەڵدابێت... ئەوەی لە تاراوگەش نووسراوە ، هەر هەمان ئەزموون

بــووه ، كه نووســەرانی وڵات وەشــاندوویانه ، ڕەنــگه چەنــد نووســەرێكی لــێ دەربــاوێ تــاڕادەیەک ســوودیان له زمــان و ئەزمــوونی ئەدەبی ئەو وڵاتانه وەرگرتــووه تێیــدا دەژیــن ، دەنـا مـن جیـاوازییەكی جەوهەریـم له ئەدەبـی ئەو نووســەر و شــاعیرانەدا نەبینیــوه كه لێــره لەناو خاكی نیشتماندان.

*** هەســت و خەونه كپكراوەكــان كــردەی بەرهەمهێنانی شیعرن لەلای تۆ ، یان عەقـڵ و ڕۆشنبیری ، یان تێكەڵەیەک لەمانه؟**

- هەردووكیان... بەڵام له بیرت نەچێت من وتم شــیعر پیشەســازیی وشــەیه ، دیــاره هەمیشــه (وشــه)یش هەم هەسـت كه مـن (نەست)یشــی دەخەمه پـــاڵ و هەم پاشـــخان و ئەزمـــوونی ڕۆشـــنبیریی ڕۆحـــی به بەردا دەكەن و لەوه دەیپــارێزن به مردوویەتــی له دایــک بێــت و مەوداو ڕەهەندێكی شوێنكاتیشی پێدەدەن.
ئەمه ئەو گەمەیەیه شـاعیر دەیكـات و خـوێنەر هەســـتی پێناكــات چـــی كـــردووه و چـــۆنی

کردووه ، بەڵام پرسیاری لا دروست دەکات و هەستێکی ئیستاتیکی جیاوازی دەداتێ.

*** ئایا نەوەی ئەمڕۆ توانیویانە دەنگێک بن جیاواز لە نەوەی پێش خۆیان و دونیابینییەکی نوێیان هەبێت؟**

ـ بێگومان... چونکە ئاراستەی ڕووبارەکان گۆڕاوە ، ئەمڕۆ دنیایەکی دیکەیە... من باس لە باشی و خراپی و ڕووی ئەرێنی و نەرێنی ئەم سەردەمە ناکەم ، باس لەو گۆڕانە تیژڕۆیانە دەکەم کە تاڕادەی سەعات و خوولەک دێن و تێدەپەڕن ، لێرەڕا ، لەگەڵ پارێز وەرگرتنیشم لە حوکمدان ، دیسان ئەمڕۆ چەند دەنگێک دەخوێنمەوە ، بە بڕوای من ئەگەر بە هێمنی هەنگاو بنێن و هەوڵ بدەن پتر خۆیان و دەورووبەریان بناسن ، چەند ساڵێکی دی جیاوازییەکی هەستپێکراو لە شیعری کوردیدا دێننە ئاراوە... گرفتی ئەم نەوەیە ئەوەیە زۆر پەلە دەکات و تاڕادەیەک بەخۆوەژیە و کەمتر شتە جەوهەرییەکان بە

هەند دەگرێت و دەخوێنێتەوە... دیارە ئەمەش هـۆ و ئەگەری خـۆی هەیە کە پێمـوانییە لە وردبین و مووقەڵێشاندا ون بێت.

*** ئایا شیعر خەیاڵمان دەتەقێنێتەوە، یان شیعر بوونەوەرێکی چێژ بەخشە، ئامرازی چێژ بەخشینە، یان لە شیعردا دەبێت بۆچی بگەڕێین، بۆ دەنگ و ڕەنگی دیوی ئەودیوی خۆمان و شتەکان بگەڕێین، یان شیعر خۆی گەڕانێکە بۆ ئەوەی خۆمان بیربچێتەوە؟**

- شاعیر لە فڕین ماندوو نابێت، بەو مەلەوانە دەچێت کە لە ڕووباری پاکی زماندا باسک داوێ...
ئەمە لە خۆیدا دیوێک چێژ بەخشینی بۆ بەرامبەر تێدایە...
لە شیعردا دەخوازێ بۆ ئەو (من)ـە بگەڕێین کە سیحری پەیوەندبوونمان بە گەردوون ببینینەوە، سەرەڕای ئەوەی بێ دیماهیەیایەتی خۆی پێدەبەخشێت و مانایەک دەداتە ژیانمان... شیعر زۆرجار وەک

ئایکۆنۆگرافیـای ژیـان خـۆی دەنوێنێـت ، ئەمە لە خۆیدا پشکنینی شتەکانە... چوونە باوەشی سـرووت و تەقسـێکە ئامـادەیی و حـزووری لە هەموو کژ و مەوسیماندا هەیە.
بە واتـــایەکی دی ، شـــیعر چێژبەخشـــی لەو هێدمە و ژان و موعاناتانەوە سەرچاوە دەگرێت کە تەواوکاری (ئازادی)ین ، لەم ڕاستەدا شیعر دەکرێت لە هەمانکاتدا بێ ڕەنگ بێت و هەمـوو ڕەنگەکانیشی تێدا کۆبێتەوە.
ئـێمە لە شـیعردا زۆرجـار خـۆڵەمێش گەش دەکەیـنەوە ، خۆمـان لە بیرنـاچێتەوە ، بە پێچەوانەوە خۆمان دەدۆزینەوە.
وای بۆ دەچم ئەوەی بە شیعر و شـێوەکاریی و مۆســیقا کە هاوتـــای یەکتـــرن ، پێمـــان دەگوترێـــت، ڕەنـــگە بە ڕێگـــای دی بۆمـــان نەگوترێت.

*** ئێرنسـت هەمەنگـوای دەیـوت ، نووسـەری ڕاسـتەقینە ئەو کەسـەیە لەسـەر هێڵـی نێوان مـان و نەمـان ڕاوەسـتێت ، ئایـا ئەو هـێڵە دەکەوێتە کوێوە؟**

ـ ئەو هێڵە بەسەر دۆزەخی خۆ دووبارە کردنەوە و بەخۆوەژییەوە تێدەپەڕێت بەرەو ڕەهایی..

*** ئایا دەکرێت بڵێین شاعیر شەڕکەرێکی وشەییە؟**

ـ گومانی تێدا نییە،وەک چۆن ئاو حەقیقەتێکی هەزاران ساڵەیە... وشەش بە هەمان شێوە ، بۆ ئەوەی شاعیر پێی بوەستێ تاڕادەی ئەوەی یاریی پێبکات ، ئەفسانەی پێ بخولقێنێت ، بۆ ئەوەی سرکیی بپارێزێت ، پێویستە دەستەمۆی بکات ، هەر ئەمەشە نهێنی مان و نەمان لەو شەڕەدا کە هەمەنگوای باسی دەکات.

*** لەم سەردەمە بێ پەیامەدا ، یان بێ (داستانی مەزن)ـەدا ، دەکرێت هێشتا شاعیر وەک پێغەمبەر سەیر بکەین؟**

ـ ئەوە سەردەمە، ئەوە تەکنۆئابوورییە شێوەی پەیامەکەی گۆڕیوە ، دەنا شاعیر هەمیشە

پەیامی پێیە. من مەبەستم لە پەیام ئەو پەیامەیە کە هاوڕێی سەردەمە و لەگەڵ مەودا و ڕەهەندەکانیدا ڕێ دەکات و پێشی دەکەوێت و ڕەگەزی ئازادیی تێدا دەردەخات... لەگەڵ ئەوەشدا ، شاعیر ئەوەی بە ناو پاناوکی وشەدا دێت و دەچێت و تافتەی ئاوریشمی تێدا دەهۆنێتەوە ، مۆسیقا لە تاوی باراندا دەبینێت ، مەرج نییە بەلایەوە گرنگ بێت بە پەیامبەری بشوبهێنن ، هێندەی ئەوەی خودی خۆی لێ ڕازی بێت.

*** لەم ڕۆژگاری بە جیهانیبوونەدا زۆرینەی نووسەرانی جیهانی و کوردیش هەوڵدەدەن ئەزموونی تاقیکردنەوەی ژیانی خۆیان ، واتا ڕووداوی هەقیقی ژیانیان بنووسنەوە. ئایا خەم و برین دوا هەقیقەتی ئێمەی کورد نییە ، کەواتە دەکرێت ئێمە چۆن لەو خەم و برینە گەورانە ڕزگاربین کە مێژووی ڕابردوو و ئێستای کوردیی داگیرکردووە؟.**

ـ گرفتی ئێمە ئەوەیە لەوەتەی هەین ، ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمانتوانیوە ئەو گرێیە بکەینەوە و بەو ڕووکارە خاڵان بخەینە سەر پیت...

ڕاستە ئێمە بەدرێژایی مێژوو زوڵم لێکراو بووین ، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە بەشێکی ، کەم و زۆر خۆمان لێی بەرپرسیارین من لە شوێنێکدا وتوومە ، (ئەوە چی بوو چەندین دەیەیە دارا دارێکی نەبینی ).

ئێمەش میللەتین ، وەکو هەموو میللەتانی جیهان ، تا کەی دونیا بە تەنیا لە ڕێگای کارەساتەکانەوە بماننناسن ، ئایا وەختی نەهاتووە ، ئێمەش بڵێین هەین و دەتوانین هەبین و شارستانییەت و مێژوومان هەیە ، بە مانایەکی تر بە چەشنێکی دی خۆمان بناسێنین.

پێویستە خۆمان لەو ماک و هەنگڵەشلیە ڕزگار بکەین و جیهان تێمان بگات کورد ئەدەبی هەیە ، هونەری هەیە ، کولتوورێکی دەوڵەمەندی هەیە و کوردستان لانکەی شارستانییەتی دونیایە... دیارە خەڵکی دی بە پاڕانەوەو نوزانەوە دڵیان بە ئێمە و میللەتانی

وەکو ئێمە دەسووتێت ، ئەمەش وەکو لایەنی ئینسانی و هیچیتر ، بەڵام هەرگیز بە سەدان ساڵی تر پێیان بڵێین حەیدەرین ، قەڵەندەرین ڕێزمان لێناگرن.
ئێمە ، پێویستە و زۆریش پێویستە ئەو گرێیە بکەینەوە و ئیتر وەختی هاتووە مێژوو وەکو مێژوو و ئێستاش وەک ئێستا تەماشا بکەین و زمانی کرووزانەوەو هەمیشە خۆ بە لاواز و مەزڵووم نیشاندان بگۆڕین.

*** هۆی چییە شیعری کوردیی نەیتوانیوە ئەو تاریکییەی ژیان لە ژیانی کوردیدا لە زمانێکی ئیستاتیکی بەرجەستە بکات ، تاکو ئەو تاریکییە ببێتە کێشەیەکی جیهانیی ؟**

ـ کردوویەتی ، ئەوە ناهەقییە ئەگەر بڵێین نەیکردووە ، بەڵام کە نەبووەتە کێشەیەکی جیهانی ، ئەوەیان باوەکو شیعریش بەتەنێ لێی بەرپرسیار نەبێت کە پێشموانییە ئەمە بەو سادەییە کاری شیعر بێت ، بەڵام تۆ کە (زمانی ئیستاتیکی)ت هێناوە ، دیارە کە بەو

زمـــانه و بەڕای مـــن تـــاڕادەیەکی بەرچـــاویش بەرجەستەکراوە.
ئیشـــــکالەکە لە بزاڤـــــی وەرگێڕانـــــدایە ، بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کـوردییەوە بـۆ زمـانە زینـدووەکانی دونیـا دەتـوانم بڵـێم دەستیشـی پێنەکردووە ، تاک و تەرایش ئەگەر هەبووبێـت بە هەوڵی تاکەکەسی بووە و لەلایەن بـنکەیەک یاخود مەڵبەنـدێکی بـاوەڕپێکراوەوە پشـتگیری نەکراوە ، کە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشـابێت ، چ جـــای ئەوەی لە ناوەنـــدی بەرفراوانتـــرەوە بناسرێت.

*** ئێوە وەک زۆرینەی نووسـەر و شـاعیرانی کـورد بە ڕوانگەیەکـی ڕەشـبینییەوە سـەیری کۆمەڵگـای کـوردی دەکەن ، ئایـا دەکرێـت ڕەشبینی وزەیەکـی داهێـنەرانە و بە دژی ئەو هێزە نەریتییە بێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا؟**

- نازانم بۆچی لێرەدا قسەیەکی هیراکلیتس-م بە بیرهاتەوە کە دەڵێت:حەقیقەت بۆ هەموو ان نییە ، حەقیقەت تەنیا بۆ بەهێزەکانە.

مـن وای چـاو لـێ نـاکەم ئەوەی تـۆ ناوتنـاوە ڕەشــبینی ، بە بێهــوایی دەخــوێنرێتەوە ، لە هەمانکاتــدا ئەوەش نیــیە بە پێشــینە وەکــو وزەیەک دژ بە هێـزە نەریتییەکـان لە مەیدانـدا بێت.

شیعر ئەو چڵە حوزنەی تێدا ون بێـت ، نهێنـی خـۆی لە دەسـتدەدا و ئومێدیشـی پێـوە دیـار نابێت کە مرۆڤ مەحکوومە پێـیەوە و چارێکی دیکەی لە پێشدا نییە.

مــن جــارێکیتر دووبــارەی دەکەمەوە ، بــۆیە دەڵــــێم دووبـــــارەی دەکەمەوە ، ڕەنــــگە لە پرســیارەکانی پێشووشــدا بەو مانــایە وتــبم ، کاری شیعر نییە کۆمەڵگە بگۆڕێت ، ئەوە زوو بوو کۆمەڵگە هەموو شتێکی لە شیعر دەویست لە دواییشــدا هەر ئەو دەنگــانە مــانەوە کە لە نیشتمانی گەورەی خـود و گەردوونـی زمـانەوە ئێستاشـــی لەگەڵـــدابێت چەخمـــاخەی دڵان دەدەن.

لەبیریشـمان نەچێـت ڕەشـبینی و داهێنـان دوو دونیــای ئەوەنــدە لێــک نزیــک نــین هەمیشــە داهێنان بە گەشبینی و هیواوە پێڵوز کراوە.

*** شـــاعیر به زمـــان دەتوانێـــت چـــی تێکبشــکێنێت، ســنووری ئەو تێکشــکانە لە کوێدایە؟**

ـ مـن قەنـاعەتێکم لا دروســت بـووە زمـانی شـیعر ، نە زمـانی قامووسـانە کە (بەداخەوە) ئێسـتا لە گەلێـک دەقـدا هەسـتی پێـدەکەم... مردوو ، بێ گیان... بێ مەودا... نە ئەو زمانە ئاسـاییە عادەتییەشـە. لای مـن تێکشـکاندنی زمان لەو هەوڵە بەردەوامانەدایە بۆ دەرککـردن بەو مەودایـانەی دەنـگ و بینـین و فەنتازیـا و خەیـــاڵ پێکـــدەهێنن ، هەر لێرەشــــەوەیە پەیوەنـدیی زمـانی شـیعر بە هەردوو هـونەری شـێوەکاری کە بەشـێکی بە کـوتلەوە بەنـدە و هەروەهـا هــونەری مۆسـیقا ، کە هــونەرێکی ئەبسـتراکتە... دیـارە کە تێکشـکان هەبێـت ، پێکهێنـانەوەش دەبێـت ، لەو ڕاسـتەدا شـاعیر بەو پرۆسـەیە و بە خولْقانـدنی دارِشـتەی دی خۆی لە یەک ئەنوایی ڕزگار دەکات وئاهەنگێک بە وشە ، تەنانەت بە پیتیش دەدات.

هەر بەوەش ئەوەی پێـــــی دەگوترێـــــــت تەقانـدنەوەی زمــان ، بەرپــا دەبێــت ، کە لە ئاکامدا شـاعیریش لە بۆشـایی دەربـڕین ئـازاد دەکـــات ، تێکشـــکانی زمـــانیش وەک ئەوەی پرۆسەیەکی سنووردار نییە ، لە هەمانکاتـدا بە خــودی شــاعیر خۆشــییەوە بەنــدە لە ڕووی دونیــابینی و بەهەنـدگرتنی بـایەخی زمـان لەو پرۆسەیەدا.

***   چیــیە وادەکــات شــیعرێک بە نەمریــی بمینێـــتەوە ، کـــێش و ســـەروایە ، زمـــانە ، دونیابینی شاعیرەکەیەتی ، هەڵـگەڕانەوەیە لە زمــانی بــاو ، یــان شــیعر شــتێکی تــرە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەبازییە؟**

ـ دنیـابینی شـاعیر کە ڕەهەنـدی ئینسانیشـی پێوە بەندە ، هەروەهـا هەڵـگەڕانەوە لە زمـانی باو.

*** ژیانی مـرۆڤ چەنـد سـاتێکە و هەرچییەک بخولـقێنێت ئەوا بایەک هەڵـدەکات و هەمـووی**

**لەگەڵ خۆیــدا دەبــات ، ئەم دوو دێــڕەم لە داستانی گەلگامش خواستووە ، دەپرسم ئایا شــیعر دەتوانێــت یادگارێــک ، شــتێک ، بنووسێتەوە و ئەو بایە نەتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیبات؟**

ـ بێگومان هەر ئەو دوو دێرەی خۆت بەسە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە دەڵێی لە داستانی گەلگامشەوە هاتووە... ئەو داستانە ئەدەبە ، نزیکەی دوو هەزار ساڵ ، بەڵکو زیاتریش پ.ز نووســراوە ، بەڵام نەمریــی ئەو داســتانە لە بەردەوامبــوونی پێویســتی مــرۆڤەوە ســەرچاوە دەگرێت.

تــۆ لە ســەردەمەکانی مێژووشــدا ، بە نمــوونە کارەکــانی شەکســپیر ، هەنــدێک لە شــاعیرە عاریفەکانی وەک مەولانــای ڕۆمــی و چەنــدانیتر بخــوێنەوە ، یــاخود شــانۆییەکی وەکــو (لە چــاوەڕوانی گــۆدۆ)ی پیکێــت ، ئەمــانە ڕاســتە هەندێکیان شیعر نین ، بەڵام لە دنیــابینی و لە زمانی شیعرییەوە بەدوور نین.

*** ئایا خوڵقاندنی شیعر ئیلهامە ، یان پرۆسەیەکی هۆشیارانە و عەقڵییە ، یان چالاکییەکی زمانەوانییە و لە توانایدا هەیە شتی نوێ بخوڵقێنێت؟**

ـ چالاکییەکی زمانەوانییە لە پرۆسەیەکی هۆشیارانەی هێدمە گرتوودا.

*** ئایا شیعر ڕێگایەکە دەمانباتەوە سەر خود، یان پەنجەرەیەکە لەوێوە دەڕوانین و خود دەنووسینەوە ، یان لە شیعردا خودێک تێکدەشکێنین و خودێکی خەیاڵیی بنیات دەنێین؟**

ـ لەوێوە دەڕوانین و هەر لەوێشەوە خود دەنووسینەوە و تێکیشی دەشکێنین و بنیاتیشی دەنێینەوە.

شیعر لەوەش بەدەرە ، بۆ کوێ و بۆچی... من بەخۆم نایزانم... ئەوەندە دەزانم کە شیعر گەیشتووە بە قۆناغی بێ پێناسەیی.

*** ئایا ئامانجە سەرەکییەکەی شیعر چییە ، یان شیعر لە دەرەوەی ئامانجە ، ئایا شیعر بیر لە ئامانج بکاتەوە نامرێت؟**

- کاری شیعر نییە ئامانجی هەبێت... شیعر خۆی ئامانجە.

*** ئەمڕۆ زۆر کەس دەبینین شیعر دەنووسن لە ئاستێکدا زمان و وێنە و خەیاڵێکی نزم و کەمخوێنی بەرهەمدێنن ، کەچی لە بڵاوکراوەکاندا هیچ ڕێگرییەک بۆ ئەو بەناو شیعرانە نییە و بگرە هەندێکجار ستایش دەکرێن ، ئایا دەکرێت بڵێین ئەمە گەندەڵیی ڕۆشنبیریی ئێمەیە؟**

- من ئەوە زیاتر بۆ قەیرانی ڕۆژنامەگەریی و دەسەڵاتی کولتووریی دەگێڕمەوە ، کە بەداخەوە بەهۆی زۆربوونی لە ڕادەبەدەری ژمارەیان ، کەمیان فلتەری هونەرییان هەیە پێش بڵاوبوونەوە بابەتی پێدا تێپەڕێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بڵاوکراوە لەناو ئەو ئاپۆرەیەدا هەر ماون ، کە ئەوانیش بەداخەوە ژمارەیان کەمە تاڕادەیەک هەوڵدەدەن ڕووی

گەشــیان بەو ئاراســتەیە دەربــخەن ، بەوەی بابەتی هەڵبژاردەی سـەنگین و خـاوەن ڕوانـین بڵاوبکەنەوە .

*** پاشەڕۆژی شیعرت چۆن دێتە بەرچاو؟**

ـ تا مرۆڤ مابێت زمـان دەمێنێـت... تـا زمـان بمێنێت شیعر دەمێنێت...

ڕەنــگە دەنگەکــان ، وشــەکان ، ڕوانینەکــان ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکو ڕواڵەت بگـۆڕێن... بەڵام لە کاکــڵ و جەوهەردا شـــیعر لە هەر دەور و زەمانێکدا بێت ، ئامادەیی لەگەڵ مرۆڤدایە . من بـــاس لە شـــیعر دەکەم ، ئەو بـــوونەوەرەی دیمـــاهی نیـــیە ، وەک ئەوەی سەرەتایشـــی نەبووە...

شــیعر پرۆســەیەکی ئیســتاتیکی ئەبەدیــیە... دەمێنێـت... زەوی ئەوەنـدە گەورە نیـیە ئەگەر شیعر نەمێنێت جێی مرۆڤی تێدا ببێتەوە .

---

* ئـەم دیـدارە پاشـان لەگـەڵ چەنـد دیـدارێکی دی هـەر ئـەو ڕۆژنامەنووسە لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاوکرایەوە .

## نەژاد عزیز سورمێ:
## پێموانییە شیعر نە ئەمڕۆ نە سبەی بتوانێ ماڵئاوایی لە نیشتمانی ئەبەدیی خۆی بکا

**ئامادەکردنی : ئازاد عەبدولواحید**

**نەژاد عزیز سورمێ ، شاعیره ، وەرگێڕه ، نوێخوازەو ڕۆژنـامەنووس ، پیتـر لە سـی سـاڵە لەنێـو ژان و هەژانی وشەی گەوارای کوردیدا دەژی و دەتوێتەوە. بـۆ گەشـەپێدانی ئەزمـوونی شـیعری خـۆی زۆر نـیگەرانەو لە هەوڵـی بەردەوام دایە و خەونـی شـەبەنگەبەڕۆژانەی هەیە. کەم دەدوێ و زیـاتر گوێڕادەدێرێ ، بەڵام کە دەیگرێ پرزەت لێدەبڕێ و دەرفەتـیش بە کەس نـادا تـا هەگـبەی هەمـوو ڕاوبۆچوونەکانی خۆیت بۆ هەڵدەڕێژێ ، نەخـوازەڵڵا کە بە شێوەزاره شیرینەکەی موکریان دەدوێ ، ئەوە کەش و هەوای دانیشتنەکە بە چێژتر دەکا. بـۆ پتـر قووڵبـوونەوە لە جیهـانی بەربـڵاوی ئەم شـاعیره**

**شەیدایە بە پرسیاری هەڵایساو بە گیرمان هێنا و ئەم هەڤپەیڤینەی لێ ڕسکا.**

**ڕامـــان:** ژیانــت ، خوێنــدنت ، ئەو ژیــنگە و دەوروبەرەی تێیـــدا ژیایـــت؟ ســـەرەتاکانی نووسـینت؟ ئێـوە کە لە خـانەوادەیەکی ئەدەب دۆســـتدا گەورە بـــوون ، یەکەم دەســـپێکی نووسـینتان کـامە بـوو؟ ئەی چەمکـی شـیعر ئەوسا و ئێستا لای تۆ چۆن کەوتۆتەوە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** مـن بەخـۆم ژیـانی خـۆم وەک ئەو هەوراز و نشێوانە دێتەوە بەرچـاو کە لە سـەرەتای منداڵیمـدا ، یـا بەرەو ئەشـکەوتە شـێدارەکانی دەوروبەری شـارە گونـدەکەمان ڕامـان دەکـرد ، بەبـێ ئەوەی بـزانین مەسـەلە چییە و بۆچی فرۆکە لێماندەدا ، یـاخود دواتـر بە ڕێگای شەختەبەندان بەرەو قوتابخانە کە لە سەرمای زسـتانیش هەرگیـز سـاڵانی سـەرەتای خوێندنم لە (قوتابخـانەی گەڵاڵە)ی سـەرەتایی تـێکەڵاو لەبیرنـاچێتەوە ، کە شـتێک بـوو لە هـــیواو ئومێـد دەچـوو ، بەیانیـان هەڵمـان

دەگرت و دەمانبرد لە کـوچە و کۆلانەکانـدا تـا دەگەیشتینە قوتابخانە.
لەوساوە ، لە سەرەتای خوێندنەوە ، سەرەتای ناسـینی (دارا) کە هەمیشـە دوو داری دەدی و (زارا) و (ئازاد) و (نەوزاد) کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بنمیچی ماڵەکەیان درزی دابوو.. یا (دادە) کە دۆی ڕژابوو (ئێستایشی لەگەڵدابێ !) لەوساوە بێ دەستی خۆم بیرو داڵـغەم بـۆ هەنـدێ شـت دەچوو نەمدەزانی چییە ، بەڵام شـتێک بـوو لە خەون دەچـــوو.. هەمیشـــە دووچـــاری دۆش دامـانێکی دەکـردم ، بەڕادەیەک زۆرجـار دایکـم یا یەکێک لە پوورەکانم کە لە باوکم لێم نزیکتر بـــوون بە گاڵتەئـــامێزییەکەوە وریایـــان دەکردمەوە: (ها.. دیسان بۆ کوێ چووی؟).. بەڵام دیسان ، لەگەڵ ئەوەی هەر لە سـەرەتای منداڵیمـدا حەزم لە تەنیـایی بـوو ، وردە وردە لەگەڵ بەرەوپێشچوونم لە قوتابخانە و هاتن بۆ شار ، هەستم دەکرد ژیانی تێکەڵاوبوونیشم لێ خۆش دێ.
لەگەڵ دەسـپێکی شۆڕشـی ئەیلـوول بەهـۆی ئەوەی بـــاوکم پێشـــمەرگە بـــوو زۆر کەم

دەمانبینی ، کە هاتینە شاریش ئیتر بەجارێ لێکدابڕاین. من لای نەنکم (دایکی باوکم) کە جێگای باوک و دایکمی گرتبووەوە و ببوو بە چەتر بۆ هەموومان ، بەتایبەتی بۆ من و شۆڕشی برام کە دەمانخوێند ، ئەگەرچی من لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەوە نێردرامە هەولێر ، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێ ئەو چەند ساڵە سەختە ، بەڵام سادە و خۆشەی دێهاتم لەبیر ناچنەوە کە هەمیشە ئیکسیری ئومێد و خەونەکانم بووە.

هەر ئەوسا زیاتر لە پێنج – شەش جار ماڵمان لێ تێکچوو ، بە سووتاندن بووبێ یا بە فڕۆکە بۆمباهاوێژەکان ، یا بە گوازە گوازی ئەو بن بەرد و ئەو ناو ئەشکەوت.

لە شاریش بۆ زۆری وەکو ئێمە مانان وێرانتر بوو.. تەنانەت سەردەمانێک بە ناچاری دەچووینەوە سەر ماڵە دۆست و ناسیاوان لە ترسی جاش و خۆفرۆشەکان کە خۆیان لێ خۆشکردبووین بمانگرن یا بە گرتنمان بدەن.

یەکێک لەو ماڵانەی لەبیرم ماون ماڵی مامۆستا (محەمەد ڕەسووڵ)ی خاوەنی کۆگای

سەڵاحەددینی جارانی شەقامی باتای ئێستا.
کوڕە ژیان نەبوو ، بەڵام وەک دەڵێن بنیادەم قایمە دەنا وەڵڵاهی ژیان نەبوو ، هەر مانگەی یا چەند مانگەی لە خانوویەک و هەر ماوەی لە ژێر فشاری ترسێک ، ئەوە گوایە کوڕ هاتۆتە شاری بخوێنێ.
ئەودەم خوێندن تەنیا لە قوناغی سەرەتایی بە کوردی بوو ، خۆئامادەکردنیش بۆ تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە خۆئامادەکردن بۆ شەڕێکی ناپلیۆنی دەچوو.. کە دەیانگوت بەکەلۆریا ، ئیتر بە مانایەک یانی پەڕینەوە لەسەر پردی سیراط یا شتێکی لەو بابەتە.. وەک ئێستام لەبیرە ، نەنکم لە یەکەم ڕۆژی تاقیکردنەوەمدا لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بەیانی زوو لەگەڵ دەسپێکی تاقیکردنەوە چووبووە لای مەلای مزگەوت بە (قریب الفرج)ێک دڵی ئاوی نەخواردبووەوە داوای لە مەلا کردبوو بۆم دووبارە بکاتەوە.
باوکم پیاوێکی خوێندەوار بوو ، لە ڕووی ماددیشەوە هەبووی بوو و حەزی لە کەسابەت بوو ، بەڵام هەر لە سەرەتای لاویەتیدا بەهۆی

ژیانی حزبایەتی لە دواییشدا لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشـــی ئەیلـــوول چـــووە نـــاو ژیـــانی پێشمەرگایەتی و کەمتر توانی بپرژێتە سەر بازرگانی و کەسابەت ، بە حوکمی ناوچەکەش کە بەهـــۆی زۆر ئەگەران بـــوو بە بـــنکە و مەڵبەنـدی شـۆڕش ئیتـر بـواری ئەوەی بـۆ نەمایەوە.

ئـێمە ژیـانێکی هـاکەزایی سـادە دەژیـاین ، لە پـــۆلی شەشـــەم دەرچـــووم داخڵـــی قۆنـــاغی یەکەمی ناوەندی بووم. تا ئەو کاتیش ئـێمە لە قوتابخـانەی (ابـن المسـتوفی) کە بە کـوردی دەمانخوێنــد تــا قۆنــاغی یەکەمــی ناوەنــدی عەرەبییەکی ئەوتۆمان نەدەزانـی ، کە دەشـڵێم نەماندەزانی لە چاو قوتابییانی ئێسـتا خەلیلـی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی بووین.

مـن بەخـۆم و زۆربەی ئەو هـاوپۆلانەی لێیـان نزیـک بـووم چـووینە ناوەنـدیی هەولێـر ، لەو ناوەندی هەولێـرە وەکـو کارەبـا لە یەکێـک بـدا وامانلێهات کە یەکسەر و بەو لەناکاوییە هەموو وانەکانمـان بـوون بە عەرەبـی ، ئیتـر شـەرح و ڕاڤەکردن بە کوردی نەما دەبووایە بە عەرەبـی

بخـــوێنی و ڕۆژانە وانەکـــان شـــەرح بـــکەی و تـــاقیکردنەوە بە عەرەبـــی وەڵام بـــدەیەوە .. خوایە ئەوە چ بەڵایەکە؟

ســەرەتا تــاڕادەیەک خوێنــدنمان لەبەر بێــزرا ، لەگەڵ ئەوەی ئێمە چەند قوتـابییەک بـووین لە قوتــابییە زیرەکەکــانی ســەرەتایی و بە پــلەی زۆرباش بەکەلۆریامان بڕیبوو.

کتێبی کوردی وەکـو ئێسـتا زۆر نەبـوو ، ئەوی هەبـــــوو هەر ئەوەبـــــوو لە (چاپخـــــانەی کوردستان)ی بەهەشتی مام گیو و کتێبخـانەی (عەسـری) کەرکـووک کە لەسـەریان دەنووسـرا (هەر کەســێ تــەبعی بکـا قانونــەن مەسـئوول دەبــێ) ئــێمە تــاک تــاک ئەو کتێبانەمـــان خوێنـــدبووەوە مـــن بەخـــۆم لە ســـەرەتای دەسپێکی خوێندن دوو ساڵیشم لە فەقێیەتیـدا ئەحـمەدی و چەنـد جزمێکـی قورئـان لای مەلا خوێندبوو.

بەبیـرمە هەنـدێ جـار مامۆسـتا کەوا دیـاربوو شـــڕە ئینگلیزییەکیشـــی دەزانـــی بە نەزمـــی ئەحـمەدی پێـی دەگـوتین: عـین چـاوە ، بـرۆ حاجب مازەر دایـک و فـازەر بـاوە ئەوە بـێجگە

له هەنــدێ شــیعری ئــایینی کە لە پەســنی پێغەمبەر (د.خ) نووسرابوون.
زۆرجــاریش ئەو گۆڤــار و کتێــب و ڕۆژنامــانەی بــاوکم کە لای نەنکم پاراســتبوونی کە ئەویــش بە زەحـــمەت و بە هەزار شـــەرت و شـــرووت دەیـــدامێ بیخـــوێنمەوە ، نەیگەچڵێنـــی.. نەیدرێنی.. پیسی نەکەی.. وریابە.. تاد.
قوتابخــانەی ناوەنــدی و وردە وردە فێربــوونی زمانی عەرەبی بۆ من بوون بە بەرهەڵێک ، زۆر درەخت و باخچە و گوڵ و ڕووباری پێشاندام و خســـتمییە ژێـــر ئاســـمانێکیتر غەیـــری ئەو ئاسمانەی شەوانە زۆرجار لەسـەر گـازی پشت بەدەم ئەســـتێرە ژمـــاردنەوە خەوم لەبنیـــدا لێدەکەوت.
ئیتر لە قۆناغی خوێندنەوەی لا بە لا و جار نـا جار ، بووم بە ئاشنایەکی هەمیشەیی کتێـب و ڕۆژنامە و چاپکراوەکانی (کتێبخـانەی گشـتیی هەولێـر) کە ئێسـتاش کتێبخـانەی ڕێکوپێـک و لەبار و شیاوی وا لە هەولێردا نییە.
هــۆڵی منــداڵان جیــا بــوو.. ئــێمە کۆمەڵێــک قوتـــابی بـــووین خۆمـــان بە گەورە دەزانـــی

نەدەچـــووینە هـــۆڵی منـــدالآن ، زۆرجـــار کارمەندانی کتێبخانە لە هـۆڵی گەوران دەریـان دەکردین و دەیاننناردینەوە هۆڵی مندالآن.
بەم جـۆرە هەرچـی دەسـتم بکەوتـایە ، بە سـەلیقەی خـۆم بـووایە یـا بە چـاولێکەری وەرمـــدەگرت و دەمخوێنـــدەوەو زۆرجـــار دەفتەرێکیشم لەگەڵ خۆم دەبرد ئەوەی بە دڵم بووایە دەمنووسییەوە.
ئەو سـەردەمە زۆرتـر کەیفـم بە نووسـراوەکانی (مستەفا لوتفی مەنفەلووتی) و (جبران خلیـل جبران) و (نزار قبانی) و کتێبێکی تـر دەهـات کە ناوم نابوو کتێبە گەورەکە و زۆربەی شـیعر و نووسـراوی دیـکەی شـاعیر و نووسـەرانی فەڕەنسی بوو ، نزیکەی (800) لاپەڕە دەبوو ، ئەگەر زاکیرەم فێڵی لێ نەکردبم ناونیشانەکەی (مـن الادب الفرنسـی) یـا شـتێکی لەو بـابەتە بـوو. تـا وایلێهـات ، ئـێمە کۆمەڵێـک قوتـابی بـــووین ، کە بە بەردەوامـــی هـــاتووچۆی کتێبخانەمـان دەکـرد ، لـەوە چـووە دەرەوە تەنیا بخـوێنینەوە ، زۆربەمـان بـێ ئەوەی خـۆ

لێک ئاشکرا بکەین ، کەڵکەڵەی ئەوەمان کەوتە سەر بنووسین.

ڕەنگە سەیرتان پێ بێت ، من سەرەتا بە پێچەوانەی عادەتی ئەوسا کە بە شیعر دەستپێدەکرا ، بە ئیستیلاحی ئەوکاتە (هەڵبەست)- کە لە دواییدا زۆریان خاتر گرت و کرا بە (هۆنراوە)- ، بە چیرۆک دەستم پێکرد ، ئێستاش لەبیرمە چیرۆکێکی ڕۆمانسیم بە عەرەبی بەناوی (البدایە) نووسی ، باسی خۆشەویستی بەینی کوڕ و کچێک بوو ، ئێستاش دوا وشەی چیرۆکەکەم هەر لەبیرماوە کە دەڵێت (**وهکذا دخلنا البدایة**).

ساڵ چوون و زەمان هاتن ، باری ناو شار تا دەهات بەرەو خراپی دەچوو ، باری شۆڕشی کوردستانیش بەرەو پێشتر.. تەنانەت هەر بەهۆی ئەو بارو زروفەوە منیان لە قوتابخانەی ناوەندی هەولێر گواستەوە قوتابخانەی (ناوەندی زازا) ، بەو حسابەی بەڕێوەبەرەکەی ئەوسا و هەندێ لە مامۆستاکانی لە ڕێکخستنەکانی ناو شار بوون و بێجگە لەوەی زۆربەی کوڕە دارا و ئاغاکان لەوێیان دەخوێند

شـوێنێکی ئەمـین تـر بـوو ، ئەودەمە دەنـگ و
باسـی شـۆڕش و چالاکییەکـانی پێشـمەرگەش
وەک ئاگری نـاوپووش بەهـۆی ڕادیـۆی دەنگـی
کوردســتان کە بە (ئێــزگەی خۆمــان) لەنــاو
شاردا ناسرابوو بڵاودەبوونەوە.
دەنگـی کوردسـتان شـەوانە میـوانێکی ئـازیزی
ماڵان بـوو ، لە تەتەرێـک دەچـوو کە هەمیشـە
موژدەی لەگەڵدا بێ.
نازانم چۆن بوو ، بەڵام لە ناکـاو دایکـم گـوتی
باوکت ناردوویەتی بچینەوە گەلاڵە.
دەوروبەری ســاڵی (1968) بــوو ، هێشــتا
کودەتای بەعس نەببوو.. ئێمە کە بە دایکمەوە
پێنج کەس بووین بەهـۆی پێشـمەرگەیەکی نـاو
شار بە قەمەرەیەکی تـایبەتی کە شـوفێرەکەی
جـگە لەوەی بـرادەری بـاوکم بـوو ، کـوردێکی
پاک و دڵسۆزیش بوو ، ئاخر ئەودەمە پـاکی و
دڵسـۆزی نیشـانە بـوون بـۆ پێشـمەرگە.. بەم
جۆرە جارێکیتر کەوتمەوە ناو ژیانی ئەشکەوت
و بــن بەردان ، بەڵام خوێنــدنمان بەردەوام
بوو.. ئەو کـات بەهۆی کەمی مامۆستا زۆرجـار
ئەنــدامانی ســەرکردایەتی پــارتی دەرســیان

پێـدەگوتین. مـن کە گەڕامەوە زێـدی خـۆم ، بەڕاسـتی بە گـوڕوتینێکی تـر و بە خەون و خەیاڵێکی تر گەڕامەوە بەتایبەتی کە جارێکیتر یادگار و یادەوەرییەکانی منـداڵیم هـاتەوە بەرو بە تێگەیشتن و دنیابینییەکی دیـکە گەڕامەوەو بە چـــاوێکیترەوە دەمـــڕوانییە دەوروبەر ، بەتـایبەتی کە لە خوێنـدن دانەبـڕام ، بەڵکـو دەستم گەیشـتە سـەرچاوەی تـریش کە پێشـتر دەسـتم پێیـانڕا نەگەیشـتبوو وەک بڵاوکـراوە و چاپکراوەکـانی شـۆڕش و ئەوانەی لە شـوێنی جیا جیاوە دەگەیشـتنە نـاو شـۆڕش ، هەر لەو کـاتەدا ئاشـنایەتیم لەگەڵ چەنـد نـامیلکەیەکی ماوتسی تۆنـگ و تـاقیکردنەوەی چینـی میللـی پەیدا کرد ، هەورەها چەندان ڕۆمـان و دیـوانی شـیعری نووسـەر و شـاعیرانی سـۆڤێتی. لە زۆربەی بـۆنە و موناسـەبەتە نیشـتمانییەکاندا بەشدار دەبـووم ، هەنـدێجار وەک ئەکـتەر ، لە هەندێکیاندا شانۆگەریشم دەنووسی.

بەو ڕەنگە وای لێهات لە پـاڵ ئەو کاروبـارانەی دەچـوونەوە نـاو ئیشـی ڕۆژنامەنووسـیی ، شیعریشـم دەنووسـی.. دیـارە ڕێککەوتننـامەی

(11)ی ئادار بارودۆخێکی لەباری لەگەڵ خۆیدا هێنا ، جگە لە شۆڕشی کورد ، کۆمەڵگەی کوردەواریش وەرچەرخانێکی بەخۆیەوە دی ، لە هەمانکاتدا کەش و هەوایەکی دیکەی بۆ ئێمەمانان کە قوتابی قۆناغی ناوەندی بووین خوڵقاند و دەرگای تری بۆ کردینەوە. زۆربەی ئەو شیعرانەی دەمنووسین بەپێی ڕوئیای ئەو وەختە لە دونیای شۆڕش و پێشمەرگە و خەبات و مەزڵوومییەتی کورد دەخولایەوەو ڕاستەوخۆییەکی وەڕسکەریان تێدا دەبینرا.

هەر لەو کەش و هەوایەدا ئێمە چەند برادەرێک بووین کە پێکەوەش لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان کارمان دەکرد ، بیرمان لەوە کردەوە گۆڤارێک دەربکەین ، پێشتر من بە هەوڵی تاکەکەسی چەند ژمارەیەکی بڵاوکراوەی دیواریی (کاوە)م دەرکردبوو.. ئەوەبوو گۆڤاری (بەرەو ڕووناکی)یمان دەرکرد کە سەرپەرشتی چاپ و کۆکردنەوەی بابەتەکانی بە من سپێردرا بوو ، جگە لەوەی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن بووم. (بەرەو ڕووناکی) نەخشەی ئەوەی بۆ کێشرابوو ببێ بە گۆڤارێکی

مانگانە ، لەو سێ ژمارەی لێی دەرچوو بێجگە لە نووسەرانی ناوچەکە ، نووسەرانی هەولێر و تەنانەت سلێمانیش بەشدارییان تێدا هەبوو ، بەڵام بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ ، پڕۆژەکە لە کارکەوت.

ئەو شیعرانەی لەو وەختەدا نووسیبوومن هەمووی لە دەفتەرێکی تایبەتیدا ، لەو دەفتەرانەی دوکاندارەکان قەرزەکانیانی تێدا تۆمار دەکەن نووسیبووەوە ، خوا و ڕاستان بەخت یارم بوو کە زۆرم لێ بڵاونەکردبووەوە دەفتەرەکە لە کارەساتێکی قەدەریدا تیاچوو ، ئەسەفیشم بۆ نەخوارد.. ژیانی ڕۆژنامەنووسیم لە (بەرەو ڕووناکی) و دواتریش لەوساوە دەستی پێکرد کە وەک پەیامنێر لە ڕۆژنامەی (برایەتی- التأخي) دامەزرام ، لە هەمانکاتدا لە گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە)یش کە ئەوسا لە بەشی پەخش و ڕاگەیاندنی سەر بە (مەکتەبی سیاسی) دەردەچوو دامەزرابووم.

بەم جۆرە لە پاڵ خوێندن ، تا ئەوەی وتوویژی شۆڕش و حکوومەت گەیشتە بن بەست و خەڵکی کوردستان تێکڕا ڕوویان لە

ناوچە ئازادکراوەکان کرد. تا ئەو کاتە لە پاڵ کاری ڕۆژنامەنووسیی ، چەندین شیعری ترم لە ڕۆژنامە و گۆڤارە جیاجیاکانی کوردستان بڵاوکردبووەوە وەک برایەتی ، بیری نوێ ، بۆ پێشەوە ، (ژین)ی کاکەی فەللاح و خەرمانەی وشە و چەندانی تر. لە ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژانەشدا (یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی) شەرەفی ئەوەم پێبڕا وەکو نووسەر و پەیامنێر کار بکەم.

پاش دەرچوونی دوا ژمارەی (التآخي و برایەتی)یش لە (1974/3/12) لە بەغدا ، جارێکیتر لەگەڵ ئەو خەڵکە ڕوومان لە شاخ کردەوە ، بەڵام بە نیسبەت منەوە ماڵمان هەر لە گەلاڵە بوو ، ئیتر گەڕامەوە و شەڕ دەستی پێکردەوە.

لێرەوە قۆناغێکی تر لە ژیانی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیمدا دەستپێدەکات ، بەوەی بۆ یەکەمین جار خەونی لەمێژینەم هاتەدی و وەک پەیامنێر لە ئێزگەی دەنگی کوردستان دامەزرام ، ئەودەمە ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە پێشەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بوو

هەڵبـــــژاردەی نووســــــەر و ئەدیـــــب و ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی لێ کۆببووەوە .
من یەکەمین پەیامنێری بەرەکانی شەڕ بووم و بە بەردەوامــی ســەردانی هەڵایســاوترین بەرەی شــەڕ (هێـزی بـاڵەک) لە ڕەوانـدز و کـۆڕەک و هەنـــدرێن و زۆزگ و گەرووی عـــومەر ئاغـــا و گەلــی مێگــر و چنێــراوە کە بارەگــای هێــزی لێبوو، دەکرد و ڕاپـۆرتی ڕادیـۆییم بـۆ دەنگـی کوردســتان لــێ ئامــادە دەکـردن و ڕۆژانە دوای لێکـــــۆڵینەوەی سیاســــــی و هەواڵەکـــــان بڵاودەکرانەوە .

ئەو هاموشـۆیەم بـۆ بەرەکـانی شــەڕ بـابەتی خــاوی زۆری لەلا کـۆکردمەوە و جیهــانبینی و مەودای بیرکــردنەوە و بۆچوونەکـانی فراوانتــر کردم و گەلێک پرسی لەلا دروستکردم ، کە بۆ لەمەودوا ئەگەر بشــێ پێــی بگــوترێ ژیــانی ئەدەبــی و ڕۆژنامەنووســیی ، ڕوئیــای دیــکەی پێبەخشیم ، کە لە پاش نسـکۆی شۆڕشـیش ، دوای دەربەدەری ئێــران لە ڕەشــت و گــیلان و گەڕانەوە بۆ ئێراق و دوورخرانەوەی چەند ساڵە

بۆ باشووری ئێراق.. له هەموو ئەو بەرهەمانەی نووسیمن و تەنانەت ئەوانەی هەڵمدەبژاردن بۆ وەرگێڕان نەمتوانی له بازنەی ئەم قۆناغه بێمه دەرەوە.

ڕەنـــگه له ڕووی شـــێوەوە کەم تـــا کـــورت بەگـوێرەی بەرهەمەکـانی پێشـووترم له خـۆم تێپەڕانـــدبێ ، بەڵام دیســـان بـــارودۆخی ئەو سەردەمه مەحەکی مانەوەی هەمان جیهانبینی بـــوو ، چـــونکه برینەکـــان بەردەوام بـــوون له خـوێن لەبەر ڕۆیشـتن.. ئەوەش بەڕاشـکاوی له کـۆ شـیعری یەکەممـدا (ئەو شـــەوانەی خەوم نـــایێ) که ســـاڵی (1977) له شـــاری نەجەف چاپم کرد ، ڕەنگی داوەتەوە.

سـەرەتای هەشـتاکان دەتـوانم بڵـێم قۆنـاغێکی نوێم دەستپێکرد ، ئیتر لەوساوە شیعر لای من بـــوو به خەمێکـــی ڕۆژانه. له پـــاڵ کـــاری ڕۆژنامەنووسـیی بەردەوامـدا ، شـیعر بـوو به کـارێکی قەدەری ، بەتـایبەتیش که له بەشـی ئـارکیۆلۆژی سـەر به کـۆلێژی ئـادابی زانکـۆی بەغدا وەرگیرام.

سەرەتا ئەگەرچی بە دڵێکی شکاوەوە دەستم بە خوێنــدن کــرد ، بەڵام لە دواییــدا کەوتــمە دنیـــایەکی دی ، جـــگە لەوەی خوێنـــدن لە ڕەشبگیری عەسکەریی پاراستم بۆ مـن بـوو بە خەونێکی خۆشیش.
ڕۆژانە خــۆم لە شــارە پــڕ لە ژاوە ژاوەکــانی ســۆمەر و شــەقامەکانی (ئــور) و (نیپــۆر) و (لەگەش) و خەراباتە ئەفسانەییەکانی سۆمەرو ئەکەد و بابل و ئاشووردا دەدیتەوە.
لە کـۆچی گریکـان حــاڵی بــووم و شــارەزای ئەســینا و دوورگەی کریــت و لە دروســتبوونی شــاری ڕۆمــادا بەشــداربووم و چـاوم لێبــوو کە ئەهرامەکـــــانی میســــــریان هەڵـــــدەنا و شارستانییەتی ئێران و ئەنادۆڵم هـاتە پـێش و چووم تا شارستانییەتەکانی مایا و ئەزتیـک لە ئەمەریکـای باشــوور ، لە هەموویشــی بـۆ مــن خۆشــتر و لە مــن نزیکتــر ئەدەبــی هەمیشــە زیندووی سـۆمەر بـوو ، بەتـایبەتیش داسـتانی گەلگامش.
لە دیـوی ئەودیویشـمەوە نیشـتمانەکەمم دەدی بە بەرچـــــاوی دونیــــــای شارســـــــتان و

پێشکەوتووخواز و دیموکراتی وێران دەکرێ و میللەتەکەم قڕ دەکرێ و کولتوورم گەمارۆ دەدرێ و دەشێوێندرێ ، ئیتر لە خەونەکەم بە ئاگا دەهاتم و ناچار دەبووم خۆم بنووسمەوە.
ئەمەش با وەکو دوو ڕەنگییەکی لە بینای هەندێ لە قەسیدەکانمی پێوە دیار بوو ، بەڵام ئەمە ئیرادێک نەبوو ، حاڵەتێک بوو ، ئیلیەت واتەنی ، شاعیر هاوچەرخایەتی خۆی لەخۆ نووسینەوەدا دەسەلمێنێ. هەر لە سەرەتای هەشتاکاندا ، لە پاڵ شیعر ، چەند لایەنێکی دیکە سەرنجیان ڕاکێشام ، ئەوەی کە دەکرێ ناوی لێبندرێ (خزمەتگوزاری کولتووری) ، بەندە و تاقەت دەستم دایە وەرگێڕان ، لەوەی پێموابوو کتێبخانەی کوردی پێویستی پێ هەیە لە هەمانکاتدا لەگەڵ ڕوئیای خۆیشمدا هاتوونەتەوە.. کۆچیرۆک ، کۆشیعر جگە لە کتێبێکی تایبەت بە هونەری شێوەکاری (تەشکیلی) کە (بەداخەوە) تا ئێستاش تاقە کتێبی چاپکراوە لە پێکهاتە و شیکردنەوەی ڕەگەزەکانی ئەم هونەرە بکۆڵێتەوە.

ئەمە ســــەرەڕای بەردەوامـــــیم لە ژیــــانی ڕۆژنامەنووسیدا کە لە خۆیدا چیرۆکێکی درێژی هەیە و دەتـوانم بڵـێم هەمـوو تەمەنـی بـردم و شتێکی ئەوتـۆی پـێ نەبەخشـیم شـایانی بـاس بێ.

لەگەڵ هەمــوو ئەمانەشـــدا وەک گەمزاتـــۆف دەڵــێ ، شـیعر هەمیشـە خـوێی ژیـانم بـووە.. شیعر هەمیشە دادڕەسـی زەمـانی بەدنیهـادی و دژواری و بۆ من سیلەی ڕووگەکان بووە.

**ڕامـــان:** درەوشـــانەوەی یـــادەوەری منـــداڵی و ژیننـــامە (بایۆگرافیـــا) ڕۆڵـــی ســـەرەکی لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا دەبیـنن ، ئایا ئێـوە تـا چ ڕادەیەک توانیوتـانە بـۆ دەقـی شـیعریی خۆتان سوودیان لێوەربگرن و بەکاریان بهێنن؟

**نەژاد عزیـــز ســـورمێ:** هەمیشـــە منـــداڵی و یادەوەرییەکانی منداڵی بـۆ مـرۆڤ تـاکو مـردن ســـەرچاوەیەکە هەرگیـــز وشـــک ناکـــا.. یادەوەرییەکـــانی منـــــداڵی وەک ئەو ڕەگ و ڕیشـــانە وان لە قـــووڵایی دان ، هەمیشـــە

پێویستیمان پێیانه تاکو بمێنین و چڵ و تەرزی تازە دەربکەین و پەلوپۆی تر باوێین.
مندالّی هەر لە خۆیدا شیعرە ، هیوایە ، گەشبینییە.. شاعیر ئەگەر ڕوانینێکی سەرسام و سەرنجڕاکێشی لە بەرامبەر ژیاندا هەبێ ، لە چرکەساتێکدا ، بێ دەستی خۆی دەگەڕێتەوە ، مندالّ دەبێتەوە.
وام دێتە بەرچاو هەر ئەوەیشە ، ئەو ئیقاعە ئینسانییەی وەک زەمینەیەک وایە ، شاعیری ڕوو لە ئاسمان خۆی لەسەر ڕادەگرێ.
مندالّیی بۆ من ئەو نهێنییە بووە کە نابێ بدرکێنرێ ، بەلّکو لە چاودا بخوێندرێتەوە.
نەک لەبەر ئەوەی درکاندنی ئەو نهێنییە دەولّەتان دەڕووخێنێ و بارودۆخان تێکدەدا ، نەخێر سەبارەت بە هۆیەکی زۆر سادە ، درکاندن دەبێتە هۆی کوژانەوەی درەوشاوەکان، بۆیە دەتوانی بەرائەتی هەموو ئەو درەوشانەوانەی باسیان دەکەن و وەک ئەوەی لە دەقی زۆردا دەیانبینین لە هی منیشدا بیبینن

**ڕامـــان:** ئایـــا لە دوای نووســـینی دەقێکـــی شیعریی، هەستتان کردووە هەموو شتەکانتان هەڵڕژاندبێتە ناو ئەو شیعرەتانەوە و گومانتان لا پەیدابووبێ کە بۆ لەمەولا و ئایندە شتێک نەمابێ بیڵێن؟ بەڵام دوای ماوەیەکی کورت کەڵکەڵە و ئامادەبوونی نووسینی شیعرێکی دی دێتە ئاراوە و دەبینی ئەو حاڵەتە لەلات دەجۆشێ ، حاڵەتەکەی پێشترتان چۆن لێکدەدەنەوە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** قسەیەکی کۆن هەیە دەڵێت (هیچێکی تازە لە ژێر خۆردا نییە) ، بەڵام ئینتباعییەکان لە یەک شوێندا لە یەک دیمەنـــدا تەنـــانەت لە گۆشـــەیەکی بەباڵیەکداچووشدا توانییان زۆر شتی تازە و نەبینراو هەستپێنەکراو لەژێر خۆردا ببینین. (وەجـــد)ی شـــیعر پرۆســـەیەکی قورســـە ، بەتایبەتیش لەکاتێکدا شاعیر چووبێتە ناو ئەزموونێکی تژی نیگەرانیی و قووڵەوە.

زۆرجار لەگەڵ نووسینی قەسیدەیەکدا هەوری تر دێ و بارانی دیکە بەخۆوە دەگرێ.. پرۆسەی داهێنان ، ڕەنگە زۆرجار لە ژانی لەدایک بون قورستر و بە ژانتر بێ ، بەڵام لەدایک بوونە ئیدی ، بوونەوەرێکی نوێ چاو هەڵدێنێ.

ئەو گومانەی باسی دەکەن ، ئەگەر لە بازنەی گومان تێنەپەڕێ و بمێنێتەوە ، دەگونجێ لەکاتی خۆیدا ڕەوابێ و نەختێک غرور و بەخۆوەژییەکی تێدا بێ ، لەمە بەدەر کوژانەوەیە.. وشکبوونە ، چونکە هەمیشە شتی تازە هەیە ، لێرە وتە بەناوبانگەکەی هیراکلیتسم دێتەوە یاد ، بەو مانایەی تۆ ناتوانی دووجار بچیتەوە ناو هەمان ڕووبار.

من بەخۆم لەکاتی نووسیندا تووشی ئەو حاڵەتە نەبووم کە ئیتر هەموو شتەکان هەڵڕێژران ، بەپێچەوانەوە هەمیشە چاوم لە ئاسۆ بووە یا ئاسۆیەکم لێ دیاربووە ، هەوڵمداوە لەخۆم تێپەڕم ، بە قەولی پرۆست، (من)ی تاقیکردنەوە و ئەزموون لە (من)ی نووسیندا جیا بکەمەوە.

ڕەنــگە زۆرجــار لە دەربــڕین وەســتابم ، بەڵام هەوڵمداوە ڕێگای تر بدۆزمەوە.
زۆرجار بە گریـان ، بەڵـێ بە گریـان بەری ئەو نیگەرانیـیە وێـرانکەرەم گرتــووە ، یـا بەهـۆی کۆلاژێک ، تەنانەت هەنـدێ جـار بە وەرگێڕانـی قەسیدەیەک.
هەمیشـە پێموابـووە خەونـی مـرۆڤ لەکـاتێکی دیــاریکراودا درێژتــرە ، کە وایــدەبینم ئەمەش ئیکسیری داهێنانە.

**ڕامـــان:** پێتـــانوایە ناوبانگتـــان زیـــاتر هـــی شـــــاعیریەتی ، ڕۆژنـــــامەوانیی یـــــان وەرگێڕانەکانتە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:**.........................

**ڕامان:** بزووتنەوەی (ڕوانـگە) چـی بـۆ شـیعری کوردی کـرد؟ چ کـاریگەرییەکی بەسـەر نەوەی خۆیانەوە بەجێهێشت؟
**نەژاد عزیـــز ســـورمێ:** پێشـــەکی دەمەوێ ســـەرنجێکی پرســـیارەکەتان بەوە بـــدەم ، کە

نووسین لەخۆیدا کارێکی بەتەنێیە ، لەنێوان خۆت و خۆتدایە ، هیچ کەسێک (بەتایبەتیش لە کاری داهێناندا) پێموانییە لە توانایدابێت یارمەتیت بدا.. لەو ڕاستەڕا من بەخۆم لەکاری داهێناندا بڕوام بە هیچ گەلەکۆمەکی و گردبوونەوەیەک نییە. داهێنان هەمیشە لە بەرهەمدا دەردەکەوێ ، نەک لە تیوراندن و تیورکاری ، کە ئەمەش دەڵێم لەبیرم ناچێ ڕەنگە تیوراندن زۆرجار ببێتە ڕێ ڕوونییەک بۆ داهێنەر ، بەڵام هەمیشە و هەمیشە داهێنان لە خودی بەرهەم ، لە خودی کاری داهێنەردا دەردەکەوێ.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار تەوژمێک ، برووسکەیەک ، هەستکردن بە پێویستی ناڕەزاییەکی دەستەجەمعی جێگای ئەو بەردە بگرێتەوە گۆمێک دەشڵەقێنێ.. بە گەڕانەوە بۆ هەلومەرجی سەرهەڵدانی (ڕوانگە) و لێکدانەوەی ، ڕوانگە ئەو بەردە بوو کە فڕێدرایە گۆمەکە و چەند بازنەیەکی پێکهێنا.. ئەگەرچی فڕێدانی بەرد لە خۆیدا لە هەلومەرجی ئەوسادا جورئەتێکی نواند ، بەڵام

چونکه بەردەکە خۆماڵی نەبوو و لە هەناوی کولتووری خۆمانەوە نەهاتبوو (دیارە لێرەدا مەبەستم گۆڤاری (شیعر)ی یوسف الخال و برادەرانی و گۆڤاری (شیعر 69)ی عێراقە ، بێجگە لە هەوڵی جیاجیای لەوە پێشتری هەندێ شاعیری عێراقی و عەرەبی) ، بۆیە نەیتوانی گۆمەکە بکاتەوەو جۆگەلەیەکی لێ رابێڵێ.
(روانگە) ، روانگەیەک نەبوو کە لە رۆحی ئازاردیدەی کورددا کەوتبێتەوە ، لە هەمانکاتدا خاڵیش نەبوو لەوەی هەندێ ئەنگیزەی سیاسیی رووتی لە پشت بێت ، بەوەی هەم هەناسەیەکی نەفی لە راست بەرامبەردا یاخود (ئەوی دی)دا تێدا بوو ، هەم لە هۆیەکانی راگەیاندنیش (بە سوودوەرگرتن لە هەلومەرجەکە) بایەخی لەخۆ زیاتری پێدرا. لێرەرا ئەگەر کاریگەریی هەشبووبێ (کە پێموایە هەیبوو) پتر بەسەر نەوەی دواترەوە بوو تا نەوەی خۆیان.

**ڕامـــان:** ئەی پێتــانوایە (ڕوانــگە) کــاریگەریی بەسەر نەوەی ئێوەوە هەبووبێ؟

**نەژاد عزیــز ســـورمێ:** وەک بزاڤێــک خــاوەن تیۆرێکی تایبەت بەخۆی ، واینابینم کاریگەریی بەکـاری هەبـووبێ ، بەڵام وەک تـاک بێگومـان ڕەنگە شێرکۆ بێکەس یان جەلالی میرزا کەریـم یـان کـاکە مەم بۆتـانی یـان حوسـێن عـارف ، چـونکە مـن نـاوی جەمـال شـاربازێڕی لەگەڵ ناوەکـــانیتر نـــاهێنم ، لەبەر ئەوەی جەمـــال لەپــێش ئەوان هەوڵــی هەبـووە.. ئەوانە و هــی دیکەش کە لە دەرەوەی بازنەی ڕوانگەدا بوون، وەکو لەتیف هەڵمەت و سەڵاح شوان و ئەنـوەر قادر محەمەد و هی تر ، بێگومان ڕاستەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ کاریگەرییـان هەبـووە ، هەر هــیچ نەبـووبێ ، حاڵەتێکیـان بە بـاری ڕوونـاکبیری ئەوسـا بەخشــی ، هەوڵێـک بـوو لەڕێـی خەون بینین و دونیای سەرنجڕاکێشی خەون.

**ڕامـــان:** ئەگەر تەئســیری (ڕوانــگە) بەلایەنــی پۆزەتیـــڤ و نێگەتیـــڤ بەســـەر شـــیعر و

ئەدەبیـاتی کـوردییەوە دەستنیشـان بـکەن چ دەڵێن؟

**نەژاد عزیـز سـورمێ:** ئەگەرچـی روانـگە وەک ئەوانەی بانگیان بۆ دەدا تـاڕادەیەک وەک وتـم گـۆمە وەسـتاوەکەیان شـڵەقاند ، بەوەش ئەو ڕاستەوخۆیی و لیریکییەی هەبـوو هەوڵیانـدا لە خـۆی بتـرازێ و ئەوانەی بانگیـان بـۆ دەدا ، لەگەڵ جیاوازیی بۆچوون و بیروباوەڕیشیاندا تا مـاوەیەکی زۆر لە سـەنگەری داکۆکیکـاری یەکتـر بـوون و تـاڕادەیەکیش مەکینـەی ڕاگەیاندنیان بەدەست بـوو ، ئـاخر لەوەشـەوە سـیمای گومـانی کـاری سیاسـی پشـت پەردە (ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ) تۆختر دەبێتەوە.

دیسان ڕوانگە با وەکو حـاڵەتێکی تایبەتیشـی هێنابێتە نـاو بـاری ڕۆشـنبیریی ئەوسـا ، بەڵام میتۆدێکی ڕەخنەیی تێدا نەبـوو بینـای لەسـەر هەڵبندرێ ، هەورەک بانـگ هەڵدەرانیشـی (کە لە دواییشـدا دەرکەوت) نەیـانتوانی ببـنە تـاقە سواری مەیدان و ئەوەی نوقڵانەیان بـۆ لێدەدا ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ بە نەفـی کردنـی ئەوانیتر ، نەچووە سەر.

له هه‌مانكاتدا وه‌كو پێویست له‌گه‌ڵ سه‌رده‌مدا نه‌هاتبوونه‌وه و پێشبینییه‌كی تێدا نه‌بوو ، به‌ڵكو درێژه پێده‌ری پێشتر بوو له به‌رگێكی تر و به شێوازێكی دیكه.. ته‌ناقوز و ناكۆكییه‌كی به‌رچاو له نێوان به‌یانه‌كه‌یان و ده‌قه‌كانیاندا هه‌بوو ، به‌ینێكی هه‌ستپێكراوی له‌گه‌ڵ دواكه‌وتوویی باری كۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری و سیاسیدا نه‌توانی پێكبهێنێ.

هه‌روه‌هان له‌گه‌ڵ بوونی زه‌مینه‌یه‌كی به ئاستیشدا ڕوانگه‌ییه‌كان نه‌یانتوانی مه‌ودایه‌كی نه‌ته‌وه‌یی له بزاڤه‌كه‌یاندا به‌گه‌ڕ بخه‌ن كه وه‌ختی بوو ، به‌ڵكو جیهانبینیان جیهانبینی شه‌قام بوو ، كه شه‌قامیش له خۆیدا نوقمی وابه‌سته‌یی و دۆگما بوو.

دیسان له ڕووی ڕه‌تكردنه‌وه‌شدا ڕوانگه‌ییه‌كان دووچاری قه‌یران ببوون ، به‌وه‌ی به هه‌ناسه‌یه‌كی ڕه‌فزكردنه‌وه ، داكۆكیان له خۆیان ده‌كرد ، بێ ئه‌وه‌ی به ڕوونی دیاربێ چی ڕه‌فز ده‌كه‌نه‌وه‌و بۆچی.

**ڕامان:** ڕەسەنایەتی و هاوچەرخییەتی دووباری قورسن لە داهێناندا تۆ چۆنی بۆ دەڕوانی؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** ڕەسەنایەتی لای من واکەوتۆتەوە ، داهێنەر پێی لەسەر زەمینەیەکی پتەودا بێت ، پێشتر خۆی بناسێو سرووشتی خۆی لە دەرەوەی نیگا ئاساییە ڕاگوزەرەکاندا ببینێ.
هەوڵبدا لە ئەفسانە بچێ ، ئەودەمە دەتوانێ لە زەمەنی داهێناندا جێگیر بێت و لە دەوروبەری خۆی بگاو دەسکەوتە شارستانی و کولتوورییە مرۆییەکانی ڕۆژگار دەرک پێبکا.
بە جیهانبینی داهێنەرانەی هەوڵ بدا بە قەولی ئەدۆنیس کەلەپوور لە وێنەی باوکدا بمرێنێ و لە وێنەی باوکزادەدا زیندوو کاتەوە.
ئەودەمە ڕەنگە بتوانێ هەردوو جەمسەر لە تەقسی نەمریدا کۆبکاتەوە و چرایەک هەڵبکا بە ئاسانی نەکوژێتەوە.

**ڕامان:** تۆ پێتوایە ئەفراندن–لە هەموو بوارێکا– بۆی دەلوێ کەش و هەوایەکی سازگاری

ڕەخنە و ڕەخنەسازی داهێنەرانە دروست بکا؟ ئەی لای خۆمـــان ئەم مەســـەلەیە چـــۆن دەکەوێتەوە؟

**نەژاد عزیــز ســورمێ:** داهێنـــان و ئەفرانـــدن هەمیشــە لەگەڵ ژیانــدا دەبێــت ، لە هەمــوو گۆڕانکارییەکـانی کـاتە جیاجیاکانـدا ، دیـارە (ڕەخـنە)ش لە زۆر سـەرەوە دەچێـتەوە نـاو هەمان بزاڤ و لێی جیا نابێتەوە ، بۆیە دەڵـێم بەڵێ ، مادەم ئەفراندن هەبووبێت (ڕەخـنە)ش وەکو پرۆسەیەکی داهێنەرانە هەبووە. ڕەنگە لە زۆر شـوێندا کـاڵا لە قەد بـاڵا نەبـووبێ ، بەڵام هەبووە.

مێژووی داهێنـان لە ڕۆژگـارە جیاجیاکانـدا هەر لە دەســـپێکی مێـــژووەوە ، لە پاشانیشـــدا شۆڕشی پیشەسـازی (ڕەخـنە) بە کەرەسـتە و شـــێواز و زمـــانە جیاجیاکـــانی لە هەمـــوو بوارەکانـدا گـوڕ و هێـزی دیـکەی بە داهێنـان داوە، ئەگەرچی زۆرجاریش لە پاڵ ڕەخنە وەک پرۆسەیەکی داهێنان ، شتی تریش هەبـووە کە من ناتوانم ناوی لێبنێم ، ئەوەی دەچێتەوە ناو قـاڵبی مـوجـامەلە و شـتی لەو بـابەتە بە هەر

هــۆ و ئەگەرێــک بووبێــت ، ئەوانەیشـــی بە درێژایی مێژوو هەبـوون و هەوڵیانـداوە لە ڕێـی ژیــــان و وەبەرهێنــــانەوەی تــــاقیکردنەوەو ئەزمــــوونی لەبــــارچوو ، بەڵام بێهـــــوودە .
ئیشــکالیەتی ڕەخـــنە لای ئــێمە لەوەدایە کە لەلایەک نەکراوە بە خەمێکی داهێنەرانە وەکـو لە خـودی داهێنـانی کـوردی لە هەمـوو بـوارە مەعریفییەکاندا هەیە .
لەلایەکیتــر هەمیشــە هەوڵە نوێیەکـان بەر ئەو خەنـجەرانە کەوتــوون کە لە خــودی پرۆســەی ڕەخـنە نەگەیشـتوون ، ئەگەرچـی لێـرەو لەوێ هەندێ کۆششی جیدیش هەبـووبێ ، بەڵام کەم وا ڕێککەوتــووە بە مەنهەجێکــی دیــاریکراو و کەرەســتەی مەعریفــی پــڕەوە ڕووبەڕووی دەق بووبێتەوە ، مەسەلەکە لەلای خۆمان ، ڕەخـنە هەر لە خۆیــدا وەکــو زاراوەیەکــی پاشــڤەبڕ بینــراوە و زیــاتر بە چەنــد هەڵوەســتەیەکی دەرەوەی داهێنانەوە بەند بووە .

**ڕامان:** تۆ خۆت لە گەرمەساتی شیعر نووسیندا چیت بەسەر دێ؟

**نەژاد عزیــز ســورمێ:** خەیــاڵ دەکەم کەســێ شیعر بنووسێ یا مومارەسەی هونەرێک بکا ، دوو جەوســەری تێدا دەگەنەوە یەک ، یەکیــان دیــوی بەهــرەو هــونەروەرییەکی خۆڕســک ، ئەویتریان سنعەتی نووسین.
مـن بەخـۆم پـێش شـیعر نووسـین ، خەمێکـی هەستپێکراو دامدەگرێ ، هەستێکم وەبەردێنێ، نازانم لە کوێ ڕادێ و ناتوانم ناوی لـێ بنـێم ، بەڵام لە قووڵاییەکـانی نـاخی نـاخمەوە هەسـت دەکەم ئـازارم دەدا ، ڕووبەڕووی نیگەرانییەکـی سەیرم دەکاتەوە ، لەوانەیە چەشەیەکیشـم پـێ ببەخشێ.

لەو نێـوانەدا وەک یەکێـک خەوی لـێ بـزڕێ و ئەم دیو و ئەو دیو بکـا ، کەلەکـان دەگـۆڕم و جۆرە ململانێـیەک لە ناوەوەمـا پێکـدێنێ.. لەو ســاتانەدا خــۆم تەنیــا دەبیــنم و لە دەوروبەر دادەبڕێم ، بەم جۆرە بـێ ئاگـا دەسـت دەدەمە قەڵەم و سکێچی یەکەم لە دایک دەبێ.

**ڕامـــان:** ئایـــا کـــوردەواری شـــایانی ئەوەیە (ئەدەبێکـــی مەزن) یـــا (هـــونەرێکی مەزن) ببەخشێتە جیهانی شارستانییەت؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** کوردەواری چـی کەمتـرە لەو خەڵـک و خـوایەی لەسـەر گـوێی زەویـدا دەژین؟ گرفت ئەوە نییە ئێمە نـاتوانین ئەدەب یـا هـونەرێکی مەزن بەرهەمبهێنـین ، گرفـت ئەوەیە ئـێمە هەمیشـە بە زمـان و خەیـاڵی (هەمبـــوو هەمبوو)ـــەوە دەدوێـــین ، لە هەمانکاتدا نە ئەوەی پێـی دەگـوترێ دەسـتەی ئەنتلێجستا بەهای کـارەکەی هەسـت پێدەکا و نە دەسەڵاتیش پڕۆژەیەکی دیـاریکراوی هەیە و ئەو مەســـــەلەیەی لە دەرەوەی بـــــازنەی بەرژەوەندی و ئەولەویاتی خۆی بەهەندگرتووە، بۆیە دەبینین دەستێک لە پاش و دەسـتێک لە پـــێش ، بە ناچـــاری لەبـــاتی ئەوەی لەســـەر زەمینە و ساغەی کولتووری خۆمـانەوە هەنگـاو هەڵێنـــــین ، کە دەبێـــــتە بەشـــــێک لە نوێکردنەوەی، دێین تـورەگەی سـواڵ لەبەردەم شارسـتانییەتی تـر ڕادەگـرین ، بـۆیەش دەڵـێم

تـــورەگەی دەرۆزە و ســـواڵ ، چـــونکە بەبـــێ تێگەیشتنی ڕەهەندە مەعریفی و فەلسـەفی و سایکۆسۆســـــیۆلۆژییەکانی هەوڵ دەدەیــــــن بیگوێزینەوە.

هەمـــــــوو ئەمـــــــانەش بەداخەوە بەدەر لە خوێندنەوەی پرسی پەرەسەندنی مێژوویـی ئەو شارســـــتانییەتانە ، بەڵام لە هەمانکاتـــــدا ، ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ساڵەهای ساڵە ئێمەی وەک ئـاردی نـاو درک هەمیشـە لە سـەنگەری بەرگری لە بوونی خۆمانـدا بـووین ، بەڕادەیەک ئەوەنـــدە بەس بـــێ بتـــوانین زەمانەکەمـــان بپارێزین کەم تا کورت بەرهەمی دانسقەشی پێ بنووسین ، نازانم ئێوە چۆنی بیر لێدەکەنەوە ، مــن بە دڵـــنیاییەوە دەڵـــێم ئێســـتا شـــیعر و چیـــرۆک و تەشـــکیل و تـــاڕادەیەک مۆســـیقای کـوردی هیچـی کەمتـر نیـیە لەوەی لە وڵاتـانی دەوروبەر، تەنـــــــانەت لە وڵاتــــــــانی پێشکەوتووشدا... بەڵام!!

**ڕامـــان:** گەلـــێ چـــامەت تەرجەمە کـــردووە ، پێتوابە لەم بارەیەوە ئیزافەیەکت کردبێ؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** من کە بیرم لە وەرگێڕان ، بەتایبەتی وەرگێڕانی شیعر کردۆتەوە ، هەرگیز ئەمەم لە خەیاڵدا نەبووە بە ئەنگیزەی ئیزافەکردن بێت ، بەڵام لێتانی ناشارمەوە لە وەرگێڕانی شیعردا هەمیشە هەوڵمداوە بیکوردێنم ، لە هەمانکاتدا ڕوئیای نووسەریش لەو ناوەدا ون نەبێت.. دیسان ئەگەر شیعر و چیرۆکم کردبێتە کوردی ، هەمیشە ئەوانەم هەڵبژاردووە کە لەگەڵ ڕوئیای خۆمدا تێکیان کردبێتەوە ، زۆرجار قەسیدەیەکم وەرگێڕاوە کە جێگای نووسینی قەسیدەیەکی خۆمی گرتۆتەوە.. بە دیوەکەی تری هەندێ لێکۆڵینەوەو دیراساتم کە وەرگێڕاوە ، بە ڕووکاری خزمەتگوزاری کولتوورییەوە بووە کە بە پێویستم زانیوە ، پێموابووە کتێبخانەکەمان پێویستی پێیەتی ، وەکو ئەو کتێبەی لەبارەی هونەری شێوەکارییەوە ساڵی (1986) بڵاوم کردەوە ، کە بەداخەوە تا ئێستاش یەکەمین کتێبە بە کوردی باس لە ڕەگەزەکانی ئەم هونەرە بکات.

هەمیشە پێموابووە ، پرۆسەی تەرجەمە لەوە بایەخدارتر و پێویستترە بە تەمای هەوڵ و کۆششی تاکە کەسەوە وازی لێ بهێنرێ ، بگرە بە قەد دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی گرینگە و پێویستی بە چەند دەزگایەکی تایبەتەییە کە پرۆژەو پلانی لەوەختێکی پێوانەییدا هەبێ.. دیارە ئەمەش لە تێگەیشتن و بڕوای دەسەڵات بە بایەخی وەرگێڕان و دەوری لە بنیاتنانەوەی کولتوورییەوە سەرچاوە دەگرێ ، چونکە وەک دەزانن بازاڕی کتێبی کوردی سنووردارە و تا ئێستا هی ئەوە نییە پرۆژەیەکی لەو چەشنەی پێ هەڵبسووڕێ.

**ڕامان:** ئەگەر (7) کتێبی بەنرخی جیهانی ، لە بواری ئەدەب و هونەردا هەڵبژێری بکرێن بە کوردی کامانە دەبن؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** بە سەدان کتێبی دانسقەو گرینگی وا هەن کە زۆر پێویستە تەرجەمە بکرێن ، بەڵام ئێوە دەڵێن (7) کتێب..
بەڕای من با ئەمانە بن:

1- تەواوی بەرهەمەکانی شەکسپیر.
2- هەموو بەرهەمەکانی دیستۆیفسکی.
3- (کۆمیدیا)ی دانتی ئەلیجێری.
4- پەلکە گیای واڵت ویتمان.
5- نووسینەکانی زانای کۆمەڵناسی ئێراقی د. عەلی ئەلوەردی.
6- مەسنەوی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی.
7- (سەربردەی شارستانییەت)ی ول دیورانت.

**ڕامان:** تەنگژەی لێتۆژینەوەی ئەدەبی و زانستی لای خۆمان چۆن دەستنیشان دەکەن؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** لێتۆژینەوەی زانستی، بەو لێتۆژینەوانەیش کە دەچنەوە ناو لێتۆژینەوەی ئەدەبی، بەو مانایەی کەشفێکی نوێی تێدا بێ لای ئێمە کەمە.
ئێوە باسی تەنگژە دەکەن، پێم وایە تا ئێستاش، ناوەندی تەنگژەکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ مەنهەجییەتی نووسیندا دەبینرێتەوە، بێگومان مەنهەجی لێتۆژینەوەی ئەدەبی و دیراساتی ئەدەب جیایە لەگەڵ لێتۆژینەوەی

مێژوویـــی و کۆمەڵناســـی و ئارکیۆلۆژیـــا و ڕۆژنامەنووسـیی و زانسـتی پەتـی و..تـاد. کە هەر یەک لەو بـوارانە مەنهەجێکـی تـایبەت بەخـۆی هەیە ، ئەم مەسـەلەیە لەلای ئـێمە تـێکەڵ بـووە ، ڕاسـتە لە ڕووی لێتـۆژینەوە خاڵێـک هەیە هەمـوو ئەو بـوارانەی لەسـەردا کـۆکن ، بەڵام ڕووکـاری هەریەکێکیـان بەلایکـدایە.. ئەمە لەلایەک ، لەلایەکیتـرەوە لێتـۆژ زۆرجـار دەبینـی لە چـۆنیەتی سـوودوەرگرتن لە سـەرچاوەو هەوڵ و کۆششـەکانی پـێش خـۆی لەو بـوارەی تێیـدا دەنووسێ ، جگە لەوەی سـەرچاوە سـەرەکی و لاوەکییەکـان لێـک جـودا ناکـاتەوە ، لە سوودوەرگرتنیشـدا بە هەڵەدا دەچـێ.. لەم بـارەیەوە هەنـدێ لێکـۆڵینەوەم بینیـوە وەکـو کۆلاژێک وابووە.

لە حاڵێکدا وای دەبینم لێتۆژ کە سەرچاوەیەک دەخوێنێتەوە پێویستە بایی ئەوەندەی پـێ بـێ ئەو سـەرچاوەیەی دەیخـوێنێتەوە شـتی تـری لەلادا بورووژێنێ و ڕێ ڕوونی زیاتری بۆ بکـا ، نەک وەکـو ئێکسـسـوارێک بێـت بـۆ

تـۆژینەوەکەی.. کە ئەمەش دەڵـێم مەبەسـتم لەوە نیـــیە ، لەکـــاتی پێویســـتدا (دەق) وەرنەگیـرێ ، یـاخود ئامـاژەی پـێ نەدرێ ، بەڵام لەو کاتـانەدا پێویسـتە کە (دەق)یـش بەڵـگە و گەواهـی تـر بێـت بـۆ بۆچـوون و کەشفەکانی لێتۆژ.

**رامـان:** لە هەرسـێ پیشـانگا هونەرییەکەتـدا ، ویستت بە هونەری کۆلاژ چی هەڵبەخەیت؟

**نەژاد عزیـز سـورمێ:** ئەو چەنـد پیشـانگایەم هەوڵێـک بـوو بە هەمـان جیهـانبینی شـیعر لە ئێـوارەی مێـژو و ڕۆژپەڕی جوگرافیـادا ، بـۆ ناسـینەوەی بەهـارە سـووتاوەکان و ڕۆژگـارە لەدەستچووەکان.
هەڵوەسـتەیەکی هـێمن و بـێ دەنـگ بـوو لە ڕێگای بەزاندنی ئەو سنوور و خەتە سـوورانەی بە ڕووکاری ئازادی مرۆڤدا هەڵدەنرێن.
چەنـد پرسـیارێک بـوون ویسـتم بیـانوروژێنم لەکاتێکـدا گەیشـتبوومە قەنـاعەت بەهـۆی دەربڕینی دیکەوە کورتیان دەهێنا.

هەربـۆیەش بینیتـان لە هەر سـێ پیشـانگادا چـاوم کردبـوو بەشـایەد ، چـونکە پێموابـوو زمـانی نـاوەوە زمـانی نـاخ هەمیشـە لە چـاودا چەکەرە دەکا و تەرز داوێ.

ئەو ئەزمـوونە بـۆ مـن هەوڵێـک بـوو لە گەڕان بەدوای زەمینەیەکی نـوێ کە لە نیگەرانییەکـی بێ سنوور سەرچاوەی گرتبوو هەوڵمدا هەنـدێ لەو پرسانە بخەمەڕوو کە جوانی دەشێوێنن.

ویسـتم مانـایەک بەو بۆشـاییانە ببەخشـم کە هەمیشە سەرچاوەی ڕواندنی خەونن.. ئەو سێ پیشانگایە کڵاو ڕۆژنەیەک بوون لە شەختەدا.

**ڕامان:** ئەی ئەو گەرمە تایە لە هونەری کۆلاژدا لە کەیەوە تۆی گرتووە؟

**نەژاد عزیـز سـورمێ:** لە ئەساسـدا مـن هەر لە قۆنـاغی سـەرەتاییەوە ئـارەزووی ڕەسـم کـردنم هەبوو ، بەڵام بەهۆی بـاری نالەبـاری خوێنـدنم لە قۆنـاغی سـەرەتایی سـەبارەت بە دۆخـی ئەوسا ، کە وانەی ڕەسممان نەبوو و ئارەزووی منـیش هەر لەوێ ڕۆژێـدا زینـدەبەچاڵ بـوو ،

ئەگەرچـــی دوایـــی دەرکەوت هەنـــدێ ڕەگ و ڕیشەی مابوون.
مـن دەمـێکە ئاشـنایەتیم لەگەڵ ئەم هـونەرەدا هەیە و پێشـم وابـووە کە زیـاتر لەکـاری ڕۆژنامەنووسـییەوە نزیکتـر بێـت ، تـا هـونەری شـێوەکاری پەتـی ، ئەگەرچـی زۆر لە هونەرمەندانی دونیـا لە کـارە هونەرییەکانیانـدا سوودیان لێوەرگرتـووە ، بەڵام وەکـو پیشـانگا بـۆ یەکەمـین جـار لە کوردسـتان یەکەم پیشـانگام سـاڵی (1995) لە سـەلاحەددین لە هـۆڵی ئـوتێلی سـەدیر بەنـاوی (پـاییزی چاوەکـان) 1\10\1995کـردەوە ، کە پاشـتر لە دهـۆک و سـۆران و هەولێـریش پیشـاندران و پیشـانگای دووەم سێیەمیشـم لەگەڵ هەنـدێ وردە جیـاوازی لـە ڕووی تەکنیـک و بەکارهێنـانی ڕەنـگ ، بەڵام لە جەوهەردا درێژەی پیشانگای یەکەمم بوو. مـن لە کـۆلاژدا ڕەهـایی و شـەفافیەت دەبیـنم ، لەو هەلومەرجەدا کۆلاژ نیشتمانم بوو ، نیشتمانێک پڕ بە سییەکانم.. ئاودەنگی دڵسۆزی تەنیـاییم بـوو ، کە لە ڕێگـادا دەڕۆیشـتین هـیچم لـێ

نەدەشاردەوە ، هەموو نهێنییەکانم بۆ دەدرکاند..گاڵتەی پێناکرێ مرۆڤ ئاودەنگێکی دڵسۆزی لەم ڕۆژگارەدا هەبێ دڵی خۆی بۆ بکاتەوە و نهێنییەکانی لا بدرکێنێ.

**ڕامان:** (واستی) هونەرمەند (مقامات الحريری) بە نیگارەکانی ڕازاندۆتەوە و نەمریی پێبەخشیوە ، پێتوایە ئێمەش پێویستیمان بەو جۆرە کارو داهێنانە هەیە لە بواری حیکایەت و سەربردە و داستانە نەتەوایەتییەکانمان؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** هەر کارێکی هونەریی ، لەگەڵ ئەوەی لە یەک سەرچاوەوە هاتبن ، بەڵام قەوارەیەکی سەربەخۆن و لە چەشەی ئیستاتیکادا جیادەبنەوە ، بۆیە هەمیشە ئەو نیگار و وێنە و مۆتیفانەی لەگەڵ بەرهەمێکی نووسراودا بڵاودەکرێنەوە ، بێگومان بەهایەکی جەمالی پێ دەبەخشن ، لەو وێنە و نیگارانە جیاوازن ، کە لە کتێبەکانی فێرکردندا بە مەبەستی ڕوونکردنەوە دادەنرێن.. لەو گۆشەنیگایەوە (واستی) بە ڕوئیای خۆی (مەقاماتی حەریری) ڕازاندۆتەوە ، ئێوەش

لەمەدا لەگەڵ مـنن کە دەڵـێن (نەمریـی پـێ بەخشیوە).
من بەخۆم لە کۆشیعری سێیەممدا نووسیومە (شـیعر و کـۆلاژ) بە واتـا بە دوو چەمـک تەماشـام کـردوون کە لە یەک کەش و هەوا و یەک نیشـتماندا لە دایـک بـوون.. لە بـواری سـەربردە و حیکـایەت و داسـتانەکانماندا کە ئێـوە باسـی دەکەن لە دوو سـەرەوە بە پێویسـتی دەزانـم ، یەکـێکیان بەهـایەکی جـوانی و مەودایەکـی تریـان دەداتـێ ، لە هەمانکاتـدا هـۆیەک دەبێـت لە گەیانـدنی ناوەرۆکی مەعریفی ئەو داستان و حیکایەتانە و هێشتنەوەی لە زاکیرەدا.
لە سەرێکیترەوە بەرهەمـی هونەرمەنـدیش وەک قەوارەیەکـی سـەربەخۆ لە جوگرافیـای ئەو بەرهەمـانەی لە پاڵیـدا بڵاودەبـنەوە جێگیـر دەبێ.

**ڕامان:** لەبەرچـی چـاوی بیـنەری ئەورووپـایی ، حەزی لە نیگاری میللـی جیاجیـایە لە ڕەنـگ و

ڕووخساری سەیر و پڕ لە دەهشەت؟ تۆ خۆت حەزت لەو نیگارانەیە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** وامدێتە بەرچاو نیگاری میللی جیا جیا و ڕەنگ و ڕووخساری سەیر و چاوی پڕ لە دەهشەت و زەق دوو شتی جیاوازبن.. مەسەلەی چەشەی هونەری بەوەی پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەر و هۆی دیکەی دەرەوەی بازنەی هونەر ، لە کولتوورێکەوە بۆ ئەوی دی دەگۆڕێ ، بەڵام سەرەنجام هونەر هەمیشە دەرمانی دەردان و پەنای بێ پەنایان بووە ، هەر لە ئادەمزادی دێرینەوە پێداوەرە تا دەسپێکی شارستانییەت و هەتا بە ڕۆژی ئەمڕۆ ڕادەگا کە سەرەڕای لێک نزیکبوونەوەی شارستانیەتییەکان بە چاوپۆشین لە کێبەرکێ و ململانێی بێ ئامانیشیان ئاکام جیهانێکی ڕەها بە حساب پێشکەوتوو ، دونیاویست لە دایک بوو.. بەقەد ئەوەش لە خەمی ئایندەیدا کە لە جیهانی ڕۆژئاوادا خۆی دەنوێنێ و لە بەرامبەریشیدا جیهانێکی دیکەی دواکەوتوو ، بەڵام دونیانەویست و سەر ڕەحەت لە بەرامبەر

ئاینده.. بەم جۆرە بەها ڕۆحییەکان لە جیهانی یەکەمدا بەرەو کزی ڕۆیشتن لە بەرامبەردا لە جیهانەکەی تر گەشەیان کرد.. نیگاری میللی بەهۆی ئەو گیانە خۆڕسکانە و ئەو بەها ڕۆحیانەی ئەگەر بشێ بڵێین بە شێوەیەکی تەماتیکی تێدا ڕەنگدەداتەوە.

دەمێکە چاوی بینەری ڕۆژئاوایی لێ دوورە، بۆیە دەبینین لە چرکەساتێکدا لە گەڵیدا دێتەوە، ئەمەش بەڕای من ئەو غەریبییەی لا دەوروژێنێ کە لە جیهانەکەی خۆیدا تەکنەلۆژیاو هەڵکردنی لەگەڵ دەرهاوردەکانی لەزەتی ئەو چەشەیەی لا کز کردووە یاخود لێی ستاندۆتەوە.. ئەمە لە خۆیدا ڕەنکردنەوەیەکی خۆڕسکانەیە.

لە ڕێگای سەلماندنی خود.. ئەو نیگارە میللییانەی باسیان دەکەن ڕەنگە لە تابلۆیەک یاخود فریسکۆیەک یا تەنانەت لە بەڕەیەک یا ڕایەخێک خۆیان بنوێنن.

ئەو نیگارانە لەوانەیە وەک وتم لە چرکەساتێکدا لە جیهانەکەی خۆیان داببڕێنێ، هەر ئەم دابڕانەیە کە ئارەزوو و حەزی لە لا

پێکـدێنێ ، ئەمەش کە دەڵـێم هەرگیـز ئەوەم لەبیر نەچووە هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات هەمیشە لە سـوودوەرگرتن لە قوتابخـانە هـونەرییە جیاجیاکـانی ڕۆژئـاوا بەهرەیـان وەرگرتـووە و تەنـانەت هەنـدێکیان لەلایەنـی تەکنیکـی کارکردنیشەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییانەوە. بەخۆم هەمیشە لامواپە هونەر لێک نادرێتەوە ، چەشـە دەبەخشـێ ، ئەو چەشـەیە چـاو بە پشتبەسـتن بە کۆمەڵێـک پاشـخانی هەسـت و نەسـت و ئاسـتی ڕۆشـنبیریی (بیـنەر) دەیخولقێنێ.

لێرەدا دەبینین تەماشاکردن و وردبوونەوەیش بەشێوەیەک دەچێتەوە خانەی داهێنانی تـر کە ئەویش داهێنـانە بەهـۆی پرۆسـەی بینینـەوە.. داهێنـانی بینـین لە پێنـاوی چەشـەیەکدا کە ئاسـودەییت پێدەبەخشـێ و شـتە بەرهەسـتە نەبینراوەکانت پێ دەناسێنێ.

**ڕامان:** وەک ڕۆژنامەنووسـێ (دارشـتنی هەواڵ) لەنێـو بزاڤـی ڕۆژنامەگەریمانـدا چـۆن هەڵدەسنگێنن؟

**نەژاد عزیــز ســورمێ:** ئــێمە لە پێشــدا هەقە ئەوەمان لەبیـرنەچێتەوە ڕۆژنـامەگەریی کـوردی هەر لە سەرەتای دەسپێکەوە زیاتر بە کۆششی نووســەر و ئەدەیبــانەوە دەرچــووە ، ئەمەش لەخۆیــدا (تــا دوای ڕاپەڕینــیش) دارشــتنی هەواڵــی لە زمــان و دونیــابینی نووســەرایەتی نەتوانیوە ڕزگار بکا .

ئەگەر وەریشــی بگێــڕین ، تەماشــا دەکەیــن دیـوەکەی تـری کە بۆچـوون و مـامەڵە لەگەڵ کەرەسـتەی بەردەسـت بـۆ دارشـتنی هەواڵ لە ڕووی نـاوەرۆکەوە بەهـۆی زاڵبـوونی سـیما و ئادگـاری ڕۆژنـامەگەریی دەرو جیـران وێرانتـر بــووە . بەداخەوە دەڵــێم ئەوە ڕۆژنــامەگەریی حزبـی کە لێـرەدا باسـی نـاکەم ، ئەگەرچـی ڕەنگـی دونیـای ڕۆژنـامەگەریی کوردیشـی لە پاش ڕاپەڕینـی ڕشـتووە ، چـونکە وابەسـتەیی حــزب بە چەنــد پرەنســیپ و سیاســەتی دیـاریکراوەوە ، نـاتوانێ لێـی لابـدا ، تەنـانەت بەو ڕۆژنــــامە و گۆڤــــارانەی ســــەربەخۆ و ئەهلیشیان لەسەر نووسراوە ، نەیانتوانیوە لەو

پەتایە ڕزگاریان ببێ.

بـۆیە دەبینـــین هەواڵ لە ڕۆژنامەگەریمانــدا بە هەرسێ جۆرییەوە نووسراو و بینراو بیستراو لە بازنەیەکی سنووردار دایە و پێم وانییە پانتـایی خوێنەران خۆیان تێدا ببیننەوە.
لە هەمانکاتدا زمانی داڕشتن لە هەواڵدا زۆرجار لە زمـــانی ئەدەبیـــیەوە نزیکتـــرە تـــا زمـــانی ڕۆژنامەنووســـیی ، لە هەموویشـــی گرینگتـــر هەواڵەکانی ئێمە کەمترین زانیارییان تێدایە کە ببێـــتە هــۆیەک بــۆ ڕێ ڕوونـــی خــوێنەران و پێکەوەنـــانی ئەوەی پێـــی دەگـــوترێ (ڕای گشـتی). لە هەموویشـی سـەیرتر ئەم حـاڵە لە کاتێکدایە کە دەستخستنی هەواڵ ئێستا زۆر لە جـــاران ئاســـانترە. ئێســـتا هەواڵ بەهـــۆی تەکنۆلۆژیای پێکگەیشتن و گەیاندن لە بـازنەی تـــاک ســـەرچاوەییەوە نەمـــاوە بە نمـــوونە ڕۆژنامەنووس هەر کاتێ بیەوێ دەتوانێ هەمان هەواڵ لە چەنـــدین ســـەرچاوەی جیاجیـــاوە وەربگـــرێ ، پاشـــان لەلای خـــۆی بەپێـــی بەرژەوەنـدیی نیشـتمانی دووبـارەی دەکەمەوە

(بەپێــــی بەرژەوەنـــــدی نیشـــــتمانیی)یەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکا بەبێ ئەوەی ئەوەنـدەی تۆزقاڵێک زانیارییە ئەساسییەکان بشـارێتەوە ، کە پێمــوایە ناشــتوانێ لە ســـەردەمێکی وەک ئەمڕۆدا بیانشارێتەوە ، لەکاتێکدا هـیچ شـتێک لە خـانەی نهێنیـدا نەمـاوە ، بەڵام کە دەڵـێم بەپێــی بەرژەوەنــدیی نیشــتمانی ، مەبەســتم ئەوەیە هەر هەواڵێک کە دەبێتە هۆی تێکـدانی ئەمــن و ئاســایش ، یــا هەر هەواڵێــک ئــاگری ناکۆکی و شەڕ خۆش بکا ، کە ئەمە لە خۆیـدا دژ بەو خوێنەرانەیە کە ڕۆژنامەنووس (بە دڵـی خــۆی) داکۆکییــان لێـدەکا و لە خەمیــان دایە زانیارییــان پێبگــا ، لە حاڵێکــدا ئەگەر لێـــی وردبیـنەوە بـۆ درەوشـانەوەی (باکـاتیش بـێ) خودی ڕۆژنامەنووسەکەیە نەک خوێنەران.

پاشــان بە کــامە حەق ڕۆژنــامەنووس بەهــۆی هەواڵێـک کە ڕەنـگە زۆریـش لە ڕاسـتی نزیـک نەبێ ویژدانی قبووڵ دەکا پشێوی بۆ هاووڵاتی (ڕەعیەت) دروسـت بکـا و بەخۆیشـی بسـکەی سـمێڵانی بـێ (دیـارە ئەگەر سـمێڵی هەبـێ) و ئیدعای زۆر شتیش بکا.

بەم جـۆرە وایـدەبینم دارِشـتنی هەواڵ لەنـاو بزاڤـی ڕۆژنامەگەریمانـدا لە هەردوو شـێوەیدا سـەقەتە ، بەلای شـاردنەوەی زانیـاری و زاڵبـوونی قـاڵبی تەشـریفاتی کە زیـاتر لە ڕۆژنـامەگەریی حزبـی و حکوومیـدا خـۆی دەنـوێنێ یـاخود بڵاوکـردنەوەی زانیـاری بەبـێ مەسـئوولییەت لە هەنـدێ لەو ڕۆژنامـانەی کە (ئەهلی) یا (سەربەخۆ) یان لەسـەر نووسـراوە بەڕادەیەک هەنـدێ هەواڵ لە قـاڵبی (خـالف تعرف)دا زیاتر نییە.

ئەمەش کە دەڵێم هەرگیـز مەبەسـتم لە دانـانی سـنوور و سانسـۆرێک نیـیە ، کە بە هـیچ شـێوەیەک لەگەڵـی دانـێم ، مـن مەبەسـتم لە سانسۆری ویژدانە ، کە ڕۆژنامەنووسی کـارامەو جیدی لەم سەردەمی ڕۆژنـامەگەریی وروژاندنـدا بتوانێ ئازایانە و ئازادانە و بە مەسئوولیەتەوە زانیاری پێویست بخاتە پێش خوێنەر.

دیـارە کە قەیـرانەکە ڕۆژنـامەگەریی بینـراو و بیستراویشی گرتۆتەوە ، ئەگەرچی هەوڵێـک لە سەتەلایتەکانەوە بە ڕووکارەکەیتر هەیە ، بەڵام ئەوانـیش هەنـدێجار سـەیر دەکەی نـاتوانن بە

تەواوی ئیلتیزامـــی پێـــوە بـــکەن ، ئەگەری ئەمەش هەر دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ئەو فـــاکتەر و هۆیانەی باسمان کردن.
دیســـان لە زمـــانی داڕشتنیشـــدا ، ئەگەرچـــی هەوڵێـــک لە ڕیگـــای دروســـتبوونی زمـــانی ڕۆژنامەنووســـــیماندا هەیە ، بەڵام هێشـــــتا پابەندی زمانی ئەدەبییە و بەدوایـی لێـی ئـازاد نەبووە.

**ڕامـــان:** نـــزیکەی (150) گۆڤـــار و ڕۆژنـــامە لە کوردســـتان ، ڕۆژانە ، مانگـــانە ، حەفتـــانە و نیوحەفتانە و...تـاد دەردەچـن.. ئەم دیـاردەیە چۆن دەبینی؟

**نەژاد عزیز سـورمێ:** ڕاسـتی ئەوە خەونـی مـن بوو ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەمـان هەبێـت ، چ جـای (150) گۆڤـــار و ڕۆژنـــامە. کە ئەمە جێـــی دڵخۆشـی و دیـاردەیەکی شارسـتانییە ، بەڵام کورد واتەنی (هەموو شتێک بە خوێ و خوێش بە مەننا) ئەوجـار مـن لە ئێـوە دەپرسـم ، تـۆ

بڵێی واقیعی حاڵی کوردستان پێویستی بەو هەموو وەشانانە هەبێ؟
پێموانییە ئێوەش بە دیاردەیەکی دروستی ببینن ، مەسەلەکە بە زۆری نییە ، ئەوەندەی زیاتر پێوەندیی بە چۆنیەتی و پێویستی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەوەیە زیاتر لە ئەنجامی ململانێی سیاسییەوە سەریانهەڵداوە ، نەک نەخشە و پلانێکی تایبەتی دیاریکراو.
وای بۆ دەچم کتێبخانەکەمان کە نیمانە لە پێشتر بێت ، تا بازاڕی ڕۆژنامەنووسیمان ، چونکە جوگرافیای بڵاوبوونەوەی هەموو ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە زۆر بەرتەسکە ، ئەمەش وایکردووە بە تیراژێکی هەژارانە دەربچن.
ئەم دیاردەیەش ، دیاردەی دەرکردنی ڕۆژنامە با وەکو زادەی ئەو ئازادییەش بێت کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەرپایە و هەمووان دەزانین پاش ڕاپەڕین هاتۆتە گۆڕێ ، بەڵام وەکو زۆر دیاردەی تر ، بە نموونە دیاردەی سیاسەت و سیاسەتکاریی کەوا پێدەچێ خێری تێدا بووبێت هەرچی دەبینی و دەیخوێنیتەوە بووە بە لێتۆژ و پێشبینکار و موحەلیلی سیاسەت ،

کەچــی بەداخەوە کە لێــی ورد دەبیــیەوە لە کــــۆلاژی چەنـــد بیـــروڕاو بۆچـــوون و هەڵســـەنگاندنێکی ئەو ڕۆژنـــامە و ئەوی دی زیاتر نییە.
**ڕامـان:** گۆشـەی ڕۆژانە یـا حەفتـانە لەنێـو ڕۆژنامەدا شتێکی زۆر قورسە ، لەبەرچی؟

**نەژاد عزیـز سـورمێ:** ئەوەنـدەی نووسـیومە لە نووسینی گۆشەم قورستر و بە خەمتـر ، بەڵام بە چێژتـر نەدیـوە ، ئەگەرچـی بەخۆشـم لە گەلێـک ڕۆژنـامە و گۆڤـاردا گۆشـەی ڕۆژانە و حەفتـانەم بە کـوردی و عەرەبـی نووسـیوە ، بەڵام هەمیشە بە سەختترین هونەری نووسـینم دیوە. بێگومان مەسەلەکە بە کورتی و درێـژی نیــیە ، ئەوەنــدەی پێوەنــدی بە بەردەوامــی نووسـین و پابەنـدبوون بە وەخـت ، هەروەهـا ئەو تەقســە تــایبەتییەیە کە پێویســتە لە گۆشــەدا هەبــێ ، ســەختیی گۆشــە ، هەر لەوەشدا نییە ، بەڵکو ترسـی ئەوەشـی تێدایە خۆت دووبارە بکەیەوە و دووچاری یەکئەنـوایی ببی و لە دواییشدا بڕوای خوێنەران بدۆڕێنی.

دیاره گۆشەی ڕۆژنامەنووسیی جیاوازە لەگەڵ بیری ڕاگوزاری کە لەلای ئێمە تێکەڵ بووە ، ئەو لەترکزەیی و سەختییەی گۆشە لە ڕۆژنامەگەریدا وای پێویست کردووە ئەو ڕۆژنامەنووسانە پێی بوەستن کە تاقیکردنەوەیەکی تێریان لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا هەیە و دەستی تەواویان بەسەر زماندا دەشکێ و لە نهێنییەکانی دەگەن.

بێگومان گۆشەی ڕۆژانەش لە گۆشەی حەفتانەو مانگانە قورسترە ، بەهۆی ئەوەی لە کاتێکی پێوانەییدا پێویستە ئامادە بێت ، بەتایبەتیش پێویستە نەمابێتەوە ، واتە هەمان ڕۆژ نووسرابێت کە ئەم خاڵە بەلای منەوە لە گۆشەدا زۆر گرینگە ، چونکە شان بە شان لەگەڵ ڕووداوەکاندا گۆشە دەنگی نووسەرکەیەتی ، دونیابینی و بۆچوونەکانی دەردەخا و زمانحاڵی دەبێت ، لە ڕووی زمانی نووسینیشەوە بێگومان هەر نووسەرێک زمانێکی تایبەت بەخۆی هەبێت چاکترە. من خۆم زمانی سادە و شەفاف و ئیجادارم پێ

پەسـەندترە بـۆ گۆشـە لە درێژکـردنەوەو تـێ ئـاخنین (حشـو) و سـادەگۆیی ، هەروەهـا پێمباشـە گۆشـە: تـا بکـرێ بـابەتی بـێ و بە دەربڕینی گەرم بنووسرێ و ماکی نوێبوونەوەی تێـدا بـێ و دەربـڕی نـاوەرۆکـێکی دیاریکـراو بێت و لە ڕووشکاندن و سەنگەرگرتنی سیاسـی بەبـێ فیکـرەوە دوور بـێ ، هەروەهـا پڕوپاگەنـدەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ لە لیاقەتی گۆشـە دادەبەزێنـێ. بە کـورتی گۆشـە پێویسـتە بە سـەرەتایەکی بەهێـز و سەرنجڕاکێشـەوە دەسـتپێبکا و بە هەمـان هێزیشەوە قوفڵ بدرێ و کۆتایی پێ بهێنرێ.

**ڕامـان:** هـونەری کاریکـاتێر و ڕۆژنـامەگەریی کوردی لە چیدایە. تۆ خۆت پێشنیازت چییە؟.

**نەژاد عزیـز سـورمێ:** مەسـەلەی کاریکـاتێر کە هەمیشە پێموابووە بۆ ڕۆژنامە زۆر پێویسـتە و گرینگیشە ، چونکە بڵاوبوونەوەی کاریکاتێر لە خۆیدا پێوەندی بە ئازادی سیاسییەوە هەیە.

هەربۆیە کاتێ (13) ساڵ لەمەوبەر بەدرێژی و لە باسێکی سەربەخۆیی تێردا باسی کاریکاتێرم کردووە ، بەتایبەتیش لە ڕووی مێژووی پەیدابوون و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا و یەکەمین کاریکاتێر لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی. ئەو دیراسەتە دوای ئەوەی لە کاتی خۆیدا لە گۆڤاری (کاروان) بە سێ ئەڵقە بڵاوم کردەوە، لە کتێبەکەشمدا (ڕۆژنامەگەریی کوردی- چەند سەرە قەڵەمێک لە بارەی تەکنیک و هونەرەکانی)دا بڵاوکراوەتەوە. لێرەشدا هەمان بۆچوونم هەیە کە لەوێدا پێشانم داوە.

**ڕامان:** پرۆژە کۆنەکەت لە بواری جیهانی ڕۆژنامەگەرییدا گەیشتە کوێ؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** نازانم مەبەست کامە پرۆژەیە ، بەڵام هەر بۆ مێژوو کاتی خۆی دوای توێژینەوەکەم (شیکردنەوەی ناوەڕۆک)ی ئەو چەند ژمارەی برایەتی ڕۆژانە وەک یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی بۆ یەکەمین

جار پێشنیازێکم لە شێوەی دیراسـەیەکی تێـرو تەسەلدا بـۆ دەرکردنـی ڕۆژنـامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی سالّـی (1986) بلاّوکردەوە... بۆ من ئەو پـڕۆژەیە ئەوسـا خەونێـک بـوو. خۆشـبەختانە دوای ڕاپەڕین هاتەدی ، ئەگەرچی تا ئێسـتاش لەگەلّ مانـــدووبوونێکی نکۆلّیلێنەکراویشـــدا بەختـــی ئەوەم نەبـــوو.. وەکـــو خـــۆم دەمەویّ پـــڕۆژەکە جێبەجـــێ بـــکەم ، پاشـــان ســـالّی (1992) ئەوەم بە خەیالّـدا هـات کە پێویسـتە ئاژانسێکی دەنـگ و باسـی تـایبەت بە خۆمـان هەبـێ ، بـۆ ئەمەش پـڕۆژەیەکم لە شـێوەی دیراســـەتێکی ســـەد و ئەوەنـــدە لاپەڕەیـــی نووسی و پاش ئەوەی بە زنجیرە لە ڕۆژنـامەی (برایەتـی)دا بلاّومکـردەوە ، عەرزی پەرلەمـانم کـرد ، کەچـی بەداخەوە ئێستاشـی لەگەلّـدابێ وەڵامی نەبـوو ، هەرچەنـدە لەلایـەن سـکرتێری پەرلەمانەوە بـە نامەیـەک لەگەیشـتن و نـاردنی بۆ لیژنەی ڕۆشنبیری ئاگادار کرامەوە. ئەوەبوو لە پاشـاندا وەکـو کتێـب چـاپم کـرد و بـلاّوم کـــردەوە.. کە هـــاتمە دەزگـــای (برایەتـــی و خەبات)یش زۆر پڕۆژەی ڕۆژنامەنووسیم هەبـوو

که بۆ من دیسان وەکو خەون وابوو ، لەوانە بە نموونە گۆڤارێکی نموونەیی منداڵان کە هەنگاوی یەکەمی بۆ هاوێشترا ، ئەویش دەرچوونی هەفتەنامەی (هێللانەی منداڵان) بوو ، هەروەها گۆڤارێکی دەوری تایبەت بە هونەری شێوەکاری و شتی تریش ، (بەڵام!) ئێستاش بەردەوامم لە خەوبینین ، وایتێگەیشتووم مرۆڤ وەک ڕۆژێ لە ڕۆژان (شانۆنووسی سووری بەناوبانگ) سەعدوڵڵا وەنووس وتی: (ئێمە مەحکوومین بە هیوا و ئومێد) کەواتە مەحکوومین بە خەون بینین ، ڕێگای ترمان لە پێشدا نییە لەوە زیاتر کە هەبین یا هەبین.

**ڕامان:** پێتوایە بەشێوەیەکی زانستییانە مێژووی ڕۆژنامەگەریمان نووسرابێتەوە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** نەخێر ، ئەوەی هەشبووە وەک دەزانن لە سنووری بیبلۆگرافیادا بووە ، ئەمەش لە خۆیدا کاری چاک بوون ، لەگەڵ ئەوەشدا مەیدانەکە لە هەوڵی جیدیش خاڵی

نەبووە و نییە ، بەتـایبەتی دوای ڕاپەڕیـن ، چ ئەوەی لە شـێوەی ماسـتەرنامە و دکتۆرانـامەدا لە زانکۆکـان ، یـا هەوڵـی تـاکە کەسـی ، ، هەروەهـا ئەو دیراسـەت و لێکـۆڵینەوانەی بەبـۆنەی (100) سـاڵەی دەرچـوونی یەکەمـین ڕۆژنامەی کوردیدا دەرچوون کاری باش بوون ، بە بـڕوای مـن کتێبخـانەی کـوردی پێویسـتی پێیـان هەبـوو ، بەڵام دیسـان مێـژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی و بزاڤی قەڵەمـی کـوردی دیـارە پێویسـتی بەوە هەیە زانسـتییانە و ماندوونەناسانە هەوڵی بۆ بدرێ بنووسرێتەوە ، کە ئەمەش پێمـوانییە کـارێکی ئاسـان بێـت بەهۆی نەبـوون و پەرش و بـڵاوی سـەرچاوە و ژێدەری پێوەندار بە مێژووی ڕۆژنامەگەریمان.

**ڕامـان:** وەکـو ئارکیۆلۆژیسـتێک پێتـوایە لە (5%)ی شوێنەوارەکانی کوردستان کاریان تێدا کرابـێ؟ ئەی پێـت وانیـیە کە هەر حکـوومەتی بەغدا نەیویستبێ ئەو شوێنەوارانە کاریان تێـدا بکرێ؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** کوردستان بە دانپێدانانی دوورو نزیک بێشکەی شارستانییەتی دونیایە ، ئەوەتا ئەشکەوتی شانەدەر. ئەوە گوندی (چەرمۆ) کە یەکەمین جێگیربوونی ئادەمزاد و یەکەمین هەنگاوی کشت وکاڵی تێدا دۆزراوەتەوە ، کوردستان بە هەزاران شوێنەواری گرینگی تێدایە ، کە زۆر کەمیان کاری تێداکراوە ، بەڵام بۆ ئەوەی دەزگا حکوومییەکانی بەغدا (دەزگای گشتیی شوێنەوار) نەیوستبێ کار لەو شوێنەوارانەدا بکرێت ، بێگومان ڕەنگە نەخشەیەک بەو مانایە هەبووبێت ، بەڵام دیسان کاری پشکنینی ئارکیۆلۆژی لەخۆیدا پێویستی بە زەمینەیەکی سەقامگرتوو و ئیمکانیاتی ماددی و تەکنیکی زۆر هەیە ، بەتایبەتی لە ڕووی کادیرەوە کە هەردوو ئەگەر سەبارەت بە زۆر ئەگەری دیکەی پەیوەندار بە سیاسەت و بە خودی هەلومەرجی سیاسی کوردستان و شەڕە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و کەمی بودجەی تەرخانکراو بۆ دەزگای گشتیی شوێنەوار بە بەراورد لەگەڵ هەبوویی و

دەوڵەمەنـدی عێـراق بەگشـتی و کوردسـتان بەتایبەتی لەڕووی شوێنەواری شارستانییەوە.. هەموو ئەمانە ئەگەر و کۆسپ بوون. ئەگەرچی کەم تـا کـورت پشـکنین و چـاککردنەوە و لێخەوتـان هەبـووە وەکـو پشـکنینەکانی (سـولکی) لە ئەشـکەوتی شـانەدەر لە پەنجایەکـان ، هەروەهـا پکشـنینەکانی گـردی قـالینج ئاغـا لە هەولێـر و ئەمیـری کـردن و چـاککردنەوەی هەنـدێ لە خانووەکـانی قەڵای هەولێر و پشکنینەکانی (چەرمۆ) لە پارێزگـای کەرکوک و هەروەها پکشنینەکانی ( فایدە ) لە پارێزگای دهۆک و هەندێ وردە پڕۆژەی دیـکە، بەڵام دیـارە ئەوانە لە چـاو هەزاران شـوێنەوار شتێک نین .

**ڕامان:** پڕۆژەکەی (داسـتانی گەلگامش)ـەکەی خـۆت چـی بەسـەرهات؟ پێتـوایە شـتێکت لەم بوارە ناسکەدا کردبێت؟

**نەژاد عزیــز ســورمێ:** پــڕۆژەی داســتانی (گەلگامش) یەکێک بوو لەو پـڕۆژانەی دەکـرێ

پێی بڵێن پڕۆژەی تەمەن ، داستانی گەلگامش دەقێکــی بەڕادەیەک بەرزە ، وەک مامۆســـتا تەهـا بـاقر دەڵێـت: لە هەمـوو شارسـتانییەتی میزۆپۆتامیـا لە زانســت و زانیــاری و هــونەر ئەگەر هیچیترمـــان پێنەگەیشـــتبا (داســـتانی گەلگـــامش) بەس بـــوو.. بەوەی هەمـــوو ئەو کێشـانەی لەو داسـتانەدا هـاتوون ئێستاشـی لەگەڵدا بێ ڕووبەرێکی فراوان لە ژیانی سۆز و عەقڵـــی و مەعریفـــی ئـــادەمزاددا گرتـــووە ، بەتـایبەتی نهێنــی ژیـان و مــەرگ و کێشــەی نەمریی.

بەڕاستی مـن پـێش ئەوەی بچمە کۆلێژ- ئەو داستانەم خوێندبووەوە و زۆریشی پێ سەرسام بـووم ، دوای ئەوەی لە بەشــی ئارکیۆلۆژیـای سەر بە کۆلێژی ئەدەبیـاتی زانکۆی بەغدایش دەسـتم بە خوێنـدن کـرد ، بەتـایبەتیش کە مامۆسـتای پـایەبەرز و زانـای تێـدابوو لەوانە مامۆسـتا تەهـا بـاقر و د. فـازڵ عەبدولواحیـد عەلـی و مامۆسـتا ڕەزا جـواد ئەلهاشـمی و د. تەقی دەببـاغ و د. وەلیـد ئەلجـادر و چەنـدانی تر.

چەندین داستان و دەقی سۆمەری و ئەکەدیمان خوێنـد ، لەوانەش دەقـی هەمیشـە زینـدووی گەلگـامش ، لەو ڕاسـتەدا داسـتانەکەم بە زەوق و شەوقێکی دیکە خوێندەوە ، بەتایبەتی وەرگێـڕانە جۆراوجۆرەکـانی ، کە خـۆی لە شـەش وەرگێـڕان دەدا ، ئیتـر هـەر ئـەو سـا بڕیارمـدا و بە پێویستیشـم زانـی بـیکەم بە کـوردی.. مـاوەی زیـاتر لە دوو سـاڵ و نیـو زیاترکـارم تێـداکرد ، بەتـایبەتیش نـزیکەی تەواوی وەختـی فیـراری عەسـکەریم پـێ بەڕێکـرد.. وەرگێـڕانەکەی مـن لە دەقێکـی دیاریکراوەوە نەبوو ، بەڵکو هەمـوو دەقەکانم دێـر بە دێـر لەبەریەک دەگـرتن ، ئینجـا ڕستەکەم بە کوردی دادەڕشت.. بەڕاستی وەک ئەوەی بە شـەوق و زەوقێکـی تـایبەتییەوە دەمخوێنـدەوە ، عاشـقانەش وەرمـدەگێڕا و هەوڵمدەدا بیکوردێنم.

هەندێ لە برادەران ئاگـادار بـوون کە خەریکی بووم ، هەموو جارێ دەیانپرسـی چـی لێهـات.. گەلگامشـم تەواوکـرد ، وەک سـیایی یەکەم ،

بەڵام داخــی گــران ئەوە بــوو کە لە شــەڕی نـــاوخۆدا پـــاش ئەوەی ماڵەکانمـــان و کتێبخـــانەکەم کە حەوت هەزار کتێــب زیــاتر نەبــووبێ کەمتــر نەبــوو ، وەبەر تــاڵان کەوت سیایی گەلگامش ، ئەوەی شــەوەهای شــەو تــا درەنگـــان ، هەنـــدێ جـــار تـــا بەرەبەیـــان بەدیــارییەوە دەبــووم ، زەحمەتێکــی زۆرم لە وەرگێڕانیــدا دی ، داخــی گــرانم ئەویــش لەگەڵ کۆمەڵێک سـیایی چەند قەسیدەیەکی خـۆم و چەنــدیتری وەرگێــڕدراو و نووســینی تــر وەبەر تاڵان کەوتن ، ئێستاشی لەگەڵـدابێ ڕۆیـی هەر ڕۆیــی.. بــڕوا بــکەن وەک کەســێ کۆســتی بە جگەرگۆشـــەی بـــکەوێ وام بەســـەرهات ، ماوەیەک لە ناوەوەی خۆم کە بەبیرم دەهاتەوە جێگەم لە هیچ جێگایەک نەدەبووەوە ، دونیـام لێ وێک هـاتبووەوە وەکـو شـێتم لێهـاتبوو ، چ نەمـــا نەیـــکەم کە هەرچـــی نەبـــێ ، ئەوە کتێبەکـــانم کە هەر لە منـــداڵییەوە کـــۆم کردبـــوونەوە و زۆر جـــار لە زاری خـــۆم گرتبووەوە بۆیان ، ئەوە ماڵی دایکم و براکـانم

هـيچ.. ئەمـانە هەموويـان هـيچ ، بەڵكـو ئەو سياييانەم دەسكەوێتەوە بێ سوود بوو.
مـاوەيەكی زۆر هێـدمەم گرتبـوو ، ئەو مانـدوو بـــوون و مـــاوە زۆرەم بەبيردەهـــاتەوە كە بە گەلگامشەوە خەريک بووم ، لە دواييشدا ڕەنـج بە خەسار.
مەسـەلەكەش سـەرلەبەری ئەوەبـوو كە مـن بە هيچ شـێوەيەک ، بە گومـانيش گومـانی ئەوەم نەبـوو مـاڵ يـا كتێبخـانەی نووسـەرێک يـا ڕۆژنامەنووسێک بەر تاڵان بكەوێت ، بەتايبەتی لەوەتەی هەبێ هەميشـە لەبەرەی ميللەتەكەيـدا بووبێت و تاڵاوی نەفـی و زينـدان و لە وەزيـفە دەركردنـی ديبـێ. بـۆيە هەميشـە و ئێسـتاش لەبەر خـۆمەوە دەڵـێم بـۆچی نوسـخەيەكم لـێ كـۆپی نەكردبـوو ، يـا بـۆچی لەگەڵ خـۆم نەبوون. بڕوا بـكەن ، چـونكە گومـانم بـۆ ئەوە نەدەچـــوو بـــۆيە.. بەو ڕەنـــگە (داســـتانی گەلگـــامش)يش لە ڕێگـــای هـــات و نەهـــاتی (دەردە كـــورد)دا تيـــاچوو.. كە دەپرســـن (پێتوايە شتێكت لەم بـوارەدا كردبـێ) دەڵـێم:

لەو سەرەوە هاتمەوە وەک عەرزم کردن هیچم بە هیچ نەکرد.

**رامان:** چۆن لە پرەنسیپی (نەمریی) لە گەلگامشدا دەڕوان؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** داستانی گەلگامش چوار هەزار ساڵ زیاترە نووسراوەتەوە ، بەڵام ڕووداوەکانی بێگومان هێشتا کۆنترە.. لە وەتەی ئادەمزاد هەیە ، کۆششی لە ڕێگای نەمریدا بەردەوامە ، ئەمە پرسیاری خەمهێنەرو تێڕامانراوی بوونە.. کە حەقیقەتی مردن هەمیشە جەختی لەسەر کردووەتەوە ، ئەو کێشەیە لە (داستانی گەلگامش)دا زۆر ڕاشکاوانە و بەوپەڕی شەفافیەتەوە خراوەتەڕوو.. هەموو تەفسیلاتی تر لە گەلگامشدا لە خزمەتی ئەو خاڵە سەرەکییە دایە ، کە مردن شتێکی حەتمییە و نەمریی مەحاڵە ، تەنانەت بۆ گەلگامش خۆیشی کە سێ بەشی جەستەی لە خوداوەند و بەشێکی لە ئادەمزاد بووە.. کەواتە لێرەدا (تاک) لە بەرامبەر ئەو ئاکامە کارەساتاوییەدا چی بکا؟

ئایا بکەوێتە ژێر کاریگەریی یا تەحەدای ئەو تراژیدیا ئینسانییە بکا بەوەی دەستی چاکە و میهرەبانی بۆ هاوڕەگەزەکانی درێژ بکا ، وەکو ئەوەی لە دواییدا گەلگامش دوای مردنی ئەنکیدۆ کردی ، یاخود ڕوو لە دونیای ڕابواردن و لەزەتەکانی ژیان و ئەو مەیخانە و ئەم خەرابات بکا وەکو خاتوونی مەیخانە بۆ گەلگامشی پێشنیاز کرد: (بۆ کوێ دەچی؟ ئەو ژیانەی تۆ دەتەوێ نایدۆزییەوە. بەڕای من گەلگامش یەکێکە لەو (دەق)انەی کە هەمیشە دەقی بەرزی وەکو ئەلیادە و ئۆدیسە و هیتر و هیتری پێ بشوبهێنرێ ، نەک بە تەنیا لەبەر ئەوەی هیچ دەقێکی دیکەی لە پێشدا نییە ، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەقێکی ئینسانی ئەوتۆیە لە گرینگترین کێشەی مرۆڤ دەڕوانێ کە تا هەتایە دەمێنێ.

**ڕامان:** پێوەندی نێوان (دەسەڵات) و (ڕۆشنبیر) بەڕای تۆ یاخود لای تۆ چۆن دەکەوێتەوە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** وادیارە هەمیشە و هەر لە دێر زەمانەوە کەلێنی هەستپێکراو لە نێوان دەسەلات و رووناکبیردا هەبووە ، رۆشنبیر کەسێکە (بە دڵی خۆ) خەون بە ئینسانییەت و عەدالەتەوە دەبینێ ، لە حاڵێکدا سیاسی لە جوغزێکی دیاریکراوەوە دەخولێتەوە و بەرژەوەندییە تاکتیکییەکانی سەنگی مەحەک دەبن لە بە هەندگرتنی دەوروبەر کە رۆشنبیرانیش لەلای ئەو بەشێکن لەو دەوروبەرە ، بۆیە دەبینی سەنگی رۆشنبیر لای سیاسیی ئەو سەنگە نییە لە دەرەوەی بەرژەوەندی و تاکتیکی رۆژانەیان (واتە لە خودی دەوری رۆشنبیر) سەیر کرابێ و بکرێ.. ئەگەر روونتری بڵێین ، دەورەکە دەورێکی بێ سەنگ و لە پەراوێزدا بووە ، تا ئەودەمەی رۆشنبیر دەبێتە بەشێک لەو تاکتیکانە یا دەبێتە دەسکەلاو واز لە خەونەکانی دێنێ ، یا زۆر زۆر لە خەونی رەهاوە دێتە ناو خەونی بەرنامەکراو ، ئیتر وای لێ دێ خۆدی رۆشنبیر هەندێ جار دەورەکە لە سیاسی وەردەگرێتەوە بە وەهمێک کە دەتوانێ پرۆژە کۆنەکەی خۆی

پێ بسەلمێنێ ، کەچی لە حەقیقەتدا ئەمە لە وەهم زیاتر نییە هەر ئەوەندە لە ساتێک لە ساتەکانی بەخۆهاتنەوە تەماشا دەکا لە خودی خۆیدا گەرای دەسەڵاتی داناوە.. ڕەنگە لە باشترین باریدا پێوەندییەکە (دەسەڵات) و (ڕۆشنبیر) وەکو دوو هێڵی تەریب بن ، کە لەگەڵ یەکدا بڕۆن ، بەڵام بە یەکگەیشتنیان جۆرێک بێ لە مەحاڵ ، ئەگەر نموونەشتان بوێ ، نموونە زۆرە ، هەر لە سەردەمی ڕۆشنبیرانی وەختی خەلافەتی ئیسلامییەوە ، بگرە تا ڕۆشنبیرانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا و تا ئەوانەی یەکێتی سۆڤێتی جاران و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی ئەوسا و تا ئەمڕۆ. لێرەدا واپێویست دەکا ئاماژەیەکیش بەوە بدەین کە جۆری سیستەمی حوکم لەو پێوەندییەدا حوکمە ، بە نموونە لە سیستەمی دیموکراتیدا بەگشتی حوکمدار (لەگەڵ پاریز وەرگرتنم) زۆربەی جاران بە هەڵبژادنی دیموکراتیانەی ئازادەوە دێ ، بەمەش دەبینین حاکم زیاتر لەگەڵ ڕۆشنبیراندا دێتەوە ، بە پێچەوانەی سیستەمە تاکڕەوەکان کە هەمیشە

هەوڵ دەدەن ڕۆشـــنبیر بەشـــێک بێـــت لە سیستەمەکە و تەنانەت زۆرجار هەوڵ دەدەن گەمەی مەحاڵیشی بە هونەری مومکینات پێ بسەلمێنن.
دیارە لێرەشدا مەبەستم لە دەسەڵات هەردوو لایەنەکەیەتـــی ، دەســـەڵاتی ڕەســـمی و ســـێبەرەکەی ، کە خـــۆی لە دەســـەڵاتی ئۆپۆزیسیۆندا دەنوێنێ.
**ڕامان:** بە بۆچوونی تۆ بۆچی میللەتی ئێمە هەموو قورسایی ڕابردوو و ئایندەی خۆی خستووەتە سەر شانی شیعر و کردوویەتی بە بەدیلی هەموو کایەکانی مەعریفە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** ئێستا ئەو قورساییە لەسەر شانی شیعردا نەماوە ، ئێستا لە سەردەمی شۆڕشی تەکنۆلۆژیای نوێ بەتایبەتیش لە بواری گەیاندن و ڕاگەیاندندا ، شیعر ڕەهەندێکی دیکەی وەرگرتووە کە لە تەقسێکی پیرۆز دەچێت ، ئێستا شیعر پێویستییە.. لەوە گەڕێن کۆمەڵگەی کوردەواری جاران ڕابردوو و ئێستا و ئایندە و

سیاسـەت و ئـایین و کـۆمەڵایەتی و مێـژووی خسـتبووە سـەر شـانی شـیعر ، بەڵام ئێسـتا بۆچی پانتاییەکی نکۆڵیلێنەکراو لە کۆمەڵگەی ئـێمە ، هەمـوو ئەوانەی لە شـیعر دەوێـت. وای تێـدەگەم ، لەبەر ئەوەی شـیعر لە ئاسـۆیەکی ڕەهادا بووە ، توانیویەتی زۆر شت بڵـێ کە بە شێوازیتر (ئەگەر هەبووبێ) نەتـوانراوە (بەهەر هـۆیەکەوە بـێ) بگـوترێ ، دیسـان لە قۆنـاغی ئاژەڵداریـدا و لە پاشانیشـدا کشـتوکاڵی هـیچ بەدیلێکی تر نەبووە ، لە وتارو وەعـزدان زیـاتر کە ئەویـش تایبەتکـاری ئـایین و تەقسـەکانی بووە ئەگەرچی لە ڕێبازە سۆفیزمییەکان زیـاتر ئـایین لەنـاو ئـێمە تەقسـێکی ئەوتـۆی نەبـووە شایانی باس بـوو بێـت. کلاسـکیەتی کـوردیش کە زادەی حوجرەکـــان بـــووە بەڕای مـــن لە ئەنجامی ئەو بۆشاییە تەقسییەدا سەریهەڵداوە، ئەمەش بەختیارییە نەک بەدبەختـی.. کە نـالی و مەحـوی و مەلەوی و مەلای جزیـری و خـانی و دەیانی دیکەی پێ بەخشیوین ، لەو کاتیشدا پەرســـتگا (مـــزگەوت) لە کـــۆمەڵگەیەکی دواکەوتـووی وەکـو ئەوسـا تـاڕادەیەکی زۆر ،

دەسـەڵاتی دیـن و دونیـای لەدەسـتدا بـووە ، شـــیعریش کە زادەی حـــوجرە بـــێ ، کەواتە هەموو قورساییەکانی دەکەوێتە سەر و جێگـای کـــایە مەعریفییەکـــانی تـــر دەگـــرێتەوە.. لە سـەرێکی دیکەشـەوە هەر لە کۆنەوە شـاعیران وەکـــو پاســـەوانی زمـــان و پاســـەوانی بزاڤـــی کۆمەڵگە بوون و شیعریش هەمیشە خۆڕسکانە بێـــت ، یـــاخود بە هۆشـــیارییەوە خـــۆی لە زەمیـــــنەی ڕۆح ســـــویوە ، بـــــۆیە کـــــۆمەڵ هەمووشـــــتێکی لە شـــــیعر ویســـــتووە و ئەو ڕەواجەش کە شـــیعر هەیبـــووە کایەکـــانیتر نەیانبووە.

**ڕامان:** تا چ ڕادەیەک ڕۆمانسییەت بۆ شـیعری ئەمڕۆ بە پێویست دەزانن؟ ئایا شـیعری ئەمـڕۆ ناتوانێ بە یەکجاری ماڵئاوایی لە ڕۆمانسـییەت بکا؟

**نەژاد عزیـــز ســـورمێ:** شـــیعر لە جـــوانترین دەرکەوتنیـــــدا ســـــیمای نهێنییەکـــانییەتی ، نهێنیایەتیش بەبێ ئەو خـوێنبەرە بـاریکەلانەی

ژیـــان که ئێــوه ناوتـــان نـــاوه ڕۆمانســـییەت قودسیەتی لەدەست دەدا.
لێرەشدا مەبەستم قاوغە میتافیزیکییەکە نییە، ئەوەنـــدەی مەبەســـتم ئەو هێـــزە نەبینـــراوەی خەیاڵە کە غوربەتی ئینسانی تێدا بەرجەستە دەبێ و چەشەی هیوای پـێ دەبەخشـێ ، ئەو ســـاوەی لە نیشـــتمانی ئەبەدیەتـــدا هەســـتی پێدەکرێ.. پێموانییە شیعر نە ئەمڕۆ نە سبەی بتـوانێ ماڵئـاوایی لە نیشـتمانی ئەبەدی خـۆی بکا.

**ڕامان:** تۆ لە شیعرەکانتدا هێمـای مێژوویـی و کەسایەتیی نێو ڕۆمان دەهێنیتە ناو شـیعرەوە، ئایـا ئەو هەمـوو کەسـایەتییانە وەک خۆیـان دەگـــوازیتەوە یـــان جیهـــانبینیی تریـــان پێدەبەخشـــی ، لەکاتێکـــدا دەکـــرێ نـــاو و شوێنەکان فەرامۆش بکرێن؟

**نەژاد عزیـز سـورمێ:** بێگومـان هێنـانی ئەو هێمایـانە ئەگەر وەکـو خۆیـان کە هەبـوون مەســـەلەیەک نیـــیە ، ئەو کەســـایەتییانە بەشـــێکن لە ڕابـــردوو ، هێمـــای ڕابـــردوو لە

هێنانەوەشـــیاندا ڕەنـــگە هەوڵێـــک بـــێ لە چڕکـــــردنەوەی زەمەن ، کە بەشـــــێکە لە شاردنەوەی نهێنییەکان ، یـان هەوڵێک بێ لە پشتبەسـتن بە هێمـا درەوشـاوە پۆزەتیـڤ یـا نێگەتیڤەکانی ڕابردوو بۆ ئازادبوون لە تراژیـدیا یەک بە دوایەکەکـانی ئەمـڕۆ ، لەم ڕوانـگەیەوە زۆرجـار ناوهـاتنی هێمـا (نـاو و شـوێن..) لە خۆیـدا مەودایەکـی دیـکە بە خـودی دەقەکە دەدا، بۆیە ناتوانرێ فەرامـۆش بکـرێ ، مـن لە هەندێ تاقیکردنەوەی خۆمدا وامکردووە ، بەڵام هەوڵمداوە ڕەهەندی تریان پێ بـدەم کە لەگەڵ دونیـابینیی خۆمـدا بێـنەوە.. دوای ئەوەی بە تەواوی ناســیومن و لەگەڵیــان دانیشــتووم و پیاسەم لەگەڵ کردوون و میوانداریم کـردوون و میوانـدارییان کـردووم ، لێـک تووڕەبـووین و پێکهـــاتینەوە ، زۆرجـــاریش کە پێویســـتی نەکردبێ ناویان بێـت ، ڕۆحیـان لە چڵەپـۆپەی وەجد و مەستیدا ئامادەبوون.

**ڕامان:** کۆمەڵێـک ڕەگەزی ئەدەبیـی جۆراوجـۆر لە دەقێکدا گفتوگۆ دەکەن ، واتە لە پێکهاتەی

هــــونەری ڕۆمــــان و چیـــرۆک و ســـــینەما و شـێوەکاری و شـانۆ دەقێـک بەرهەم دێ کە بە زاراوەی ئەمـــڕۆ بە دەق نــــاوزەد دەکـــرێ ، بۆچوونتـــان لەبـارەی ئەم سـنوور بەزانـدنەی هونەرەکان و گفتوگۆی ڕەگەزەکانی نووسین لە پێکهاتە دەقی نوێدا چییە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** ئەمە سنووربەزاندن نیـیە بەقەد ئەوەی گەڕانەوەیە بــــۆ ســـــەرچاوە کە پێویســــتی زەمەن دەیســــەپێنێ هەمـــوو ئەو پێکهاتە هونەرییـانەی باسـیان دەکـەی لە یەک ســــەرچاوەوە هەڵـــدەقوڵێن کە ســــەرچاوەی داهێنـــانە.. ئەمــڕۆ ئـاهەنگی ژیــان گــۆڕاوە.. پێشـکەوتنی شارسـتانییەت وایکـردووە هەنـدێ لەو ڕەگەزانەی هونەر بەهـۆی ڕەگەزی دیـکەوە بگــات ، بەڵام لەســـەرێکی دیکەشـــەوە جـۆرە سـکاڵایەکە لە نێـوان ڕەگەزەکـانی نووسـین ، هەنــدێ جــار ڕەنگــدانە بەبــێ ڕەنگــی ، ئەو ڕەگەزانە سـیمای شارســتانییەتی هــاوچەرخن ئیقــاعی مرۆڤــایەتی لەترکزەتــرین ســـەردەمیدا دەردەبڕن.

**ڕامان:** ئەو ڕەخنەگرانەی بە ئاماژەو نووسین و لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی ئێوە دواون ، ئایا توانیویانە هیچ وەرچەرخانێک لە بینینتان بۆ شیعر دروست بکەن ، تاکو ببێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینی شێواز و زمانی شیعریتان؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** ئێوە لەمن چاتری دەزانن لای ئێمە ، لە خودی کولتوورمان (ڕەخنە) بە مانایەک بازدانە بەسەر پەرژینێکی تێلدڕ و بەزاندنی هێڵی سوورە ئەمە لە تێنەگەیشتنی کاری ڕەخنەوە هاتووە کە تا ئەو نزیکانەش بەو چاوە سەیرکراوە بریتی بێت لە لێکهەڵاواردنی لایەنی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤ و دەستنیشانکردنیان لە دەقێکی دیاریکراودا ، کە ئەمەش هەرگیز کاری ڕەخنە نییە وەک دەقێکی دیکەی داهێنراو.. لە سەرێکیترەوە زۆر جاریش ویستراوە (بە هەر ئەگەرێک بێت) لە ڕیگای ڕەخنەوە ئەستێرە هەڵبدرێن.. دیارە کە ئاسمانی بەرفراوان لەوە بالاتر و پڕ ئەستێرەترە ، ئەستێرەی لە زەویڕا بۆ بچێت..

له هەمانکاتـــــدا ئەو هەوڵە جیـــــدیانەی له نێوەنـــدەکەدا هەبـــوون ، کەمێکـــی کەمیـــان بتـــرازێ، ئەوانـــی دی هەمیشـــە به هەڵوێســـتی دەرەوەی (داهێنـــــــان و دەق)ـــــــــەوە بەستراونەتەوە. بەتایبەتیش ڕۆشنایی خـراوەتە سەر ئەوانەی وەک مەحمووود دەروێش دەڵێـت شەرعیەت و ڕەواییـان (نەک له دەق) ، بەڵکـو له هاونیشـــتمانیی بـــاش و پیـــاوی پـــاک وەرگرتـووە ، یـاخود حزبێکـی دیاریکراویـان له پشـت بـووە.. دەنـا مـن وایـدەبینم ڕەخـنەش دەقێکی دیکه بێـت و ئەویـش به دەوری خـۆی جێگای ڕەخنەی دیکه بێـت.. لەم ڕاسـتەدا ئەو ڕووناهییەی تا ئێستا خراونەتە سەر دەقەکـانی من ، ئەگەرچی هەندێکیان دەنگدانەوەی خودی دەقەکه بوون ، بەڵام هەوڵی جیدیشیان تێدایه که ڕەنگه مەودای جیهانبینی فراوانتر کـردبم و ئەزموونی داکراوی لەلادا ورووژاندبم.. لای من له هەمـوو شـتێک گرینگتـر ئەوەیه ڕۆژێ له ڕۆژان به ئاماژەیش سکاڵانامەم بـۆ هـیچ ڕەخنەگرێـک بەرز نەکـردۆتەوە ، هەمیشـــە پـێم وا بـووە ، لەسـەر نووسـینی زۆر که دەگـاتە ئەو ڕادەیەی

له سـنوور و ئاسـتی دەق تێـپەڕێ له ڕووناهییەکی هێمنەوە ، دەبێتە بلاژکتۆرێک ، بلاژکتۆر که له چاو دەدا ، جگه لەوەی ئازاری پێدەگەیەنێ ، وایشی لێدەکا ناچاری داخستنی ببێ.. هەر لەوێڕا ڕەنگەکان ون دەبن.

**ڕامان:** پێتانوایه شیعر توانیبێتی کاریگەریی و گۆڕان له ژیانی کۆمەڵگا بەرپا بکات؟ یان ئاست و ئاڕاستەی هەست و بیرکردنەوەی تاکی کورد بگۆڕێ؟ یان هەر ئاڕاستەی هەست و بیرکردنەوەی تاکی کورد بگۆڕێ؟ یان هەر ئەو بیروڕاو دەربڕینانه لەناو کتێب و نووسراوەکاندا قەتیس ماون و گیریان خواردووه و نەیتوانیوه به کاریگەرییەوه بێنه ناو ژیانەوه؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** پێمـوانییه ئەمه کاری شیعر بێ ، شیعر پێویستییەکی ویژدانییه ، جیهانێکه له قوڵایی تاکدایه ، شیعر هەر له خۆیدا ژیانه ، شاعیر لەسەریەتی خەون ببینێ،

خەونـی شـاعیر خەونـی مرۆڤـایەتییە ، بـۆیە گوناهە داوایەکی لەو چەشنە لە شاعیر بکرێت.

**ڕامان:** ئایا لەبەردەم شارستانییەتی (وێنە) و شۆڕشی زانیاریدا ، شیعر وەکو جاران ڕەونەقی دەمێنێ و لە توانایدایە بە پێوە بوەستێ؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** تـا ژیـان و مـەرگ و غـوربەتی ئینسـان بمێنـێ ، شـیعر دەمێنـێ.. داستانی گەلگامش چوار هەزار و ئەوەندە ساڵە نووسـراوەتەوە ، ئێسـتا وەکـو دەقێکـی نـوێ دەخوێنـدرێتەوە.. مـن باسـی شـیعر دەکەم.. باسی جەوهەری ناخ ، جەوهەری بوون دەکەم. هەر بۆ ئاگاداریشتان ، ئێسـتا لە ئەمەریکا کە ئەمـڕۆ لە چڵەپـۆپەی پێشـکەوتنی تەکنۆلـۆژی دایە بـێجگە لە چـاپکراوی سـەربەخۆ، هەزار گۆڤار و دەوریاتی تایبەت بە شیعر دەردەچن.

**ڕامان:** مەیـل و ئـارەزوویەکی تایبەتیـت لەگەڵ هـونەری شـێوەکاریدا هەیە ، تـا چ ڕادەیەک لە

شیعر نووسیندا سوودت له هونەری شێوەکاری وەرگرتووە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** هونەری شێوەکاری هەمیشە ماڵی دووەمم بووە ، ئەگەرچی بەهۆی زۆر ئەگەر بۆم هەڵنەکەوتووە لە کۆلاژ زیاترم هەبێت ، من کە سنوورێکی ڕەهام لەنێوان شیعرو تەشکیلدا نەدیوە.. هەوڵەکانم بەو ڕووکارەدا بۆ حەڤدە ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە ، کاتێ یەکەمین قەسیدەم بە ڕۆشنایی تەشکیل نووسی و بڵاوکردەوە.. ئەو ئەزموونە ، کە قەسیدەکانی خۆشیان لەژێر ناوی (ئەزموون)دا کۆببوونەوە ، یەکەمین تاقیکردنەوەم بوو کە تەرجەمەی سێ چوار زمانیش کرا.. پاشان چەند قەسیدەیەکی دیکەی بەدواداهات لە کۆشیعری دووەم و سێیەممدا بڵاوکراونەتەوە ، ئەو هەوڵانەش کۆششێک بوون لە ڕێگای دۆزینەوەی خاکێکی دی.. جۆرێک بوو لە خۆڕاچڵەکاندن ، هەناسەیەک بوو بە هەوایەکی ئەندازەیی ، سەفەرێک بوو ، بەڵام بە توێشوویەکی جیاواز.

**ڕامـــــان:** تەکنەلۆژیـــــا و کۆمپیـــــوتەر چ کاریگەرییەکیان بەسـەر هـونەری شـێوەکاری و کۆلاژەوە هەیە؟

**نەژاد عزیـز سـورمێ:** بێگومـان کۆمپیـوتەر لە خۆیدا یەکێکە لە دەرهاوردەکـانی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیا ، بەگشتی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیـا، کـاریگەریی بەسـەر هەمـوو بوارەکـانی ژیـانی ئـادەمزادەوە هەیە ، کە لە هەمانکاتیشـدا هەر ئەو پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییەشـە زنجیـرەیەک گرفتـی بـۆ ئـادەمزاد لێکەوتـۆتەوە ، کە ئێـرە جێگـای بـاس لێکردنـی نیـیە.. ئێـوە باسـی کاریگەریی کۆمپیوتەر دەکەن.. بەسەر هونەری شـێوەکاری و کـۆلاژ بەتـایبەتی کە بە سـەرێک هەر دەچێـتەوە پـاڵ هـونەری شـێوەکاری.. ڕەنـگە هـونەرمەند هەبـن چاویـان لەوە بێـت بەهـۆی تەکنیـک و بەرنـامە جۆراوجۆرەکـانی کـۆمپیوتەر کـار بـکەن.. ئەمـەش نـاڵێم کـارامەیی و بەهـرەی تێـدا نابێـت ، بەڵام هەمیشە تێکنەکردنەوەی ڕوانین و ئاسـۆبینی و

هەڵچـوونە سـاتییەکانی هونەرمەنـد و ڕەهـایی بەرهەمەکە ، چـونکە هەمـوو هێزەکـان بەلای لایەنـی تەکنیکـی کـارەکەدا دەشـکێنەوە.. بەکـورتی پێمـوانییە کۆمپیـوتەر بـۆ هـونەری کـۆلاژ (میـداس)ێک بێـت دەسـتی گەیشـتە هەرچییەک بیکاتە زێڕ.

**ڕامان:** لەلای ئێمەدا لە بواری وەرگێڕان چیمان بۆ کتێبخانەی هەژاری کوردی کـردووە؟ پێتـان باشە چی بۆ بکەین؟

**نەژاد عزیـز سـورمێ:** دونیـای ئێسـتا لەوەدا نەمـاوە ئەگەر هەشـتبێ بڵێـی پێویسـتیم پـێ نییە.. چ جای ئەوەی ئەگەر هیچیت نەبێ ئێمە نـاتوانین بە ڕوانـگەی هەمبـوو هەمبـوو ئەمـڕۆ ببینین. ئەوەی تا ئێسـتا لە بـواری وەرگێڕانـدا بۆ کـوردی کە دەچێـتە خـانەی (سـتراتیژیەتی ڕوونـاکبیریی) کـراوە لە هەوڵـی تـاک تێنەپەڕیوە، با لە ئەگەرەکان بگەڕێـین ، بەڵام تەنانەت وەختێ ئاسۆیەکمان لـێ دیـار بـووە و بەرهەڵێکمان هەبووە ، شـتێک نەکـراوە یـاخود شتێکمان نەکردووە بیگێڕینەوە.. من وایـدەبینم

هیچ پڕۆژەیەکی جیدی کولتووری بەتایبەتی بۆ کولتـــووری کــوردی بەبـــێ بیرکـــردنەوە لە پڕۆژەیەکـــــی ســــــەرتاپاگیر و خڕگــــــرەوەو بەرنـامەداری (وەرگێـڕان) سـەرناگرێ.. ئەمـڕۆ هەر بە نمـــوونە گەلێکـــی وەکـــو عەرەب کە سەدان ساڵە تەرجەمە دەکەن ئینجا لە بـواری وەرگێڕان بەخۆیـان دەڵـێن دواکەوتـوو ، داخـۆ ئێمە چی بڵێین؟!

کەواتە ئـێمە پێویسـتە هەنگـاوی یەکەم چەنـد دەزگـــایەک (نەک دەزگـــایەک بە تەنیـــا) بـــۆ وەرگێڕان دابمەزرێنین لە پێناوی بەرپـا کردنـی بزاڤێکی مەزنـی وەرگێـڕان لە گرنگتـرینەوە بـۆ گرنگتر و بۆ گرنگ.. چارێکی دیکەمان نییە.

ئەو دەزگایـانە بەپێـی نەخشـەیەکی زانسـتی دابمەزرێـن ، بەڕادەیەک تەنـانەت هەنـدێ وردە لــق و چڵیشـــی لێببێـــتەوە بـــۆ لێتـــۆژینەوەو بەدواداچـوونی گیروگرفتەکـانی وەرگێـڕان بـۆ کوردی ، یا ڕێ ڕوونی کردنی کادیر و پسپۆری وەرگێـڕان لە بـوارە جیاجیاکـان و یەکخسـتنی زاراوەی هەمەلایەن ، هەروەهـــا هەڵبژاردنــــی ســــــالآنەی ئەو کتێـــــبە دانســـــقانەی کە

وەرگێڕەکانیـــانی تێـــدا ســـەرکەوتوون و خەڵاتکردنـــی وەرگێڕەکانیـــان بە خەڵاتێکـــی بەرچاو و شایانی باس.. هەروەها پرۆژە دانـان بـۆ زنجیـرەی تـایبەت بە ئەدەب و هـونەر و زانســت و تەکنۆلۆژیـا و مێـژوو.. تـاد ، لە هەمانکاتـــدا دەرچوانـــدنی چەنـــد گۆڤـــار و دەوریـاتێکی تـایبەت بە وەرگێـڕان.. بێگومـان ئەو دەزگایانەش لە پێش هەمـوو پێداویسـتێک پێویســتیان بە چاپخـــانەیەکی پێشـــکەوتوو دەبێـت ، ئەمـانە هەمـووی پێویسـتن ، بەڵام وەک ئیـدیۆمە کـوردییەکە دەڵێـت ( مـردوو بیکەن یان زیندوو ).. گریمـان ئیمکانیـاتیش هەبـوو ، کـێ شـانی دەداتـە بەر.. پرســەکە لێرەدایە.. دەڵێم بەڵکو خـوایە دەروازەیەکمـان لێ بکـاتەوە ئـێمەش نەختێـک بەخـۆبێینەوە و تەماشــایەکی خۆمـــان بکەیـــن بـــزانین کە لە بـــوارێکی ســـــتراتیژی ئاوەهـــادا چەنـــد دواکەوتووین.

**ڕامان:** بۆچی هەموو زمـانزان و وەرگێڕەکانمـان ڕوویـــانکردووەتە وەرگێڕانـــی (شـــیعر) و (چیرۆک) و لایەنەکانی تریان بەلاوە ناوە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** وەک عەرزم کردن هەوڵـی وەرگێڕان لای ئـێمە تـا ئێسـتا لە قـاوغی تـاکە کەسییەوە نەچـۆتە دەرەوە ، بێگومـان هەوڵـی تـاکیش نـاتوانین بەسـەریدا بسـەپێنین چـی وەردەگێڕێ.. کابرا شەونخوونی پێوە دەکێشـێ تـا کتێبێـک وەردەگێـڕێ ، پاشـان بە هەزار ئەزیەت و مانــدووبوون چـاپی دەکـا ، لە دواییشدا لەسەریشی قەرزدار دەبێتەوە.

خۆ ئەگەر لە باشترین باریشدا دەزگایەک بـۆی لە چاپ بـدا شـتێکی وای نـادەنێ بـای پـارەی ئەو جـگەرانەش بـێ لە کـاتی وەرگێڕانـدا کێشاونی.. شیعر و چیرۆکیش تا ئەم دواییەش ئەو دوو جیهـانە بـوون دەخوێنـدرانەوە ، بەڵام وەرن با بزانین کوا لە بواری شـیعر و چیرۆکدا کە باسی دەکەن چی کراوە؟

حـاڵی حـازر بە سـەدان قەسـیدە و چیـرۆک و ڕۆمانی زۆر پێویست هەیە دەبووایە بە کـوردی هەبێت..؟! لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی تاکە کەسی هەنـدێ لایەنـی دیکەشـی گرتـووەتەوە ، بەڵام دیـارە بەگشـتی نـاتوانین بڵێـین هـیچ کاتێـک

بزاڤێکی ڕێکخراو و پلان بۆ داندراو و نەخشە بۆ کێشراومان بۆ وەرگێڕان هەبووە یان هەیە!

**ڕامان:** بەڕای تۆ گەورەترین کێشە و ئاستەنگی بەردەم وەرگێڕی کوردی چین کە ڕێگەی لە بزاڤێکی وەرگێڕانی چالاک گرتووە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** کێشەی لە هەموو کێشان گەورەتر بە هەند نەگرتنی ئەو پرۆژە ستراتیژیەیە لەلایەن دەسەڵاتی نیشتمانییەوە، کە بێگومان جگە لەوەی دەرگایەکمان لە ڕاست شارستانییەتەکانی دونیادا لێدەکاتەوە، قوتابخانەیەکی گرینگ و پێشەنگیش دەبێت بۆ پەروەردەکردن و بەرەوپێشبردن و ڕاهێنان و چەسپاندن و پێکەوە نانی زمانەکەمان، خوا بکەم ئەمەش هەر لە ئاستی بە هەندنەگرتندا بێت و نەچێتە قالبی ئاقڵ پێ نەشکان.. دیارە ئاستەنگ لەبەردەم وەرگێڕی کوردیشدا هەیە، هەر ئەوەیە کە هەلومەرجەکە وایکردووە بەهۆی ئەو ئەگەرانەی پێشتر باسمان کردن تاک تاک کار بکەن. هەروەها مەسەلەی

نەبــوونی زمــانێکی یەکگرتــووی نووســـین و کێشەکانی تـری پەیوەنـدار بە ڕۆنـانی زاراوە ، بەتـــاییەتیش لە هەنـــدێ بـــواردا کە زۆر پێویستن.. لە هەمانکاتدا نەبوونی قامووسـێکی خڕگرەو یەکخـراو و متمـانە پێکـراو کە لەکـاتی پێویستدا وەرگێڕ پەنای بۆ ببا.

**ڕامان:** ئایا تەمومژ لە شیعری نوێـدا کـرانەوەی وێـــنە و مانـــایە بەســـەر ژیـــان و ڕووداو و خەوبینین،یان داخرانی وێنە و مانا ون کردن و خۆدزینەوەیە لە دیاردە و شتەکان؟ ئایا هێـزی تەقانـدنەوەی زمـان لە تەمـومژدا بەردوام نـوێ دەبێـــتەوە ، یـــان چەســـپاو و بـــێ جـــووڵە وەستاوە؟

**نەژاد عزیــز ســـورمێ:** هەمــوو خەونەکــان بە خەرمـــــانەیەکی تەمـــــاوییەوە دەورە دراون ، تەنـانەت لە سینەماشـدا کە بیـانەوێ خەونێـک بەرجەستە بکەن ئەو خەرمانەیەی بۆ دروسـت دەکەن ، شیعر لای من وا کەوتۆتەوە ، چەندی بەهــرەو خەیــاڵ و دونیــابینییە ، ئەوەنــدەش

سنعەتە. تەمومژ ئەگەر ئاکامی ئەو پرۆسەیە بێت ئەوە هەڵبوون و درەوشانەوە و ڕێکپۆشایەتیی ڕستەیە، هەڵنانی ڕۆئیا و جیهانبینی و قووڵکردنەوەی ڕەهەندە ڕۆحییەکانە کە ئەمانەش هەموویان هێزی بزوێنەر و بزۆزن ، بە پێچەوانەوە تەمومژی دەستکرد بێگومان کوژانەوە و نقوم بوونە لە سادەگۆیەکی بێ ڕەهەند و بێ مەودا و بێ ڕۆح.

**ڕامان:** وەک شارەزایەک لە بواری هونەری ڕۆژنامەگەریی ، ئاستی هونەری و دەرهێنانی هونەریی ئەمڕۆی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** ئاستی هونەری و دەرهێنانی هونەری لە ڕۆژنامە و گۆڤار و دەوریاتدا ، لەلایەک پابەندی ڕێڕەوی خودی ڕۆژنامە و گۆڤارەکەیە ، لەلایەکی دیکەشەوە بە پەرەسەندنی تەکنیکی و هونەری ڕێگاکانی چاپ و توانای ماددیی ئەو چاپکراوەوە هەیە.. بەشێوەیەکی گشتی دەرهێنانی هونەری لە

ڕۆژنـــامەگەریی کوردیـــدا ، زیـــاتر کـــاریگەریی ڕۆژنامەگەریی عەرەبی ، بەتایبەتیش ئەوەی لە ئێـراق دەرچـووە لەسـەر بـووە... تـا کۆتـایی هەشـــتاکانی ســـەدەی ڕابـــردوویش زۆربەی ئەوانەی لە بـواری چـاپ و کـاری هـونەری ڕۆژنـامەگەریی کوردیـدا کاریـان کـردووە کـورد نەبوون.. دوای ڕاپەڕیـن ڕۆژنـامەگەریی کـوردی قۆنـاغێکی نـوێی لە هەمـوو ئاسـتەکاندا بە دەرهێنـانی هونەریشـەوە بەخـۆوە بینـی ، بەتـــایبەتیش پـــاش ئەوەی هۆیەکـــانی تەکنۆلۆژیـای نـوێی تێـدا هـاتە بەکارهێنـان ، بەڵام ئەوەی جێگـــای ســـەرنج و تێڕامـــانە ، زۆربەی ڕۆژنـــامە و گۆڤارەکـــان لە ڕووی دەرهێنانی هونەرییەوە بە بەکارهێنـانی وێـنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و کەرەسەتەی دیـکەی جوانکاری ، جگە لەوەی دووچاری یەکئەنـوایی بـوون و هەوڵـی خـۆ نوێکردنەوەیـان تێـدا نـابینرێ.. لە هەمانکاتـدا لاسـایی ڕۆژنـامە عەرەبییەکان و هەندێ ڕۆژنامەی دەرو دراوسـێ دەکەنەوە ، لاســـایی یەکتـــریش دەکەنەوە ، لاسـایی کردنەوەیەکـی وەڕسـکەر ، بەڕادەیەک

هەندێ جار لە خوێنەر تـێکەڵ دەبـن.. دیسـان جــۆری ڕۆژنــامە یــا گۆڤــار پەیوەنــدییەکی ڕاســـــتەوخۆی بەدەرهێنـــــانی هــــونەری و هەڵبژاردنــی ئەو ســتایلە هــونەرییەوە هەیە کە لێــی دەوەشــێتەوە و لەگەڵیــدا دێــتەوە ، بە نموونە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سیاسی و گۆڤـارێکی مانگـانەی فیکـری یـا تـایبەت بە کولتـوور وا پێویســـت دەکـــا ســـتایلی هـــونەری لە ڕووی دەرهێنانـــــدا ڕەنگـــــدانەوەی پەیـــــامی ئەو بڵاوکراوەیە بێت و پێیەوە دیاربێ.. تەنانەت لە جــۆری کولتووریشــدا ، هــونەری گشــتی یــا ڕۆشـنبیری یـا تـایبەت بە هـونەری تەشـکیلی یاخود شانۆ.. لە ڕووی دەرهێنانی هونەرییەوە لێــک جیــا بکــرێتەوە ، ئەو جۆربەنــدییە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا وەکـو پێویسـت حسـابی بــۆ نەکــراوە ، لەلایەکیتــرەوە ڕۆژنامەکــان زۆربەیــان لە بەکارهێنــانی ڕەنگــدا لەبەرچــاو نــین.. تــۆ وەرە ئەم مەســەلەی بەکارهێنــانی ڕەنــگ لە ڕۆژنــامەدا بە ئافرەتێـک بچـوێنە لە ماکیاژکردنــدا ، ژن هەیە لێــی دەزانــێ ، بــۆیە دەبینـی سـیمایەکی هـێمن کە یەکسـەر ئاسـتی

لێزانـــی و ڕۆشـــنبیری و زەوقـــی لە ســـیمایدا دەخـوێنیتەوە.. بەپـێچەوانە هەن وەکـو سـواغ دەم و چاویـــان ســـواغ دەدەن و بەڕادەیەک لەباتی جوان بوون ناشیرین دەبن.!

هەنـدێ لە ڕۆژنامەکـانی کوردسـتان سـەرەڕای ئەوەی دەرهێنـــانێکی قەرەباڵغیـــان هەیە و لە هەڵبژاردنی فۆنت و جۆری خەتی تایتڵەکـان و دابەشـــکردنی ڕووبەری نووســـین و وێـــنە و تایپۆگرافیا لەسەر لاپەڕەکاندا سەرکەوتوو نین، لە بەکارهێنانی ڕەنگیشدا زیـادەڕۆییەکی وایـان تێـدایە کە پێویســت نیــیە ، لەگەڵ هەمــوو ئەمانەشدا زۆرجار بەتایبەتی لە هەندێ گۆڤاردا داهێنـــانی نـــوێ دەکەوێـــتە بەرچـــاو لە ڕووی دەرهێنـانەوە ، هەروەهـا لە ڕووی مـامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتـــانەی بڵاویـــان دەکەنەوە و ئەوکەرەستە تایپۆگرافیایانەی بەکاریاندەهێنن ، کە ئەمەش جێگای دڵخۆشی و ئومێدە.

**نەژاد عزیز سورمێ:**

مەرج نییە ئێمە

خۆمان بە کوڕی ئەمڕۆ دابنێین ،

گرینگ ئەوەیە

( ئەمڕۆ ) قبووڵمان بکا

**هەڤپەڤین: کاروان عەبدوڵڵا**

**نەژاد عزیز سورمێ... شاعیر ، وەرگێڕ ، ڕۆژنامەوان، شێوەکاری کۆلاژ... لە کارە شیعرییەکانیدا هێندە کار لەسەر پاراوی خەیاڵ و زیندووکردنەوەی یادەوەری دەکات ، ئەوەندە کار لە ناو کایەکانی فیکری سیاسی و ڕووداوی سیاسی ناکات ئەگەر بشیکات تایبەتمەندی خۆی پێوە دیارە لە ڕووی زمانەوە بگرە تا مامەڵەکردنی لەگەڵ**

ڕەهەندەکانیشـیدا... دیـارە کـایە سیاسـییەکان بە ڕەنگـێکن بەشـێکی دیـاری شـیعری کـوردی پێـیەوە هەڵبزڕکاوە ، نەژاد خەیاڵ تا ئەوپەڕی ڕەهەنـدەکان ئازاد و سرک دەکات. کە سەرکێش و فرە ئاڕاستە و خۆنوێن بێت.

نەژاد یەکـێکە لەو شـاعیرانەی خـۆی پاراسـتووە لە دەقـــی شـــیعریی بێنمـــوود ، کەم دەنووســـێت، کە دەشنووسێت بارگاوی دەکات بە شیعرییەت و بەهای زمان و داهێنان...

ئەم شـاعیرە داهێـنەر و نوێخـوازە هەمیشـە بەدوای شـــێوە نووســـینێک گەڕاوە کە واقیعـــی خەیـــاڵ دۆزیبێتەوە نەک واقیعی بەرچاو بەرهەمی هێنابێت و پاشـکۆبەندی بینـدراوەکان بێـت کە ئەمە لە کـارە کۆلاژییەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە.

دیـوانی تـاڤگەی مەنـد و ئەوانـی دی کـۆی چـوار کۆمەڵە شیعری چوار کاتی جیا بەدیهێنـانی خەونـی هۆشـمەندانەی ئەم هەڤپەیڤینـە ئەو ناوەنـدە خـۆی بەرجەستە دەکات کە شاعیر لە خودی خۆیەوە خاڵی خۆنووسینەوە و ڕەهەندەکانی نووسینی ناسیوە .

خۆنووسـینەوە و ڕەهەندناسـین ئـاوێنەی داهێنـان و بەدیهێنانی خەونی نووسین و داهێنانەرانە .

بابزانین نەژاد چۆن لە پرسیارەکانمان دەڕوانێ...

*** له زۆر بـواردا کـار دەکەیـت ، شـیعر ، وەرگێــڕان ، ڕۆژنــامەگەریی ، شــێوەکاری بە شێوەی کۆلاژ ، چۆن ئەو هەموو هەستانە لای وەرگـر دروسـت دەکەیـت ، ئایـا تـۆ لە کـامە بواردا سەرەکی و لە کامەیاندا لاوەکی؟**

ـ ئەمە ڕاسـتە ، بەڵام نیشـتمانی ئەبەدی و هەتا هەتایی من بێگومان شیعرە.
دەمەوێ ئـەوەش بڵـێم مـن لە ڕێـڕەوی ژیـانی ڕۆژنامەنووســـــیمدا زۆر لەو لێکــــۆڵینەوە و وتارانەی نووسیومن ، یا ئەوانەی کـردوومنەتە کـوردی (شـیعری لێبتـرازێ) ، لە چوارچێـوەی خزمەتگوزاری کولتووریدا بووە ، کە پێموابـووە کولتووری گەمـارۆدراوی مـیللەتەکەم پێویسـتی پێ بووە.. دیارە جاران.. لە زەمـانی ڕژێمـدا ، وەک ئێســـتا نەبـــوو بەو چەشـــنە دەزگـــای ســـەربەخۆ بـــۆ کتێـــب چـــاپکردنێ هەبـــن و کوردستان وەزارەتی ڕۆشنبیری خـۆی هەبـێ ، هەمـوو هەوڵەکـان لەوان سـەردەماندا هەوڵـی تاکە کەسی بوون.
لەوەڕا کۆششی تاکە کەسی پێویست بوو.

*** لە دیوانە بەراییەکانت شیعر لە کەنارە زۆر نزیکەکانی ئەڤین هەڵدەقوڵا بەو مانایەی تۆ لەسەر شیفرەی جاویدانی بۆ شیعرەکانت کاردەکەی ، بەو مانایەی دووبارە تۆ هێزێک بۆ شیعر دروست دەکەی کە مانەوەیە. ئەمە لە کوێ هاتووە؟**

- کە دەنووسم هەمیشە ترس و دڵەڕاوکێیەک دامدەگرێ ، ئەوەش لەوە ڕاهاتووە (بە لێکدانەوەی خۆم) خۆم دەنووسمەوە ، خودی خۆم.. ئەگەر نهێنیەک هەبێ لەمەدا وەسیەتی ئەو شنەباو ئەستێرەو ترپەی پێخوستی ئەو بارانانەیە شەوەهای شەو یا خەویان لێخستووم.. یا خەویان لە چاو تۆراندووم.

*** ئەڤینێک هەیە هەمیشە لە تۆ و شیعرەکانت ڕەنگە وەک دڵۆپەی بەللورەکانی ئەشکەوتان بێتە خوارەوە. ئایا ئەو ئەڤینە بە چ چەمکێکە؟**

ـ ئەو ئەڤینەی باسی دەکەی زادەی تەنیاییە ، تەنیاییەک کە پەی پێ نابردرێ ، لە هەمانکاتدا گەڕانە بە دوای وەهمێکی لە دەستچوو وەکات هەڵنانی وەهمێکە کە ڕاستە نایەتەدی ، بەڵام پەنایەکە ئاسوودەییت پێدەبەخشێ.. ئەو ئەڤینە ئەنگیزە و ئەستوونی بوونە ، ژانت دێنێتێ تا لە کۆڵ ژانی ڕووخێنەری دەوروبەرت بکاتەوە ، لە بێهوودەیی و بۆشاییت بپارێزێ.

*** شیعری بەشێک لە شاعیرە داهێنەرەکانی فارست لە زمانی خۆیانەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی ، ئایا ئەو وەرگێڕانە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر شیعرەکانت داناوە ، یان تەنیا لە پێناو چێژ و جوانی وەرتگێڕاون؟**

ـ ئەمەیان ئێوە دەتوانن قسەی تێدا بکەن.. من وەک چۆن شیعر بۆ تێرکردنی خۆم دەنووسم ، لە وەرگێڕانیشدا هەر بەو چەشنە (تا لە بیریشم نەچووە) باسی وەرگێڕانت کرد.. لای من لە وەرگێڕانی دەقێکدا لە بەرایی

هەمـــوو مەرجـــان (دەستنیشـــانكردن ـ هەڵبـــژاردن)ی دەقەكەیە ئینجـا ڕادەی زانینـــی زمان و شتی دیكەی لێتۆژان باسی دەكەن.

*** لە پاڵ شیعر تۆ جۆرێک نووسین بە وێـنە مومارەسە دەكەی كە كۆلاژی هاوچەرخن ، ئایا پارسەنگێک هەیە لە نێوان شیعر و كۆلاژ؟**

ـ كۆلاژ بەلای منەوە ڕووییەكـی دیـكەیە لەوەی بە شـیعر دەیاننووسـم. خـۆ مـن ژانـری تریشـم نووســیوە لەوەی دەگەنە لێــواری شــیعر بەڵام دڵم نەهاتووە بە شیعریان بناسـێنم و بـوون بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژنامەنووسیم... هونەر یەک سەرچاوەیە گرینگ ئەوەیە هەمیشە هەوڵمـداوە بە دوای نووردا بگەڕێم.

*** لە شیعری باویشكەكانی مێژوودا جۆرێک لە وەژدی هـــــاوچەرخیی لـــــــەوەی وەک سۆفیگەرێتی و سوریالیەت دەردەبڕێ كە ئەمە گەوهەری شیعری هاوچەرخە؟**

ـ نازانم له کوێمدا دیوه وتراوه حیکمەت تەنیا عاشقان پەی پێدەبەن.. شیعر هەمیشە له خەمێکی له خۆشەویستیدا هەڵکێشراو له دایک دەبێ.. بەو هەستە (باوێشکەکانی مێژوو) نووسراوە ، له زەمەن و ڕۆژگارێکی خایندا کە شتەکانی تێدا بەرەواژ ببووەوە.. ئەو شیعرە ، یەکەمین چریکە و هەناسەی بەرەنگاربوونەوەی جوانیکوژان بوو.. یەکەمین هەنگاو بوو بەو ئاراستەیە ڕووبەڕووی یەکەمین گوللەی نەزانان بووەوە... لەو شیعرەدا بە زمانێکی دیکە بە ملهوڕ و خۆنەناسانم گوت: ئێوە کوردستانی خۆتان هەیە ، خونکاری و ڕووخان و ون بوونە، منیش کوردستانی خۆم کە هەمیشە لە بیلبیلەی چاوەکانمدایە.. دیارە باجەکەیشمدا بە هێمنی و بە بەرچاوی هەموو ئەوانەی لافی مرۆڤدۆستی و شاعیرییەت لێدەدەن و ئەوانەش کە ناخی نەخۆشیان بە بەرگی ڕۆح داپۆشیبوو.. ئەمە ئێستا بوو بە بەشێک له مێژوو و ڕەهەند و مەودایەکی شوێنکاتی وەرگرت ، لەگەڵ ئەوەشدا داخم ناچێت کە کەوتمە قاوخێک بەزەییم بەوانە دابێتەوە

پرۆسەیەکی ویژدانیی تری وەجد و درەوشانەوە بە هەڵپەیەکی کاتیی بدەن و باکیشیان نەبێ.. ئەمە کورتەیەکی سەربردەی (باویشکەکانی مێژوو) بوو.

*** چاو یەکێکە لە هەستەکانی مرۆڤ. لای بەڕێزت چ لە شیعر و چ لە کۆلاژەکانت هەموو قورسایی کارکردنت خستووەتە سەر چاو، ئایا ئەم هەستە لە هەستەکانیتر بە کاریگەرتر دەزانیت لای مرۆڤ، یان لانی کەم لای خۆت؟**

- ڕەنگە مەبەستت زیاتر لە کارە کۆلاژەکانم بێت کە لە 5 پێنج پیشانگادا نمایشم کردوون.. زۆر بە سادەیی و بەبێ فەلسەفاندن (چاو) دەروازەی خوێندنەوەی ناخە..

کە تووڕە دەبی بە چاوت ڕا دیارە
کە نەخۆشی بە چاوت ڕا دیارە
کە غەمگین بی بە چاوت ڕا دیارە
کە دڵخۆشی بە چاوت ڕا دیارە

چاو یەکەمین پەیک داوێ کاتێک تووشی دەردە خۆشەکە دەبی کە ناویان ناوە

خۆشەویستی.. لە هەمانکاتیشدا چاو پێشوازی لە یەکەمین پەیکیش دەکا. بۆ نەگبەتـی ئەمە وەک زانســتیش ســەلمێنراوە.. ئیتــر بــۆچی هەسـتی بینـین لە هەسـتەکانی دی کـاریگەرتر نەبێ؟ بەڵام بەدەر لەوەش چاو سـیحری خـۆی هەیە.. خۆڕایی نیـیە دەڵـێن چـاوی خومـار یـا چاوی مەست و چاوی واو.. وا.

*** ڕابردووژینی (حنـین) بەشـێکی گەورەی لە پانتــایی شــیعری هــاوچەرخی جیهــانی و تاڕادەیەکیش کوردی داگرتـووە ، تـۆ پێتـوایە نۆســتالژیا ئەو هێــزە کــاریگەرە لە کوێــوە دەهێنێ بۆ ناو شیعر؟**

- لەو سەرچاوە پــڕ و لە دەسـتچووە هەمیشـە ئامــادانەدا دێــت کە بە زۆر ئەگەران دەبێــتە پەنـا.. ئەو (حەنین)ــەی باسـی دەکەی ، لە دوو جەوســەراندا دەگەنەوە شــاعیر ، ڕاکـردن بەرەو خود و خۆدەربازکردن.. ترس لە مردن ، لە نەمــان.. هەڵاتنــیش بەرەو خــود ، بــۆ خۆدەربازکردن لە ئەڵقەی بەتـاڵی ژیـانی ئەوڕۆ

که مرۆڤی تێدا بەخۆیەوە موبتەلایە.. هەر ئەو سەرچاوەیەیە ، ئەم هێزە کاریگەرە دەداتە داهێنەر.. مەرج نییە ئێمە خۆمان بە کوڕی ئەمرۆ دابنێین گرینگ ئەوەیە (ئەمرۆ) قبووڵمان بکا.

ئەو لێکترازانەش سەرێکی دی جەوسەرەکانە کە وەک موگناتیس دەقنووس ڕادەکێشێ و ئێستای لەبەرچاو دەکەوێنێ و دەیگێڕێتەوە ئەوان سەردەمانەی لە تەمەنێکی دیاریکراودا بوو.. خۆ ئەو سەردەمانەش ، سادە نەبوون وەک تێیگەیشتووین ، بەڵام دەقنووس لەوان تەمەنانەدا هەر هەندەی ئاقڵ پێ شکاوە ، کە ئێستا دەبێتەوە سەرچاوەی وەهمە جوانەکانی.

*** ئەمڕۆکە شیعری کوردی تووشی جۆرێک لە بێ ڕەونەقی بووە ، ئەو توونددو تۆڵییەی جارانی نەماوە ، من پێموایە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەکو جاران عاشق بە ژانرەکە نین بەڵام ئەم توونددوتۆڵییە لە شیعرەکانی تۆدا بەردەوامن؟**

ـ هیچ کاتێک شیعر ، تووندوتۆڵی (لەگەڵ پارێز وەرگرتنیشم لە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە) لە دەست نادا.. بەڵام کاتێ ژیانی سادە بەو ڕەنگە وێک دەهێننەوەو هەموو شتێک لە مەودایەکی دیاریکراو گیردەکەن ، کاتێ نامەی عاشقانەش بە شیعر دەخوێندرێنەوە. بەداخەوە چرا بە شەوقەکانیش ، با وەکو هەمیشە و هەردەم هەڵبن ، لەناو ئاپۆرەی چراکزە بە پرتە پرتەکاندا شەوقیان وەک پێویست دەرناکەوێ. بۆ ئەوەی پێشت وایە ئەو تووندوتۆڵییە لە دەقەکانی من بەردەوامن دیارە ئەمە ئاسوودەییەکی بێنەزیرم لەم دەورووبەرە نائاسوودەیەدا دەداتێ.. ئەوە بەخششی خودە کە من هەمیشە لە (من)ی ڕووتم جیاکردۆتەوە.

*** زۆر شیعری تۆ هێندێ سیمبۆلی ئەدەبی ئیتاڵی تیادا دیارە ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە تۆ سەرسامی بە کەلتووری هاوچەرخ و شارستانی و ئاسەواری ئەم وڵاتە؟**

ـ بەزۆرحوکمان،ئەدەبیاتی کەونەڕاو کلاسیک و نــوێی ئەو وڵاتە جێــی ســەرنج و ڕامــانە. دونیابینی ئەدەبیاتی ئەو وڵاتە جوانە هەمیشە جـێگەی بـایەخم بـووە ، هەر لە دروسـتبوونی ڕۆماوە پێداوەرە کە لە کاتی خۆیدا لە حەفت گونـدانیان دروسـتکرد تـا دانتـی تـا جیهـانی بەربـڵاو و ئاسـمان تەی هـونەری داڤینشـی و ئەنجیلــۆ و رافاییــل و جیۆتــۆ و چیمــابۆ و فرانجیلکــۆ دیکیرکــۆ فرانچســکا و مانتێنــا و بیللینـــی و دەیـــانی دیـــکە.. کە هەمیشـــە سەرســـامت دەکەن.. کلتـــووری بۆمـــاوەی ئەو وڵاتە لە هـونەری شـێوەکاری و سەنگتراشـی و هونەری بیناسازیی کەم وێنەیە و نیشانەیەکی دیاری ئیـرادە و توانـایی و کـۆڵنەدانی مرۆڤـت پێشـــان دەدەن و خۆشەویســـتی ژیانـــت لا دەبزوێنن.. باسی کۆمیدیای (دانتی)یش ناکەم کە تـا ئێسـتاش یەکـێکە لە دەقە پشـوودرێژە ناوازە و دانسقەکانی دونیای داهێنـان.. جـوانی وڵاتەکەش هەر لە جێی خۆیدا.

*** تۆ بایەخێکی گرنگت بە ئەدەبی سۆمەری داوە بەتـایبەت لە وەرگێڕانـی گلگامشـدا ئایـا**

**خوێندنەوەت بۆ ئاسەواری ڕابردوو و لەم جۆرە شتانە چی دەگەیەنێ؟**

ــ ڕاستی بەر لەوەی بچمە زانکۆ ئەگەرچی چەردەیەکم لە ئەدەبیاتی دێرین خوێندبووەوە بەڵام کە خوێندنم لە زانکۆ لە بەشی شوێنەوارناسی (ئارکیۆلۆژی) زانکۆی بەغدا دەستپێکرد بەرچاوم زیاتر ڕوون بووەوەو پتر خۆم و وڵات و زمانەکەمم ناسی. لەوێوە هەندێ لێتۆژینەوەی کورتم نووسین. بەڵام لە هەموویان گرینگتر و خۆشەویستر لای من داستانی گەلگامش بوو کە نزیکەی سێ ساڵی پێوە خەریک بووم و بە بەراوردی 6 شەش دەق و هەندێ وردە دەقی ئەسڵی بە خەتی بزماری (بە دڵی خۆ) بە شیعر کردبووە کوردی بەڵام ئێستا و قەتیش داخم ناچێ کە لە هەرای شەڕی نەگریسی ناوخۆ لە کتێبخانەکەمدا کە نزیکەی 8 هەشت هەزار کتێب و نامیلکە دەبوو تیاچوو.. بەڕاستیش ئەو بارەی ماڵەکانمان (ماڵی دایک و خوشک و براکانم) تێکەوت لە ئاقڵان بە دوور بوو ،

دەنـا بێگومـان هەرچۆنێـک بـووایە پێشـتر خەمێکم لە دەستنووسەکانم دەخـوارد کەدەقـی داسـتانی گەلگـامش سـەرتۆپی ئەو دەستنووسانە بوو.

***شەڕی ئایدیۆلۆژیاو شـەڕی خەیـاڵ کامیـان شەڕێکی ئازادیخواز لە دەقـی ئەدەبیـدا بەرپـا دەکـا ، ئایـا دەقــی ئەدەبـی لە کامیانـدا بە خەستی ڕوون دەبێتەوە؟**

- تا ئێستا هەندێ هەوڵی ئەدەبیـاتی ڕەسـمی ڕووسـی و ئەوروپـای ئەوسـای ڕۆژهەڵاتـی لـێ بـاوێ دەرێ هەمیشـە خەیـاڵ نەمـری بە دەق بەخشـیوە.. تـا ئایـدیۆلۆژیا ، ئەسـڵەن ئێسـتا ئایدیۆلۆژیا هەر باوی نەماوە ، ئەگەر شتێکیش هەبــێ بــڕژێتەوە نــاو ئەو جــۆگەیە ، بەو چەمکەی جاران نییە بەڵکو تەواو گۆڕاوە.

*** ئایا هونەرێک دەبێتە بەدیلی هـونەرێکی دیکە ، بۆ نموونە تـۆ سـەرگەرمی بە خەیـاڵی شــیعرێک ، دەکــرێ بە لێکــدانی چەنــد پارچەیەک،کۆلاژێــک ئەو ســەرگەرمییە**

**شـيعرييەت بـڕژێنێتە نـاو خـۆیەوەو خەیـاڵە شیعرییەکەت خامۆشبێتەوە؟**

ـ هەمـوو لقەکـانی هـونەر لە یەک سـەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن.. بێگومان هەر واش بووە (کۆلاژ) بۆ مـن لە سـەردەمێکدا هـاوڕازی شـیعر بـوو ، ئێستاش هەر وایە.. من دانەبڕاوم.

***ئایا ئەدەب و هونەر هـیچ ئەرکێکیـان هەیە لە ژیانی مرۆڤ ، یان کـارکردنێکە تـایبەت بە جوانی و بەس؟**

ـ وایدەبینم ئەرکی ئەدەب و هونەر جـوانکردنی ژیـان بێـت ، بە پرسـیارەکانی ، بە مەودا و ڕەهەنـدە فـرە ئاراسـتەکانی.. بە لێکەوتنـی لە ساوی زمان ، تێکشـکاندن و هەڵـنـانەوەی.. بە کەشـفەکانی.. بە هەڵێنجـانی نـوور لە بەحـری تاریکی و زوڵمەتدا.

***دەڵێن هیچ شـتێک لە بوونـدا نـوێ نیـیە ، ئەوەی ئەمڕۆ تۆ دەینووسیت لە پـێش تـۆ بە شـێوەیەکی دیـکە نووسـراوە ، ئەوەی تـۆش**

**دەینووسی نەوەی دوای تۆ بە شێوەیەکی دیکە دەینووسـێت ، چـۆن گوزارشـت لەم گواستنەوەیە دەکەیت؟**

ـ ئەمە بەڵگەنەویستێکە تۆ دەتەوێ بەمنی بسەلمێنێ. بێگومان ژیان لە گۆڕاندایە ، ئەمە حەقیقەتی مێژووە.. تۆ ناتوانی دووجاران بچیتە ناو هەمان ئاو.

پرۆسەی گواستنەوەش بزاڤێکە هەر بۆ ماددە نییە، گواستنەوەی واتایش هەیە ، نموونەت ویست بزاڤی کلتووری وهونەری لە کۆچکردن و حاڵیبوون و گواستنەوەدا وەرگرە. بزووتنەوەی سیاسی ڕووت و ئایدیاییش وەک حەسەن سلێمان لە کتێبەکەیدا (سەرەتایەک بۆ هونەری شێوەکاری)دا دەڵێ: لە ئاسۆی ئەو بابەتانەی هەبوونیان لەسەرنجدان وحاڵیبوون و بەراورد و شیکردنەوە پڕکردووە ئەمە لایەکی جێی بایەخی ڕوونبیر و فەیلەسووف و تەنانەت زاناو هونەرمەندانیشی گرتووە.

*** ئایا کاری داهێنان هەوڵدانێکە بۆ پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی بوون ، یان شتێکە لە بوون دەدوێ و ئاشکرای دەکات؟**

ـ هەمیشە دەقی مەزن،دەقێکە تژی نیگەرانی و غوربەت ، لە ڕۆحدا دەقی مەزن هەردەم چاوی لە ئاییندەیە ، بەڵام لە سەردەمدا دەیبینێ. بە کوردی دەقی مەزن هەر ناوێکی لێبنێی دەمێنێ ، بەڵام لێرەدا ناشبێ لەبیرمان بچێ جاویدانی و نەمریش دوو جاویدانییە ، هەیە بە هەڵایساوی دەمێنێتەوە ، هەیشە دەمێنێتەوە بەڵام بە کوژاوەیی. وجودیش لەو ناوەدا دەدرەوشێتەوەو دەکوژێتەوە.

***یەک لە گیروگرفتەکانی چیرۆکی کوردی پێیەوە دەناڵێنێ زمانە ، چیرۆکنووسی کورد ، یان بە زمانی پەخشان دەنووسێ ، یان بە زمانی شیعر ، زۆر بەدەگمەن ڕێکدەکەوێت چیرۆکنووس زمانی چیرۆکی دۆزیبێتەوە ، لەو چیرۆکانەی بەڕێزت وەرتگێڕاون زمانەکەی زمانی چیرۆکە ، ئایا ئەم زمانە کاریگەری زمانی چیرۆکنووسە ، یان کاریگەری زمانی تۆیە.**

ـ من بەندەو تاقەت هەمیشە هەوڵدەدەم بە کوردی بنووسم ئەو دەقانەش هەڵدەبژێرم کە

لەگەڵـم دێـنەوەو لەگەڵیـان دێـمەوە.. پێمـوایە زمانی چیرۆک دەخوازێ سادەو مەبەست پێک بێـت و تـاڵە تیشـکێکی شـیعرییەتی تێـدابێت. ئەو چیرۆکانەی خوێندومنەتەوەو لە بیرم مـاون ئەو سیفەتانەیان تێدا بووە.. لەگەڵ ئەمە ئەوە ناگەیێنێ مەبەستم لەوە بێ چیرۆکنووس زمانی تایبەت بە خۆیشی نەبێ.

***چۆن دەڕوانیـتە ئەدەبـی گەشـتنامە ، ئایا ئەو ئەدەبە لە ئەنجـامی گەشـتی واقیعـی نووسەروە دەنووسرێت ، یـان گەشـتی خەیـاڵ پێکهێنەریەتی ، بۆ نموونە بیکاسۆ دەڵێت من لە ژوورەکەی خۆمدا بە خەیاڵ گەشتی هەموو کیشـوەرەکان دەکەم (گـۆران)ی خۆشـمان لە ئەنجامی گەشتدا دوو گەشتنامەکەی نووسـیوە ئەگەر بکرێـت لەم بـارەیەوە دەوری خەیـاڵ و واقیع لەم جۆرە ئەدەبە دیاربکەیت؟**

- لە درێژایی ژیانیدا مـرۆڤ بەدوای پێویسـتییە پێویست و ڕۆحییەکانییەتی... نازانم کێ بـووە گوتوویەتی (بە خەیاڵ چوومە مەدینێ)گەشت و

سەفەر ئەگەر خوا بدا بۆ هونەرمەندان زۆر پێویستە ، بێگومان خەیاڵی فراوانتر و زەینی ڕوونتر دەکاتەوەو لە دەردی کوشندەی وەڕەسی و بێهوودەیی دەیپارێزێ.. دەیورووژێنێ و خەیاڵی گڕدەدا.. بەڵام مێژوو کەسێکی وەکو نەجیب مەحفوزیشمان پیشاندەدا کە لە ژیانیدا لە میسر نەچۆتە دەرەوە.. لە نووسینی گەشتنامەشدا خەیاڵ خەیاڵە.. بەڵام ڕاستگۆیی و خۆنووسینەوەش لە هەموو بارێکدا گرینگە .

***تۆ هەم وەک وەرگێڕێکی چالاک بەرهەمت هەیە و هەم وەک نووسەرێکی باش ، ئایا لەکاتی کارکردنندا کە تووشی گرفتێکی دەربڕین دەبیت نووسینت بەلاوە خۆشەویست ترە ، یان وەرگێڕان؟**

- بێگومان نووسین ئاسانترە لە وەرگێڕان.

***پێش بیست و نۆ ساڵ کۆمەڵە شیعری یەکەمت پێشکەش بە دایکت کردووە ، ئایا**

**دایکت لە دامەزراندن و بوون بە نووسەریت چ ڕۆڵێکی هەبووە؟**

- ڕەنگە زۆر لەبرادەرانیشم کە نمەکی یەکترمان کردووە دایکمیان ناسیبێ..
ڕۆژگارێک بەهۆی دوورخرانەوەم بۆ باشووری ئێراق ، لەکاتی ڕژێمی ڕەشبووەوەدا ، ماوەی (5) سالآن زیاتر بوو دایکمم نەدیبوو.. ئەمە هۆیەک بوو ، ئینجا برای بەڕێز لە دایک خۆشەویتتر کێ بێ؟
بۆ من دایکم هەمیشە پەناو کۆشێکی ئارام بووە.. من لە هەموو بارو گوزەرانی ژیانمدا خۆم بە قەرزاری دایکم دەزانم کە بە داخەوە بەر لە شەهیدبوونی ، نەمتوانی بیدەمەوە. ئێستاش پێیەوە دەناڵێنم کە نەمتوانی... ئینجا من بێ دایکم چی دەبووم ، پووشکەش نەدەبووم.

***چیت لە هەگبە ماوە ، ئایا ئەدەب و هونەر دەتوانن یەخەت بەردەن یان ئەوە تۆی یەخەی ئەوان بەرنادەی؟**

ـ بڕوا بکە ئەوان یەخەی من بەرنادەن ، ڕۆژێ لە ڕۆژان گەنجە بزێوەکەی فەڕەنسا (ئارسەر ڕامبۆ) وتی: من نانووسم... پێمدەڵێن.

***عیشق چ ڕۆڵێک لە ژیانی کەسێتی و داهێنانتدا دەبینێ؟**

ـ عەشق لە خۆیدا قەسیدەیە.. هەندێجار بێ دەنگ و جاریش هەیە هاواراوی ، ئینجا ژیان چ مانایەکی دەمێنێ بەبێ عەشق.. شاش نەچی ، عەشق هەر ئەوە نییە کوڕ و کچێک یەکدیان خۆشدەوێ ، عەشق زۆر لەوە گەورەترە. بۆ من عەشق هەمیشە وەکو دایکم.. وەک بارانی یەکەم بووە.. عەشق نیشتمانمە.

*** قەت لە ژیان بە تەواوی بێزار بوویت ، لەو کاتانەی زۆر بێزاریت مەودای خەیاڵت بۆچی و بۆ کێ چووە؟**

ـــ لە بێزاریشمدا لێتناشارمەوە ، خەیاڵ دەمگەڕێنێتەوە باوەشی ڕابردوو. من بۆ خۆم هەمیشە وەهمێکم هەر هەبووە پێی ژیاوم.. وایدەبینم کارەساتە مرۆڤ وەهمێکی نەبێ.

***پێمـوایه له شـیعری (پووشـی بەرهەتـاو) جۆرێــک له ریتسۆســیەت وەک له شــیعری (بەرد) دەنوێنێ بەو پێیەی ریتسۆس هەمیشه رۆحـی وەبەر سرووشـت دەخسـت ، مـامەڵەی رۆحی لەگەڵ دەکرد ، ئایا سەردەمی نووسینی ئەم شیعره ناگەڕێتەوە بۆ جۆرێک له نائومێدی ســــەردەمانێک که مێـــژوو بـــۆ ئـــێمەی دروستکردبێ؟**

- له نووسیندا هەمیشه هەوڵمداوە شتەکانم بە جێنەهـــــێڵم.. نووســـــین له خۆیـــــدا بەرەنگــــاربوونەوەی نائومێـــــدییه. لەوان ســـەردەمانەدا که پەپـــوولەش هێـــزی فڕینیـــان نەمابوو ، ئەگەر دیقەتت دابێ ، له هەمـوو ئەو ئەزموونــانەی بەڕێــم کــردوون. جیهــانبینیم ، ڕوانینەکــانم. تەنــانەت وەهمەکانیشــم ، خــاڵی نەبوون له ئومێد.. ئـێمه وەک نووســەر دەڵێت مەحکوومین بە ئومێد ، بەهیـوا.. سرووشـتیش له خۆیــدا ڕۆحه.. کــاری داهێنــان هەمیشــه لەگەڵ گەشبینییەوە پێڵوز دەکرێ.. نیشـتمانی شاعیر ئەو نیشتمانه نییه دەسته و تـوێژی تـر

بە پێیـان و بە یەکسـم و ئۆتۆمبێـل بەسـەریدا دەڕۆن.. نیشتمانی شاعیر گەردوونێکی پیرۆز و موقەددەسی بێ دیماهییە. پووشـی بەر هەتـاو هەوڵێکی ناقابیل بـوو بەو ئاقـار و کەوشـەنە.. گرینـــگ لای مـــن ئەوە بـــووە دوور لە ئایدیۆلۆژیاوە کـارم کـردووە ئەوەش ئیکسـیری (خۆیـەتیم) بـووە کە هەمیشـە لە (من)یەتـی کاتیی ئازادی کردووم.

***لەو شیعرەی کە ناونیشانەکەیم لە بیرنەماوە مامەڵە لەگەڵ رەسـامێکی خێـر لە خـۆ نەدیـو دەکەی ، بونیـاتی ئەنـدازەیی ئەم شـیعرە زۆر بەهێـزە وەک بونیـاتی (حـارس فـی حقـل الشوفان)ی ساڵنجەر کە بایەخێکی گرینگ بەو بونیـاتە دەدات.. ئایـا تـۆ لەم شـیعرە زیـاتر ناچییەوە سەر فورمالیستەکانی رووس؟**

ــ باسـی مۆدلیـانی دەکەی کە بەشـێکە لە قەسیدەی (کوژانەوەی سەرچاوەکان) ئەگەر تا ئەو سـنوورە لەو شـیعرەدا شـێوەخواز بـووبم هەســت بە ئاســوودەیی و دڵنیــایی دەکەم ،

بەوەی تا ئێستاش لە هەوڵی بەردەوامدا بووم بتوانم قەسیدەیەک بنووسم کات بە دوو ئاراستە بگوزەرێ.. مۆدلیانی هونەرمەندێکی ئیتالّییە ، زیاتر لە فەرەنسا ژیا.. لە تەمەنێکی کورتدا کۆچی کرد.. ئەمیدۆ مۆدلیانی کە ئێستا تابلۆکانی بە ملیۆنان دەکەن لە برسان مرد.. شوورەییە هونەرمەندێک لە هەر کوێیەک بێ لە برسان بمرێ... ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام لە کارەکانی ئەو هونەرمەندە بەکارامەیی مامەڵەی لەگەڵ ماسکە ئەفسانەییەکانی ئەفەریقادا کردووە.
ژیانی سادە و قەلەندەریی کە زۆر جاران تەنانەت بۆیە و ئامرازی کارکردنیش (جین)ی خۆشەویستی بۆی دەکڕی.. کەچی لە سەرەمەرگدا ، لە ئاوزینگداندا لە وەجدێکی درەوشاوەدا بۆ نیشتمانەکەی وتی ( ئاخ ئیتالّیای خۆشەویستم ).. مۆدلیانی بەم جۆرە گیانی تەسلیم بە نیشتمانەکەی کردەوە.. ئەو شیعرە وایدەبینم زیاتر شیعرێکی تەئەممولی بێ لە دوو ڕۆژگاری لێکچوو و مەودایێکی هەڵایساودا.

( گۆڤاری **كاروان** ژماره 127 ساڵی 1998 )

## نەژاد عزیز سورمێ:
## شاعیر مەلە لە ڕووباری زمان دەکا

**ئامادەکردنی: سەلاح عومەر ـ نەوزاد رەفعەت**

**نەژاد عەزیـز سـورمێ هەر لە شـیعر و هاوژانرەکـانی بگـره ، تـا دەگـاتە وەرگێـڕان و تەشـكیل ، هەر لە زمانی سادە بگرە تا دەگاتە زمانی سیاسی ، هەر لە رۆمانسیەتەوە بگرە تا دەگاتە ڕیالیزم و هاوەڵەکانی، بە هەمـوو ئەو تولەڕێگـا و دارسـتانە چـڕ و پـڕانەدا**

**تێپەڕیوە... هەر لە سەرەتای هەفتاکانەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ ، هەر دەنووسێ.. بە هەلمان زانی ڕووبەڕوو و ڕاستەوخۆ گوێ بۆ پەیڤەکانی ڕادێرین.**

**پ: ســـەرەتا بـــا لەوە دەســـتپێبکەین.. نەژاد کێیە؟**

ـ ڕەنـــگە ئەم پرسـیارە گرینگتـرین نـا ، بەڵام گرانترین پرسیار بێ لە مرۆڤ بکرێ..

کە هێشـــتا قوتـــابی قۆنـــاغی ناوەنـــدی بـــووین دەمانخوێنـــد ســـوکرات گوتـــوویەتی: (خـــۆت بناسە) ئەودەمە سەیرمان پێدەهات ، تۆ بڵێـی کەسێ هەبێ خۆی نەناسێ.

لە پاشـــاندا بۆمـــان دەرکەوت ، چ پرســـیارێکی گـــــرانە ئەم پرســـــیارە ، وەک ئەوە وایە لە دکتۆرێک بپرسـی ڕۆح دەکەوێتە کوێی لەشـی بنیادەم.

تۆ بڵێی نەژاد کێ بێ؟

یا دەتانەوێ نەژاد کـێ بـێ؟ یـا دەبـووایە کـێ بێ؟

کەچـــی لە کۆتاییـــدا هەر ئەوەیە کە هەیە.. مرۆڤێکی کـورد ، بـڕوای بە هەنـدێ شـتە کەوا پێـــدەچێ ئێســـتا باویـــان نەمـــابێ ، لەگەڵ

ئەوەشـــدا خەون دەبینـــێ و تـــا ئێســـتاش بەردەوامە لە خەون بینین و چیدی نا...

**پ: تـۆ بـایەخی سـەرەکیت شـیعر بـووە ، نووسین و وەرگێڕانـی ، بەڵام لە دەرگـای زۆر بـابەتی دیکەشـت داوە ، بەتـایبەتیش کـاری ڕۆژنامەنووســـیی و نووســـینی لێکـــۆڵینەوە دەربارەی ڕۆژنامەگەریی... ئایا پێیتوانییە ، بە شێوەیەک ئەمە کاریکاتە سەر ڕەوتی داهێنـان یان چۆن؟**

ـ بێگومـان کـار دەکـا... بەڵام ئێـوە دیـقەت بـدەن، مەسـەلەکە بەو ڕەنـگەش نیـیە ، ئـێمە وەک دەزانـــــن تـــــا دوای (ڕاپەڕین)یـــــش ڕۆژنـــامەگەرییەکی تێـــرو پـــڕی لەو جۆرەمـــان نەبـــــووە پـــــڕ بە پێســـــتی ســـــەردەم.. کتێبخانەکەشـمان ، ئێستاشـی لەگەڵـدابێ تـا بڵێی هەژارە..

ئەو لە دەرگـادانەی منـیش و زۆری دیـکەش لە بابەتی تر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە..

کتێبخانەی ئـێمە پێویسـتی بە زۆر زۆری دیـکە هەیە تا دەگاتە ئەوەی هاوکێشـۆکەیەک لەگەڵ

هەرچی  نەبێ کتێبخانەکانی دەرو دراوسێ (زیاتریش ناچم) پێکبهێنێ... ئێمە چیمان هەیە ، چیمان لە دەریای زانست و زانیاری و تەنانەت ئەدەبیش بە زمانەکەی خۆمان هەیە.
ئێمە تا ئێستا دوای حەوت ساڵ لە دەسەڵاتی نیشتمانی ، بەرنامەکانی خوێندنمان هەمان بەرنامەیە کە دەمانگوت بەشێکە لەو گەمارۆ کولتوورییەی لەسەرمان بووەو وەچەی نوێی کوردی پێ چەواشە دەکرێ... بۆیە ، (زۆر لە برادەرانیش ئاگادارن) لەکاتی خۆیشی کە لەو مەسەلەیە دواوین هەمیشە کاری نووسین و ڕۆژنامەنووسیی و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانم لە بەرامبەر کاری داهێناندا بە (خزمەتگوزاری کولتووریی) ناوزەد کردووە ، سەبارەت بەو ئەگەرانەش بە پێویستیشم زانیوە... ئێستاش هەمان ڕەئیم هەیە.
پاشان خۆ ئێوەش ئاگادارن ، لە هەموو ئەو کارانەدا هەوڵمداوە لە دەرگای بابەتی وابدەم کە پیشتر نەنووسراون ، لە وەرگێڕانیشدا هەر بەو جۆرە .

به نموونه ئەو کتێبەی کە ساڵی 1986 لەبارەی هونەری تەشکیلی بڵاومکردەوە یاخود ئەو زنجیرە وتار و لێکۆڵینەوانەی لە بارەی هونەری ڕۆژنامەگەریی کە لە ساڵی 1984ەوە بەدواوە بڵاوکراونەتەوە.
چیرۆک و شانۆگەری و شیعریشم وەرگێڕاون و پێشمواية هەر نووسەرێکی کورد کەم و زۆر ئەم ئەرکەی لە ئەستۆدایە.

**پ: لە چەند قەسیدەیەکی ئەم دواییەت پتر بایەخت بە وێنە داوە ، یا بڵێین بە وێنە تەعبیرت لە ناوەڕۆک کردووە... ئایا ئەمە پەیوەندییەکی بە بایەخدانی تۆوە بە تەشکیل هەیە؟**

- بە چاوپۆشین لە شێوەی دەربڕین و ئەوەی ئێوە بە (ناوەڕۆک!!) ناوی دەهێنن ، وای دەبینم کاری داهێنان لە یەک سەرچاوەوە دێ.
لەلایەکیتر بڕوام زیاتر بە چڕبوونەوە هەیە ، ئێمە پێویستە هەموومان چڕببینەوە ، ئەوەتا دنیا چڕ دەبێتەوە... تەشکیل بۆ من زۆرجار پەنایە... لە (تاڤگەی مەند)ـەوە ، لە هەندێ

قەسیدەدا هەوڵمداوە ڕوانین و دونیابینی ئەو هونەریان تێدا بەرجەستە بکەم... بەتایبەتیش لە قەسیدەی (ئەزموون)دا.
ئەو قەسیدەیە چەند ساڵێک پێش تاقیکردنەوەکەی شاعیری ئێراقی (خزعل الماجدی) نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە ، کە بە پێشەنگی ئەم جۆرە قەسیدەیان داناوە ، لە شیعری ئێراقی.
کاتی خۆی کرا بە عەرەبی و ئینگلیزی و ئیتاڵیش کە بڵاویش کرایەوە شاعیرێکی عەرەب لە یەکێک لە ڕۆژنامەکان دەربارەی ئەم قەسیدەیەی من هەمان ڕەئی پێشاندابوو.

**پ: باشە ئەی ئەو کۆلاژانەی کە لە چەند پیشانگایەکدا پیشانت دان و پاشانیش لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە لە چاپ دران... ئەو بایەخدانەتان بەم هونەرە چۆن و لە کوێ سەرچاوەی گرتووە؟**

- بایەخدانم بە هونەری کۆلاژ ، پتر لە کاری ڕۆژنامەنووسییەوە سەرچاوەی گرتووە.

خۆیشـی هـونەری کـۆلاژ زیـاتر هـونەرێکە لە ڕۆژنامەگەرییەوە نزیکترە تا هونەری تەشـکیلی پەتی ، هەرچەندە وەکو تەکنیک کۆلاژیش هەر تەشـــکیلە و تەنـــانەت زۆر لە هونەرمەنـــدە بەناوبانگەکانی دونیا لە کارەکانیانـدا سـوودیان لەم شـێوازە وەرگرتـووە. بەڵام بـۆ مـن کە لە ماوەیەکدا هەستمکرد نووسین تێـری نەدەکـردم یـا مـن تێمـدا نەبـوو. هەنـدێجار هەسـتم بە دارمانێـک دەکـرد تـا لێوارەکـانی بـێئومێـدی. دەمویســت شــتێک بــکەم... ئەو شــتە ئەو کۆلاژانە بوو کە لەو پیشانگایانەدا دەرکەوتن.

**پ: کە شیعر دەنووسی بیر لە کێ دەکەیەوە ، ئایا شیعر بۆ خۆت دەنووسی یا بۆ جەماوەر؟**

ــ کـاری نووسـین بەتـایبەتی شـیعر ، لە بە تەنێیدا دەبێ.. ئێوە لـێم دەپرسـن بیـر لە کـێ دەکەیەوە؟ مرۆڤ لە بەتەنێیـدا ڕەنـگە لە یەک چــرکەدا زۆر کەس و شــت و هەڵوێســتی بە خەیاڵدا بێ.

ڕەنــگە لەوان شــت و هەڵوێســتانەیش تەنیــا خاڵێک سەرەنج ڕابکێشـێ.. مـن مەبەسـتم ئەو خاڵەیە ، بیر لەو خاڵە دەکەمەوە... تەماشاکە زەمەنـی نووسـینی شـیعریش بـێ ئەوەی پێـی بزانــی یــا نەزانــی بــتەوێ یــا نەتەوێ چــۆن چڕدەبێتەوە؟ بێگومـان مەرجـیش نیـیە هەمـوو جــارێ کە شــیعر دەنووســم بیــر بــکەمەوە... نووســینی شــیعر تەقســێکە لە تایبەتایەتیــدا هەڵکێشراوە.

بۆ ئەوەی (شیعر بۆ خۆت یا بۆ جەمـاوەر)یش مــن وای لــێ حــاڵی بــووم شــاعیر ئەرکێکــی لەسەرە ئەویش داهێنانە ، گوناهە شتی دیکەی بەسەردا بسەپێنرێ.

**پ: ئەمڕۆ لە شیعردا پتر بایەخ بە زمانی شیعر دەدرێـت لـــەوەی بەلایەنەکـانیتر ، ئایـا ئەمە کەم و کـوڕیەک نیـیە بـۆ شـیعر و جۆرێـک لە ناکاملی بۆ خودی شیعر دروست ناکا؟**

ـــ بــۆ هەر بــۆ شــاعیر... بــۆ چیــرۆک و ڕۆماننووسیش بایەخ بەو زمانە نادەن کە ئێـوە ناوتـان لێنـاوە زمـانی شـیعر. شـاعیر لە زمـان

بەدەر چ ڕووبارێکی پاکتری هەیە مەلەی تێدا بکا ، ئێوە لەوە گەڕێن زمان بۆ نەتەوەیەکی هەمیشە گەف لێکراو چ بایەخێکی هەیە... زمان بۆ شاعیری کورد ، بە یاسادانان بێ بۆی یاخود یاساشکێنی ، بەلای منەوە هۆیەکی گرینگە کە چەمکی هۆش پێکبهێنێ.
ئەو زمانە شیعریەی ئێوە باسی دەکەن بە پێچەوانەوە هیوایەکی لێ چاوەڕوان دەکرێ... وەچەی نوێ لەم ڕووەوە شتی باشیان کردووە. ئەو زمانە ئەوەیە کەدەرنەبڕاوەکان دەردەبڕێ و ناوەرۆک دەخولقێنی... ئێمە پێویستیمان بە خولقاندنی ناوەرۆکە... بەڵام شاش نەچن ، من لێرەدا بە هیچ جۆرێک مەبەستم لە (شێوە) نییە کە هەمیشە لەگەڵ (ناوەرۆک)دا پیلۆز دەکرێ.

**پ: لە دیوانی یەکەمتدا (ئەو شەوانەی خەوم نایێ ساڵی 1977) نەتتوانیوە پانتایی و بوعدێکی گەورەتر بە (سەکۆ) ببەخشیت وەکو (بەیاتی) بە (عائیشە)ی بەخشیوە..؟—**

ـ (عائیشـه)ی بەیاتی دار هەنارێکی بەدەیان وڵات و شار موتربە کراوە ، بۆیە دەبینن بۆنی چیا دەدا و تامی دەریای لێدێ... گەلێ جاریش تووله ڕێگایەکی بە پێچ و گەوەی ماندووە.. لە حاڵێکدا (سەکۆ)ی من بە خۆی دەچوو ، مەلێکی سرکی وڵاتەکەم بوو ، کە ئەودەمە لە تورەگەیەک نرابوو بە کۆڵمەوە...
(بەیاتی) بێستانی عائیشەی وەناو دەهێنا ، ئێستاش ئێواران پیاسەی تێدا دەکا.
(سەکۆ)ی من باخچەیەکی تێکدراو بوو ئێستاش لە شوێنەواری دەگەڕێم نایدۆزمەوە.
ڕەنگە (سەکۆ) لەو تاقیکردنەوەی ئێوە باسی دەکەن ، ئەو بوعد و مەودایەی وەرنەگرتبێ.
بەڵام (سەکۆ) لە تاقیکردنەوەکانی دواترم ، لە (تاڤگەی مەند) و (چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی)دا وەریگرتبێ... (سەکۆ) لە تاڤگەی مەند ، تەماشا دەکەن هەوڵدەدا بەرەو ئەفسانە بچێ ، بۆیە دەبینن ناوی تێکەڵ بە خۆی دەبێتەوەو لە تەقسێکی تراژیدیئامێزدا نامێنێ.

**پ: کەواتە ئەو کەسی دووەمەی تاڤگەی مەند بەو ڕەهاییە بۆی دەسووتێی ئەوە؟**

ـ لە زۆربەی قەسیدەکان... بەڵێ.

**پ: جاران شیعر پەنا بوو... تا ئێستا هەر وایە؟**

ـ ئێستاش شیعر پەنایە.. ئینجا چ پەنایەک لە شیعر گەرم و ئاسوودە و قایم تر و بە وەفا ترە.

**پ: نووسین نەبووایە چیت دەکرد؟**

ـ بەپێی لێکدانەوەی ئێستام ، ئیمکانە ژیانم ئەودەمە زۆر زەحمەت دەبوو.

**پ: لە (پاییزی چاوەکان)دا ، چاوە دووبارە کراوەکان چیان دەگەیاند؟**

ـ  چاوەکـان لە دیـار ئەو هەوڵە بـوون کە لە ئێـوارەی مێـژوو، ڕۆژپەڕی جوگرافیـادا دەدران بۆ ناسینـەوەی بەهارە سـووتاوەکان و ڕۆژگـارە لەدەستچووەکان.

**پ: ئەو مۆرکـانە چـین لە شـاعیرانی دیـکەت جیادەکەنەوە؟**

ـ مـن شـیعر تەنیـا لە جیـابوونەوە و (خـالف تعرف) و یەکەمی و دووەمیـدا نـابینم... شـیعر ڕوئیا وشەناسیی و تێکدان و بنیاتنانە.
بەم جۆرە شیعر ژیانە..... هەمـوو هەوڵـی مـن لە نووسینی شیعردا پێشتر تەجاوزی خـۆمە... ئەمە بەلای مـــن جەوهەری نوێبـــوونەوەیە.. شـاعیر بـۆ ئەوەی لە دەگمەنـایەتی ڕەت بکـا پێویســـتە بـــڕوا و ئـــاوڕ نەداتەوە ، بەڵام بە ڕەنگێک نا خۆی لێ ون ببێ.

**پ: ئایا ڕەخنە تا چەند ئاوڕی لە شـیعرەکانی تۆ داوەتەوە؟**

- ئێوه خۆتان له نێوەندەکەدان ، یەکێکتان شاعیر و ئەوی دی چیرۆکنووس و ئاگادارن که ڕەخنەی کوردی تووشی چ ئیشکالیەتێک بووەو له چ قەیرانێکی بێ ئاماندایه ، تەنانەت ڕەخنەگریی بەو مانایەی هەرچی نەبێ له دەوروبەرماندا باوه نییه. ئەوەی دەشنووسرێ بەداخەوه برِێکی زۆر کەم نەبێ ، ئەوی دی له چەند نووسینێکی خێراو هەروایی و دوور له مەنهەجێکی دیاریکراو زیاتر نییه لەلایەکیتر کەم وا ڕێکدەکەوێ ڕەخنەگرێک به مەبەستێکی پاک و دوور له تۆڕی پەیوەندییەکانی دەرەوەی داهێنان ، دەست بۆ کارێکی ئەدەبی یا هونەری ببا به مەبەستی ڕەخنه ، هەرچی نەبێ بیداته بەر ڕووناکی ، لەگەڵ ئەوەشدا لێرەو لەوێ ڕەخنەگر هەن به ئینسافەوه کار دەکەن... ئەوەی تا ئێستا لەبارەی شیعر و کارەکانی دیکەی من نووسراون خۆشبەختانه لەو ڕوانین و ڕوانگەیەوه بووەو دوور لەو بۆره پەیوەندییانەی باسم کردن.
ئەو ڕەخنانەش جێگای ڕێز و خۆشەویستم بوون ، بەهۆی ئەوەی ڕەخنەی زیرەکانه

بـــوون و دوور له موجـــامه‌له و ته‌نـــانه‌ت هه‌ندێکیان هه‌ر ناناسم .

**پ: کاتی خۆی هه‌وڵـی وه‌رگێڕانـی (داسـتانی گه‌لگـامش)ت داو له‌سـه‌ر ته‌واوبـوونیش بـوو ، ئایا به‌چی گه‌یشت بۆچی هه‌وڵـی چاپکردنـت نه‌دا؟**

ـ (داسـتانی گه‌لگـامش)یش له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێـک ده‌ستنووسـی دیـکه که هه‌نـدێکیان پـڕۆژه‌ی چه‌نـد قه‌سـیده‌یه‌ک بـوون و هه‌نـدێکی تریـان سـیایی چه‌نـد ده‌قێـک بـوون کردبـوومن به کـوردی ، له‌وانـیش داسـتانی گه‌لگـامش... ته‌سه‌ور ناکه‌ن ، چه‌ندی پێوه ماندوو ببـووم ، به‌تـایبه‌تی که به به‌راورد له‌گه‌ڵ شـه‌ش ده‌قـی جۆراوجـۆر وه‌رمگێـڕا بـوو ، جـگه له‌وه‌ی ئـێمه سـه‌ربرده‌ی گه‌لگامشـمان به‌درێـژی له کـۆلیژدا خوێند بوو و له ته‌واوبوونیشدا بوو هیچـی وای نه‌مـابوو ، چـونکه وه‌ک ده‌زانـن ده‌مێـک بـوو خه‌ریکـی بـووم زیـاتر له دوو سـاڵ و نیـو ، زۆربه‌ی وه‌ختـی فیـراریم له عه‌سـکه‌ری پـێ به‌سـه‌ربرد ، به‌ڵام به‌داخێکـی زۆره‌وه له‌گه‌ڵ

کتێبخانەکەم کە ئێوەش و هەموو برادەرانیش دەزانن لە حەوت هەزار کتێب پتر بوو هەر هەمووی لە هەرای شەڕی ناوخۆدا بەدەستی مەکارسیەتی کورد تیاچوو... ئێستاش ڕۆیی هەر ڕۆیی.
ڕاستی زۆرم هەوڵدا بەلانی کەم سیایی و ڕەشنووسین و وەرگێڕاوەکانم دەستکەوێتەوە ، بێ سوود بوو ، جارێکیان برادەرێک چەند لاپەڕەیکی ئەو مسوەدانەی لای گوڵەبەڕۆژە فرۆشێک دیبوو خەتی منی ناسیبووەوە بەڵام داخم ناچێ بە درەنگەوە پێی وتم کە چووم سۆراخی بکەم منداڵە گوڵەبەڕۆژەفرۆشەکەم نەدیتەوە.

**پ: بەڕای تۆ تا چەند بزووتنەوەی وەرگێڕان خزمەتی زمان و ڕۆشنبیری کوردی دەکاو چ بکرێ باشە کە ئەم بزووتنەوەیە بگاتە ئاستی پێویست؟**

- من ناڵێم چەند خزمەتی ڕۆشنبیری کوردی دەکا ، من دەڵێم وەرگێڕان بۆ ڕۆشنبیری

کوردی به قەد دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پێویستە.. فەرموون چاوێک بە مێژوودا بگێڕنەوە ، بەدرێژایی مێژوو ئەو میللەت و نەتەوانەی دنیایان هاتۆتەوەبەر قەفی گۆچان و شارستانیەتیان هەبووە ، سەیر دەکەی کتێبخانەی دەوڵەمەند و شایان بە سەردەمیان دامەزراندووە... ئەوە کتێبخانەی ئاشوور پانیبال ، کتێبخانەی ئەسکەندەریە ، کتێبخانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا.. هیچ نەتەوەیەک ناتوانێ پێشکەوتن بخوازێ و دەستبەرداری ئەوە بێ سوود لە تاقیکردنەوەو ئەزموونەکانی دونیا وەربگرێ ، کە ئەمەش بمانەوێ و نەمانەوێ بەشێکی گرینگی بە وەرگێڕان جێبەجێ دەبێ.

عەرەب بەو هەموو دەوڵەتە و ئەو هەموو دەزگا و دامەزراوە ڕۆشنبیری و کولتووریانەوە، بە بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو کتێبە ئینجا بەخۆیان دەڵێن لە وەرگێڕان دواکەوتووین ، داخۆ دەبێ ئێمە چی بڵێین؟

دیــــاره كه وه‌رگێـــڕان وه‌كـــو پرۆســـه‌یه‌كی ڕۆشـنبیری و شارسـتانیی و پێویسـت له‌ سـێ چــوار ســـه‌ره‌وه‌ زمـــان و ڕووناكبیرایه‌تیمـــان ده‌وڵه‌مه‌ند ده‌كا .

له‌لایه‌ك ئه‌گه‌رێكـی ده‌وڵه‌مه‌نـد بـوونی خـودی زمانه‌كه‌مــان ده‌بێــت ، چــونكه‌ له‌ وه‌رگێڕانــدا هه‌میشـــه‌ ئه‌و زمـــانه‌ی بـــۆی وه‌رده‌گێـــڕدرێ ســـــوودی زیــــاتر پێـــــده‌گا له‌وه‌ی لێــــی وه‌رده‌گێڕدرێ .

دیســان كــارێكی زۆر بایه‌خـدار له‌ وه‌رگێڕانــدا جێبه‌جـێ ده‌بـێ ، ئه‌ویـش ئه‌گه‌ر بشـێ بڵێـین ده‌ربڕینی نوێیه‌ .

له‌ ئه‌ساســدا ئه‌وه‌ی پێویســـته‌ له‌ وه‌رگێڕانــدا بیری لێ بكرێته‌وه‌ ، كه‌ تۆ ده‌قێك له‌ زمانێكی دیـكه‌ ده‌كه‌ی به‌ كـوردی ، بێگومـان (به‌پێـی هه‌ڵبـــژاردن و ده‌ستنیشــانكردنی بابه‌تیــانه‌ و پێویسـت) چه‌مـك و بۆچـوونێكی نـوێی تێدایه‌ ڕه‌نگه‌ زۆرجـار به‌ زمـانی خـۆت نه‌تبـێ ، بۆیه‌ وه‌رگێـڕ ناچـاره‌ ده‌بـێ بیـر له‌ ده‌ربڕینـی نـوێ بكاته‌وه‌ ، ئه‌مه‌ له‌ خۆیـدا زمـانه‌كه‌ ده‌وڵه‌مه‌نـد ده‌كا و وه‌ك ئه‌وه‌ی له‌ هه‌مـان وه‌ختـدا ده‌بێـته‌

سـەربارێک بـۆ کتێبخـانەی کـوردی و دابـین بوونی سەرچاوەی پێویست بە کـوردی بـۆی لە گەلێک لایەنی زانست و مێژوو و کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەدەبی و... تاد. بەمەش سەنگێکی دیکەی بۆ بایەخ پێدان دەبێ.

تا ئێستا وەک دەزانن هەرچی کراوە بەکۆشش و هەوڵی تاکە کەس بـووە ، ئەویش تـا چـاپ بووە بە هەزار دەردی سـەر... لەگەڵ سـوپاس و ستایشـی ئەو بەڕێـزانەی دەوریـان لەوەدا هەبووەو دەرکیان بەم کەلێنە کـردووە ، دیـارە زۆربەی ئەو پـڕۆژانە ، پـڕۆژەی ئەدەبـی پەتـی بوون.

ئێوە ئاوڕێک بدەنەوە ، زەین دەنێ هەر لە پاڵ خۆمان ، وڵاتی ئێران سـاڵانە بەتـەنێ (بەپێـی ئامـاری یۆنسـکۆ) بارتەقـای هەمـوو وڵاتە عەرەبییەکان (بە تێکڕایی) کتێب لە زمانەکانی دونیـا دەکەنە فارسـی... هەرچـی بـتەوێ و لە هەر بوارێکدا بێ بە فارسـی هەیە... تەنـانەت زۆرجار کتێبێک لە فەڕەنسا یا وڵاتێکی دیـکەی ئەوروپا تازە بە زمانەکەی خۆی دەرچووە ، بە فارسـیش هەیە... ئەم دەسـتبەجێییەش لە

کــاری وەرگێڕانــدا تەئســیری زۆری هەیە و لە پرۆسەی بزاڤی کولتووریدا گاڵتەی پێناکرێ.
بەڕای من بـۆ ئەوەی بـە وەرگێـڕان بـۆ کـوردی ببـووژێنرێتەوەو گەشـەی پێبـدرێ ، دووبـارەی دەکەمەوە (بۆ کوردی) کە پێموایە ئەمڕۆ ئەوە پێویســتە نەک بە پــێچەوانەوە ، پێویســتە پێشەکی فراوانتر بکرێ ولەچوارچێوەی هەوڵ و کۆششـــی تاقەکەســـییەوە بکـــرێتەهەوڵ و ویستێکی ڕێکخراو و نەخشە بۆ کێشراو دەزگاو دامەزراوی تـــایبەتی هەبـــێ ، تـــا لە ڕووی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی دەقەکانیشدا بە هەڵە نەچین و ئەو مەسـەلەیەش لە وەرگێڕانـدا بایەخی پێ بـدرێ دەبـێ دەستنیشـان کـردن و هەڵبـــژاردن بە زانـــاو لێـــزان و پســـپۆڕان بسپێردرێ.
مـــن پێشـــنیار دەکەم ئەگەر دەزگـــایەکی لەو چەشـنە دابمەزرێـت ، کـاریگەرییەکی مێژوویـی دەبێ و هەر کەسێ یا لایەنـێ پێشدەسـتی لـێ بکا بـۆی تۆمـار دەکـرێ و وەچەکـانی ئایینـدە شانازی پێوە دەکەن و ئافەرینی لێ دەکەن.

ئەگەر خوا کردی بیر لەو دەزگایە کرایەوە ، ئەودەمە زۆر پێشنیاز و ئەفکاری دیکەش هەن... گرینگ ئەوەیە دەست پێ بکرێ چونکە درەنگە و زۆریش درەنگە.

**پ: تا ئێستا بە دەیان وتار و لێکۆڵینەوەت لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا نووسیوەو ماوەیەکی زۆریش کارت تێدا کردووە... بۆچی ئێستا دوورەپەرێزی و خۆت لێ دوورخستۆتەوە؟**

- نووسین کارێکە سەر بە خود... سرووشتی کاری ڕۆژانەی منیش تارادەیەک هەندێ بواری لێگرتووم... لەگەڵ ئەوەشدا ، بۆ دوورەپەرێزی،دوورە پەرێز نیم.. مەرج نییە زۆر بڵاوکردنەوەش نیشانەی سیحەت بێت.. بەڕاستی لێشتانی ناشارمەوە ، کاری ڕۆژنامەنووسیش ئەو شەوق و زەوقەی جارانی نەماوە.. ئەوە خەونێکی لەمێژینەی من بوو ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانە بە کوردی دەردەچن.. بەڵام مرۆڤ هەست بە

دووبارەبوونەوەیەکی وەڕسکەر دەکا کە هەرگیز پێموانییە لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەگەریماندا بێ.

**پ: باشە تا چ ڕادەیەک وەکو تەکنیکی ڕۆژنامەگەریی ، لە تەکنیکی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەمڕۆ رازی؟**

ـ مەسەلەکە ئەوهای چاو لێناکرێ من یا غەیری من ڕازی بین یا ناڕازی... ئەمڕۆ وەک وتم بزاڤێکی ڕۆژنامەگەریی بەربڵاو لە کوردستاندا هەیە ، بەڵام ئەوەی جێگای داخە ڕێکخراو نییە... لە هەمانکاتدا بەڕای من (ڕۆژنامەگەریی حزبی) کە مۆرکی دیار و ئاشکرای ڕۆژنامەگەریی ئەمڕۆی کوردییە (دوای ڕاپەڕین) ، گوڕوتینی ئەوەی تێدا نابینم ڕۆژنامەگەرییەکی بە قەد هەلومەرجەکەی دروستکردبێ ، تەنانەت لە ڕووی تەکنیکیشەوە، لەکاتێکدا هەموو هۆیەکی ئەو پێشکەوتنەشی هەبێ.

لە ڕووی هونەرەکانی نووسین لە ڕۆژنامەدا لە دارشتنی هەواڵەوە بگرە تا هەڵبژاردنی مانشێت و تایتڵ و ڕیپۆرتاژ و ستوونووسی

تووشـــی یەک ئەنـــواییەک بـــووە ، بەڕادەیەک زۆرجاران ڕۆژنامەیەک یا گۆڤارێـک دەبینـین وا هەست دەکەین پێشتر دیومانە.

وەڵامـــــــدانەوەی ئەم پرســـــــەش ڕەنگـــــــە ئەسـکەندەرنامەیەکی بـویّ.. ئـێمە تـا ئێسـتا لەگەڵ ڕێـــــزم بـــــۆ چەنـــــد هەوڵێـــــک ، ڕۆژنامەگەریمان ماویەتی بڵێین شـان بە شـانی ڕووداوێکی گرینگی وەک (راپەڕین) هاتۆتەوە.

**پ: وەکو دیراسەتی ئەکادیمی ، تۆ دەرچووی بەشی شوێنەوارناسی (ئارکیۆلۆژیا) بەڵام لە نووسیندا زۆر کەم بەلای ئەم لایەنەدا چووی؟**

ـــ ئەمە تـاڕادەیەک ڕاسـتە ، بـۆیەش دەڵـێم تاڕادەیەک ، چونکە کۆمەڵێ دەقـم لە ئەدەبـی سۆمەرییەوە کـردووە بە کـوردی و هەنـدێکیانم بڵاویش کردۆتەوە.

بـێجگە لە چەنـد لێکـۆڵینەوەیەک دەربـارەی ئەدەبی سۆمەری و میسـیۆپۆتامیا بەگشـتی... هەروەها ئاماژەیەکم لە ناوەڕاسـتی هەشـتاکاندا وەک بەراوردێـک لە نێـوان زمـانی سـۆمەری و

کوردیــدا بڵاوکــردەوە کە لە کــاتی خوێنـــدن تێیهەڵنگووتبووم و لێکۆڵینەوەی دەرچوونیشـم لەو بەشــە لــەبــارەی (کشــتوکاڵ لە عێراقــی دێریندا) بوو پلەی (زۆر باشم) پــێ وەرگـرت و پاشــان هەر خــۆم کــردم بە کــوردی و بــڵاوم کردەوە.

باسی داستانی گەلگامشم لەپێشدا بۆ کردن کە چەنـدی پێـوە مانـدووبووم و لەدواییشـدا چـۆن تیــاچوو.. ڕاســتیی خوێنـــدنی ئەکــادیمی لەو بەشــەدا (بەشــی ئارکیۆلۆژیــا) بــۆ مــن وەکــو هــاوڕێیەکی شــارەزای ڕێگــا وا بــوو ، دەرگــای دیـــکەی پیشــــاندام ، پەنــــجەرەی تـــری بـــۆ کردمەوە، ئاشنای دونیایەکی کردم ئاشنا بوون پێی ئاسان نەبوو.

**پ: دوا پرســیار... بەڕای تــۆ چ بکرێــت بــۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی هەژاری کوردی؟**

- چی بکرێت؟

زۆر بە ســـادەیی ، پرۆژەیەکــی نەخشــە بــۆ کێشــراو بــۆ وەرگێــڕان هەبێــت و هەمـــوو

پێداویستی بۆ دەستەبەر بکرێت...
دەستنووسی چاپنەکراوی نووسەران بەزووترین کات هەوڵ بدرێت لە چاپ بدرێن.
نووسەر و ڕووناکبیران بەگشتی هەریەکەو بەپێی پسپۆڕایەتی خۆی بخرێتە کار و نان و بژێوی و هۆی ژیانیان ( لە هەموو مەرجێک بەدەر ) بۆ مسۆگەر بکرێت.
چاپخانە و کتێبخانەی پێشکەوتوو هەوڵ بدرێت بەپێی ئیمکان دابمەزرێنرێن و بکرێ بە لێکلێکانێ و هەرایەک ئەوسەری دیار نەبێ.
ئەوکاتە دەبینی لە ماوەی تەنیا ساڵێکدا چی دەکرێ...

( ڕۆژنامەی **کوردستان ڕاپۆرت**
ژمارە 715و 716ی 2009)

## نەژاد عزیز سورمێ:
## شـیعر سـەرەنجام گوزارشــت لە خۆمان و جیهانبینیمان دەکات

**ئامادەکردنی : سۆران عەزیز**

**شاعیرێک دەمێکە بێدەنگ لەگەڵ کۆپلە شیعردا یاری دەکات ، بەڵام زۆر کەم باسـی کۆپلەکـانی کـردووە . لەم دیمـانەیەدا بـۆ (*ئەدەب و هـونەری کوردسـتان ڕاپۆرت*) ، (نەژاد عزیز سورمێ) تیشک دەخاتە سەر ئەزمـوونی شـیعری خـۆی و دەڵێـت "لە هەمـوو ئەو قۆناغانەدا هەمیشە شـیعرم لەبیـر بـووە و هەمیشـە وەک هەمزاتۆڤ دەڵێ ، شیعر خۆیی ژیانم بووە ."**

**ئەدەب و هونەر:** کەی شیعرت نووسی ، ئەو پاڵنەرانە چیبوون شیعریان بە تۆ نووسی؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** ڕامبۆ ، قسەیەکی هەیە لە بیرم نەچۆتەوە دەڵێت: من نەمدەنووسی ، پێیان دەنووسیم ، سەرەتای دەسپێکی نووسینیش لای من شتێکی لەو بابەتە بوو. سەیریش لەوەدایە زۆر لە چیرۆکنووس و نووسەرانی بواری دیکە بە شیعر دەستیان پێکردووە ، من بە نووسینی دراما و شانۆ دەستمپێکرد ، کەچی تا ئێستاش دەقێکی شیعریم بۆ شانۆ نەنووسیوە ، لەکاتێکدا لە تەمەنێکی بچووکەوە نەک هەر شانۆم نووسیوە، بەڵکو لە بواری دەرهێنانی شانۆ ، تەنانەت پانتۆمایمیشدا کارم کردووە. کە ئەوسا (سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو) بۆ شارۆچکەیەکی وەکو گەلاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی زێدمدا کەم نەبوو. بەڵام لە دواییدا نازانم ، هەرئەوەندە خۆم لەناو دونیای بێ دیماهی شیعردا دیتەوە ، ڕەنگە پیشتر بێ دەستی خۆم هەوڵمدابێ بە دوای خۆمدا بگەڕێم ، هەر لە ڕێی ئەو هەوڵانەشمدا لە

دەرگەی ڕۆژنامەنووسیم دا و لە یەکەم پەیژەدا سـەرەتای قۆنـاغی خوێنـدن ، لەوەی پێیدەگوترێ (ڕۆژنامەگەریی دیوار)ـەوە دەستم پێ کرد ، ئیتر لەوساوە تا ئێستا پەیژە بە پەیژە کاری ڕۆژنامەنووسی نەماوە نەیکەم ، لە تایپیستییەوە بگرە تا هەڵەگریی و بەرپرسی لاپەڕەو تـا دەرهێـنەری لاپەڕەکـان و تـا پەیـامنێرو سـکرتێری نووسـین و سەرنووسـەرایەتی.. تـاد. بەڵام لە هەمـوو ئەو قۆناغـانەدا هەمیشـە شـیعرم لە بیربـووە و هەمیشە وەک هەمزانۆڤ دەڵـێ: شیعر خـوێی ژیانم بووە. تەنانەت هەوڵمداوە تا پێم کرابێ ، کاری ڕۆژنامەنووسیش شاعیرانە بەڕێوە ببەم ، ڕەنگە زۆرجاریش ئەو ڕوانگەیە کێشـەی سـەیر سەیری بۆ دروستکردبم کە ئازاریانداوم ، بەڵام لێی پەشیمان نیم.

ئەزمـوون ڕێـگەی بـۆ واڵا کـردم ، کە دەشـڵێم ئەزمـوون ، مەبەسـتم تەنیـا لە بەسـەرچوونی کـات نیـیە ، بەڵکـو ئەزمـوون بە هەمـوو مانـایەکی ، لە خۆشـی و ناخۆشـی ژیـان و

خوێندنەوەو بەسەرداچوونەوەو سوود وەرگـرتن لە تاقیکردنەوەی دی ، نزیک و دوور.

**ئەدەب و هـونەر:** شـاعیر کاتێـک ژانـی شـیعر دەیگرێـت ، ئیـدی زەمەنێـک تـا دەقەکەی لە دایــک دەبێــت بەو ژانەوە دەتلێــتەوە ، ئەو کاتانەی شـیعر دەنووسـی ، هەسـت بەو ژانـانە دەکەیت؟

**نەژاد عزیـز سـورمێ:** بـا لێتنەشـارمەوە ، مـن بەهـۆی کـارەوە کە زۆرجـار بـۆ بژێـوی ژیـان بـووە، ئەو (هێـدمە)یەم لەدەسـتچووە ، ڕووی تێکردووم و نەمتوانیوە باوەشی بۆ بـکەمەوە ، دواجـار وام هـاتووەتە بەرچـاو هەردووکمـان لە ناخی ناخەوە گریابین.
بـا لێرەشـدا لەبیـرم نەچێتـوە ، جـار هەبـووە گریـانێکی بە کـوڵ قەسـیدەیەکی گەورەی لە دەسـت داوم. لەگەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا بەلای مــنەوە شــیعر لەگەڵ بــێ پایــانی خۆیــدا ، ســەنعەتی کــارکردنە لە زمــان ، مــن لە تـاقیکردنەوەی خـۆمەوە قسـەت بـۆ دەکەم ،

بەڵام چـۆن؟ بەوەی شـیعر وەک ئەوە وابـێ بارانێـک بەسـەر خـاکی زمانـدا ببـارێ ، ئەو (ژان)ـەی تـۆ ناوتهێنـا ، ژان نیـیە (هێدمە)یەکی خۆشییە کە لە بۆنی وێککەوتنی بـاران و خـاکەوە پەیـدا دەبـێ ، ئەوەیە کە شاعیر نازانێ چییە ، بەڵام هەست بە سیحری دەکات. لێرەشدا ئەو کاتـانە هەر دەنـگ نـین ، دەنگدانەوەشـن ، دەتـوانین بڵـێـین پرۆسـەیەکە ڕاڤە ناکرێ و لێک نادرێتەوە ، بەڵـکو هەسـتی پێ دەکرێ ، وەک هەر تـابلۆیەکی هـونەری کە جیهـانبینی هونەرمەنـد و ڕەگەزەکـانی هـونەرەکەی دونیـایەک دەخـوڵقێنن ، لەوانەیە هەر بینەرێک بەپێی پاشخانی ڕۆشنبیری خۆی (کە ئەویـش جێـی پرسـیارە) بە چەشـنێک هەستی پـێ بکـات. ئەمە بەڕای مـن ئێستاشـی لەگەڵدابێ هاوکێشەی قورسی ئەوەی کە تـۆ و زۆری دی ناویان لێناوە ژان پێکدەهێنێ.

لە حەقیقەتیشـدا (ئەگەر وشـەی حەقیقەتـیش جێی پرسیار نەبێ) ناونانی (ژان) بـۆ شـیعر ، لە ناولێنانێکی زاراوەیـی زیـاتر نیـیە ، چـونکە مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر و بە ئازارترە.

**ئەدەب و هـــــونەر:** زۆرن ئەوانەی شـــــیعر دەنووســـن، بەڵام کەمـــن ئەوانەی شـــاعیرانە دەژیـــن ، ئایـــا ئەوەی شـــیعر لە قەنـــاعەتێکی ئەخلاقـــی و ویژدانیـــی قـــووڵەوە بنووســـێت ، دەبێت کۆی ژیانیشی شاعیرانە بێت؟

**نەژاد عزیـز سـورمێ:** ئەسـتەمە لە دونیـایەکی جەنجاڵ و کەس بە کەس نەبووی وەک ئەمـڕۆ، داوایەکی لەو چەشنە لە شـاعیران یـا تەنـانەت لە نووسەران بکرێت.
بەڵام بێگومــــان کەســـێک کە ئەو قەدەرە هەڵـدەبژێرێ ، دەبـێ بـایی ئەوەنـدەی تێـدابێ دەرک بەوە بکـا ڕووگەی شـیعر واتە ڕێـگەی هـات و نەهـات ، ڕێـگەی وێـڵ بـوون بەدوای (ئامانج)، مـن لێرەدا مەبەسـتم لە ئامـانجێکی سیاسـی یـا تەنـانەت نیشـتمانیش نیـیە ، مـن ئامـانج بە مانـا عیرفـانییە ڕەهـایەکە دەبیـنم ، ئـــالێرەدا کێشـــەکان ســـەرهەڵدەدا و خـــۆ خواردنەوە دەستپێدەکات.
ئەوانەی شـیعر بـۆ مەبەسـتێکی پێشـوەختە دەنووســـن ، ئەوانە هـــیچ دەرگەیەکیـــان پـــێ

نـــاكرێتەوە ، چـــونكە لە ئەساســـدا دەرگەی خـــودی خۆیـــان پـــێ نەكـــراوەتەوە. شـــاعیر دەخوازێ شاعیرانە بژی و هەوڵ بدا وەک چۆن دەیەوێ دەنگـــی لەنـــاو دەنگەكـــانی دی ون نەبێـت، ئاوهـاش هەوڵ بـدا خـودی خـۆی ون نەكات ، ئەوە بەشێكە لە نهێنـی داهێنـان و لە هەمانكاتدا نهێنی ژیانیش.

بەڵام دیســان دووبــارەی دەكەمەوە ، ئاســان نیــیە لە جیهــانێكی جەنجــاڵ و دەوروبەرێكــی بێچارەدا شتێک لە شاعیر داوا بكەی كە ڕەنگە تێیانـدابێ چەمـک و تێڕوانینیـان بـۆ ژیـان هەر ئەوەندەیان بوار بدا ، تەنیا لە ساتەوەختەكانی مەســتیدا بگەڕێــنەوە نــاو خۆیــان و خۆیــان بــدۆزنەوە. ئینجــا كــێ خــوا ئەو نــیعمەتەی دەداتێ شاعیر بێ و شاعیرانە بژی؟

**ئەدەب و هونەر:** (نیمایوشیج) دەیپرسی ، ئایا شــیعر دەرەنجــامی پەیوەنــدی واقیعیانەمــانە لەگەڵ دنیای دەرەوە ، یان شیعر گوزارشتە لە خۆمــان و تێڕوانینمــان؟ بــۆیە ئەگەر شــیعر

گوزارشته له دنیای خودی شاعیر ، ئایا شیعر دەتوانێت بۆ ئێمەی خوێنەر چ بکات؟

**نەژاد عزیــز ســورمێ:** هەردووکیــانە ، بەڵام لە (من)ێکــی دوو لەتــدا ، لەتێــک پەیوەنــدی واقیــع و دەوروبەر هەڵیدەسووڕێنێ و لەتەکەی تــر خــۆی لە (خــود)دا دەبینێــتەوە ، ئەو دوو (من)ــــەیش هەمیشــە لە ململانێیەکــی بــێ دیماهیـــدان ، لە شــــەڕدان ، بەڵام دەبینـــی هەمیشــە (مــن)ی خــود لە بەرامــبەر (مــن)ی پەیوەســـت بە دەوروبەر و واقیـــع چەنـــد لە ململانێیەکـــی توونـــدایە. ئەوەنـــدەش لە غوربەتێکی بێ ئامـان ، هەستدەکات ڕەهەندە جیاجیاکــانی ژیــان ، کــات ، شــوێن زوڵمــی لێدەکەن. ئەو وەکو (من)ی خود هەوڵدەدا بە نهێنییە بەرزەکە بگات ، لە وەختێکدا (مـن)ی واقیـــع زۆرجـــار چراکـــانی ڕێـــگەی لـــێ دەکوژێنێتەوە و ڕێـی لـێ بـزر دەکەن. ئەوە لە خۆیـدا بەشـێکی گرنـگ لەوە پێکـدێنێ ، کە شــاعیر ئــازاری پێــوە دەچێــژێ کە تــۆ نــاوت لێنـاوە ژان. لەگەڵ ئەوەشـدا شـیعر سـەرەنجام

هەمیشە گوزارشت لە خۆمـان و جیهانبینیمـان دەکا.

دووبـــارەی دەکەمەوە ، لێرەشـــدا مـــن لە ئەزموونی خـۆمەوە قسـە دەکەم ، بەڵام لەوەی کە دەپرسـی (شـیعر دەتوانێـت چ بـۆ ئـێمەی خـــوێنەر بکـــات)؟ ئەوەیـــان بە قەد ئەوەی پرسـیارێکی قورسـه ، پرسـیارێکیش نیــیە رووبەڕووی شیعر بکرێتەوە ، شیعر چیمـان بـۆ بکا؟ هیچمان بۆ ناکا ، بەڵام بە دیـوەکەی دی دەمانخـــاتە بـــارێکی ڕامـــان و تێـــڕوانین و بەهەندگرتنی خود و دۆزینەوەی خاڵێکی نوێ، کە مرۆڤ هەست بکات زەمین گەورەترە لەوەی کە هەیە. شیعر لە تاریکترین ساتدا دەسـتمان دەگــرێ و هەمیشـــە بەرەو ڕونـــاهی ، بەرەو کەمـــاڵ ، کە نهێنـــی و خۆشـــی لەوەدایە بە هیـواوە بـۆی دەچـین و نـایگەینێ ، لێرەشـدا مەبەسـتم نیـیە بە سـەرابی بچـوێنم ، چـونکە شیعر سەراب نییە، حەقیقەتە.

**ئەدەب و هونەر:** ڕایەک هەیە پێیوایە ، شیعری کـوردی بەتـایبەت لە نەوەی نەوەدەکانـدا تـا ئێسـتاش بەشـێکی جیـانەکراوەیە لە شـیعری

فارسی ، ئەمە تا چەند ڕاستە؟ ئەگەر ڕاستە هۆکارەکەی چییە؟

**نەژاد عزیـــز ســـــورمێ:** وا نیـــــیە نەک هەر ئەوەنـدەش ، بەڵکـو بێبەختـی دەکەیـن بڵێـین (جیـانەکراوەیە لە شـیعری فارسـی) ، ئـێمە بمانەوێ و نەمانەوێ لە جیهاندا ، هەر لە دێری دێرەوە کلتوورەکان کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەبـووە ، ئەوە ئاسـاییە و کلتـووری هـیچ نەتەوەیەک بەخـــۆوەژی نیـــیە. بەڵام لەوەی نەوەی نەوەدەکانی ئـێمە بەشـێکی جیـانەکراوە بێـت لە شـیعری فارسـی یـا تەنـانەت عەرەبـی یاخود تورکی ، ئەمەیان بەو ڕادەیە لە ڕاستیدا نزیک نییە.
بەڵێ ڕەنگە کەش و هەوای شـاعیرێ یـا چەنـد شاعیرێکی دیاریکراو چەشنێک لە کاریگەریی ، لە مەودای ئاسـایی خۆیـدا بـووبێ یـا هەبـێ ، بەڵام نەگەیشـــــتووەتە ڕادەی (بەشـــــێکی جیانەکراوە).
ئـێمەش وەکـو کـورد نەتەوەیـن و کلتـووری خۆمانمـان هەیە ، بـا وەکـو غەدری مێـژوو و

جوگرافیــا و ئــابووری ڕێــی لە گەشــەکردنی گرتبێ ، یا ڕەنگە خۆشمان وەکو پێویست نەمــانتوانیبێ هاوچەرخــانە بەپێــی ســەردەمە یەک بەدوای یەکەکــان زینــدووی ڕاگــرین و لە قۆناخە جیاجیاکاندا لەگەڵمان بووبێ ، بەڵام گرنــگ ئەوەیە هەمــانە. بــا دوور نەچــین ، دەگــونجێ تــا ئێســتا نەمــانتوانیبێ خۆمــان ببینینەوە ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایە دەقــی شــیاومان نەبــووبێ یــان نەبــێ ، تەنــانەت بەو ئاســتەی شــان لە شــانی دەقە زینــدووەکانی دونیــا بــدات ، ئەمە لە هەنــدێ دەقــی نەوەی نەوەتاکانیشیدا ون نییە.

**ئەدەب و هونەر:** (نازک مەلائیکە) لای عەرەب و (فــروخ) لای فــارس ، توانیــان شــیعری عەرەبــی و فارســی نەشــونما پێــبکەن و لە قۆنــاخێکەوە بــۆ قۆنــاخێکی درەوشــاوەتر بیگــوازنەوە ، ئەی بــۆچی لای کــورد ئــافرەتە شــاعیرێکی لەو جــۆرانە هەڵــنەکەوت تــا سەرمەشقی بزاڤێکی شیعری گەورە بکات؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** پێموانییە نازک و فروخ (ئەوە هیچ لە دوو نەتەوەی جیاوازن) ، ئەوەندە لە ڕوانین و جیهانبینییەوە لێک نزیک بن کە پێکەوە پێڵوزیان بکەین. ڕاستە نازک لە پاڵ ژمارەیەک لە شاعیرانی سەردەمی خۆیدا گۆڕانێکیان لە شیعری عەرەبی هاوچەرخدا بەرپا کرد ، بەڵام هەرگیز نازک لە رووی دونیابینی و ڕامانەوە لەگەڵ فروخدا بەراورد ناکرێ ، وەکو گوتم لە ڕووی دونیابینی و ڕامانەوە ، فروخ ڕەنگە لەگەڵ (غادە السمان)ێک (لەگەڵ پارێزوەرگرتن لە هەندێ لایەنیدا) زیاتر بێتەوە تا نازک.

لەوەی کە ئافرەتی شاعیریش لە کورد هەڵنەکەوتوون ، ئەم بۆچوونە ڕەهایەشم پێ ڕاست نییە ،بەتایبەتیش لەنەوەی نەوەتەکان و یا ڕاستتر لەوانەی دوای ڕاپەڕین و ئەو کرانەوەو ئازادییەی ئەم بەشەی کوردستان بەخۆیەوە بینی ، من هەر لەو ماوەیەدا گەلێک دەقی جوانم خوێندووەتەوە ، کە ڕەنگە هەندێک لە خاوەنەکانیان زۆر دیاریش نەبن. بێگومان ئێمە کە باس لە ئافرەتی شاعیر

دەکەیــن ، نــابێ ئاســتی کــۆمەڵگە و داب و
نەریت و چی و چی خۆمان لەبیر بکەین.
شــت بە شــتت بە بیــردێتەوە ، ســاڵی 1979
وتــارێکم لە بــارەی ئەم پرســە نووســی بەنــاوی
(ئاشنایی ئافرەت لەگەڵ ئەدەبدا) ، لەوکــاتەدا
وەکو ئەمڕۆ نەبوو شتەکان تەنیــا بنووســرێن و
نەخوێنـــدرێنەوەو بە ئەســـپایی تێـــپەڕن ،
ئەودەمە دانوستانیشی لەسەر کرا.
کرۆکــی پرســـەکەش ئەوە بـــوو ، کە بـــۆچی
ئــافرەتی شــاعیر یــا داهێــنەر وەکــو ئــافرەت لە
خۆیــدا لە خــودی خۆیــدا بیرناکــاتەوە؟ یــا بە
واتـــایەک وەکـــو پیـــاو بیردەکـــاتەوە ، ئەگەر
بگەڕێـــیەوە ســـەر وتـــارەکە دەبینـــی چەنـــد
نمــوونەیەکی لەو بــارەیەوە تێــدایە ، لەوانەش
چەنــد دەقێکــی فــروخ و غــادە الســمان. ئەمــڕۆ
وەکــو ئەوســا نیــیە ، ئەمــڕۆ نمــوونەی جــوان
جــوان لە گۆڕەپــانەکەدان ، ســتایلی دەقەکــانی
دی پێویســـتیان بەوەیە ڕەخنەگریـــان هەبـــێ ،
(کە بەداخەوە نیمـــانە) تـــا کـــار لەســـەر
دۆزینەوەیان بکات.

**ئەدەب و هونەر:** کاتێک دەڵێن شیعر بەرزترین ڕەگەزی ئەدەبە ، ئایا بەو مانایە دێت ، کە ئیدی شیعر بۆ هەمووان نییە ، ئەی شیعری داهێنەرانە بە خوێنەر پێوانە دەکرێت ، ئایا پێوانەکردنی شیعر جۆرێکە لە ئابڵوقەدانی خودی شیعر ، (ئەدۆنیس) پێیوایە ، ئەم ئابڵوقەدانە لە هەموو جیهاندا دەبینرێت ، بە ڕای تۆ شیعری داهێنەرانە بە خوێنەر پێوانە دەکرێت؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** منیش هەر وای چاو لێدەکەم کە شیعر بەرزترین ڕەگەزی ئەدەبە ، بەڵام لەوەی شیعر بۆ هەمووان بێ یان نا ، ئەوەیان پرسێکی قورس و فرەڕەهەندە کە ناکرێ بە ئاسانی ببڕێنرێتەوە. هەر ئەدۆنیس خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێ: لە (ئەبو تەممام)ی شاعیریان پرسی ، بۆچی ئەو شیعرانە ناڵێی خەڵک تێیان بگات؟ دەڵێ: ئەبو تەممام گوتی: باشە تۆ بۆچی هەوڵ نادەی لەو شیعرانە بگەی دەنووسرێن. بەو ڕەنگە دەگەینە ئەوەی شاعیر وەک داهێنەر کاری ئەوەیە ،

دەستی خوێنەر بەلای خاکێکی نوێدا ڕابکێشێ لەکاتێکدا ڕەنگە خوێنەر پێی خۆش بێت بیباتەوە شوێنێک کە پێشتر دیویەتی. جیاوازییەکە ئالێرەدایە. کاتی خۆی بە قسەی بەتاڵ خەریک بوون ، ئێمەیان بە (جەماوەریەتی)شیعرەوە لە خشتە برد. من پێموایە شیعری فۆلکلۆریش ، کە بە حیساب لانی کەم خەڵکی ئەو ناوچەی زارەکەی پێ نووسراوە تێی دەگەن ، زۆرجار خاڵی نین لە هەندێ وێنە و ئیحائاتی شیعری زۆر جوان کە خۆڕسک گوتراون. شیعر پێویستە شیعر بێ ، هەر کاتێ شیعریش شیعر بوو ، هەمیشە ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە لە بازنەی کراوەی تەقسێکی بەتەنێی پیرۆزدا دەنووسرێت. شیعر ڕەهاییە ، پاکبوونەوەیە ، چەند ماندوو بوونی وەختی سانەوەیە ، ئەوەندەش سانەوەی کاتی ماندووبوونە ، بۆ هەمووان نییە. لێ بۆ هەموو ئەوانەیە بەدوای شتێکدا وێڵن کە نازانن چییە ، بەڵام کە دەیگەنێ هەستی پێدەکەن.

**ئەدەب و هـــونەر:** دەوێـــرین بڵێـــین ، دەقـــی داهێنەرانەمــــــان هەیە کە ســـــیحری ئەوەی تێـــدابێت، لەگەڵ ئەدەبـــی دەرەوەی خۆمـــان بیخەینە تەرازووەوە ، ئایا ئەدەبی بەراوردکاری خۆی شتێکی مومکینە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** بۆ نەوێرین؟ هەمیشە ئێمە وەکـــو نەتەوە و زمانیشـــمان لەگەڵ هەنـــدێ تێبینـــی کە ئەویـــش بەو گەمـــارۆیە مێـــژووییەی کلتووریمـــانەوە بەنـــدە ، خۆمـــان لە ڕاســـت خەڵکـانی دیـیەوە بە بچـووک دیـوە. لەلایەکـی دی ، بزاڤێکـی ڕێکخـراوی نەخشـە بۆکێشـراوی وەرگێڕانمـان (ئێستاشـی لەگەڵـدابێ) نیـیە ، دەقـــی کـــوردی لە ئاســـتێکی پێویســـتدا وەرگێڕدرابێتە سەر زمانە زیندووەکانی دونیـا ، تەنانەت ئەوەی بە هەوڵێ تاکەکەسیش کـراوە، ئەوە نیـیە جێـی بـاس بێـت و لە هەمانکاتـدا (دوور لە موجـــامەلەی نووســـەر) لە ڕووی هەڵبـژاردن و دەستنیشـانکردنەوە سـەرکەوتوو بـــووبێ. وەکـــو خـــۆی ئەوەنـــدەی لە ڕێـــی خوێندنەوەی دەقە بیانییەکـانەوە لە چیـرۆک و

شیعرەوە حاڵی بووم دەقی کوردیمان هەیە ، هەندێ جار لە مەودای جیانبینی و ئەزموونی هونەرییەوە شانبەشانی ئەو دەقانەن ، بەڵام وەک گوتم ، ئێمە لە ئاست غەیرەدا هەمیشە خۆمان بە کەمتر بینیوە. دیارە لێرەدا مەبەستم هەموو ، لە هەموو ئەو دەقانە نییە کە ئەمرۆ دەیانبینین ، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نایێ کە دەق و ئەزموونی ناوازەمان نییە ، بێگومان هەمانە. دڵنیام ئەگەر لە ئایندەدا بەکارامەیی وەربگێڕدرێن ، حیسابی تایبەتیان لە ڕیزی ئەدەب و کولتووریی دونیادا بۆ دەکرێ. بۆ ئەدەبی بەراوردکاریش ، من وەکو خۆم زیاتر بەلای ئەو ڕایەدا دەشکێمەوە کە هەموو خۆ خەریک کردنێک بەو بوارە ، لە بواری کاریگەریی و کاریگەریایەتییەوە تێناپەڕێ. ڕاستە ئەدەبی بەراوردکاری حەفت و هەشتی زۆری لەسەرە و لە خۆیدا چەندین قوتابخانە و پێناسەی هەیە ، لەوانە بە نموونە قوتابخانەی ئەمەریکایی کە لە پەیوەندی وێکچووی ئەدەبیاتی هەمەچەشن یەک لەگەڵ ئەویدیدا دەکۆڵێتەوە ، یا قوتابخانەی

فەڕەنسـی ، کە زیـاتر پـێ لەسـەر پەیوەنـدی ئەدەبیات لە ڕووی جیاوازی زمانەوە دادەگـرێ. هەرچۆنێـــک بێـــت هەر دەچێـــتەوە بـــازنەی کاریگەری و کاریگەریایەتی ، لەم قاوخەدا وای دەبیـنم ، ئەدەبـی بەراوردکـاری پرۆسـەیەکی مومکین بێت.

**ئەدەب و هونەر:** چۆن دەتوانین بەراوردێک لە نێـوان هەردوو چەمکـی نوێخـواز و داهێنانـدا بکەیـن لە نێـو ئەدەبـی کوردیـدا ، لەکاتێکـدا ئەمە بـووەتە گرێیەکـی دەروونـی زۆربەی ئەو کەسـانەی لەنێـو ئەدەبـی کوردیـدا بەرهەمیـان هەیە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** داهێنان بە هەر مەودایەکی لێـک بـدەیەوە ، ڕەهـاتر و لە پیشـتر و بە مەوداتـر دەبیـنم لە چەمکـی نوێخـوازی ، کە پێموایە بەشـێک بێت لێـی ، واتە لە داهێنـان. داهێنـان بە پێـوانەی هاوچەرخیشـی ڕەهەنـدی شارسـتانیەت و نوێخـوازی تێـدا بەرجەسـتە دەبێـت ، لەکاتێکـدا نوێخـوازی کە لەلای ئـێمە

هەنـدێجار بە سـەقەتی بیـری لێکـراوەتەوە بە ڕادەی ئەوەی لە پاڵ یاخی بوون دانـراوە! مـن لە مەبەسـتت نـاگەم کە بـاس لە (گرێـی دەروونی) دەکەی و نازانم بۆچی ئەم مەسەلەیە کە مەسـەلەیەکی مەعـریفییە ، ببێـتە گرێـی دەروونی ، لەکاتێکدا نوسین وەک هونەر کلیلی خۆی هەبێ. ڕاسـتە هەمـوو کەس ئەو کلـیلەی بەدەسـت نیـیە ، بەڵام ئەوانەی لە خەمـی نیگەرانیـدان و بەدوای دۆزیـنەوەی بزرانـدا دەگەڕێـن ، ئەوانە کلیلیـان پێـیە. هەمیشـە داهێنەران ئەنگیزەی ئومێـدمان پێدەبەخشـن و لە ڕەشـبینیمان دەپـارێزن و ناماقووڵییەکـانی ژیانمـان پیشـاندەدەن ، ئەمە لە خۆیـدا مەبەسـتێکە. لە سـەرەکەی دی جـارێکیتر دەیڵـێمەوە ، کە نوێخـوازی بە هەمـوو مانـایەکییەوە بەشـێکە لە داهێنـان و هەوڵـێکە لەو ڕێگەیەدا.

**ئەدەب و هونەر:** هاتنی چەمکـی جیهـانگەرایی دەرگەی بەڕووی هەمـوو شـتەکاندا واڵاکـرد و نهێنـی سـیحری نەهێشـتووەتەوە بـۆ دەق ، بەپێچەوانەوە ڕەئییەک هەیە ، کە جیهانگەرایی

هەرچی زیاترە شتەکانی کاڵتر و بێ بەهاتر کردووە ، ئەمە چۆن دەبینی؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** پێشەکی من (جیهانایەتی)م ، بە پێوانەی (کوردایەتی ، حزبایەتی و..تاد) لە (جیهانگەرایی) بۆ (گلۆبالیزێیشن) پێ باشترە. ڕاستی ئەم پرسیارە قسەی زۆر هەڵدەگرێ ، بەڵام لەوەندەی پەیوەندی بە پرسیارەی تۆوە هەیە. جیهانایەتی وەک قۆناغێک کە دیارە دوای قۆناغی دوو جەمسەری سەریهەڵدا ، تاک ڕەهەند نییە و هەموو مەودا ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و شارستانی دەگرێتەوە، ڕووی هەرە دیاریشی لە ئاستی پێگەیشتن و ئابووریدا دەرکەوتووە ، هەر بەو ئەگەرەشەوە باڵی بەسەر کایە و لایەنەکانی دیکەدا کشاندووە ، لەلایەنی سیاسی و کلتووری و هەموو ئەو دەرهاوێشتانەی لێی دەکەونەوە. لەلایەکی دی دیارە جیهانایەتیش وەک هەر قۆناغێکی مێژوویی ، هەردوو ڕووی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی تێدایە ، کە بەڕای من تا ئەمڕۆ ڕووە

نێگەتـیڤەکەی ڕوونتـر دەرکەوتـووە و تـادێش زیـاتر دەبـێ ، بەتـایبەتبش لە کـۆمەڵگە دواکەوتووەکانـدا. جیهانـایەتی بەهـۆی ئەو تەوژمە بەهێـزەی بە ڕووکـاری پێگەیشـتن و گەیانـدن ، بەڕادەیەک جیهـانی بچـووک کـردووەتەوە بـاوەڕنەکردە ، بەڵام ئەو بچـووککردنەوەیە بەداخەوە ئاکـام تەنیـا بە قـازانجی کەمینەیـێکە ، هەر لێرەشـڕا خەریـکە خەرەنـدێکی هەزار بە هەزار دەخـاتە بەینـی دارا و نەداران ، دیارە توێژی ناوەڕاستیشی کە داینەمـۆی پێشـکەوتن و کـاری هەر وڵاتێکـی خستووەتە خانەی نەبـووانەوە. لەو سەریشـەوە بە هەندێ حسـابات کە ڕەنـگە هەر حسـابداران تێی بگەن ، بە جارێ دەوری دەوڵەتی بەنـاوی (بـازاڕی ئازاد)ـەوە لە زۆربەی هەرە زۆری بوارەکانـدا کشـاندووەتەوە ، دیـارە بـواری کلتووریش لەو زەبرە کوشندانە بێبەش نەبووە، (جیهانایەتی) هەر ئەوەی نەکردووە بە ڕای من دەردێکیشی بە مرۆڤ (وەک مرۆڤ) کـردووە ، کەچی وای نەماوە بیکاتە ڕۆبۆتێکی بێ گیان ، بەدیار کەناڵەکانی تەلەڤزیـۆن و ئینتەرنێـتەوەو

بــارێکی ئــابووری وای بــۆ خســتووەتەوە هەر ڕابکا و پێڕانەگا ، چ جای بواری بیرکردنەوە .
ئەگەر ویســتت لەوە حــاڵی بــی ، دوور مەڕۆ ڕۆژنــامە و دەســتگاکانی ڕاگەیانــدنی خۆمــان ببینە کەوا دێنە بەرچاو ، ئەویـان کـۆپی ئەوی دیکەیە . کەچی شاییەکی زۆریشـمان پێهـاتوون ، کە ڕۆژنامەنووســــیی لای ئــــێمە لەوپەڕی کەماڵـدایە . ڕەنـگە جیهانـایەتی هەنـدێ خێـری لابەلای بۆ گەلانی چەوسـاوەی دەسـتی زوڵـم و قڕکردنی مەسـەلا وەکـو ئـێمەی تێـدا بـووبێ ، ئەویــــش لەوەیــــدا کە ئیتــــر لە دونیــــای بچووکبووەوە ئەمـڕۆ ئاسـان نەبێـت بمـانگرن و بمــانکوژن و قەڵاچۆمــان بــکەن و کەس پــێ نەزانــێ، بەڵام لە هەمــان وەختــدا کلتــووری جیهانــــایەتی دەرگە و پەنــــجەرەی لەســــەر دونیایەکدا بـۆ کـردینەوە ، ڕەنـگە وەکـو دیـتن سەرنجڕاکێش بێ ، بەڵام لە باخچەیەک دەچـێ کە درەخت و گوڵەکانی نایلۆن بن . هەر لێرەوە بەشـــێک لەو پاشـــاگەردانییە بەرتـــوێژی خوێنـــدەواران و ئەگەر بگونجێـــت بڵێـــین ، ڕوونـــاکبیر و داهێنەرانمـــان کەوتـــووە ، بەو

ئاستەی لە ناوەندی ڕوحیانی داوە کە زۆرجار خۆیان لێ ون بووە ، هەرواش کەوتووەتەوە ، ئــاخر ئەدەب و هونەریشــمان بەشــێکە لە تێڕوانینــی ئەمڕۆمــان بــۆ شارســتانییەتی ئەم سەدەیە کە وای لێهاتووە ، نەک هەر ئینتیمای زێد و خاکی لەلاماندا کز کردووە ، خەریکە ئینتیمای مرۆڤبوونیشمان لێ دابماڵێ. کەوابێ من چی لەو دەقە بکەم کە ڕەنگە بە گرتەیەکی یەک دووچرکەیــــی بیگەمــــێ. ئەو دەقە چ بەهانای ڕۆحی وێڵ و ماندوومدا دێ ، جیهانێک کە ســــەرلەبەری تەنــــانەت پەیوەنــــدییە کۆمەڵایەتییەکانیشی لە قاڵبی عەرز و تەڵەبدا گیرکرابێ ، چۆن شتەکانی بێ بەها نابن؟ نەک هەر ئەوەنــــدە ، تەوژمــــی جیهانــــایەتی بەتــایبەتیش بــۆ نەتەوەیەکــی بــێ قەوارەی ڕەسمی وەکو ئێمە ، خەریکە لە ناوەندی کولتــــووریی ڕەسەنیشــــمان دەدا ، بەمەش بێگومان دواڕۆژمان دەخاتە مەترسییەک تا ڕادەی خۆ لێ گۆڕان و خود ونکردن.

( ڕۆژنامەی - **نداء الرافدين**
ژمارە 132 - 5 ی تەموزی **1996** )

### الشاعر نژاد عزيز سورمي:

# الشعر الكردي لم يأخذ الفرصة الكافية فى النشر

**اربيل- نداء الرافدين: احمد البو رشادة**

**الاستاذ نژاد عزيز سورمي من المثقفين الكرد متعددي المواهب فهو شاعر وصحفي وباحث وله اهتمامات في الفن التشكيلي ومترجم. ولد في قرية گلاله من توابع مدينة اربيل ، تخرج من قسم الآثار كلية الآداب - جامعة بغداد. عمل في الصحافة اليومية والمجلات والدوريات لمدة تزيد عن العشرين سنة. له:**

- **ليالي الارق قصائد 1977.**
- **الشلال الهادئ مجموعة قصائد 1978.**
- **مسلات جنائزية مجموعة قصائد 1995.**
- **الصحافة الكردية والصحفي الكردي ، دراسة ، 1984.**

- الصحافة المدرسية في تأريخ الصحافة الكردية ، دراسة ، 1987.
- الصورة والكاريكاتير والتايبوغرافيا واستخدامتها في الصحافة الكردية ، دراسة في ثلاث حلقات ، 1990.
- (برايەتی) اول صحيفة يومية في تاريخ الصحافة الكردية ، تحليل مضمون وببلوغرافيا ، 1991.
- النائم تحت المطر ، مجموعة قصائد مترجمة من الفارسية ، 1980.
- الطرق ، مجموعة قصص مترجمة ، 1983.
- مدخل الى فهم الفن التشكيلي ، دراسة مترجمة في 3 اجزاء 1986.
- رسائل الى تارانتا بابو ، قصيدة ملحمية من ناظم حكمت 1990.
- الشجرة المنخورة ، اشارة صحفية الى الوضع الثقافي الكردي ، 1975-1994 ، الطبعة الاولى 1995 والطبعة الثانية في السويد.

**التقينا الاستاذ نژاد عزيز سورمي فكان معة هذا اللقاء:**

**★ تنوعت اهتماماتكم الثقافية ، لكن بقي للشعر صدارته في هذه الاهتمامات. ترى ما هي بداياتكم الشعرية التي كتبتم بالعربية؟**

- اجل ، وببساطة الشعر يتصدر اهتماماتي ، الشعر عندي ذلك الملاذ الامن البعيد الذي كلما احسست بخطر ما ، وما اكثره ، اجد نفسي بين احضانه.

لقد كتبت وترجمت وعملت بالصحافة على انها خدمات ثقافية ليس الا ، اما الشعر فكان الحقيقة القاسية التي الجا اليها كلما شعرت بموقف المجابهة سواء اكانت المجابهة مع الذات ام مع ما حولي.

كانت بداياتي متواضعة وبحكم بيئة تربيتي حيث نشأت في بيئة جبلية ، كانت منذ نعومة اظفاري هدفاً لطائرات الانظمة المتعاقبة على الحكم ، وكنا نواصل الدراسة ليلاً احياناً واحايين اخرى داخل الكهوف التي كنا نلجأ اليها عندما يشتد قصف الطائرات ، شعرت بشحنات تتجمع في داخلي والتي كنت افرغها في البداية من خلال حصة الانشاء المدرسي ثم تعرفت لاحقاً بدواوين شعرائنا وما كان مترجماً من الاداب الاخرى الى اللغة العربية وهكذا دخلت البداية.

لم اكتب ما اعتبره شعراً باللغة العربية ، كتبت بالعربية خواطر ومقالات وزوايا صحفية.

**★ كيف تنظرون الى حركة الشعر في كردستان؟**

- الشعر الكردي اتجه ولا يزال بخطوات حثيثة نحو الامام، لقد ظهرت دواوين ومجموعات شعرية لاتقل من حيث الرؤيا والتعبير و الجرأة في الدخول الى عوالم الحداثة عن مثيلاتها في الآداب العالمية ، لكن ولاسباب معروفة مرتبطة بالوضع السياسي للكرد لم يسمح للشعر الكردي الفرصة الكافية للانتشار ، لاسيما انه لم يترجم منه الا القليل ناهيك عن مسألة اختيار النصوص للترجمة.

**★ لكم اهتمامات في الفن التشكيلي ولكم في ذلك كتاب مدخل الى فهم الفن التشكيلي ، كما شاهدنا لكم معرضاً فنياً من اللصق (الكولاج) ، بعنوان خريف العيون العام الماضي ، هل تحدثونا عن هذه الاهتمامات وكيف تنظرون الى الحركة التشكيلية في كردستان؟**

- الينبوع واحد وان اختلف التعبير. كان كتاب مدخل الى الفن التشكيلي وهو كتاب قيم لمؤلفه حسن سليمان ويقع في ثلاثة اجزاء ، ترجمته او بالاحرى اعددته بالكردية وذلك لاحساسي بحاجة ساحتنا الثقافية الى مثل هذه الكتب ، اذ كانت هناك حركة تشكيلية يشار لها من خلال اقامة المعارض المتعددة دون وجود حتى كتاب خاص بدراسة عناصر هذا الفن.

**★ طرأ على الواقع الثقافي والادب الكردي خصوصاً تغير ملحوظ قبل وبعد الانتفاضة ، هل لكم ان توضحوا مدى هذا التغير.. وما هي اهم الأنشطة الثقافية التي تتميز بها الثقافة الكردية الحالية؟**

- كان الادب الكردي قبل الانتفاضة بالرغم من قمع النظام وسياسته الشوفينية البغيضة يخطو بخطوات جريئة نحو ما يمكن تسميته بالحداثوية وقد ظهرت بعض الروايات والتي كانت في مراحل سابقة لم يكن لها وجود يذكر.

وبرزت الصحافة الادبية سواء اكانت مستقلة او من خلال صفحات ثقافية في الصحف السياسية ، برزت تلك الصحافة وكانها جاءت لتملأ ذلك الفراغ في الصحافة السياسية التي كانت مجموعة ابواق للنظام.

ومنذ الانتفاضة ونتيجة الحصار والوضع الاقتصادي والسياسي المتردي لكوردستان تراجع النشاط الثقافي ولاسيما من جانب نشر الكتب.

ان ابرز نشاط ثقافي كان مهرجان خاني الذي نظم في مدينة دهوك اواخر 1995.

**★ لكم دراسات في الصحافة الكردية.. كيف ترون هذه الصحافة في الماضي والحاضر وما هو تصوركم للعلاقة بين الصحافة والسياسة في كوردستان خصوصاً؟**

- كانت بداية الصحافة الكردية خارج كردستان ، اذ صدرت اول جريدة كردية في القاهرة من قبل رائد الصحافة الكردية مقداد مدحت بدرخان عام 1898 ومنذ ذلك الوقت صدر العديد من الصحف والمجلات الكردية وقد كان دائماً الوضع السياسي نقطة الارتكاز تؤشر لمستوى تلك الصحف من ناحيتي الحرية في الكتابة والمستوى الفني فيها. ولم تر الصحافة الكردية في تأريخها صحيفة يومية قبل عام 1974 حيث صدور (برايەتی) اول جريدة يومية كردية.

وكانت الصحافة الكردية قبل الانتفاضة محكومة بالوضع السياسي الكردي ومحكومة برقابة النظام ماعدا الصحافة

الادبية والصفحات الادبية في بعض الصحف السياسية. اما مرحلة بعد الانتفاضة فقد تعتبر العصر الذهبي للصحافة السياسية الكردية ، صحافة الاحزاب ، من حيث العدد والاستفادة من اساليب طباعية حديثة نسبياً برغم ضيق جغرافية توزيعها.
من ناحية اخرى ظهرت بعد الانتفاضة ولاول مرة في تاريخ الصحافة الكردية بجانب وجود مجموعة من الاذاعات المحلية مايطلق عليها الصحافة المرئية.
لقد ادى ظهور صحافة الاحزاب ، سواء اكانت المرئية والمسوعة والمقروءة ، بهذه الكثافة الى إستيعاب مجموعة كبيرة من الصحفيين الكرد ، ولكن للاسف معظمهم التحق بهذه الصحافة بدافع ايجاد مصدر رزق في ظروف الحصار والاقتتال الداخلي ، وقد لايملك اغلبهم غير قلمه.

**★ تخصصتم اكاديميا بالاثار والتي تمثل تاريخا وشاهدا لحاضرة الشعوب ، مامدى الاهتمام بالاثار في كوردستان حيث سمعنا عن سرقات لقطع اثرية في الاونة الاخيرة؟**

- كوردستان هي مهد الحضارات ، فقد ظهر اول تجمع بشري زراعي فيها ، قرية جرمو 15كم شمال بلدة جمجمال قبل 7 الاف سنة ق. م. وهناك مئات المواقع الاثرية فيها لم يبق فيها سوى عدد محدود جداً ولم ينل اي اهتمام من قبل مؤسسة الاثار العراقية.
اما بعد الانتفاضة ، فحالة الاثار والمواقع الاثرية لم تكن بأحسن من غيرها من الممتلكات القومية نظراً لتعذر قيام

عمليـات التنقيـب بسـبب عـدم تـوفر الامكانـات الماديـة والتقنية وتعرض ماكان موجودا الى النهب والتهريـب مـن قبـل ضـعفاء النفـوس المتعـاونين مـع شـباكات التهريـب ، عـديمي الادراك ، بـأنهم سـرقوا جـزءاً مهمـاً مـن تـاريخهم وتــراثهم.. وهكــذا وبحفريــاتهم العشــوائية حــالوا دون الامكان بالقيام بالتنقيبات العلمية مستقبلاً.

( گۆڤارى **صوت الاخر**
ژماره 147 له 20 ى مايسى 2007 )

### شرفة لايغيب عنها الحب
### دردشة مع نژاد عزيز سورمي :
# على الكاتب ان يتساءل..
# والا ينتظر منه الاجوبة

لقاء/ فهد هورمزيار

جمع نـژاد عزيـز سـورمي في شـرفته كتابـات لـه باللغـة العربية تتراى لنا كنصوص شعرية يمتحن فيها محبته للكلمة حين يقينه فيها.. انها كتابات مقننة روحاً وفكراً. مدروسة شكلاً وفحوى ، الا انـه يؤكد "بانها ليست الا نبضات من اقاليم الشعر ربطت بـزمن كتابتها ، خلاف القصيدة التي لها طقوسها وتضاريسها الخاصة بها.." في شرفة نـژاد نقف على مساره في الحياة الذي يظهر لنا عسيراً شاقاً وطويلاً.. انه يعرفنا على :

*صباحات (العطيشي) البنفسجية*

*وليالي (العباسية) المؤرقة*
*واحلام (رشت وأمطارها)*
*ويقول بعدها:*
*انها محطات من حياة عبدالله*
*حين كانت الجزيرة قفراء*
*يرفرف الغراب حواليها*
*ونحن بلا امداد ولا نجوم*
*نستشعر بها..*

مع ذلك لايفقد الامل ويقول:

*العاشق وحده يبقى ، لايهجر الامل*
*العاشق وحده يستمر في الغناء*
*الحياة حلوة يا صاحبي*
*نسمات تجتاز المنعطفات بجدارة*
*انا لم نهجره..*
*سوف نخطو مقتربين من معانقته*
*رغم معاكسة الزمكان*
*ورؤى السادة الظالمين*

**نزاد في سطور**

- ولد في قصبة گلاله معقل ثورة ايلول التحررية.
- خريج كلية الاداب- جامعة بغداد- قسم الاثار.
- دخل عالم الكتابة في سبعينيات القرن الماضي وعمل في الصحافة منذ 1972 بشكل مستمر ولحد الان .

- كتب العديد من الدراسات والمقالات حول التكنيك في الصحافة الكوردية وفي مجال نشر الابحاث العلمية حول فن الصحافة.
- صاحب اول تجربة حقيقية في فن الكولاج في كوردستان وله خمسة معارض خاصة بهذا الفن.
- له 18 كتاباً مطبوعاً منه اربعة مجاميع شعرية وخمسة كتب حول التكنيك في الصحافة عدا عشرات الدراسات والمقالات التي نشرها في الصحف والمجلات الكوردية.
- عضو الهيئة العليا لاتحاد ادباء الكورد.
- رئيس تحرير جريدة (خەبات) اليومية.

## ليس على الكاتب تغيير العالم..

في صباح من صباحات اربيل الجميلة جلسنا في مكتبه نتحدث عن شرفته فطرحت عليه اسئلتي المؤرقة ليباغتني باجوبته المغلفة بالحزن على حب ادمت روحه وحنين الى ايام البراءة التي تسكن انفاسه.

**★ أرى ان نصوص (شرفة) نصوص شعرية قلباً وقالباً.. لماذا ترفض اضفاء شرف الشعر على وليدتك هذه؟**

- طقس الشعر مختلف عن الطقس الذي يغطي على (شرفة) بجناحيه. وكما ذكرت مراراً ان كتاباتي هذه نبضات من اقاليم الشعر.. انها وليد لحظات متوهجة الما

او فرحاً.. ربطت مواضيع (شرفة) بزمن كتابتها ، بخلاف القصيدة التي لها طقوسها وتضاريسها الخاصة بها.. كان بامكاني ان اسميها (شعر) ولكن !.

**★ هل هذه الشرفة اعلان عن ابتعادك عن الشعر؟**

- الشعر قدري ولايبعدني شيء عن الشعر ، حتى في الصحافة تجد لغتي تسير في اقاليم الشعر.

**★ كتاباتك مليئة بالتساؤلات.. تساؤلات حزينة حيناً ومفجعة احياناً؟.. لكن لاتجد اجوبة لكل ذلك؟**

- على الكاتب ان يتساءل.. وعلى الناس الاينتظروا الاجوبة والحلول منه..

**★ لكن هناك من الكتاب من يقدم اجوبة وحلولاً.. حتى لتساؤلات الاخرين؟**

- مجموعة من الكتاب استوردوا نظرية فحواها ان على الكاتب ان يمتلك اجوبة وحلولاً.. انا لا انظر الى المسائل من هذا المنظار.

**★ انك لاتقدم حلولاً.. هل لانك تعيش واقعاً موبوءاً بالكذب والخداع والزيف؟ انا اقرأ هذه المفردات في معظم نصوص (شرفة)؟**

- لم اكتب في يوم من الايام شيئاً لم اؤمن به.. لكنني اعترف بأنني لا أقدر على تغيير العالم.. مع ذلك اتألم عندما أرى باطلاً ولا استطيع فعل شيء حياله.

**★ أراك ترفض الواقع !**

- اللاعدالة جعلتني أرفض الواقع.. بل واتحداه ايضاً.. عندما كنت في (رشت) لم أكن املك ثمن ما اسد به رمقي.. كان لي اصدقاء مثل ملازم شوان و د. سعدي غريب ومارف ژاژلەیی يشترون لي الطعام.. بعد (رشت) عشت زمناً اصعب في جنوب العراق.. حيث كنت منفياً لمدة اربع سنوات.

**★ ما الذي دفعك (جاء الصرب.. لينهبوا المستقبل وليعيدوا المأساة)؟**

- الصرب هنا مثال للبشاعة والحقد ورفض الاخر.. ما ارتكبوه من جرائم واثام كل ما لشعبي ولشعوب العالم اجمع.. نحن بحاجة الى عالم اجمل.. الى عالم أكثر براءة.. الى عالم بلا قسوة أمثال الصرب ووحشية صدام.

**★ هل تجد البراءة في طفولتك وقريتكم البعيدة؟ اجدك كثير الحديث عن طفولتك وحياتك في تلك القرية النائية؟**

- عندما هدموا قريتنا كنت اسمع اناساً يقولون (سوف نبنيها يوماً احسن مما كانت).. فكنت لا اكترث لكلامهم.. لان الازقة التي كنت اسير والعب فيها لن تعاد مثلما كانت ابداً.

**★ أذاً انك تحن لهما؟**

- انا احن للبراءة.. البراءة عندي مرادف للطفولة والجمال.. قريتنا كانت جميلة.. ولو كانت لي امكانات مادية لكنت بنيت قرية جميلة.. وجمعت فيها اناساً احبهم.

**★ حسناً.. لنتحدث عن الحب.. ودعني اصارحك القول بأنني عندما قرأت (شرفة) وددت لو كان اسمها (شرفة لاتغيب عنها النساء).. فالمرأة موجودة في معظم النصوص الموجودة فيها.. لكنها حرباء.. وتبدل الحب بالمال.. ولعوب.. وتضحى كالاغصان العارية لايمر احد بقربها او ينصب ارجوحته عليها.. هل تكره المرأة؟ ألك موقف سلبي تجاه الحب؟-**

- وراء هذه النصوص قصة حب فاشلة.. انا كنت البطل المخدوع فيها.. لكن هذا الفشل لم يغير نظرتي للحب.. أنني ارى دائماً بأنه لا استمرارية للحياة بدون حب.

**★ كيف ترى نزّاد المحب؟**

- ساذج في الحب وصادق جداً فيه ، مع ذلك هو دقيق في هذا الموضوع يريد ان يحبه الطرف الاخر كنزّاد فقط.. لشخصه وليس لسبب اخر وأحب ان اوضح لك بأنني حتى في مراهقتي لم اركض وراء غرائزي.. الحب شيء اكبر من هذا.

**★ مع ذلك فشلت فيه.. لكن قل لي هل تكره تلك المرأة التي تصفها بالحرباء اللعوب؟**

- أكرهها برفق.

**★ ولاتحبها؟!**

- انا لا أقدر الا احبها.. على أية حال.. لا استطيع ان احبها.

**★ مع ذلك تكتب لها.. وتكتب عنها؟**

- اتذكر في احدى المرات هاتفتني وطلبت مني الا أكتب عنها.. وفي اليوم التالي كتبت:

*تطلبين مني أن لا أكتب بعد اليوم*

*وهل رأيت احداً يطلب منك الا تتنفس*

*انا هكذا.. اختبيء بين انامل*

.. الخ

**★ لكنك وضعت حداً لشرفة حبك.. اما كتبت شرفة الوداع؟**

- اعتقد.. لأنني وصلت الى قناعة بأن الاستمرار في كتابة مثل هذا النمط ضرب من اللا جدوى.. مع ذلك هناك بعض الحنين يبقى مع الانسان مادام حياً.. وقد يظهر هذا الحنين في اشياء اخرى لا أعرف كنهها.

**★ وماذا بعد؟**

- ولكي لا اصاب بالنمطية.. واحسست انني اصرف الكثير من طاقاتي الشعرية في هذه الكتابات.. واعتبر ذلك اثماً..

( ڕۆژنامەی **هاوکاری**
ژمارەی ڕۆژی 9 ی 10 ی 1978 )

## نەژاد عزیز سورمێ و
## چەند ڕایەك دەربارەی
## شیعر و ئەدەبی کوردی

**ئامادەکردنی : محەمەد موکری**

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ شاعیری لاو نەژادی عزیز سورمێ ئەم گفتوگۆیەمان سازدا..

*** بۆ تا ئێستا شیعری کوردی ئەو ناوبانگەی نییە ، شیعری میللەتانی دەوروبەر هەیانە؟**

- ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە بۆچی ئەو ناوبانگەی نییە.. جارێ پێشەکی ئەدەبی هەموو نەتەوەیەک لە مێژوو و بارو زروفی نەتەوەکە خۆی جیا ناکرێتەوە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ئێمە لە هەموو وەختێکدا

دەتــــوانین ئەمە بکەیـــــن بە پارســـــەنگی هەڵســــەنگاندنەکانمان.. ئەوەتـــا بە دەیـــان نەتەوە، توانیویـــــانە لە تەک چـــــالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیانـــــدا لایەنــــــی ئەدەب و ڕۆشنبیریش فەرامۆش نەکەن.
کەواتە دەبێ بڵێین (وەرگێڕ)مان نییە ، من ئەمە ناڵێم ، ئێستاکە تاڕادەیەک ژمارەیەکی چـــاک لە ئەدیـــب و ڕۆشـــنبیرەکانمان دەســتیانداوەتە ئەم کــارە. بەڵام لێــرەدا دوو نــوختە دێتە گــۆڕێ.. کە بەڕای مـن بـووەتە کۆســپێکی ســەخت لە کــاری وەرگێڕانـــدا.. (مەبەستم وەرگێڕانی شیعری کوردییە بۆ سەر زمانەکانی دراوسێ و بێگانە)
یەکەمیـــان: وەرگێـــڕان لەلای ئـــێمە وەکـــو (ئیختســـاس) نیـیە. مەســـەلەن تـــا ئێســـتا وانەبووە زمانزان و ڕۆشنبیرێکی ئێمە خۆی بۆ (وەرگێڕان) تەرخان بکات. چونکە بەس نییە تەنیـــا شـــیعر وەربگێڕدرێـــت... کەواتە ئەو وەرگێـــڕەی کە هەیشـــمانە هەر لەوە ڕەتـــی نەکـــردووە کە جاروبـــار شـــیعرێک یـــاخود (چیرۆکێــک)ێکی بەدڵ بـووە و وەریگێــڕاوەتە

سەر زمانی عەرەبی ( ئەڵـبەتە زمانەکانی تـر مەگەر بە دەگمەن.. تاک و تەرا ) وەکو ئەوەی کە لە ڕۆژنـامەی (الفکر الجدیـد) و (العـراق)دا هەیە. ئەڵـبەتە ئەمەشـیان بە دەوری خـۆی لە قـاڵبی ئیعتباراتێـک نـاچێتە دەرەوە بەهـۆی ئەوەی کە کارەکە نەخشەبۆکێشراو نییە .

دووەمیان: مەسەلەی وەرگێڕانی وتارێک یـاخود لێکـۆڵینەوەیەک بەهەر حـاڵ. بەڵام مـن وای دەبیـنم لە وەرگێڕانـی بەرهەمـی داهێنـراودا. وەکـو شـیعر یـاخود چیـرۆک.. تـاد ، هەر ئەوەندە بەس نیـیە زمـانەکە بزانـێ ، دەبـێ لە پـاڵ ئەمەشـدا وەرگێـڕ سـەلیقە و چەشـەی ئەدەبیشـی هەبێـت ئینجـا ئەگەر بتوانێـت شـیعرێک یـاخود چیرۆکێـک وەربگێـڕێ.. ئیتـر وەرگێڕان هونەرێکە بۆ خۆی.

*** یانی کەم دەسەڵاتی وەرگێڕەکانمان بووەتە هۆی ئەمە؟**

-بە تەبیعەتـی حـاڵ ، بەڵام دیسـان بەو جـۆرەش نیـیە کە وەرگێڕمـان هەر نەبێـت.

چەنـــدانێکمان هەن کە پێویســـتە چـــاکی مەردانەیـــان لە بیـــر نەکرێـت لەوانە لە پـێش هەموویانەوە مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم)و هەروەها دکتۆر مارف خەزنەدار و لە ڕۆژنـامەی (العراق)یشـدا مامۆسـتایان (مـحەمەد بەدری و عەبـاس بەدری و فـاتح مەلا کەریـم و لەتیـف هەڵمەت و چەندانی تریش.

*** بەڕای مـن ئەگەر شـاعیر خـۆی بتـوانی شـیعرەکانی خـۆی تەرجەمە بکـات چـاکتر و لەبارترە..**

- ڕاسـتە ، بەڵام بە مەرجێـک شـارەزاییەکی تەواوی لەو زمانە هەبێت بۆی وەردەگێڕێ.

*** (دڵـــدارەکەم) وەکـــو نووســـەرێک لە ڕۆژنامەیەکدا کردبووی بە سێ بەشـەوە ، ڕای تۆ چۆنە لەگەڵ ئەو دابەشکردنە.**

-مـن خـۆم هێشـتا دەسـتم نەدابـووە شـیعر. شیعرەکانی (سـەڵاح شـوان)م پـێ خۆشـبوو و

هەمیشــە دەمخوێنــدنەوە. (ســەلاح) زمــانێکی شەفافی هەیە ، من حەز لەو زمانە دەکەم.
بــۆ ئەوەش کە نووســـەرێک (دڵـــدارەکەم)ی کردووە بە سێ بەشـەوە ((وادەزانـم مامۆسـتا مـحەمەد بەدری بـوو لە ڕۆژنـامەی (العـراق)دا خــــۆی کردوویەتـــــی بە ســــێ بەش نەک نووسەرەکە.
بەهەر حــاڵ (دابەشــکردن) وادەزانــم هــیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت ، چونکە مرۆڤ نەخشە بۆ هەمــوو شــتێک دابنــێ نــاتوانێ ئەمە لەگەڵ شیعردا بکات.
ئەگەر (دڵـــدارەکەم) هەزار بەش بێــت و یەک بەش بێت لە (سەلاح) جیا نابێتەوە.

*** (زریــان) کــۆمەڵە هــۆنراوەکەی (ئەنــوەر جاف)، چی لەبارەیەوە دەڵێی؟**

- هەر لە وەرزی سەرهەڵدانی فەرهادەوە کە لە ژمارە تایبەتییەکەی (بەیان)دا بڵاوی کردەوە ، تــــاکو دەگـــــاتە (خــــاک و زریــــان و خۆشەویســتی)یەکەی ئەنـوەرم خوێنــدۆتەوە و کاری تێکردووم.

جیهانی ئەنوەر جیهانێکی پڕە لە خەون ..
یەکەم دیاردەی من هەستم پێ کردبێت لە شیعرەکانی (ئەنوەر)دا (شێوە) و (ناوەرۆک) شان بە شانی یەکترین و لێک جیانابنەوە کە ئەمەش شاعیریەتی ئەنوەر پیشاندەدات..
دیسان ئەنوەر بەڕای من لە مەسەلەی (جوانکاری)یشدا سەرکەوتووە.
(زریان)ی ئەنوەر لە لای من هەر هەمان ئەو زریانەیە لە ڕۆژانی منداڵیمدا لە (بەفرەڕۆژەکاندا خلۆری دەکردمەوە. پەنجە و گوێی دەتەزاندم بەڵام خۆشەویستییەکی ئەوتۆی لە دڵمدا ئاگردەدا لە خۆشەویستی ئەو پشکۆیانە زیاتر بوو گەش گەش لە ئاگردانی بەر سۆبەکەماندا دەسووتان و منیش خۆم پێ گەرم دەکردنەوە.

*** خۆت دەربارەی (ئەو شەوانەی خەوم نایێ) چ دەڵێی؟**

- ئەوەی وتومە ، لە (ئەو شەوانەی خەوم نایێ) دایە و هیچیتر.

*** لەم بەینەدا خەریکی تەرجەمەی ، چەند تەرجەمەیەکی نایابتم دیوە ، خۆت چۆن دەبینی پاش ئەوەی ڕووت کردۆتە ئەم کارە؟**

- ڕاستە چەند بەرهەمێکم لە چیرۆک و شیعر کردووە بە کوردی ، بەڵام جارێ لە سەرەتادام تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە ئێمە زۆرمان پێویستی بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی بێگانە هەیە.

*** وەکو خوێنەرێک ، دیسان وەکو شاعیرێکیش ، چیرۆکی ئێستای کوردی چۆن دەبینی؟**

- چیرۆکمان هەیە ، چیرۆکی چاکیشمان هەیە، بەڵام نایشارمەوە هەندێجار کە بازێ شت دەخوێنمەوە بەناوی چیرۆک نووسراوە زۆرم پێناخۆش دەبێت.. بەداخەوە لەلای ئێمە (بیری ڕاگوزاری)یش بووەتە چیرۆک!

*** تۆ جیاوازییەک لە نێوانی شیعر و چیرۆکدا بەدی دەکەی؟**

- که بڵـێم (شـیعر) شـیعرەو (چیـرۆک)یش چیـرۆک لەوانەیە بە سـەیری بزانـی.. هەرچـی چۆنێک بێت جیهانی چیرۆک بەربڵاوترە ، بەڵام ڕەنگی شیعر تۆخترە لە هی چیرۆک.

لەگەڵ ئەوەشدا چیـرۆک هەیە بە زمـانی شـیعر دەنووسـرێ ، یـاخود شـیعر ئـامێز دەبێـت ، شیعریش گەلێ جار بە بینای درامی لە چیرۆک نزیـک دەبێـتەوە.. لە هەمـوو حاڵەتێکیشـدا (چیرۆک) چیرۆکە و (شیعر)یش شیعرە.

بـاس هەیە چیرۆکنـووس نـاتوانێ دەری ببـڕێ بەو شـێوەیەی کە شـاعیر لە شـیعرێکیدا دەریدەبڕێ و بە پێچەوانەوەیش.

*** ئەشێ شاعیر ببێ بە ئەکتەر؟!**

- (ئەکـتەر)یش دەبێـتە (شـاعیر) چـونکە هەردووکیان هونەرمەندن.

*** بەڕای تـۆ شـیعرەکانت ڕی و ڕەچەیێکـی تایبەتیان هەیە؟**

-من جارێ لە سەرەتادام ، بەڵام گومانیش لەوەدا نییە سەیری ئاسۆیەک دەکەم.. ئەگەر تاکو ئێستا نەیانبووبێ ، دەبێ (بەیانی) بیان بێت.. ئەگەر وانەبێ زۆر بە ئاسایی واز لە شیعرنووسین دەهێنم.

***باشە تۆ چ دەکەی بە پێوەر؟**

-ژیان و تاقیکردنەوەکانی و ژانەکان دەبنە پێوەر.. من هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە ڕۆژێ ، ڕۆژگارێ دابنیشم و بەپێی پێوەرێک شیعر بنووسم..

*** کام دێڕە شیعری کوردی کاری تێکردوویت و زۆرت بە دڵە؟**

- هەزاران دێرە ، ناتوانم دەستنیشانیان بکەم.

*** باشە ، ئێستا دەشێ بزانین کام شیعرت بە دڵ نەبووە؟ بۆ؟**

-هەر لە شیعرەکانی خۆم بە دەیان شیعرم بە دڵ نەبووە و دڕاندوومن.. چ جای هیتر.. کە لێم دەپرسی بۆ؟ (نازانم).

*** بەلای تۆوە وشە چ دەگەیەنێت؟**

-وشە جیهانێکە بۆ خۆی ، تەنانەت کەونیشە بە گشت هەوراز و نشێوەکانییەوە.. هەموو خەون و خەیاڵەکانی شاعیر لە ئامێزی وشە دایە..

من وای دەبینم ئەگەر وشە نەبووایە زۆر شاعیری ئەم دونیایە بە هەناسەتەنگی و پشی سواری دەمردن.. کەواتە لێرەشدا وشە ژیانە.. ژیان بە هەموو تاڵی و شیرینییەکانی .

( ماڵپەڕی قەڵەم
پنج شنبه, 06 اسفند 1394 15:48 )

# وتوویژ لە گەڵ شاعیر نەژاد عزیز سورمێ

**ئامادەکردنی : سایتی قەڵەم**

**پ:"لە یادمانی گوڵە بڵێسەدارەکانەوە" دەکەینە بیانوو بۆ کردنەوەی سەری قسەو باسێکی کورت بەڵام پوخت لە گەڵ کاک نەژاد. دەتوانین بڵێین شیعرەکە لە فەزایەکی نێوان سێ کوچکەی "نائومێدی - خەمی وجوودی - توڕییەکی ژێربە ژێری" دا دێت و دەڕوا. نەژاد عزیز سورمێ بناخەکانی ئەم فەزایە لە کوێوە دەگوازێتەوە بۆ ناو شیعرەکانی؟**

- لە لۆژیک و نالۆژیکیەکانی ژیان ، لەو دەزگا پێک بەستراوەی مرۆڤ ناوی ناوە شارستانیەت، بە هەردوو ڕووی پێشڤەبڕ و

پاشــڤەبڕییەوە،... تــۆ باســی قەسـیدەیەکی دیـــاریکراوت کـــردووە، بەڵام بـــا ئـــێمە هەڵوەســـتەیەک بکەیـــن داخـــۆ شـــیعر لە ئەزەلەوە ئەوەی تـۆ نووسـیوتە - نائومێـدی و خەمـی وجـوودی و تـوڕەیی- کە مـن ڕاکـردن بەرەو (خـــود) و شـــەڕی نەبـــڕاوە لەگەڵ (زمان)یشی دەخەمە پاڵ نەبووە؟

داخـــۆ لە ئەزەلەوە ئەو چەمکـــانەی لە کـــۆڵ نەبـووە؟ مەگەر ئەدەبیـاتی سـۆمەری ئەوەنـدە هەزار ســـاڵ بەر لە ئەمـــڕۆ کرداریـــان لەو کیڵگـــانەدا شـــین نەبـــووە؟ ئەوە شـــەڕێکی بەردەوامە لەگەڵ خوددا و بەردەوامیش دەبـێ. بە لای منەوە شـیعر ساوێکی هەیە کە نهێنـیە تەلسماوییەکەی پێیە، کە ڕۆژێـک لە ڕۆژانـیش نووسـینیان بە کۆڵەگەکـانی کەرامەتـی مـرۆڤ پێڵوز کردووە، دیـارە خـۆڕایی نەبـووە، بەڵـکو سرووشـێک بـووە بە ئاراسـتەی هەڵـگەڕان بەو ســاوە... بەو ئـاهەنگە تەنیایـانەی خـود لە خودی گێڕاوەتەوە... زەماوەندی گەشبینیە، بە کەژاوەیەکی خەمبار بەڕێوە دەچێ.

نیگەرانی و خەمی وجوودی (وەک تۆ دەیڵێی) وام دێتە بەرچاو لێڕامانێکی نەختێک کۆن بێ لە چاو ئەو بارەی مرۆڤی هاوچەرخی تێکەوتووە. لێرە ناچارم ئاوڕێک لە (زەمەن) بدەمەوە کە لە پرسیارەکانی تۆدا (لە نێوان دوو کەوانەدا) خۆیان حەشارداوە.

چەمکی زەمەن نەک وەک کوشتنی ڕابردوو، چەمکی زەمەن لە پرۆسەی ئاڵۆزی داهێناندا کە ڕەنگە زۆرجار بە لای ڕەهایەتیدا بشکێتەوە، لەوەی پەیوەندی بە کەڵەکەبوونی مێژوو و دەرکەوتنیان لە شێوە و ڕەهەندی دییەوە هەیە .

لێرەڕا هەستکردن بە زەمەن لەو باوەڕەدانیم (باوەکو تێیدا بژین) بە هەستی خۆڕسک لە مەوداکانی بگەین ، هەر ئەوەیشە زەمەنی هونەری لە زەمەنی تاکڕەهەند یا هەندێ جار بێ رەهەند و ڕووت جیا دەکاتەوە و داهێنەر و بۆرەنووسەر لێک هەڵداوێرێ. چونکە زەمەنی هونەری بە تەنیا ئەو دەستەواژانانە نین لە پرسیارەکەی تۆدا هاتووە، ئەدی زمان و تەکنیکی نووسین چ لێ دەکەی؟ لە سەرووی

هەمووشـــیانەوە بینینـــی دیـــاردە بینـــراوە هەســـتپێنەکراوەکان کە لە درەوشـــانەوەیەکی عاریفـانەدا خۆیـان دەنـوێنن. ئـێمە نەوەی ئەم چەرخەیـن ، بەڵام تـۆ بـڕوانە هەر چاخێـک و ســـــەردەمێک تایبەتایـــــەتی بە پێـــــی دەرهاوێشـــتەکانی هێنـــاوە. ئەمە نهێنـــی ئەو بەردەوامیەیە کە لە پێشدا باسم کرد. تۆ نەژاد بە چـی تێـدەگەی کە دەپرسـی بنـاغەی ئەم فەزایە (فەزای شــــــیعرەکان) لە کوێـــــوە دەگوازێتەوە؟ بڵێی پاشی 6 کۆشیعر، تەنانەت لەوانەی لە شــاعیرانی دیکەشـــی کـــردووە بە کوردی هیچیانت دیوە خـاڵی بێـت لەو هەسـت کردنە بە ڕەهەنـدی (زەمەن)؟ یـا لەگەڵ مەودا لەترکزەکـــانی خۆیـــان نەهـــاتبنەوە، بە هەموو ڕووە ڕەش و سپییەکانەوە، کە ئەوەش دەڵــێم پێشــەنگاکانی کـۆلاژم بیرنــاچێتەوە، وەختی گەیشتوومەتە وێستگەیەک زمـانی تێـدا دەستەوەستانە لە ئەفسوون و پیـرۆزیم نەداوە، پەنام بۆ هونەری کۆلاژ بردووە چونکە هەمیشە پێم وابووە تەنـێ شـیعر دەتـوانێ خـاکی زمـان بکێڵێ. کە هەندێ جار بە هەر هۆیەکە شـاعیر

له تێگەیشــــتنی ئەم ڕەنــــگە پێشــــهاتانەدا دواکەوت و پەنـای دی نەدۆزیەوە دەمـرێ. مـن نــازانم جەنابــت کێــی کە بە نــاوی ســایتی قەڵەمەوە پرســـیارەکانت نــاردوە، هیـــوادارم ئەگەر تاقەتت هەبوو وەختێک بە کۆشیعرەکانم دا بچییەوە گومانم نییە وەڵامی ئەم پرسیارە و هــی دیــکەش کە ڕەنــگە نەتکردبــێ دەســت کەوێت.

**پ: بە خوێنـدنەوەی شـیعرەکانت جۆرێـک لە کپی و مەنگی خـوێنەر دادەگرێ. جۆرێک لە ڕاوەســـتان و بیرکـــردنەوە لەوەی گـــوزەرا و لەوەی دەگوزەرێ. ئایا نەژاد سورمێ دەیەوێ بە جۆرێک ماناکانی داهاتوو لەم ڕاوستانانەدا بدۆزێتەوە؟**

- لە هەر شـــــوێنێکدا بـــــووبم بە شـــــیعرم نەگۆڕیوەتەوە. لەوەتەی فامم کردووە چاوم لە ئاینــدە بــووە، پێشــم وابــووە داهێنــان لە ســــادەترین ناســـینەوەیدا مومارەســـەکردنی ئــازادییە. ئەگەرچــی دڵگرانیشــم بەوەی هەراو

ژاوەژاوی تەکنەلۆژیای سەردەم و میدیای سەقەت خەریکە جێ بە بیرو بۆچوونی جیددی لەق بکا. بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا بڕوام بە وزەی (فرد — تاک) هەبووە و هەیە. ڕەنگە ئەمە شەڕێکی قورس و لاسەنگ بێت لێ پێم وانیە پەشیمانی بە دواوە بێت.
هەمیشە وام بیرکردووەتەوە باجیشم داوە و بەردەوامیشە. ئەگەر حەزیش بکەی زیاترم لێ حاڵی بی پێم خۆشە هەر بە نموونە هەردوو قەسیدەی (باوێشکەکانی مێژوو) و (ڤاڵسی شەوە خاییەکان) بخوێنیەوە ، بە تایبەتی مێژووی نووسین و بڵاوکردنەوەیان کە بۆ ئەم پرسیارەتان بێ سوود نییە.

**پ: راوەستانەکانت خۆ لە قەرەی پرسیارە بنەڕەتییەکان دەدەن (بۆ وێنە نەگەیشتن بە مرۆڤ). ئەم نەگەیشتنە لای تۆ ئەبەدییە یان شوێنێکە لە نێوان "شکان و نەشکاندا"؟**

- شاعیر مەلە لە دەریای زماندا دەکا ، لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە ، ئێمە نەوەی

چەرخــی خۆمــانین ، بە قەد خوێنــدەواری و حــاڵی بــوونم لە مێــژوو زۆر کەمــن ئەوانەی دەگەنە مرۆڤ. (مرۆڤ) ی لێرەدا جێی باس مەودایەکــی عیرفــانی دراوەتــێ ، بەڵام لە شێوەی مرۆڤدا ، کە شارستانیەتی پێکەوە ناوە ، کە بەرگری لە ژینگە کردووە لەسەر مرۆڤی کردووەتەوە و نانی پەیدا کردووە و ماندوو بووە.

شاعیر ئازادە ، بەڵام هیچی لەسەر نەبێت لەسەریەتی لە هەوڵە تێپەڕینەرەکانیدا ماندوو نەبێ لانی کەم هەوڵ بدا لە خۆی تێپەڕێ .

ئەو (مرۆڤ)ـە بۆ بەرگری لە مرۆڤ هاتووە ، ئەوەی نایگەینێ ، ئەوەی بە ئومێدەوە بەرگی سیزیفی پێ دەپۆشین ، ئەوەی لە نێوان (شکان و نەشکاندایە) هەر ئەوەیشە ئەو مەودا عیرفانیەی لە باسی جیاوازیدا هێنامانەوە ، چونکە دیارە عاریفان تا پلەی (وحدە الوجود) دەڕۆن بەڵام بە ئاراستەیەکی دیکە. لێرەڕا شاعیرانی بەهرەمەند و هونەرمەند (زمان)یان- کەمن بە دەریام چوواند- بە ڕۆحی قەسیدە زانیوە.

**پ: ڕاوەستانەکانی شاعیر چەندە پێوەندی بە دۆخی باوی کۆمەڵایەتییەوە هەیە؟**

- ئەگەرچی شاعیر لە ڕووی فیزیکییەوە سەر بە کۆمەڵێکی دیاریکراو بێ ، بەڵام داهێنان پرۆسەیەکی بەتەنێیە. ئەم کێشەیە ، لە ناوەندی کوولتوریدا حەفت و هەشتی زۆری لەسەر کراوە کە تا چەند شیعر پەیوەندی بە دۆخی کۆمەڵایەتیەوە هەیە ، یا پێویستە هەیبێ؟ ئێستا پرسی سیاسی ڕووتیشی هاتۆتە پاڵ ، ڕاستی ڕەنگە لە دەسپێکی نووسیندا حسابێکم بۆ ئەم پرسە کردبێ بە پێی هۆشیاری ئەوسام بەڵام ئەمە دەمێکە نە سەرنجم ڕادەکێشێ نە جێی بایەخ ، چونکە پێم وایە ئەم کێشەیە لە دەرەوەی وەزیفەی شیعرە ، ئەگەر لە ئەساسدا بڕوامان بەوە هەبێ شیعر وەزیفەی هەیە ، بەدەر لەو سرووتە شاراوەی دەقەبەری نووسینی دەکرێ و مرۆڤ لە پرۆسەیەکی بەتەنێیدا لە یەکتەنی ئازاد دەکات

( گۆڤاری هەرێم
ژمارە 336 ـ 1 ی تەمووزی 2005 )

## نەژاد عزیز سورمێ
## لە دیمانەیەکی ( هەرێم )دا
## لە نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵاتدا
## لێکتێگەیشتن و لێکترازانیش هەیە

**دیمانە : فوئاد سدیق**

**نەژاد عزیـز سـورمێ ، لە حەفتاکـانەوە هـاتۆتە نـاو دونیــای ئەدەب و ڕۆشــنبیری، دونیــای شــیعر لای نەژاد، جــگە لەوەی فانتازیــا و هــونەرو جــوانی و سرووشتێکی خواییە، هاوکات کارێکی ڕۆشنبیریشە ، ئەم فانتازیاو جوانی و ... .تاد، بووەتە بەشـێک لە ژیــانی ڕۆژانەیشــی بەشـێوەیەک ، کــاری سیاســەت**

دەكات ، بەڵام شاعیرانە دەژی جگە لەمانەش تەنها بە شیعر نەوەستاوە ، كاری وەرگێڕان ، هونەری شێوەكاری ، لێكۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیی ... هتد بوونەتە بەشێك لە ژیانی نەژاد، بۆیە ئەم دابەشبوونە وایلێكردووە بەهرەكانی، كارەكانی، پەرت بن، ئەگەرچی یەكێك لەو شاعیرانەشە كە زۆر گرنگی بە شیعر داوەو بە دیاریەوەیە.

لەم دیمانەماندا، ویستمان نەژاد بێنینە قسە، بەوەی لە ماوەی ئەو 14-15 ساڵەی ڕابردووشدا، گرفت و ناكۆكییەكی لەگەڵ دەسەڵاتدا نەبووە ، بۆیە ویستمان چەند پرسیارێكی لە بارەی ڕۆشنبیری و دەسەلاَت لێ بكەین ، لەلایەكی دیكەیشەوە بزانین ئاخۆ نەژاد ئەمڕۆ چۆن دەڕوانێتە ناسیۆنالیزم و ماركسیزم و زۆر شتی دیكەیش .

**پ: یەكەم جار بە شیعر دەستت پێكرد، زۆریش خۆت بە داڕشتنی وشە ماندوو دەكەی، گینگڵ دەخۆی تا وشەیەك دادەڕێژی ، باشە شیعر قورساییەك نەبوو بۆ تۆ ؟**

- سەرەتا مرۆڤ بە وشە دەستی پێكرد ، دەنگ وشە بوو ، هەر مرۆڤێك ئیحساسێكی هەیە، لەوانەیە ئەوانەی دەكەونە هەندەران

هەندێ نامە بنووسن لە زۆر لایەندا لەهەندێ لەو شیعرانە چاکتر بن ئێستا بڵاودەکرێنەوە .

بۆ ئەوەی شیعر قورسایی بووبێ بۆ من ، بەڕاستی ئەوەیان پاش ئەزموون وردە وردە ئێستا بەلامەوە شتێکی سرووشتییە، لەوەی کە دەڵێی لەگەڵ وشە گینگڵ دەخۆی ، ڕەنگە وابێ ، من پێم وایە بینای قەسیدە وەکو دیوارێک وایە بیناکار وشەیەک هەڵدەبژێرێ پڕ بەو شوێنە بێ تا لێی دابنێ ، ئەمە سیحری زمانە ..

زۆرجاران دەبینین وەستایەکی دیوار لە کاتی دروستکردنی دیواردا کرێکارێک خشتێکی دەداتێ، بەڵام وەستایەکە داوای خشتێکی دیکەی لێ دەکا، چونکە پڕ بە شوێنەکە نییە، وشە هەڵبژاردنیش ئاوایە .

زمانی ئێمە زمانێکی دەوڵەمەندە کە ئێستا لە دوای ڕاپەڕینەوە بە داخێکی زۆرەوە تاڕادەیەکی زۆر ڕەزیل بووە بە دەستی ئەوانەی نایزانن ، دەنا ئەو زمانە قورئانی پێ وەرگێڕدراوە، توانیویەتی ئیستیعابی ئەو بەلاغەت و ئاڵۆزیانەی زمانی قورئان بکات ...

لەبەر ئەوە بەڕاستی بابەتی شیعر بەلای منەوە شتێکە، وەکو نان و ئاوی لێهاتووە، پێویستییەکە بۆ من پێش ئەوەی بە مەسەلەی دیکەی گرێ بدەم .

**پ: هەیە شیعر دەنووسێ بۆ ئەوەی جەمالیەتێک بە ژیان بدا، هەیە بۆ گوزارشتکردن لە ئازارەکانی دەنووسێ، هەیشە شیعر دەکاتە دەروازەیەک بۆچوونە نێو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ... لەلای تۆ کامەیە ؟**

- شیعر دەبێ جەمالیەت و ئیستاتیکای تێدابێ، بێ ئەوانە نابێ.لە مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ، ئەوە وەختێک بوو هەمووشتێکیان لە شیعر دەویست ، ئەو کات ڕۆشنبیری کوردی ، ڕۆشنبیرییەکی زارەکی بوو، سەرچاوەی ڕۆشنبیریی حوجرە و مەلاکانی کوردستان بوون ، باشترین بەڵگەش ئەوە خانی، نالی، سالم، حاجی قادر و جزیری..و ئەوانی دی ... وەک گوتم سیاسەتیان لە شیعر دەویست ، کۆمەڵایەتییان

لێـی دەویسـت، بەڕاسـتی بـاری شـیعریان زۆر گـران کردبـوو. پێمـوایە شـیعر شـتێکی زۆر تایبەتە ، پاش ئەو ئەزموونە متەوازیعەی خۆم گەیشـتوومەتە ئەو بـڕوایەی شـیعر وەک هەر کـارێکی هـونەری دەبـێ هەسـتی پـێ بکـرێ ، نەک تەفسیر بکرێ ...

**پ: تۆ لە ساڵانی حەفتاوە بە کۆمەڵێک بەشی ئەدەبی راهاتووی ، شێوەکاری ، وەرگێڕان ، کاری ڕۆژناگەریی ، شیعر ، هەستناکەی ئەوە تۆی پەرتکردوەو وایکرد بەهرەکانت دابەش بن سـەر کۆمەڵێـک شـت کە نەتـوانی لە هـیچ یەکێکیـان بـگەیە ئەو مەبەسـتەی خـۆت دەتەوێ؟**

- من زۆرجار گوتوومە ، لای من لێکجیاوازن .. مـن وەکـو کوردێـک کە زمـانەکەم لەبەردەم هەڕەشـەدایە ، خـۆم لەبەردەم هەڕەشـەدام بە نەهێشتن ، بە جینۆسـاید ، لەبەر ئەوە شـتێک بەلای مـنەوە گرنـگ بـوو ، نـاوم لێنـابوو (خزمەتگـوزاری کولتـووری) ، یـا ڕۆشـنبیری .

من ئەوەنـدەی بە وەرگێڕانـی گەلگـامش ، یـان وەرگێڕانی سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی هـونەری شێوەکاری ماندووبووم ، بڕوا بـکە چـوار پێـنج ڕۆمانم وەردەگێڕا ، بەڵام پێموابـوو کتێبخـانەی کـــوردی پێویســـتی بەو چەشـــنە کتێبـــانەیە. ئێســـتاش کتێبخـــانەی کـــوردی زۆر هەژارە، ئێســـتاش زۆر لایەنـــی ڕۆشـــنبیری کـــوردی پێویستیەتی، بەڵام بە کوردی نییەتی، لە چـاو ئەو دەوڵەتانەی دراوسێ، بە تایبەتی بە زمانی فارسی کە هەموو شتێکیان وەرگێڕاوە کە ئەوە زۆر گـــرنگە. لای ئـــێمە هـــیچ پڕۆژەیەکـــی دەســـتەجەمعی ڕێکخـــراو نەبـــووە، هەمـــوو پڕۆژەکــان، پــڕۆژەی تاکەکســی بــوون، ئەوە خاڵێـک، لایەنەکەی دی وەکـو خـۆت ئامـاژەت پـــێ دا . هەرگیـــز داهێنـــان لە مـــرۆڤ جیاناکرێتەوە، ئێمە کە پێویستە داهێنەر بـین، پێویستە تەنیا لەسـەر کـاغەز داهێـنەر نەبـین، دەبــێ داهێنــان لە هەڵسوکەوتیشــمان ڕەنــگ بداتەوە . شیعر پیرۆزییەکی تێدایە، دەبێ ئەو پیرۆزییە لە ژیانی شیعریشـدا ڕەنـگ بـداتەوە . بـۆیە لە زۆر لە پـڕۆژە دڵـدارییەکانم کەسـێکی

غەشـيم بـووم ، ئـافرەت هەميشـە فێڵـی لـێ کردووم ، هەميشە دڵشـکاو و تێکشـاکاو بـووم لەو مەوزوعـانە ، چـونکە ئەو بە سـەيرکردنێک دێـتە پـێش ، مـن بەشـێوەيەکی ديـکە لێـی دەڕوانـم ، بـۆيە هەميشـە لەگەڵ ئـافرەت دۆڕاندوومە .

**پ: ئەی گەلگامش چی بەسەرهات ؟**

- گەلگـامش چيرۆکێکـی يـان وەکـو دەڵـێن ئەسـکەندەرنامەيەکە بـۆ خـۆی ، مـن پـێش ئەوەی بچـمە بەشـی شوێنەوارناسـی زانکـۆی بەغدا، گەلگامشم خوێندبووەوە .

زۆر لە دەقەکـانيم خوێنـدبووەوە، بە تـايبەتی وەرگێـڕانەکەی مامۆسـتا تەهـا بـاقر .. کە چـوومە ئەو بەشـە لە نـزيکەوە هەنـدێک لە برگەی ئەو دەقـانەم بە زمـانی ئەسڵی خۆيـان ديـت کە هەنـدێکيان بە زمـانی سـۆمەری نووسرابوون و هەندێکيش بە زمـانە کۆنەکـانی ديکە، خۆيشی لە بنچينەدا بە زمانی سۆمەری نووسـراوە، بەڵام هەنـدێک لە تـابلێتە

قورپینیەکـــان نەمـــاون ، یـــان هەتـــا ئێســـتا نەدۆزراونەتەوە بە زمانەکـانی دیـکە هەبـوون ، وەک چـۆن بڵێـی ئێسـتا دەقێکـی کـوردی بە فارسی هەبێ ، بەڵام بە کوردییەکەی نەبێ .
هەڵـــبەتە ئەوانە زۆر ســـەرنجیان ڕاکێشـــام ، پاشـان وەرگێڕانـی دیـکە هەبـوون ، مـن بیـرم کردەوەو بەڕاستی دەتوانم بڵـێم تـاقە داسـتانی مرۆڤـــاییەتیە کە قەت کـــۆن نـــابێ ، هەتـــا مرۆڤـــایەتی هەیە ، چـــونکە ئەو دەقە باســـی ململانێی بوون و نەبـوون دەکـات ، لەبەر ئەوە کە دەســـتم بە وەرگێڕانـــی کـــرد گـــوتم زۆر بە بایەخەوە دەستی دەدەمێ ، ئەو کـاتیش تـازە لە کۆلیژ تەواو ببـووم ، فیـرار بـووم ، وەزعـم بـاش نەبـوو ... زۆری پێـوە مانـدوو بـووم، بە قەڵەم ڕەساســـیش دەمنووســـیەوە ، چـــونکە ڕەشـــکردنەوەی ئاســـانتربوو ، تەبیعـــی زۆر خەریکی بووم ، ماوەی دوو سێ ساڵ خەریکـی بـــووم، ئەگەر لەو مـــاوەیە شـــتێکم نووســـیبا ، ئەگینـــا هەر خەریکـــی ئەو کتێـــبە بـــووم دەفتەرێکـــی چەنـــد لاپەڕەیـــی، وەک دەڵـــێن بەقەبارەی دەفتەری قەرزی دوکانـداران.. بەڵام

به داخێکـــی زۆرەوە لە شـــەڕی نـــاوخۆدا کتێبخانەکەم تالانکرا، جگە لە گەلگامش یەک دوو دەستنووسی دیکەم هەبوو ، تالانکران ، ڕاستیی زۆر لە خەمی ئەوانی دیکەدا نەبووم ، ئەوەنـــدەی لە خەمـــی گەلگامشـــدا بـــووم . برادەرێک دیتبووی گوتی خەتی تۆم ناسیەوە کرابـووە زەرفـی گـوڵەبەڕۆژە فرۆشـتن لەلای چایەخانەی قەرزاران دیتبووی ، کە گوتی بە قەڵەم ڕەساس نووسراوە ئینجا باوەڕم پێیکرد. زۆر چـوومە لای ئەو گـوڵەبەڕۆژە فرۆشـانە بـۆ ئەوەی هەر هـیچ نەبێ نیوەشـی کـۆبکەمەوە بەڵام بێ سـوود بـوو و جـارێکی دیکەش پـێم تەرجەمە نەکرایەوە و ناکرێتەوە .

**پ: نەژاد عزیـــز ســـورمێ ، بە کەســـێکی ناسیۆنالیســـت ناســـراوە، یـــا کەســـێکی ناسیۆنالیســـــــتە لە ڕووی دەرەوە، بەڵام دۆستایەتیەکی نزیکی لەگەڵ کەسـانی چەپ و مارکسیدا هەبووە ... ئەوە چۆنە ؟**

- هیـوادارم نەچێـتە قـاڵبی بەخۆنـازی ، بەڵام بڕوام پێ بکە من کە برادەرەکـانم هەڵبـژاردووە هەمیشـە ئەو بـرادەرانەم هەڵبـژاردووە لەگەڵـم گونجـاون ، مـن برادەرانـی چەپ لە قۆناغێکـدا زۆر لەگەڵیـــان هەڵدەســـتام و دادەنیشـــتم، خۆشت ئاگاداری ..

بەڕاســتی کە دەمــدیت لە لایەک مــیللەتەکەم، ڕۆشنبیری و خاکەکەم کەوتۆتە بەر جینۆسـاید لە تواناادا نەبـوو وانەبـین ، ئـێمە لەگەڵ ئەوان خـاڵی بەیەکگەیشـتنمان زیـاتربوو تـا لەگەڵ خەڵکی دیکە ، ئەوانیش (ئەو کـات ) زۆربەیـان مرۆڤی پاکژ بـوون ، ژێراوژێـر دەسـتیان لەگەڵ حکــوومەت و بەعســدا نەبــوو . لە ڕاســتیدا ئەوەنـدەم ئـازار بە دەسـت بەعـس دیـت، هەر یەکێـک دژی بەعـس بـووایە، ئەگەر هـیچم پـێ نەکرابووایە بـرادەرایەتیم دەکـرد، هەر بۆیەشـە برادەرایەتـــی ئەوانەم دەکـــرد، هەمیشـــە لە مەچکـۆ بـووایە ، یـا لە چاخانـەکانی دیـکە ، جێگاکانمـــــان ســــــنووردداربوو ، بەیەکەوە دادەنیشــتین ، ئەوە لە ڕووی دۆســتایەتیەوە، هەرچەنــدە لە ڕووی فکــریەوە زۆرجـــاران لە

گفتوگۆکانمــان نەدەگەیشــتینە یەکتــر ، بەڵام هــەرگیز نەدەگەیشــتە ئاســتی ئەوەی لە یەکتــر بتۆرێین ، یان زوێر بین .
کە دەشــڵێی ناســیۆنالیزم ، قەت ڕۆژێــک لە ڕۆژان گــوێم لــێ نەبــووە فیکــری ناســیۆنالیزم فیکرێکــی ئیفلــیج بــوو بــێ ، بە تــایبەتی بــۆ میللەتێکــی ژێردەســتی وەکــو میللەتــی ئــێمە ، بەڵام لەگەڵ فکــری ناسیۆنالیســتی تونــدڕەودا نەبوومەو نیم، کاتێ لە جنوب دوورخرابــوومەوە زۆرجار کە منداڵە عەرەبم بەبێ وەزعی دەدیتن لەسەر حاڵی خۆم بەزەییم پێیاندا دەهــاتەوە ، بەعــس هەمــووانی دەچەوســاندنەوە ، بەڵام بەشی کــورد لە چەوســاندنەوەکە دیــارە بەشــی شێر بوو ، لە هەمووان زۆرتر بوو ..

**پ: باشە دژایەتیکردنی کۆنە بەعسیەکان لای نەژاد مەســەلەیەکی مەبــدەئیە یــان میــزاجە ، چــونکە دەڵــێن نەژاد لەگەڵ هەنــدێک کــۆنە بەعسیش پێوەندەی خراپ نییە ، ئەمە ئەگەر وایە دژایەتی هەندێک کۆنە بەعسی بۆچی ؟**

- لەگەڵ هیچ بەعسیەک دۆستایەتیم نەبووە ، هەندێک شت هەیە زیاتر پرۆتۆکۆلیە، بۆ نموونە کەسێک دێ چی لێ دەکەی ؟ مەرحەبا دەکا جوابی دەدەمەوە ... بەڕاستی بەعسم بە حاڵەتێکی زۆر غەریب زانیوە لە کوردستان ، من زۆر منداڵ بووم ، هاتبوومە ماڵی نەنکم لە هەولێر ، لەسەردەمی حەرەس قەومییەکان ، ئەوەی کە دەیانگێڕایەوە چییان کردووە ، پاشان کتێبێکم دەسکەوت ئەوەی ئەوان لە ساڵی 1963 کردبوویان تەسەور ناکرێ . ئینجا دوای ئەوەی لە ساڵی 1968 هاتنەوە سەر حوکم ، ئەوەی لە دەستییان هات کردیان ، گوندیان لێ تێکداین ، من بۆخۆم هەشت نۆ جار لەو ماوەیەدا کار کەنارکرام .

ئێستا پێت دەڵێم من کە گیراشم لەسەر بەلاش گیرام ، هەڵبەت هەر ئەو برادەرانەی خۆمان ڕاپۆرتیان نوسیبوو ، گوایە کەسێکیان کوشتووە ، ئەو چەند کەسەی گیراین هیچمان دەستمان لەو مەوزوعانەدا نەبوو ، حوسێن عارف و ڕەووف حەسەن و عەبدوڵڵای بابەعەلی و حەمید عزیز وعەبدولا عەباس و

محمەد عەبدولخالیق و هەمـوو ئەوانەی پـێکەوە زیندانی کـراین ئەهلـی ئەو بابەتـانە نەبـووین ، بـۆیە هەمیشـە پێمواببـووە بەعـس جسـمێکی غەریب بووە ، بە پێچەوانەی حزبێکی ئـومەمی وەکو حزبی شیوعی ، شـیوعیەکان ئەگەر هـیچ فەزڵێکیان نەبێ ، فەزڵی ئەوەیـان هەیە کە لە پـاڵ پـارتی و کەسـایەتیی دیمـوکراتی دیـکە کوردیــان بە باشــوری عێــراق ناســاند ، واتە باشــوری عێــراق لە ڕێــگەی شــیوعیەکان و کەسایەتییە دیموکراتیەکانەوە زانیـان کـوردیش هەیە و نەتەوەیە و کێشەیەکی ڕەوای هەیە ... لەگەڵ هەندێ کەم و کوڕی و پارێزوەرگرتنیشم لە پرسی دیکە .

**پ: ڕۆژنامەگەریی کـوردی لەڕووی نـاوەڕۆک و هونەرییەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟**

- ئەگەر بە بیـرت بـێ ، کـاتی خـۆی جـێ زۆر کەم بوو ، بەڵام دیسان جێـی زۆربەمـانی تێـدا دەبووەوە ، ئینجا بە زەحمەت بێ ، یـا بە هەر شێوەیەک بێ .

(بەیان)ێــــک هەبـــوو ، (هاوکـــاری)یەک (کاروان)ێـک هەبـوو ، کە لاپەڕە یەک و دووت لـــێ لادەبـــرد، لاپەڕە ڕۆشـــنبیریەکانی تێـــدا دەمـــانەوە هەناســـەیەکیان تێـــدا بـــوو . لە بنچیـنەدا کـادیری ڕۆژنامەنووسـیی کـوردیی و خـــودی ڕۆژنامـەنووســـیی کـــوردی بەهێـــزی ئەدەب و ئەدەبیـانەوە دروسـت بـووە ، باسـی ئەوە نـــاکەین کە دەرچـــوونی ڕۆژنـــامەی کوردسـتان لە قـاهیرە پـاڵنەرێکی سیاسـی لە پشت بووە ، هەموو ئەوانەی کە ئەدیـب بـوون بیروباوەڕی سیاسیشیان هەبووە، ئینجا هاتوون ڕۆژنامەیان دەرکردووە ...

پاش ڕاپەڕین کەش و هەوایەکـی دیکە هـات ، خـۆت ئاگـاداربووی لە کـۆنگرەی نووسـەران لەگەڵ یەک دوو بـرادەر ڕۆژنـامەی کۆنگرەمـان لە ســێ ڕۆژی کـۆنگرەدا ڕۆژانە دەردەکـرد ، ئـــازادییەکی زۆر هەبـــوو ، بەڵام هێشـــتا ئەو زەمینەیە پەیدا نەببوو ڕۆژنـامە دەربچـێ ، ئەو ڕۆژنامەیە دەرچوو، دەتوانم بڵێم ڕۆژنـامەگەریی دوای ڕاپەڕیـــن تـــا ماوەیـــەکی زۆر ســـیفەتی ڕۆژنـــامەگەریی حزبـــی بەســـەردا زاڵ بـــووە ،

ئەمەش مانای ئەوە نییە ڕۆژنامەگەریی حزبی خراپە ، نەخێر قەت لەگەڵ ئەو ڕایانەدا نیم کە دەڵێن ڕۆژنامەگەریی حزبی خراپە ، چونکە پێموایە تا حاڵی حازر ئەو ڕۆژنامانەی بەناوی ئەهلی دەردەچن ، تارماییین ، نەک سیمای ڕاستەقینە .
ئەو بارودۆخە ئەزموونێکی دروست کرد لە ڕووی چەندێتیەوە ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون کە یەکەم جار بوو ، ڕاستە پێشتر چەند شتێکی سادە هەبوو ، بەڵام زمانحاڵی حکوومەت بوون ... دوای ڕاپەڕین بۆ یەکمجار ڕۆژنامەگەریی بینراو پەیدا بوو تا ئەو ئاستەی گەیشتە دانانی کەناڵی ئاسمانی .

**پ: بەڵام ئەوە لە ئاستی داواکاریدایە ؟**

- مەسەلەکە لێرەدایە ، ئێستا لە ڕووی چەندێتیەوە ڕۆژنامەو گۆڤار زۆرن بەڵام ڕێکنەخراون ، بە تێڕوانینی من ئەو زۆریە هیچ پێویست نییە ، بەڵکو دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە ، لەگەڵ چەند گۆڤارێکی هەفتانە هەبێ ،

لەلایەنی ڕۆشنبیریشەوە با هەموو ئەو کەنـاڵانە کـاری خۆیـان بـکەن ، وای دەبیـنم چەنـدی لە لایەنیی ڕۆشنبیرییەوە هەبـن خـزمەت دەکەن ، ئەگەر ئێســتاش نەیکــا لە دواییــدا دەیکــا و دەمێنێـتەوە وەکـو شـتی سیاسـی نیـیە بڵێـی ئەمڕۆ دەربچێ ، سبەی شتی دیکەی نوێ جێی بگرێتەوە .

**پ: بەڵام پێتــوانییە ئەگەر خــوێنەری نەبــێ جۆرێـک لە ڕەشـبینی لای خـوێنەر دروسـت دەبێ؟**

- بەڵێ ، بەڵام کێشەی دیـکەش هەیە ، یەکەم تــا ئێســتا لە وڵاتــی ئــێمە جوگرافیــای دابەشـکردنی ڕۆژنـامە وەکـو پێویسـت نیـیە ، دووەم ئێستا زۆربەی ڕۆژنامەکان لەسەر تـۆڕی ئەنتەرنێت دادەنرێن ، کە ئەوە شـتێکی باشـەو مەعقـولە . بەڵام لە ڕووی نـاوەرۆکەوە زۆربەی ڕۆژنامەکـان گوزارشـت لە بـابەتێکی دیـاریکراو دەکەن ، بۆیە بابەتەکان لە چەند ڕۆژنـامەیەک دووبــــارە دەبێــــتەوە ئێســــتا ئــــێمە

ڕۆژنامەنووسمان هەیە لە سێ چوار جێگا کار دەکا ، ڕەنگە ئەمە کاریگەری لەسەر تەواوی کارەکانی هەبێ و وەکو پێویست نەبن .

لە دوای ڕاپەڕینەوە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە رووی تەکنیکـــــــیەوە نەک نــــــــاوەرۆک پەرەسەندنێکی زۆری بە خۆیەوە دیوە ، ئێمە کە ڕۆژنامەکان دەخوێنینەوە وا دەزانین یەک ڕۆژنامە دەخوێنینەوە ، شتێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا نییە. بۆیە پێموایە ئەو ڕۆژنامانەی ڕۆژانەن بەسەر هەموویاندا زاڵ دەبن ، چونکە هەواڵی تێدایە ، کە بۆ خوێنەر گرنگە.

**پ: ڕایەک هەیە دەڵێ ئێمە ڕۆشنبیرمان نییە، بەڵکو خوێنەرمان هەیە کە دیارە خوێنەرو ڕۆشنبیر زۆر لێکجیاوازن ، ڕۆشنبیر پرۆژەی هەیە ، ڕای جـــادەی لەگەڵە ، ئایـــا ئـــێمە ڕۆشنبیرمان هەیە ؟**

- ئەگەر بەو پێوانەیە بێ لەوانەیە لە پەنجەی دەست تێپەڕ نەکەن . بۆ ڕۆشنبیر تا ئێستا تەرحێکی فیکریمان نەدیتووە کە بەلانی کەمی

له نـــاو ڕۆشـــنبیری کـــوردی ، نەک دەرەوە ، ببێتە بنەمایەک .
بـــۆ نمـــوونە لە حەفتاکـــان لە میســـرو چەنـــد جێیەکـــی دیـــکە بە نمـــوونە نووســـەرێکی وەک (سادق جلال عەزم) و (محمود امین العـالم) و خەڵکـــــی دیـــــکەش مەســـــەلا بە لایەنـــــی ناسیونالیستی، ئیسلامی هەبوو ، بەم دواییەش (نەسر حامد ئەبـو زێـد) و کەسـانی دیـکە، لە نـاو کـورددا تەنهـا (مەلا شـوکر) و (مەسـعود محەمەد) دەتوانین ناوی بیریاریان لێ بنێین ، ئەویـش هەنـدێک جـار ، هەمـوو جـاران نـا ، ڕەنگە لێتۆژ و نووسەری چاکمان هەبن ...

**پ: بەڵام ئەوانە پرۆژەیان هەبوو ؟**

- ڕەنگە مامۆستا مەسـعوود محـەمەد هەیبـوو بێت ، بەڵام ئەو هەمیشە نوخبەی دەدوان واتـا زۆر تایبەت بوو ، چ لە نووسینی کوردیـدا ، چ لە عەرەبیدا تایبەتمەندیەکی پێـوە دیـار بـوو . بەڵام زمـانزان و نووســەر و شــاعیرمان هەن ، ڕۆژنامەنووسیش تاڕادەیەک دەتوانم بڵێم ئێستا

40 تـا 50 ڕۆژنامەنووسـمان هەبـێ ، مـومکینە برادەرانی سەندیکاش بەو قسەیەیە دڵگران بن، بەڵام خـۆ ڕۆژنـامەنووس هەر ئەوە نـیـیە بچـێ دیدارێک یا ڕیپۆرتاژیک بکا .

ئێمە لە ئەدەبی کۆن بیریارمان زیـاتر بـووە لە ئێسـتا ، بـۆ نمـوونە شـاعیرێکی وەک خـانی بیرمەنـد و فەیلـەسـوفیش بـووە ، جزیـری عاریف و فەیلەسوفێکی گەورە بووە ، مەحوی، نـالی ، حـاجی قـادر ، بەڵام ئێسـتا کەسـێکی وەهـا نیـیە پڕۆژەیەکـی هەبـێ هەر هـیچ نەبـێ دەستەڵات نەتوانێ پشتگیری نەکات .

**پ: ڕایەک هەیە دەڵـێ ڕۆشـنبیر ئەگەر پڕۆژەشـی هەبـێ ، بەڵام لەبەر ڕۆشـنبیرە هەلپەرسـتەکان (هەنـدێک لەوانەی کە ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ دەسـەڵاتن) ، پڕۆژەکـانی ڕۆشنبیر پشتگوێ دەخرێن .. تا چەند لەگەڵ ئەم ڕایەی ؟**

- هەمیشە دەڵێن ، عاقڵەکان پلان بۆ شـۆڕش دادەنـێن ، شـێتەکانیش جێبەجێـی دەکەن، هەلپەرسـتەکانیش بەرەکەی دەخـۆن ، ئەوە

قســـەیەکە لە کۆنـــدا گـــوتراوە ، بمـــانەوێ و نەمانەوێ مەسـەلەکە ململانێـیە ، ئەو کەسـەی پڕۆژەیەکـی هەیە ، دەبـێ ڕێگاکـانی ململانــێ بزانـێ ، چـونکە بەشـێکە لە پـڕۆژەکە ، ئەگەر تـۆ نەزانـی لە کوێـوە دەسـت پـێ دەکەی و لە کوێوە کۆتایی پـێ دێنـی ، بێگومـان پـڕۆژەکە سـەرناگرێ ، لەبەر ئەوەی ڕێگـای گەیانـدنت لەسەرخۆیە ، ناتوانی بیگەیەنی .

**پ: جاری وا هەیە دەشـکات ، بەڵام جێبەجـێ نـاکرێ ، لەو بـارەوە محمـود ئەمـین العـالم قسـەیەکی هەیە دەڵـێ (ڕۆشـنبیرو دەسـەڵات قەت پێکناگەن)...**

- مـــن پێمـــوانییە ڕۆشـــنبیرو دەســـەڵات نەگەنەیەک، چـونکە بەرژەوەنـدی هاوبەشـیان هەیە ، مـادام دوولایەن بەرژەوەنـدییان لەگەڵ یەک هەبــێ بەیەکــیش دەگەن ، ڕۆشـــنبیرو دەسـەڵات پێویسـتیان بە یەکتـر هەیە ، بەڵام خـاڵی بەیەکگەیشـتن و خـاڵی لێکتـرازانیش لە نێوانـدا هەیە ، تـۆ دەتـوانی شـتێک بـکەی

بەنسبەت دەسەڵات من پێموایە هەلومەرج زیاتر دەور دەبینێ ، ڕەنگە ڕۆشنبیری توندڕەو بڵێن ئەوە پاساو دەهێنێتەوە ، لەبەرئەوە ڕۆشنبیری دەسەڵاتە . کاکە من حاڵی حازر ڕۆشنبیری دەسەڵاتم ، واتا لەگەڵ دەسەڵات ئیش دەکەم ، ئەمەش عەیبێکی تێدانییە ، مادام دەسەڵات بە دەسەڵاتێکی نیشتمانی دەزانم.

**پ: بەڵام لەوانەیە ڕۆشنبیر هەبێ دوورخرابێتەوە ؟**

- ڕەنگیشە خۆی ، خۆی دوورخستبێتەوە، ئەوەشیان هەیە. کە دەڵێم ڕۆشنبیری دەسەڵاتم بە مانا خراپەکەی ناڵیم ، پێموایە ئەزموونێک لە کوردستان بەرقەرارە ، ڕاستە کەم و کوڕی و کون و کەلەبەری هەیە ، هیچ ئەزموونێکیش لە دونیادا بێ کەم و کوڕی نییە، بە چاوپۆشین لەو کون و کەلەبەرانە و لە دەرەوەی ئەو مەوزوعانە، ئەگەر ئەو ئەزموونە فەشەل بێنێ ، هەموومان فەشەل

دێنـــــین بە پڕۆژەکانیشـــــمانەوە، ئەوەنـــــدە دەمێنێـــتەوە بڵێـــین وام گــوت ، وام نەگــوت ، بەبـــێ ئەوەی خۆمـــان لە مـــوزوعەکە بەشـــدار بـــووبین ، ئەمـــڕۆ ڕۆژی ئەوەیە ڕۆشـــنبیر بە هەرشێوەیەک بێ دەبێ بەشـدار بێ .. ڕاسـتە ئێســـتا کـــۆنەهین هەیە، کـــۆنە فـــلان هەیە و لەگەڵت کاردەکەن ، بەلام تۆ نـاتوانی هێڵێکی ڕاســــــت و چەپ بەســــــەر ئەو وەزارەت و فەرمانگـــانە دابێنـــی ، لەبەر ئەوەی لەوانەیـــە پێویستمان بەو تەکنوکراتانە هەبێ ..
جـــارێکی دیـــکە دەیڵـــێمەوە بە ئەزمـــوون بـــۆم دەرکەوت ڕۆشـــــنبیرو دەســـــەلات خـــــاڵی بە یەکگەیشـــتن و خـــاڵی لێکترازانیشـــیان هەیە ، دەنا پێشتر دەمگوت ئەو دووانە هێڵـی تەریـبن لەگەڵ یەک دەڕۆن و خـــاڵی بە یەکگیشـــتنیان نیـــیە بەلام ئێســـــتا دەبیـــــنم لە زۆر خـــــاڵ بەرژەوەندیشیان لەگەڵ یەک هەیە .
**پ: بەلام زۆر لە ڕۆشـنبیرەکانی عەرەب لەوانە محمود ئەمین عالم تەکید لەسەر ئەوە دەکا کە هەر کاتێـــک ڕۆشـــنبیر بەرژەوەنـــدی لەگەڵ**

**بەرژەوەنـدی دەسـەڵات گەیشـتەیەک ، ئەوە کۆتایی ئەو ڕۆشنبیرەیە ؟**

– ئەو بە مـوتلەقی گوتـوویەتی ، ئەگینـا مەرج نییە . ڕاستە ئەوان ئەزموونێکی تاڵیـان لەگەڵ دەسـەڵاتی خۆیـان هەیە ، لەبەرئەوەی عەرەب چەنـدین دەوڵەتیـان هەیە ، ئـێمە تـا ئێسـتا نێودەوڵەتیشمان نییە ، هەمـوو ئەو دەوڵەتـانە ئاسایشیان هەیە ، دەزگای هەواڵگرییـان هەیە، هەڵـبەت ئەوانـیش ململانێیـان لەنـاو خـودی خۆیاندا هەیە ، بۆیـە ئاسـاییە کەسـێکی وەکـو محمـود ئەمـین ئەو قسـەیە بکـا ، بەڵام ئـێمە هەتـا ئەو لەحـزەیەی قسـەی تێـدا دەکەیـن کیانێکی سەربەخۆمان نییە .

**پ: ئەوە پاساوێک نییە بۆ دەسەڵاتی کوردی کە دەڵـێ ئەزموونەکەمـان لە مەترسـیدایە و نابێ کەس قسە بکا و ڕای هەبێ ؟**

ـ نا ، ئەوە بەو مانایە نییە . من پێمـوایە هەر کاتێک دەسەڵات گوتی نابێ کەس قسـە بکـا و

ڕای هەبێ ، ئەگەر ناڕاستەوخۆش وا بڵێ ، پێشتر حوکمی ئیعدام لەسەرخۆی ، ئینجا لەسەر ڕۆشنبیرەکانی دەدا .

**پ: تۆ باست لەوە کرد دەبێ ڕۆشنبیر هاوکاری دەسەڵات بکات ، ئەو هاوکارییە چۆنە؟**

– نەخێر من وام نەگوتووە ، بۆ ئەوەی بە هەڵە نەچینە ناو بابەتەکە . من گوتم ڕۆشنبیرو دەسەڵات بەرژەوەندییان لەگەڵ یەک هەیە و خاڵی بەیەکگەیشتن و لێکترازانیشیان هەیە . بەڵێ زۆر خەڵک هەیە بە مەبەستێکی تایبەتی خۆی لە دەسەڵات نزیک دەکاتەوە ، نزیکیەکەیان بەڕادەیەکە دەگاتە ئاستی ئەوەی پێی دەگوترێ ماستاوساردکردنەوە ، پێموانییە دەسەڵات ئەو داوایە لە ڕۆشنبیری ڕاستەقینە بکا .

**پ: پێتوانییە ئەو ڕۆشنبیرانەی لەگەڵ دەسەڵاتدان تا ئاستی کەڕوڵاڵ ، لە ڕووی**

**مەعنەوییەوە کوژراون پێش ئەوەی بە جەستە بکوژرێن ؟**

- ئەوە دەمێنێتەوە سەر کەسەکە خۆی ، نموونەیەکم لەبەر دەستدا نییە تا بڵێم ئەوە بە تەواوی لەگەڵ دەسەڵاتدایە ، پێموانییە نووسەر ئەگەر بیەوێ ڕێز لە قەڵەمەکەی خۆی بگرێ ، دەبێ دژی دەسەڵات بێ ئینجا ڕێزی لێ گرتووە ، هەڵبەت ئێمە باس لە دەسەڵاتی نیشتمانی خۆمان دەکەین ، خۆ ئەگەر دەسەڵاتێکی وەکو بەعس بێ ، بێگومان تۆ دەبێ بەرامبەری بوەستی ، چونکە ئەوە بەشێکە لە ئەرکی تۆ ، بەڵام ئێمە قەت نەتوانین نموونەیەکی وەکو دەوڵەتە عەرەبیەکان بەسەر خۆماندا بسەپێنین ، لە کوردستان قەت ئەوە نەکراوە کە لە وڵاتی تورکیا بەرامبەر ڕۆشنبیران کراوە ، کە خۆی بە وڵاتێکی دیموکراسی دادەنێ و داواش دەکا بچێتە کۆمەڵگەی ئەورووپی.

**پ: با بێینە سەر نیوەی دووەمی هەشتاکان و سەرهەڵدانی ناوی تەلیعیەت ، قسەیەک هەبوو**

**زۆر دەوتـــــرا ، کە دەســـــتێک لە پشـــــت تەلیعیەتەکـانە ، تـا ڕەمـزیەت و عەبەسـیەت قووڵ بـکەنەوە و لە نـاوەوە مـرۆڤ بڕوخـێ و هیچ ڕۆحی شۆڕشگێری تێدا نەمێنێ ؟**

- خۆی لەوانەیە ئەوهاش بە تەگبیر نەبوو بـێ، چونکە ئەو کەسانەی بەو مەسارەیدا ڕۆیشتن ، ئەو خەڵکـانەی ئەو (پـڕۆژە)یـان بە دەسـتەوە بوو کە ناویان لێنـابوو پـڕۆژە ، بە دیتنـی مـن ئەو کەسانە بوون ئەوەی من و تۆ دەیانناسین، لەوانەیە لەگەڵ ئەو بۆچـوونەی کە تـۆ گوتـت زۆر شت دەگرێتەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان ، بـابڵێین شـکلانییەکان ، ئەوانـیش لە دۆخێکـی دیـــاریکراودا ، ئاینـــدەخوازەکان ، مـــارینتی ، هەتـا بەو ڕادەیەی نـازم حـیکمەت بە مـارینتی دەڵـێ شـێت و شـوور ئینجـا بشـکێنیەوە سـەر بوارەکانی شێوەکاری و مۆسـیقا ، وای دەبیـنم ئەگەر شتێکیش لە پشت ئەو موزوعە هەبووبێ بەو لێکـــدانەوەیە نەبـــووە ، بەڵام لە هەمـــان کاتیشدا جۆرە وەسـتانێک هەبـوو کە خەڵکێـک وای دەبینـــــی بەو شـــــێوەیە ئەو وەســـــتانە

دەشـلەقێنێ ، بەهەر حـاڵ پێمـوانیە گـۆمەکە شلەقابێ .. ئەو دەقـانەی کە ئـێمە بینیمـان و بڵاوکرانەوە لەوانەیە هەندێکیان شـیعر بـووبن ، بەڵام بیریشــمان نەچــێ شــیعر هەیە و شــتی دیکەش هەیە . ڕەنگە هەموو یان هەنـدێک لەو تەیـار و ڕێبـازە ئەدەبیـانە هەتـا لە ئەوروپـاش جـاری وا هەبـووە دەسـەڵاتی لە پشـت بـووە ، بەڵام بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ . لەسـەرێکی دیــکەوە ئەو تەقلیــدەی کە برایــانی چەپ لە پێش هەمووشیانەوە حزبی شـیوعی هێنایـان ، بەڕاستی شـتێکی زۆر دۆگمـابوو ، ئـاخر باشـە کامە لەوحە خزمەتی کرێکـار و جووتیـار دەکـا یــاخود شــتی لەو بــابەتە ، کە مەســەلەیەکی جەمالییە .

**پ: ئەو کاتە هەموو شتێک تێکەڵی سیاسـەت بوو بوو ...**

- ئـاخر ئەوەیە مـن پێشـتریش پـێم گـوتی کە ئێمە زۆر شتمان لە شیعر دەویست ، دەبـووایە

شیعر باسی کۆمەڵایەتی بکا ، باسی سیاسـەت بکا باسی سندان و قوزەڵقورتیش بکا ..

**پ: زۆرجاران باسی دیناسۆری ئەدەبی دەکرا ، بە تایبەتی لە ساڵانی هەشتاکان ؟**

- خـۆی دیناسـۆر ڕەمـزێکە ، دیـارە دیناسـۆر گیـانلەبەرێکە ئینقـرازی کـردووە و نەمـاوە ، لەبەرچی ئینقرازی کردووە ؟ ئەگەر حەیوانێـک بـووایە و خـۆی بگونجانـدبووایە و بیتوانیبـا لەگەڵ سـەردەم هەڵبکـا وای لـێ نەدەهـات ، مشـکی سـەگبابخێو خـۆی گونجانـد و مـایەوە دیناسۆر عەقڵێکی بچووک و جسمێکی گەورەی هەبوو ، ئەوە ڕەمزێکی ڕوونە و هـیچ پێویسـت بە شیکردنەوە ناکات .

**پ: کە عەولەمە هاتە ئاراوەو سۆڤیەت ڕووخـا گوتیـان مارکسـیەتیش ڕووخـا .. پێتـوایە ڕووخـانی سـۆڤیەت هەرەسـهێنانی مارکسـیەت بوو ، یان ڕووخانی نیزامێکی سیاسی بوو ؟**

- ماركسیەت ، ئەگەر بێتو وەکو خۆم و ژیانی خۆشـــم تەبەنیـــی نەکەم ، بەڵام فیکرێکـــی خەلـلاقە ، ئەسـڵەن سـۆڤیەت لە مارکسـیەت لایـــدا بـــوو بـــۆیە ڕووخـــا ، چـــونکە ئەوان گەیشـتبوونە بنبەسـت . بـا نموونەیەکـت بـۆ بگێڕمەوە ساڵی 1991 لە شەقڵاوە د. جمشـید حەیـــدەری بـــابەتێکی لە بـــارەی کوردەکـــانی سـۆڤیەت پێشـکەش کـرد، مامۆسـتا عەزیـز محەمەدیـش لەوێ بـوو دانیشـتبووین . کـاک جمشید وەزعی کوردەکانی ئەوێی باس کرد کە چییان پێ نەکراوە و چیـان لـێ نەکراوە ؟ بە ڕێـکەوت لەگەڵ بـرادەران چـوینە لای مامۆسـتا عزیـز مـحەمەد لە بارەگـای حزبـی شـیوعی ، ئەوسـا لـە شـەقڵاوە مامۆسـتا عزیـز سـکرتێری حزبی شیوعی عیراقی بـوو ، کە خۆشـت لەوێ ئامادەبووی .

**پ: هەر خۆم مەوعیدەکەم وەرگرتبوو .**

- دەباشە ، گـوتم مامۆسـتا باشـە ئێـوە چەنـد سـاڵە ئەوەتـان لە ئـێمە شـاردبوەوە ، گـوتی

کاکە وەڵڵا ئەوها بووە .. باشە سۆڤیەتێکی وا گەورە ، مانای چی وا لە میللەتێکی قوڕبەسەر بکـا کە لە چ جێیـان کیـانێکی نیـیە ، ئینجـا وەکـــو مامۆســـتا عزیـــز مـــحەمەد دەیگـــوت (سورگومیان کردبوون..) هەڵـبەت کە یەکێتـی ســۆڤیەت گەیشــتە بنبەســت ئەوەنــدە لەبەر عەولەمە و ئەو شـتانە نەبـوو ، بەڵکـو مەوزوع پێداویســـتی ســـەردەمە ، ژیـــانە ، کچێکـــی سـۆڤیەتی یـان کـوڕێکی سـۆڤیەتی بـۆ هەقـی ئەوەی نەبــێ کــاوبۆیەک لەبەر بکــا ، ئەگەر کــاوبۆی لەبەر کــرد دونیــا دەڕووخـــێ ؟ لە حاڵێکـدا ئەو هەمـوو بـودجەیە بـۆ مەسـەلەی جاسوسی خەرج دەکـرا ، ئەو هەمـوو پـارەیەی بۆ چەکی نەوەوی سـەرف دەکـرا ، لە کاتێکـدا سـرە بـۆ نـان و شـەکر دەگیـرا ، خـۆ ئێسـتا باشتر نییە، بەڵام ئەوە واقیعێک بـوو ، ئێسـتا ڕووسیا دەیەوێ وەکو جاران خۆی بکـاتەوە بە کەڵەگا بەسەر ئەوانی دیکەدا ..

وای دەبینم فیکری مارکسی هەمیشـە مەوجـود بووە ، بەڵام کە ئەوە دەڵـێم مانـای ئەوە نیـیە پشتگیری برایانی چەپ دەکەم بەو وەزعەی کە

ئێستا تێیدان ، باشە ئەوە 70 ساڵ زیاترە حزبی شیوعی هەیە، بۆ وایە ؟ ئەوە پرسیارە. کە پێویست بوو حزبی شیوعی کوردستان دابمەزرێ ، دانەمەزرا ، گوتیان ئومەمیەتە و باسی نەکەن ، وەختێک دامەزرا مەوزوعەکە کۆتایی هاتبوو ، ڕەنگە برادەرانیش پێی دڵگران بن ، بەڵام بڕوا بکە من بە شەماتەتەوە واناڵێم ..

**پ: هەر چەندە شیوعیش نەبووی ، بەڵام با بپرسم بۆچی نەتوانراوە مارکسیەت تەرجەمە بکرێ بۆ ژیان و ڕێکخستنی ژیان ، لە کاتێکدا مەنهەجێکی ڕوونە ؟**

- تەرجەمەکردن بۆ خۆی فیکری گەورەی دەوێ ، خەڵکی خۆی دەوێ ، با بگەڕێینەوە سەر حزبە شیوعیەکان ، یەکێکی وەکو ترۆتسکیان کوشت ، نازانم بلیخانۆفیان چی لێکرد ، باشە خۆ ئەوان بە حیساب بیرمەندبوون و هی خۆیان بوون ، هەروەها تەسفیات لە ناو حزبە شیوعیە عەرەبیەکانیش

زۆر بوو ، یان لە ناو حزبی تودەی ئێرانی ... بمانەوێ و نەمانەوێ لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا ، ئینسان دەبێ چاو لە زۆر شت بپۆشێ ، واقیعبینانە واقیعی خۆی بخوێنێتەوە، تێگەیشتنی بۆ مێژوو و جوگرافیا و واقیعی خۆی هەبێ ، ئینجا دەتوانێ هەڵسوکەوت بکا ، هەتا حزبە شیوعیە عەرەبیەکانیش تووشی ئەو وەزعە بوون .

**پ: بەڵام ڕایەک هەیە دەڵێ نەک تەنها حزبە شیوعی و مارکسیەکان لە تەنگەژەدان ، بەڵکو حزبی نەتەوەیی و ناسیونالیستیش لە قەیراندان ، لەبەر ئەوەی ناتوانن میللەتێکی بچووکی لەگەڵ بژی ، هەمیشە چەوساندویەتیەوە .**

- لەو ڕوانگەیەوە من زیاتر باوەڕم بە ڕۆڵی تاک هەیە ، تەماشای هەموو میللەتان بکە ، تاکەکان دەوریان تێدا هەبووە ، لە سەرکردایەتی و لە پرۆسەی ڕزگاریی

نیشــتمانی.. ئەوەتــا لە ئیتاڵیــا دیتمــان لە سەرەتادا گاریبالدی یەکیخستبوو ، دوای ئەوە لە بەڵقان (تیتۆ) هات ، لە ئەڵمانیا بسمارک ، لە ڤێتنــام هۆشـی مـنە ، لە چـین ماوتسـی تۆنگ ، لە لای ئـێمە مەلا مستەفای بارزانی ، بەڵام ئێســتا ئەمەی کە پێــی دەڵــێن عەولەمە واقیعی حـاڵە . زۆر کەس دەڵـێن تاکجەمسـەر، مــن پێمــوانییە وا بــێ ، بە نمــوونە ئێســتا ئەمریکــا عێراقــی پــێ زەبــت نــابێ ، ئەدی تاکجەمســەریەکەی لە چیـدایە؟ ئەمـڕۆ هێـزی دیـکە هەیە ، ئەوروپـا لەگەڵ ئەو جیاوازیـانەی هەیەتـــی ، هێـــزێکە ... زۆرجـــار گوتـــوومە مەمنونی وڵاتی چینین کە ئەو خەڵکانە بەخێـو دەکـــا ، نـــائێن بەســـــەرمان وەربـــــن، سەرکردایەتیەکی حەکیم نەبێ ئەوان ڕێک بخـا ، بـــێن وەکـــو ســـن و کیســـەڵە و کـــوللە، خواردنەکەی ئێمەش ناهێڵن ، ئەمریکا ناچـارە موجامەلەیـان بکـا ، وەکـو ڕووسـیا هەرچەنـدە هەمووومان دەزانـین ڕووسـیا لە چ دۆخێکدایە ، بەڵام دەبـێ حیسـابی بـۆ بکـا ، لەسـەردەمی نوێدا ئەو مۆدیلەش نەماوە بە شەڕ حیسـاباتی

خـۆت یەکـلا بکەیـتەوە .. مەسـەلەی ڤێتنـام هەلومەرجی خۆی هەبوو ..

**پ: پێتـوایە لە ئێسـتادا ڤێتنـامێکی دیـکە بەرامـبەر ئەمریکـا دروسـت دەبـێ کە بـووەتە تەڕەزانی جیهان ؟**

- ئەوان گریمانەیـان هەیە ، وەکـو چـۆن لە شـانۆی ئەزموونیـدا گریمـانە هەیە . ئەوان ئەوەندە گریمانە تاقی دەکەنەوە ئەگەر یەکیـان سـەرنەکەوت ئەوی دیـکە تـاقی دەکەنەوە . دەوڵەتـی ئەمریکـا دەوڵەتێکـی دامەزراوەیـیە ، لەبەر ئەوەی بە پـلان ئـیش دەکـا ئەوان ئەو قۆناغەیـان بڕیـوە ... ئێسـتا لە نـاو خـودی ئەمریکا هونەرمەنـدەکانیان ئـارەزووی هـونەری ڕۆژهەڵات دەکەن ، مادۆنـا شـیعری جەلالەدیـن ڕۆمـی کـردووەتە گـۆرانی ئینجـا بیـری لـێ بکەوە ..

کە ئەمەش لە ڕووی کولتووری و شارستانەتـی مرۆڤـایەتییەوە قسـەی زۆر هەڵـدەگرێ و حـەفت و هەشتی زۆر دەوێ .

## نەژاد عزیز سورمێ:
# بایەخدان بە چالاکی بەرپرسان ڕۆژنامەگەریی کوردی ئیفلیج کردووە

**ئامادەکردنی :نورەددین سەعید وەیسی**

**(نەژاد عزیز سورمێ) ناوێکی دیاری ئەمڕۆی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردییە و هەر لە تافی لاوێتیشییەوە خولیای ئەم کارە پڕ لە سەرئێشە بووە ، بەتایبەتیش کاتێک لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی ، لە شارۆچکەی (گەڵاڵە) ی ناوچەی باڵەکایەتی لە پاڵ چەند چالاکییەکی ڕۆشنبیریی و هونەری جۆراوجۆردا**

**گۆڤـــاری (بەرەو ڕووناکی)یـــان دەرکـــردووە. بە مەبەســـتی هەڵـــدانەوەی چەنـــد لاپەڕەیەکـــی بیرەوەرییەکـــانی دەســـپێکی هـــاتنە نێـــو بزاڤـــی ڕۆژنامەگەریی و دیدو سەرەنجی سەبارەت بە ئەوڕۆی ڕۆژنامەڤـــانیی کـــوردی ، گۆڤـــاری (نـــوێ) ئەم هەڤدیتنەی لەگەڵ کاک نەژاد کرد ، کە ئێستا بەرپرسی دەزگـای ڕۆژنامەنووسـیی (برایەتی و خەبات)ـە.**

## * بیـــرۆکەی دەرکردنـــی گۆڤـــاری (بەرەو ڕووناکی) لە گەلاڵە چۆن سەریهەڵدا؟

- نـــاوچەی باڵەکـــایەتی هەمیشـــە نـــاوچەی شۆڕشی کورد بووە و بە هەمـوو توانایەکیشـی لە خزمەتـی شۆڕشـدا بـووە ، بەتـایبەتیش لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولـدا کە سـەرکردایەتی شۆڕشی لێ بوو ، بارەگای ئێـزگە و ڕۆژنـامەی (خەبات) و گۆڤاری (دەنگی پێشمەرگە) .

ڕاستی ئێمە کۆمەڵە قوتابییەک بووین چەنـدان چـالاکی ڕۆشـنبیریی و هونەریمـان هەبـوو ، لەوانە تیپێکی نواندنی شانۆییمان هەبوو چەنـد شـــانۆگەریەکمان پێشـــکەش کـــرد ، کە لە

زۆریانـدا وەکـو نووسـین ، تەنـانەت نوانـدنیش بەشـــــداربووم ، هەروەهـــــا لەو کـــــاتەدا (پانتۆمـایم)م نووسـی و پێشکەشـمان کـرد ، بێجگە لە کـۆڕاڵێکی مۆسـیقا کە لە 18 کـوڕ و 16 کچ پێکهاتبوو ، لە ئاهەنگەکانی وەک 16ی ئاب و دامەزراندنی یەکێتـی قوتابیـان و لاوانـی کوردسـتان بەشـداریمان پـێ دەکـرد ، لەگەڵ قوتابیانی تـری دەڤەرەکەش بەتـایبەتی ڕوانـدز هاوکاریمان هەبوو ، هەندێجار ئاهەنگیشمان بە یەکەوە سـازدەکرد ، سـەرەڕای ئەو چـالاکییە هونەرییـــانە ، لە قوتابخانەشـــدا بڵاوکـــراوەی دیواریمان هەبـوو کە زۆر کەس بەشـداری تێـدا دەکرد.

بـۆ گۆڤـارەکەش ئـێمە کـۆمەڵە لاوێـک بـووین بیرمـــان لەوە کـــردەوە گۆڤارێـــک دەربکەیـــن ، ئەوەبوو گۆڤاری (بەرەو ڕووناکی)مان دەرکرد، دیارە ئـێمە هـیچ توانـا و ئیمکانـاتێکی دارایـی پێویسـتمان نەبـوو ، بەڵام بەهـۆی خوولیـا و حەزی خۆمــــان و ســــووربوونمان لەســــەر دەرکردنــــی ئەم گۆڤــــارە ، لە نێوخۆمانــــدا یارمەتیمـان کـۆدەکردەوە ، پاشـان مەکتەبـی

سیاسیش یارمەتییەکی بچوکی داین ، لێرەدا ناکرێ یارمەتی و پشتیوانی مەعنەوی مامۆستا فرەنسۆ هەریری کە ئەوکات قائیمقامی قەزای چۆمان بوو لە یاد بکەین ، کە هەردەم ڕۆحیەتی یارمەتیدانی گەنجانی تێدا بووە.
لە گۆڤارەکەدا من سەرپەرشتی چاپکردنم دەکرد لە چاپخانەی کوردستان لای ڕوانشاد مامۆستا گیوی موکریانی ، بەنیازیش بووین گۆڤارەکە بکەینە مانگانە ، بەڵام بەداخەوە بەهۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ گۆڤارەکە وەستا.

*** چەند ژمارەی لێدەرچوو؟**

- (بەرەو ڕووناکی) ڕۆشنبیری گشتیی بوو ، تەنها 3 ژمارەی لێ دەرچوو ، ڕەنگە ئەگەر شەڕ نەبووایە ، تا ئێستاش بەردەوام بووایە ، چونکە حەماسێکی زۆر بۆ دەرکردنی هەبوو.

*** پێش دەرکردنی ئەو گۆڤارە چالاکیی ڕۆژنامەنووسیت هەبوو؟**

- کۆمەڵێک وتار و ڕاپۆرت و دیمانەی ڕۆژنامەنووسیم لە ڕۆژنامەی (برایەتی)دا بڵاوکردبوونەوە ، دواتریش بوومە پەیامنێری دەنگی کوردستانی ئێراق ، کە بە شاهیدی زۆر کەس من یەکەم کەس بووم وەک پەیامنێری جەنگ ، لە مەیدانەکانی شەڕ و نەبەردییەکانی پێشمەرگەدا چەندین ڕاپۆرت و دیمانەم ئامادە کردووە ڕۆژانە دوای هەواڵەکان لە ئێزگە بڵاودەکرانەوە .

*** ئەی چۆن تێکەڵاویت لەگەڵ هونەردا پەیدا کرد؟**

- هەر لە منداڵییەوە ، ئارەزووم لە هونەری شێوەکاری بوو ، زۆر هونەرمەندی نیگارکێش لە ناوچەکەی ئێمەدا بوون کە یەکێکیان هونەرمەند عزیز سەلیم بوو هەروەها هەندێ هونەرمەندی خۆڕسکی وەکو هونەرمەند سوڵتان شیوەزوری ، ئیدی بەو هۆیەوە زیاتر لەو هونەرە نزیک بوومەوەو پتر ئاشنای بووم، هەرچی تایبەت بە هونەری کۆلاژە بەهۆی

ڕۆژنامەگەرییەوە ئارەزووم کەوتە سەری ، هەر لە بەشداریکردن لە بڵاوکراوەی قوتابخانەکانیش حەزی دەرهێنانی ڕۆژنامەگەرییم لا دروست بوو.

*** هەرچەندە پرسیارێکی کلاسیکیشە ، بەڵام وەکو ڕۆژنامەنووسێک ئەمڕۆی ڕۆژنامەڤانیی کوردی چۆن دەبینی؟**

- ڕۆژنامەگەریی کوردی بەتایبەتیش لەباشووری کوردستان لە ڕێگەی ئەدەبەوە دروست بووە ، هەرچەندە نکۆڵیش لەوە ناکرێت کە دوای ڕاپەڕین خەڵێک دروست بووە سەرەدەرێک لە کاری ڕۆژنامەوانی دەربکا ، بەڵام هێشتا ماویەتی ، چونکە تا ئێستا چەندین گرفتمان هەیە ، لە ڕووی تیراژ و دابەشکردن و دەرهێنانی هونەری ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئێمە تا ئێستا گوتارێکی ڕۆژنامەگەریی ئەوتۆمان نییە بتوانین بەبێ لایەنی مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا بکەین ، ئێمە هەموومان تا ئەو کاتە

دیموکراتین خۆمـان نەگـرێتەوە ، دەبـێ بڵـێـین شەڕی نـاوخۆش ئاسـتەنگێکی گەورەی بەردەم گەشەکردنی ڕۆژنامەگەریی بوو لە کوردستاندا.
ڕۆژنامەگەریی کوردی تا ئێسـتاش هەر مـۆرکی ئەدەبـی بەسـەردا زاڵە ، کەچـی لە ڕۆژنامەگەریی پێشکەوتووی دنیادا دەمێکە ئەم مەسـەلەیە نەمـاوە ، تەنـانەت لە لاپەڕەی ڕۆشنبیریشـدا نـابێ هەر تەنیـا دەقـی ئەدەبـی بڵاوبکـرێتەوە ، بەڵکـو دەبـێ لێکـدانەوەو موعـالەجەی ڕۆژنامەنووسـیانەی بـۆ بکرێـت ، ڕۆژنـامەگەریی ئێسـتای دنیـا ، هەواڵ و شـرۆڤەکردنە ، کەچـی لێـرە کەمتـر گرنگـی بە هەواڵ دەدرێ ، ئەو هەواڵانەی بڵاویـش دەکـرێنەوە هەواڵ نـین ، بەڵام بەهـۆی هەنـدێ هۆکارەوە بـوونەتە هەواڵ ، مخـابن لەلای ئـێمە هەمیشـە هەواڵ لەنێـو بەرپـرس و مەسـئولاندا تـواوەتەوە ، کەچـی لە ڕۆژنـامەگەریی پێشەکەوتووی دنیادا بە پێچەوانەویە.
تەنـانەت دارشـتنی هەواڵـیش لە ڕۆژنـامەگەریی خۆمانـدا زۆر درێـژدادڕە و زیـاتر نـاو ڕیزکـردنە وەکو ئەوەی (بە ئامـادەبوونی فـلان و فـلان و

فیسار و...هتد) کەچی هێشتا ناگەیە ناوەرۆکی هەواڵەکە ئەمەش دیارە خوێنەر تووشی وەڕەس بوون دەکا ، پەتای زیاتر بایەخدان بە چالاکی بەرپرسان ڕۆژنامەگەریی کوردی دووچاری ئیفلیجی کردووە.

*** کەواتە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- پێموایە ئەگەر سەقفێکی ئازادیش هەبێت ، نابێ هەر تەنیا بە دوای وروژاندن (ئیسارە)دا بگەڕێن ، بەڵکو دەبێ بەشێک بێت لە جێگیربوون و پێشخستن و گەشەپێدانی ئەزموونی ئەمڕۆی کوردستان ، بە واتایەکی دیکە دەبێ ڕۆژنامەنووسی کورد لە ئاست ئەو هەڕەشە و تەحەدیاتانەدا بێت دووچاری ئەزموونەکە دەبنەوە.

من هەرچەندە گەشبینم بە دوارۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی ، بەڵام گەشبینەکەشم بە حەزەرەوەیە و خاڵی نییە لە جۆرێک لە نائومێدی.

*** ڕۆژنامەنووسیی کورد زۆر جاران خودسانسۆری دەکا ، هۆی چییە؟**

- بە بڕوای من خودسانسۆری نەک هەر لە ڕۆژنامەنووس ، بەڵکو لە هەموو تاکێکی کورددا هەیە ، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هەموو کارەساتانەیە کورد بینوویەتی ، کە دەرهاوێشتەکەی لەسەر قۆناغی ئەمڕۆشدا هەیە.

*** گۆشە و ستوون نووسین لە ڕۆژنامەگەرییدا شێوازی نووسینی تایبەتیان هەیە ، لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا تا چەند ئەمە پەیڕەوکراوە؟**

- بەداخەوە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ، زۆر بە کەمی شێوازی تایبەتی لە ستوونووسیندا پەیڕەو کراوە ، تا ئێستا ستوونووسی کورد لەو هونەرە نەگەیشتووە ، ستوون نووسین سەختترین جۆری نووسینە ، چونکە دەبێ زۆر

موختەزەل بێت و ئیستیهلال و داخستنێکی بەهێزی هەبێت.

*** بۆچی کورد تا ئێستا نەیتوانیوە لە بواری ڕۆمان نووسیندا شوێن پەنجەیەکی دیاری هەبێت ، بە تایبەتیش ئەو کارەساتانەی بەسەر میللەتەکەماندا هاتوون ، کەرەستەیەکی باشن بۆ ڕۆمان؟**

- کورد ڕۆماننووسی هەیە ، بەڵام دیارە ڕۆمان لە ڕەوشێکی ئارام و جێگیری دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دێتە کایەوە ، نووسەری کورد هەمیشە بەدوای نان و خۆبژێوی عەوداڵ بووە و ئەو سەقامگیرییە پێویستەی نەبووە ، دەنا ئێمە کەرەستەی خاوی ڕۆمانمان زۆرە.

*** بۆچی لە شیعر دوورکەوتیتەوە؟**

- لە شیعر دوورنەکەوتوومەتەوە ، بەڵام لە ڕاستیدا شیعرنووسین تەقسێکی تایبەتی

گەرەکە ، مــن هــیچ کاتێــک نەمویســتووە و نامەوێ غەدر لە شیعر بکەم ، شیعر لای من بەشــێکە لە پــاکبوونەوە ، مەرجــیش نیــیە بڵاونەکردنەوە دوورکەوتنەوە بێت ، لەلایەکی دیکەوە من لەو ماوەیەدا خەریکی کۆلاژ بووم ، کە ئەویــش بەلای مــنەوە (بە واتــایەک ) لە بازنەی شیعر ناترازێ.

*** چۆن لە نوێخوازی دەگەی؟**

- بەڕای من نوێخوازی لێرەوە دەستپێدەکا و هەرگیز ئیستیراد ناکرێت.

*** تەقســێکی تایبەتیــت هەیە لەکــاتی نووسیندا؟**

- مـن عـادەتەن هەمـوو نووسـینێک جـگە لە شیعر بە قەڵەم جافی بیک دەنووسم ، بەڵام شیعر بە قەڵەم ڕەساس دەنووسم ، لەکاتی نووسینیشــدا ئاگــام لە دەوروبەر نامێنێــت و دادەبڕێم.

*** چ کاتێک ڕق ئەستوور دەبی؟**

- کە ناهەقییەک دەبینم و پێشم چارەسەر ناکرێت.

*** چ پەندێکت هەمیشە لە خەیاڵدایە؟**

- چاکە بکە و بیدە بە ئاو .

*** دوا کتێب خوێندبێتەوە؟**

- کتێبێکە لەبارەی میزۆپۆتامیای دێرین پێش زایین .

*** دەنگی کام گۆرانیبێژ لە ناخەوە دەتهەژێنێ؟**

- مەقامەکانی حەسەن گەرمیانی بەتایبەتی قەتار و ئەڵڵاوەیسی ، ڕەنگە ئەمە لەوەشەوە هاتبێ کە ئاشنایەتی کۆنمان هەیە و هاوڕێی غەریبی بووین لە باشووری عێراق ، لە

عەرەبەکـــــانیش فەیـــــروز و هەنـــــدێ لە گۆرانییەکانی ماجیدە ئەلرۆمی.

*** ئەمانە بە کورتی:**

- **تەنیـایی:** شـتێکی خۆشـە ، زۆربەی هـزر و داهێنانەکـــانیش لە تەنیاییـــدا چەکەرەیـــان کردووە.
- **دایک:** سەرچاوەی میهرەبانی.
- **نزار قەببانی:** قەسیدە سیاسییەکانی مەزنن.
- **کـۆلاژ:** لە زەمەنێکـدا بـۆ مـن بەدیلـی شـیعر بووە.
- **ڕۆژنامە:** هەموو ژیانی لێبردم و هیچیشی پێ نەبەخشیم !

(گۆڤاری دەشت ژمارە 3 نیسانی2007 )

**نەژاد عزیز سورمێ-سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات**
**- لە دیمانەیەکدا بۆ ( دەشت ) :**

## ناتوانم بڵێم زمانێکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دروست بووە ، لەم بارەیەوە لە (خەبات)یش ڕازی نیم

**ئامادەکردنی : ڕەفعەت سەعید**

**ڕۆژنامەی (خەبات) کە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە ، ڕۆژانە بە کۆمەڵێک هەواڵی تازەو گەرم و گوڕ و شانزە لاپەڕەی پڕ لە وێنەی هونەری و بابەتی هەمەجۆر ، بە دیمەن و دیزاینێکی جوان دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران. ڕاستگۆیی خەسڵەتێکی هەرە دیارە**

**که ئەو ڕۆژنـــامەیەی زێـــدەتر لای خەڵکـــی خۆشەویست کردووە. بەبۆنەی چل و هەشـت ساڵەی دەرچوونی ، لە نووسینگەی خۆیدا ، بەڕێـــز (نەژاد عزیـــز ســـورمێ) پێشـــوازی لێکـــردین و ئـــێمەش بەم بـــۆنەیەوە چەنـــد پرسـیارێکمان بەرەو ڕووی بەڕێزیـان کـردەوەو ئەوەی دەیخوێنێتەوە دەرەنجامی ئەو دیدارەیە.**

*** ســـەرەتا پیرۆزبـایی لە یـادی 48 سـاڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەکەتان لێدەکەین ، ڕۆژنامەی خەبـات لە ڕاسـتیدا ڕووبەرێکـی بەرفراوانـی خوێنەری هەیە بۆ خۆی لەنێـو جەنجاڵی ئەم هەموو ڕۆژنـامە و بڵاوکـراوەیەدا کە ئێسـتا لە هەرێمـــی کوردســـتان دەردەچـــن ، بەڵام پێمانخۆشـە وەکـو سەرنووسـەری ڕۆژنـامەکە سـەرەتای دەرچـوونی هەتـا ئێسـتا ئەگەر بە کورتی و بە قۆناغ بۆمان باس بکەن؟**

- ڕۆژنـامەی خەبـات وەک دەزانـن لە سـەرەتادا بە نهێنـــی دەردەچـــوو. لە ســـاڵی 1953وە دەردەچێـــت ، بەڵام ئەو مێـــژووەی کە بـــۆ

سەرەتای دەرچوونی دانراوە (1959/4/4) کە سالانە یادی دەکرێتەوە ، ڕاستیی ئەوە گۆڕانکارییەکی بابڵێین نەوعی بوو لە دەرچوونی ڕۆژنامەی خەباتدا ، ئەویش ئەوە بوو ئەوکاتە لە بەغدا دەردەچوو 1959/4/4. مانگی چوار تاکو ساڵی 1961 بەردەوام بوو کە دەکاتە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول خەبات دەردەچوو و تەنانەت چاپخانەیەکیش هەر بەو ناوە دامەزرا بەڵام دیارە لەکاتی شۆڕشدا جگە لە گرفتی دابەشکردن ڕۆژنامەگەریی نووسراو لە شۆڕشدا دیارە ئەو کاریگەرییەی نابێت بە قەدەر ڕۆژنامەگەریی بیستراو کە خۆی لە ئێزگەی دەنگی کوردستاندا دەدیتەوە ئەوکاتە کە لە 1963 یەکەم ڕادیۆ دانرا. دیارە ڕۆژنامە وەکو ڕادیۆ نییە ، دەستبەجێ سنوورەکانی دژمنیش ببەزێنێ و بگاتە هەموو شوێنێک. لەگەڵ ئەوەشدا خەبات هەر دەوری خۆی دەدیت لە پاڵ بڵاوکراوەکانی شۆڕش کە لە هەندێکیاندا خۆشم کارم تێدا کردووە لەوانە (دەنگی پێشمەرگە). خەبات لەو ماوەیەدا جاری وا

هەبووە مـومکینە بە هەفتـانە دەرچـووە. بەڵام پـــاش ڕاپەڕیـــن بە بەردەوامـــی دەرچـــووە ، ئەوەبـــوو دوای کۆمەڵێــک گۆڕانکـــاری کە لە ڕاگەیاندن کـرا (خەبـات) بـوو بە ڕۆژنـامەیەکی ڕۆژانە ئێسـتا خەبـات ڕۆژنـامەیەکە بە شـانزە لاپەڕە دەردەچێت و هەموو ڕۆژێ بەبـێ پشـوو دەردەچێـت. ئـێمە لە هەمانکاتیشـدا هیوامـان ئەوەیە لاپەڕەکانیشـی زیـاتر بـێ وەک ئەوەی تیـــراژی زیـــادبووە تەنـــانەت ئەو دەزگـــایەی بەرپرســـە لە دابەشـــکردنی داوای کـــردووە تیراژەکەی هێشتا بۆ زیاد بکەین ، بەڵام دیـارە تـا ئێسـتا ئەمە لە توانـای چاپخـانەدا نیـیە ، ئێستا خەریکین چاپخانەیەکی تر بۆ ڕۆژنامەکە دابـین بکەیـن لەوانەیە مـانگێکیتر بگـوازینەوە ئەوێ و ئەو کاتی خەبات بە شـێوەیەکیتر و بە تیراژێکی تر دەردەچێت.

*** بەڵـــێ کـــاک نەژاد هەروەکـــو پێشـــتریش گوتمـــان ڕەنـــگە ڕووبەری خەبـــات وەکـــو خوێندنەوە لە هەموو بڵاوکراوەکانی ئێسـتا کە لە کوردسـتان دەردەچـن یـان ئەوانەی کە لە**

**دەرەوەش دێنە کوردستان بەرفراوانتر بێت ، وەکو لێڕاهاتنێک هەموومان فێربووینە بەیانیان یەکەم شت کە دەخوێنینەوە خەبات بێت. جەنابت وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەکە پێتوایە جەریدەی خەبات توانیبێتی وەکو ئەوەی ڕووبەری بەرفراوانی خوێنەری هەیە بچێتە ناو مێشکی هەموو خوێنەرێکی شیاو بچێتە ناو خانەی سەلیقەی هەموو خوێنەرێکی شیاو ئەگەر هەمووشی نا بابڵێین زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی لەخۆی ڕازی کردبێ لە ڕووی بابەتەکانییەوە؟**

- خۆی بۆ خەبات یان بۆ هەر ڕۆژنامەیەک ئەمە مەرج نییە ، لە دەرەوەش لە ئەورووپاش و لە شوێنی تریش هەمیشە پۆلینکردنێک هەیە بۆ خوێنەر ، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە خەبات هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵ لە کۆمەڵگەی خۆمان بەشێوەیەک خۆی تێدا ببینێتەوە ، بەڕاستیش هەوڵی ئەوەمانداوە بە دەلیلی ئەوەی ئێمە بۆ نموونە 14 فایلی تایبەتیمان هەیە هەر فایلێک

لایەنێکی تایبەت دەگرێتە خۆی بەو پرسەی کە بە پێویستمان زانیوە ، بە نموونە تەکنەلۆژیای زانیــاری (IT) کە ئــێمە یەکەم کەس بــووین بڵاومان کردەوە و لاپەڕەیەکی هەفتانەمـان بـۆ تەرخانکرد. یان کشتوکاڵ یان ئاوەدانکردنەوەو ژیــانی لادێ کە ئــێمە وای بــۆ دەچــین ئەو بابەتـانە پێویسـتن. یـان گەشـتوگوزار ئەوانە پەیوەنـدییان بە خـودی وڵاتەکەمـانەوە هەیە ، جــگە لەوە چەنــدین دۆســییەی دی لەبــارەی ئافرەت و کۆمەڵگە و زۆر شـتی لەم بـابەتە کە ئێســتا هەموویــانم لە خەیاڵــدا نیــیە ، ئەمە خاڵێـــک ، خــــاڵەکەیتر لە پــــۆلینکردنی لاپەڕەکانــدا، لاپەڕەبەنــدی لە خەباتــدا ئەگەر تێبینی بکەی ، دەبینـی هەمـوو ئەو پرسـانەی بە پێویست دەزانرێ لە کۆمەڵگەی کوردەواری تێـدایە. بەڵام لەبیرمـان نەچـێ ئـێمە چـونکە ڕۆژنـــامەیەکی ڕۆژانەیـــن و بەبـــێ پشــــوو هەوڵمانـداوە وەکـو بـایەخ پێـدانی سـەرەکی: هەواڵ و بەدواداچـــوونی هەواڵ بـــێ ، ئەگەر تێبینــی بــکەی ئــێمە ڕۆژانە ڕووبەرێکــی زۆر دەدەیـــــنە هەواڵ و گرنگییەکـــــی زۆر بە

دیکۆمێنتکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژ دەدەین من تەسەوڕ دەکەم پاش 20 ساڵی دیکە یا 50 ساڵی دیکە ئەگەر لێتۆژێک یان هەر کەسێک بیەوێ لە قۆناغێکی دیاریکراودا بنووسێت پێویستی بە خەبات دەبێت ، چونکە خەبات تاکە ڕۆژنامەیە کە شتەکان وەکو خۆی بڵاودەکاتەوە. وەکو دیکۆمێنتکردن بڕواناکەم هیچ ڕۆژنامەیەک وەکو خەبات تا ئێستا ئەو لایەنەی بە جدی وەرگرتبێ. تەماشا دەکەی ڕووبەرێکی لە هەواڵدا گرتووە ئێمە کە هاتین دیارە هەتا لە ڕووی دیزاین و دەرهێنانی ڕۆژنامەکەشدا هەوڵماندا زۆرترین تایتڵ لە لاپەڕەی یەکدا بێ و بچێتە پاشماوە بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر و تێرتر بتوانێ لە بنج و بنەوانی هەواڵەکان بگات. لە لاپەڕەی دوودا هەر هەواڵ هەیە بەدواداچوونی هەواڵ هەیە لاپەڕەی چواریش هەر هەواڵە تەنانەت ئێستا هەندێ هەواڵمان گواستۆتەوە لاپەڕەی دوایش کە ئەوە یەکەمجارە ڕۆژنامەی کوردی هەواڵی سیاسی لە لاپەڕەی دواییدا بڵاودەکاتەوە. لەبارەی ئەوەیش کە ئایا هەموو خەڵکێک دەیخوێنێتەوە

یــان نــایخوێنێتەوە ئەوەیــان لەڕاســتیدا ئەو ڕاپرسیانە زیاتر پێماندەڵێن کە تا ئێستا کراون لەو ڕاپرسیانەدا (خەبات) بەدیاری دەرکەوتووە ئەو ڕاپرســیانەش لە جێگــای بــاوەڕپێکراوەوە کراوە ، واتە لە هەندێک سەنتەری لێکۆڵینەوە کـراون لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوە مانـای ئەوە نیـیە ئێمە لە (خەبـات) ڕازیـن ، بەڵام لە هەمانکاتـدا مەرج نییە هەر ڕۆژنـامەیەک دەردەچـێ هەمـوو کەس بیخـــوێنێتەوە ، تەنــــانەت جارێکیــــان برادەرێک پرسی ئێوە چەند ئەنـدامی حزبیتـان هەیە ، بە حیســـاب خەبــات ئۆرگــانە؟ گــوتم دەزانم مەبەستت لە چییە مەبەسـتت لە تیـراژە بەڵام ئێمە قەد ڕۆژێـک لە ڕۆژان نە داوامـان لە حزب کردووە نە حزبیش داوای لە ئەنـدامەکانی خــۆی کــردووە کە وەک بەســەردا ســەپاندن خەبات بخـوێننەوە مـن ئەوە زۆر بەڕاشـکاویش دەڵــێم و جەنابیشــت خــۆ هەر لەو حــزبەی و نزیکی و دەزانی.. لەگەڵ ئەوەشـدا تیـراژی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ســــەرەوە دەڕوا و بەدانـــــانی چاپخــــانەکە تەســــەوەڕ دەکەم تیــــراژی زۆر زیـاتریش ببـێ و ڕەنــگە لە بەرنـامەش دابـێ

لاپەڕەکانیشــی زیــاد بکــرێ ، ئەوەی کە بە پێویسـت دەزانـدرێ لاپەڕە ڕەنگـاو ڕەنگەکـانی زیاد بکرێت ، بەپێی ئیمکـان و بەپێـی وەزعـی بابڵێین خۆمان مەبەستم وەزعـی مـاددی و ئەو مەوزوعانەیە . لەلایەکیتر ئێمە سـایتێکمان هەیە ئەو سایتە مـومکینە خـۆم وەکـو خـۆم هێشـتا وەکو پێویست لێـی ڕازی نەبـم ، بەڵام زۆر لەو ئیمێلانە و زۆر لەو پەیوەندییانەی کە پێمانەوە دەکـرێ سـایتەکەیان پـێ باشــە و خەڵکێکـی زۆری دەچێتە سـەر بەڕاسـتی ئـێمە زۆر هەواڵ لە بەیانیــانەوە داخــل دەکەیــن ئەو هەواڵانە داخـل دەکەیـن ڕەنـگە ئەو هەواڵانە تـا ئێـوارە کــۆن بــبن، ئــێمە هەواڵــی تــر لە خەبــات بڵاودەکەینەوە، دەتوانم بڵێم ئێمە دوو ڕۆژنـامە دەردەکەین. یەکێکیان ئەوەیە کە لە ئینتەرنێت بڵاودەبێـتەوە ، ڕاسـتە هەنـدێک هەواڵ دیسـان وەردەگــرینەوە ، بەڵام لە هەمــان کاتیشــدا لە ئـۆن لایـن بـڵاوی دەکەیـنەوە . ئەمە لایەنێکـی مەوزوعەکەیــە کــە تەســەوڕ نــاکەم لە هەمــوو دونیــــادا هەبێـــت ڕۆژنــــامە هەمــــوو کەس بیخوێنێتەوە خـۆی ئەو کولتـوورە لای ئـێمەش

هێشتا ماویەتی. ئێمە هەندێک گرفتمان هەیە هی ڕۆژنامەی خەبات نییە بەڕاستی هی هەموو ڕۆژنامەکانە لە کوردستان هی هەموو بڵاوکراوەکانە ، ئەویش مەسەلەی بڵاوکردنەوەیە. واتە دابەشکردن. بەڕاستی جوگرافیای دابەشکردن لە کوردستان جوگرافیایەکی بەرتەسکە و بەپێی پێویست نییە هیچ دەزگایەک تا ئێستاکە ، دانەمەزراوە کە پێموایە دەبوا دەزگایەک هەبێت و بە مەزەندەی من وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەوەی بگرتبایە ئەستۆ وەکو ئەوەی پێشتر دەوڵەتی ئێراق هەیبوو ، چی بڵاودەکردەوە ئەمە مەوزووعێکی ترە بەڵام هەبوونی ئەو دەزگایە من زۆر بە پێویستی دەزانم ، بەڕاستی ئێمە هەندێک ئەفکارمان هەبوو لەوانە بەڕاستی من لە کۆنەوە هەمبوو ئەویش ئەوەبوو دانانی چەند کۆشکێک لەناو شار بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە پێویستن، لە زانکۆکان لە شوێنە قەڵەباڵغەکانی ناو شار ، تەنانەت ویستمان هەندێک خەڵک دابنێین کە بە پایسکل بەیانیان زوو بۆ ئەوەی خوێندنەوەی ڕۆژنامە

بەیانیان زوو ببێتە کولتوور، تۆ هێشتا لە خەو هەڵنەستاوی ڕۆژنامەیەکت بۆ فڕێدەدرێتە بن دەرگــا لەو حــاڵەتەدا شــتێک لای خــوێنەر دروســت دەبێــت ئەوەی کە تــۆ نوســتووی لە شــەودا بەڵام ســتافی ڕۆژنــامە بە خەبەرن.. خوێنەر دەیەوێ بزانێ کە شـەو نوسـتووە چـی لێرەو لەوێ ڕوویداوە ، ئەمە بەڕای من گـرنگە. ئەوەش بەشـێکە بەرپرسـیاریەکەت لە پێـوانە کردنــی خەبــات ســەرەڕای ئەوەش دیــارە کۆمەڵێک فاکتەری تریش هەن کە ئێستاکە لە ڕووی چەنــــــــــدایەتییەوە نەک لە ڕووی چۆنــایەتییەوە ڕۆژنــامە و گۆڤــاری زۆر هەیە لەوانەیە زیــاتر لە 250 ناونیشــان هەبێــت کە بڵاودەبـنەوە لە ڕۆژنـامەی ڕۆژانە و هەفتـانە و پـانزە ڕۆژ جارێـک و مانگـانە و هەتـا دوایـی. بەڕاستی ئەوەش هەر هۆیەکە لەوەی کە دەبێ پۆلێنکردنێـک هەبـێ ، بەڵام دیـارە ڕۆژنـامەی ڕۆژانە ئامادەبوونی زیاترە.

*** پێتــانوایە ئەرکــی ڕۆژنــامەیەکی ڕۆژانە تەنــانەت ئەگەر ئۆرگــانیش بێــت تەنیــا ئەو**

**ئەركەی هەیەتی گەیاندنی پەیامێکە یاخود لە هەمانکاتدا بابڵێین دروستکردنی گۆڕانێکیشە بۆ گەڵاڵەکردنی ڕایەکی گشتی لەسەر پرسێک یان بابەتێکی دیاریکراو؟**

- دوو خـــالّی گرنـــگ هەیە لەو مەوزوعەدا حەزدەکەم ئامـاژەی پێـبکەم ئەویـش ئەوەیە بەداخێکـی زۆرەوە زۆر کەس حـوکم لەسـەر ڕۆژنـامەگەریی حزبـی دەدا بەبـێ ئەوەی بەدواداچوون بکات تەنها دەڵێ چونکە ئۆرگانی پـارتییە یـان یەکێتیـیە یـان ئۆرگـانی حـزبە تەواو، ئیتـر ئەوە هێڵێکـی ڕاسـت و چەپـی بەسـەردا دێـنن بەبـێ ئەوەی بیخـوێنێتەوە ، لەوەتەی مـن لێـرەمە ڕۆژێـک لە ڕۆژان حـزب تەوجیهێکی دیاریکراوی نەداوەتە ئێمە کە ئێمە مەسەلە بەو تەوجیهە بنووسین. ئەوانەی کە لە ڕۆژنـامە ئـیش دەکەن دەبـێ بـزانن ، بە مانـا سـنوورەکان بـزانن. بـێجگە لەوە بەڕاسـتی مەوزوعـی دیـکەش هەیە. ئـێمە تەنـانەت ڕەخنەشـمان لە دەسـەڵات گرتـووە ، لە حکوومەت گرتـووە ، مەبەسـتم لەو شـوێنانەی

که پێویسته ڕەخنەی لێ بگیرێ ، بەڵام ئێمە بێگومان ئەو دەسەڵاتە و ئەو حکوومەتە و ئەو ئەزموونە بە هی خۆمان دەزانین. ئەوە گومانی تێدا نییە. ئەوە خاڵێک ، خاڵێکی دی کە چڵی لێدەبنەوە ئەویش ئەوەیە کۆمەڵێک پرەنسیپ هەیە کە پارتی بڕوای پێ هەیە ، کە پارتی پەیوەستە پێوەی پابەند بێ چ لە ڕووی سیاسییەوە چ لە ڕووی ئەخلاقییەوە. ئێمە زۆر بە ڕاشکاوی ڕێچکەیەکی نەتەوەییمان گرتووە بەبێ هیچ پێچ و پەنایەک ، پێشمانوایە لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا ڕێچکەیەکی ڕاست بێت چڵەکەی تر ئەوەی کە ئەگەر بێتو باسی بکەی مەبەستت لەو شتانە بێ هەندێک لە ڕۆژنامەکان بڵاوی دەکەنەوە بەڕاستی ئێمە زمانی تەشهیرمان وەلاناوە ئەو پرەنسیپانەی باسمکرد تۆ دەزانی پارتی وەک حزبێکی دەسەڵاتدار هەرشتێک بڵاوبکرێتەوە چ بە نیسبەت هەر دەوڵەتێک یان هەر دۆز و پرسێکی تایبەت ، پارتی لێی پەرسیارە و بەرپرسیار دەبێت. ئێمە بەڕاستی ئەگەر بە بیرت بێ پێشی ئەوەی کەوا ڕژێم لەناو بچێت

زۆر لەو حزبانەی لە کوردستان هەن بابڵێین (یەکێتی و پارتی) لێ بترازێ ، ئاڵای کوردستانیان هەڵدابوو کەسیش قسەی نەدەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرۆک بارزانی باسی ئاڵای کوردستانی کرد دونیا سەراو بن بوو گوتیان ئەوە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە و ئەوهایە و ئاوایە. لەبەر ئەوە ئێمە هەندێ مەسەلە لەبەرچاو دەگرین. دەمێنێتەوە ئەو شتانەی پەیوەندارە بە کۆمەڵگەی کوردەواری. ئێمە کۆمەڵگەی خۆمان وەکو خۆی دەبینین. چاویشمان لە ئایندەیە ، بەڵێ ڕەنگە لە زۆر شتیش سەرنووسەر یان ستافی هەر ڕۆژنامەیەک بڕوایەکی دیاریکراوی خۆی هەبێ بە کۆمەڵێک پرەنسیپ و ئەوانە ڕەنگە من لە بابەتێکی هەستیاری وەکو دین بە نموونە وەربگرین هەر دینێک ، بە نموونە گریمان پێغەمبەری ئیسلام (محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا (د.خ)) دین نا حزبێکی دانابایە ئێ حزبێک کە من تەماشای دەکەم ئەوە هەزار و ئەوەندە ساڵەیە هەتا ئێستاکە کشاوە پاش ئەو هەموو پێشکەوتنی

تەکنەلۆژیـــــایە پێشــــــکەوتنی فیکـــــر و شارستانییەتی جۆراوجۆر بە ملیۆنان هەواداری هەیە ، ئــێ باشــە هەرچــی نەبــێ دەخــوازێ حسێبی حزبێکی بۆ بکەم ئێ باشە کە ڕێگا بە خۆم نەدەم تەشهیر بە حزبێکی چەنـد نەفەری بـکەم بـۆ ڕێـگە بە خـۆم بـدەم تەشـهیر بە حزبێکـی لەو چەشـنەش بـکەم؟ بەڕاسـتی ئەو خـالآنە لەبەر چـاو دەگـرین. ئـێمە ئەو بـۆنە نیشـتمانی و ئـایینی و نـازانم چیـانە و ئەمـانە چـین و تـوێژانەی کـۆمەڵی پێـوە بەنـدن لەبەر چاویـان دەگـرین. ڕێـز لە هەمـوو ئارایەکانیـان دەگـرین ، ڕێـز لە هەمـوو بیروڕایـان دەگـرین ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت سـەد دەر سـەد لە گەڵیاندا بین ، بەتایبەت لەوەی دیین بە ئاقارو ڕەهەندی سیاسەتاندن و سیاسیدا دەبرێت و لە تەقـــس و پیرۆزیـــی خـــۆی دادەکەلێنـــرێ.. لایەنێکیتـــر هەیە کە مەســـەلەی وروژانـــدنە ، وروژاندن بەهەر نیازێکەوە بێت ئـێمە بەڕاسـتی خۆمان دوور دەگرین لەو مەوزوعە. ئـێمە زیـاتر هەوڵ دەدەین ڕاستگۆیی لەو هەواڵانەدا هەبێـت کە بڵاویان دەکەیـنەوە ، نەک ئەمـڕۆ هەواڵێـک

بڵاوبکەینەوە سبەینێ پۆزشێکی بۆ بێنینەوە ، ئێمە ئەوەمان لەبەر چاو گرتووە هەر بۆیەش (خەبات) تاڕادەیەک ، من ناڵێم ئەمن بەخۆشم لە خەبات رازی نیم هێشتاش ماویەتی بەڵام دیسان تاڕادەیەک جێگای خۆی لەناو دڵی خەڵک کردووەتەوە .

*** بۆ خۆت هەتا چەند ڕازیت لە مەسەلەی زمانەوانی ناو ڕۆژنامەگەریی کوردی بەشێوەیەکی گشتی وەکو ئەوەندەی کە بەدواداچوونتان هەبێت و هەتا چەند جیاوازی دادەنێن لە نێوان زمان لە ناو ڕۆژنامەدا لە ڕیپۆرتاژێک بۆ گۆڤارێک ئایا جیاوازیی بەڕای ئێوە هەیە یا هەر ڕۆژنامەیەک بۆ خۆی ئەو ئازادییەی هەیە ڕێچکەیەک لە زمان و ڕێنووس پەیرەو بکات؟**

- یەکێک لەو گرفتانەی ئێمە وەکو کورد هەمانە زمانەکەمانە کە تا ئێستا زمانێکی بابڵێین ڕەسمی باوەڕپێکراومان نییە مەسەلە لە کوردستان تەنانەت هەتا لەڕووی ڕێنووس لە زۆر ڕووەوە متمانەی پێ بکرێت و هەموو

ڕۆژنـــامه و گۆڤارێـــک لەســـەری بـــڕوات بە خەباتیشـــەوە. پاشـــاگەردانی هەیە لە زمـــان. بەداخێکـــی زۆرەوە یەک لەو پاشـــەگەردانییەی کە تووشـــی زمانەکـــەمان بـــووە ئەوەیە بە ئاراســـتەیەکدا ڕۆیشـــتووەو دەبردرێـــت لە ڕەســـەنایەتی خـــۆی دووردەکەوێـــتەوە تەنـانەت بڕوا بکە ئەگەر تۆ بە کوردییەکی ڕەسەن قسە بکەیت وایلێهـاتووە دەبێـتە جۆرێـک لە نـوکتە! بە نیســبەت ڕۆژنـامەگەریی کـوردی بەڕاســتی خۆی لە دونیادا زمانی ڕۆژنـامە جیـاکراوەتەوە. بە نیســبەت زمـانە پێشــکەوتووەکانی دونیـا ئەوانەی کە خزمەتیـان کـراوە مـن وەکـو خـۆم وەکو ڕای خۆم زمانی کـوردی کـورتبین نـابینم لەوەی نەتـوانێ نوێکاری لە بـاوەش بگـرێ یـا کـــورتبڕ بـــێ بە دەلیلـــی ئەوەی بەرچـــاوترین بەڵـــگە ئەوەیە کە قورئـــانی پیـــرۆز لەلایەن مامۆســتا هەژاری موکریـانی تەرجەمە کـراوەو لەلایەن خەڵکی تـریش تەرجەمە کراوە یەعنـی کە قورئـــــان بە بەلاغەتێکـــــی لەو تەرحەوە نووســراوە کە زمـانی عەرەبـیش زمـانێکی زۆر زەحمەتیشـــە ، ئەگەر زمـــانی کـــوردی بـــایی

ئەوەی تێدا نەبووایە ئیستیعابی دەقێکی وەکو قورئان بکا مانای وایە زمانێکە کوردتبین و دواکەوتوو نییە. بەتایبەتی لەڕووی ئیدیۆم و لە زۆر ڕووی دیکەوە بەڵام ئەوەی کە ئێمە زمانەکەی خۆمان بە هەند هەڵنەگرتووە ، زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ناتوانم تا ئێستا بڵێم زمانێک دروست بووە واتە بە فیعلی زمانی ڕۆژنامەنووسییە. تۆ دەبینی هەواڵێک بە ئاراستەیەکی ئەدەبی دادەڕێژرێ لە کاتێکدا هەواڵەکە سیاسیە.

بە پێچەوانەوەش. بەڵام لە هەمانکاتیشدا هەتا لە ناو خودی میدیاکان و کەناڵەجیاجیاکان ، واتە زمانی ڕۆژنامەنووسیی لە ڕۆژنامەدا جیاوازە لەگەڵ ڕادیۆ ، چونکە ڕادیۆ تۆ یەکجار گوێت لێ دەبێ ، ڕۆژنامە دەگەڕێیەوە سەری ، لەبەر ئەوە دەبێ زمانی ڕادیۆ زمانێک بێ زۆر شەفاف و سادە بێت و ڕستەی کورت بێ لەبەر ئەوەی یەکجار کە بەرگوێت دەکەوێ تا یەکسەر تێی بگەیت ، لە حاڵێکدا زمانی تەلەفزیۆن چونکە وێنەی لەگەڵ دایە یارمەتیدەرێکیترە کە تۆ کەمتر لەسەری

ڕادەوەستی و تەرکیز لەسەر زمانەکە ناکەی.
ئەوانە هیچی لەبەرچاو نەگیراوە بە ڕۆژنامەی خەباتیشەو خەباتیش هەروەکو ئەو ڕۆژنامانەیە کە دەردەچن من خۆم لەو بارەیەوە لە خەباتیش ڕازی نیم ، بەڵام هەر ئەوەندەی کراوە بتوانین تایتڵەکان و مانشێتەکان و هەندێکجار هەندێک وتاری گرنگ دەستکاری بکەین بەڵام بەداخەوە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی بەشی هەڵەچن زۆر لەلایەن بڕادەرانەوە لەوانەی کە لە ڕۆژنامەدا کار دەکەن گرنگ نەبێت. لەوانەیە گرنگ نەبێ لە حاڵێکدا من بەشی هەڵەچن زۆر بە گرنگ دەزانم. پێویستە هەر ڕۆژنامەیەک بەشێکی هەبێت کە بەداخەوە خەباتیش تا ئێستا نییەتی و ئێستا لەبەر داین دایبنێین واتە بەشێک هەبێ بۆ ڕاستکردنەوەی زمان بێجگە لە هەڵەچن ڕاستکردنەوەی هەبێت وشە و ڕستەی گرنگ لەبەر ئەوە بەڕاستی من ڕازی نیم لە زمانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی.

* لەبارەی ڕۆژنامەی خەباتەوە دوا پرسیار لە بەڕێزتـــان دەکەم. دوو پرســـیار دەکەیـــنە پرسیارێک مەسەلەی دیزاین و تەسمیم هەست دەکرێت چاو ماندوو دەکەن ئەگەر ڕۆژنامەیەک بۆ ماوەیەکی زۆر بە یەک دیزاین دەربچێ یـان بە یەک تەسمیم هەست دەکەین کە خەبات بەو پێیەی کە بەردەوام و ڕۆژانە دێتە بەرچاومـان بەیەک دیزاین و یەک تەسـمیم هەسـت دەکەی پێتخۆشە گۆڕانێک لەو جـۆرە دیـزاینە هەبێـت لەو جـۆرە تەسـمیمە هەبێـت ، لە نـاوەوەو لە دەرەوەش ، لە دابەشــکردنی مانشــێتەکانیش ئەوە لایەکی پرسیارەکە ، لایەکی تریش ئێـوە پێموایە لە ڕۆژنامەی خەبات کەمتـر بـایەخ بە (گۆشــە) دەدەن ، ئێســتا هەنــدێ ڕۆژنــامە دەبینــین گۆشــەیەک گەورە دەبێــتەوە ، مــن پێمـوانییە ڕۆژنـامە ڕاستە ئێـوە وەک خۆتـان دەڵێن ڕێگەیەکی زۆر مەنتیقیتان گرتـۆتەبەر ، زۆر نەتەوەیـی ، بەڵام ڕۆژنــامەش نــابێ بەو ڕادەیە خۆی لە ورژاندنی هەنـدێ پـرس و ڕای گرنگ لابدات و هـیچ گۆڕانێـک دروسـت نەکـاو هـیچ قسەیەکیشـی لەسـەر نەکـرێ بـۆ نـابێ

**(خەبات) یەک دوو گۆشەی هەبێت کە قسە لەسەر سیاسەت بکرێ لەسەر ئایندەی کوردستان بکرێ ، چەنگە خەڵک گۆشە زیاتر بخوێنێتەوە تەرکیزی باشتر دەکات جا مەسەلەی گۆشە و مەلەسەی دیزاین ئەگەر جەنابت تیشکێک بخەیتە سەر ئەو بابەتە؟**

- مەسەلەی دیزاین من وای بۆ دەچم لەوانەیە نەختێک بێ بەختیتان بەرامبەرمان کردبێت لە ڕووی دیزاینەوە. ڕۆژنامە هەیە لە دونیادا ئەوە 50 ساڵە بەیەک دیزاین دەردەچێ قاڵبی خۆی وەرگرتووە ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئێمە نزیکەی هەر شەش مانگ جارێک ، چوار مانگ جارێک تەماشا دەکەی شتێکی نوێ تەرتیب دەکەین مەوجودیشە. گۆڕانکارییەکەش لەبەر چاوە دەتوانی هەستی پێ بکەی. ئێمە بەڕاستی لە ڕووی بەکارهێنانی وێنەوە هەوڵمان هەیە لەو بارەیەوە کە وێنە وەکو خۆی بەکاردەهێنین. کە ئەویش بە پێویستی دەزانین وێنەکان ڕوون و گەورە بن و زۆرجار وێنەیەک مومکینە لە باتی چەندین وتار بەکاربێت و لە بۆنە

نەتەوەیـــی و نیشـــتمانییەکاندا هەوڵمانـــداوە تەوسـیقیان بکەیـن و لەگەڵــی بـڕۆین. یـادی ئەنفـــال کە بە 4/14 دانـــراوە تەماشـــای ڕۆژنامەکە بکە دەبینی کە هەندێک شتی تێدایە لەوەی کە تـــۆ باســـی دەکەی.. خـــاڵێکی دی بەڕاســـتی ئـــێمە هەوڵمانـــداوە پێشـــکەوتنی هـونەری شـێوەکاری کـوردی تـاڕادەیەکی زۆر بخەیـــنەڕوو ، نەشـــونمایەکی ڕوانـــین بـــدەینە خوێنەر یەعنی ڕۆشنبیرییەکی تەواو ئەویش بە بڵاوکـــردنەوەی ڕۆژانەی تـــابلۆیەک یـــاخود فۆتۆگراف یان شتێک لەو بابەتە بڵاودەکەینەوە ئینجـــا کـــوردی بێـــت یـــان جیهـــانی ، لە هەمانکاتیشـدا هەوڵمانـداوە (خەبـات) سـتایلی خـۆی لەدەسـت نەدات. لێتناشـارمەوە زۆر لەو ڕۆژنامـــانەی دەردەچـــن هەنـــدێک کـــاریگەریی ڕۆژنـــامەگەریی فارســـییان پێـــوە دیـــارە زۆر بەئاشـــکرایی ، هەنـــدێکی تریشـــی ســـتایلی ڕۆژنـــامەگەریی عەرەبیـــان وەکـــو خـــۆی نەقـــڵ کـردووە ڕاسـتە ئـێمە بەدەرنـین لە هەنـدێ لەو مەوزوعـــانە بەڵام ئـــێمە هەوڵمـــان هەیە کە ســـتایلێکی تـــایبەت بە خۆمـــان هەبێـــت.

ڕۆژنـامەش ئەوە نیـیە ئەتـۆ هەمـوو ڕۆژێ یـان
هەر مـانگێ جـارێ سـتایلێکی تـایبەت یـان بـا
بڵێین دیزاینێکـی تـایبەت جێبەجـێ بکەیـت لە
ڕۆژنـــامەدا مـــن وای تێنـــاگەم و بە لەخۆبـــایی
بوونیشەوە نەبێت ئەگەر تێبینـی بـکەی زۆر لە
ڕۆژنامەکـــانی کوردســـتان لە ڕووی دیـــزاینەوە
بەتـایبەتی لە لاپەڕە یەکدا چاویـان لە خەبـات
کردووە ، لە هەنـدێ لایەنـدا. لەبارەی (گۆشـە)
دیـارە گۆشـە هەنـدێ بنەمـای خـۆی هەیە بە
داخێکی زۆرەوە تا ئێستا ڕۆژنامەنووسانی ئێمە
فێری گۆشە نووسین نەبوون و بەو مانایەی کە
پێویستە.. من ناتوانم بڵێم هەر بە دوایی نیـیە
لەم بـــارەیەوە کـــورتە لێکـــۆڵینەوەیەکم هەیە
نـــاڵێم لێکـــۆڵینەوەی تەواو لەســـەر گۆشـــە و
گۆشـــە نووســـین لە ڕۆژنـــامەگەریی کوردیـــدا.
بەڕاستی یەکەمجار دەبـێ ئەو گۆشـەی تـۆ بە
ئاراســـتەیەک بـــێ واتە تـــۆ کە لە سیاســـەت
دەنووسی دەبێ سیاسەت بنووسی نابێت ئەمڕۆ
لە سیاســـەت دەنووســـی ســـبەی لە ئـــابووری
بنووسی و دووسبەی لەسەر بابەتێکی جیـاواز.
لەبەر ئەوە خۆمان دوور گرتووە لەو گۆشـانەی

که تـــایبەتن بە نووســـەرێکی دیـــاریکراوەوە.
لەگەڵ ئەوەشـدا ئـێمە هەمـانە بەڵام کەمتـر ،
ئـێمە گۆشـــەی پرۆفایلمـــان هەیە کە وەختـــی
خۆشی هەر من ئەو گۆشەیەم دانا پرۆفـایلیش
مەعلـومە مانـــای چیـــیە و چـــی دەگەیەنـــێ..
یەعنی گۆشـە دەبـێ فیکـرەیەک دەربـڕێ بەڵام
بەداخێکی زۆرەوە گۆشەنووسەکانمان وا دەزانن
گۆشـــە تەنیـــا لە تەنزنووســـیندایە مەرج نیـــیە
گۆشـــە هەر تەنزنووســـی بـــێ ، بەڕای مـــن لە
گۆشــــەدا دوو شـــت زۆر گـــــرنگە ئەویـــــش
دەســـپێکێکی زۆر بەهێـــزی هەبـــێ بـــۆ ئەوەی
خـــوێنەر ڕابکێشـــێ و یەک فیکـــرە دەرببـــڕێ و
قفڵێکی بەهێزیشی هەبێت. هەتا کورتیش بێت
باشترە ، بە واتـا شـتێک بڵێـت. بەداخەوە ئەو
گۆشـانەی کە ئێسـتا بڵاودەبـنەوە مـن نـاڵێم
هەموویـــان ڕێـــزم هەیە بـــۆ ئەوانەی گۆشـــە
دەنووســـن مـــومکینە تـــۆ دەتەوێـــت لە تەنـــز
بنووسێت ڕەنـگە زۆر مەعـلان نەبێـت کە چۆن
لە تەنزدەنووســـی فـــڵان دەیەوێ لە سیاســـەت
بنووســـێ ڕەنـــگە ئەگەر تـــۆ کەرەســـتە و
مەعلوماتـــت لەبەر دەســـتدا نەبـــێ نەتـــوانی

گۆشەیەکی سەرکەوتوو بنووسیت ، بۆیە ئێمە تا ڕادەیەک خۆمان ناڵێم دوورگرتووە ، بەڵام لە عەینی کاتیشدا گۆشەی گشتیمان هەیە ئەمڕۆ تۆ لێی دەنووسی سبەی یەکێکی تر کە ئەوە موڵکی ڕۆژنامەیە.

*** ڕۆژنامەنووسی ئێوە وەکو هونەرمەندێکی دەست ڕەنگین هونەری کۆلاژ و وەکو شاعیرێکیش پێتوایە (خەبات) ئەو شتانەی لێت سەندبێتەوە ، یان ئەو ماوەیەی لێت زەوت کردبێ کە بپڕژێیتە سەر بوارە هونەریی و ئەدەبییەکەی خۆت؟**

- لە بەیانییەوە لە ڕۆژنامە دەوام دەکەم تا ڕۆژنامە دەچێتە چاپخانە. گەلێک جار لەگەڵ برادەراندا ماوینەتەوە ، بەڕاستی هاوکارانم سکرتێرەکانی نووسین ، ستافی کۆمپیوتەر زۆر سوپاسیان دەکەم بەو بۆنەیەوە وەکو هاوکارم بووینە زۆر جاری وا هەبووە تا کاتژمێر چواری بەرەبەیان ماینەوە ، زۆرجار وا هەبووە لە ڕێگادا لەگەڵ کاک (دڵشاد) لەوانەیە چووبین

له نانەواخانە نانیشمان کڕیبێ. بردمانەوە ماڵێ بۆ نانی بەیانی یەعنی پاش ئەوەی نانمان خواردبێ ئینجا نۆرەی نووستن و گەڕاوینەتەوە ڕۆژنامە. ڕۆژنامەنووسیی پیشەیەکی پڕ لە ماندووبوونە. بەڵام خۆشە بەتایبەتی ئەگەر بتوانی ئەوەی کە دەتەوێ تێیدا ڕەنگ بداتەوە... کۆلاژ و ئەوانەش ئەو ڕێگایەی لێگرتووم مەعلوومە من ئێستاکە چەند پڕۆژەیەکم هەیە لەگەڵ ئەوەشدا من لە مەسەلەی شیعردا مومیکین نییە هیچ شتێک ئەو ڕێگایەم لێ بگرێ لای من شیعر بەشێکیترە.. جیایە ، بە حەقیقەت شیعر قەدەری منە لەبەر ئەوەی مەجالێک هەر وەردەگرم ئەگەر بە چنگەڕنێش بێت.. کۆلاژیش هەر ئەوها... من وەختی خۆی مەحروم بووم لە هونەر و وێنەکێشان بەهۆی ئەوەی کەوا لە شوێنێک دەژیاین بەڕاستی وانەی نیگارکێشان و ڕەسم و ئەوانە هەمووی نەبوو ، مامۆستامان نەبوو بەڕاستی من ئەو بەهرەیەم تێدا بوو بەڵام بەداخەوە بەهۆی قوتابخانەوە نەمتوانی ، ڕەنگە کۆلاژ وەکو

قەرەبـووكردنەوەی ئەوان ڕۆژانە بـێ بـۆ مـن.. كۆلاژ ڕاستە هونەرێكە لە پـاڵ ئەوەی بەشـێكە لە هونەری شـێوەكاری بەڵام زیـاتر لە هـونەری ڕۆژنامەنووسیشـــەوە نـــزیكە هەر بـــۆیەش ئەو مەوزوعەش من یەكەمجار بوو كە لە كوردستان یەكەم تەجـروبە مـن كـردم ، وەكـو ئەوە تـا ئێستاكە نزیكەی پێنج پێشـانگام كـردۆتەوە لە هەولێـــر و لە دهـــۆكیش و لە ســـلێمانیش و ســـــۆرانیش و لە ســـــەلاحەددین و لەوانە لە هەموویـان. مـن كـۆلاژ بە بەشـێكی تەواوكەر دەزانـم وەكـو كـاری ڕۆژنامەنووسـیم بێگومـان شـــیعریش قەدەری مـــنە وەك وتـــم ، مـــن لە شیعردا خۆمم مـومكینە لە ڕۆژنـامەدا بە تەنیـا من بم بەڵام لە شیعردا خۆمم.

*** جا ئێستا ئێمە لێرە لە كوردستان بەردەوام ســـەرقاڵین ئەو هاوســـەنگییەی كە پێویســـتە هەمان بێت لە ژیان نزیكە بڵێم نیمانە جـا بـۆ خۆمان نایزانین ژیـانی ڕۆژانەمـان بەرنامـەڕێـژ بكەیـن یـان كـار و ئەركەكانمـان وا دەخـوازێ نازانم كاك نەژاد وەكو خـۆی و هیوایەتەكـانی**

**وەکو ژیانی خۆی لەلایەک و وەکو پەیوەندی بە خێزانیش وەکو پەیوەندی بە ماڵ و منداڵ و وەکو کاری ڕۆژانە چۆن توانیوتانە ئەو هاوسەنگییە بپارێزن کە هەرسێ لا ڕابگرێ و هیچ لایەکیش مەغدور نەکەن؟**

- بەڕاستی هیچ کەسێک ناتوانێ ئەوەی کە جەنابت دەیڵێی هەرسێ لا ڕابگرێ و هیچ لایەکیش مەغدور نەکات ، من بەڕاستی خۆم بە قەرزاری خێزانەکەم و ماڵ و منداڵەکەم دەزانم یەعنی زۆربەی ماوەکانی تەمەنم زۆر یارمەتیان داوم دەستیان گرتووم ، تەنانەت منداڵەکانیشم بەڵام ئیتر ئەوە قەدەری من بووە لە ژیان لە وەتەی هەم خەریکی ئەو مەوزوعانە بووم هیچ کاتێکیش ئیشەکەم وانەبووە سەعات دووی نیوەڕۆ وەکو خەڵک بچمەوە ماڵێ ئیتر هەروا بوویمە ماوەی هەشت ساڵ و هەندێک مەسەلەن خۆتان دەزانن من لە کوێ بووم و با بڵێین دیسانەکە هاتم دیسان هەر لە ڕاگەیاندن کە دەوامێکی زۆر ڕێکوپێکم دەکرد لەوانە ئەو برادەرانەی کە ئەوکات ئەو

ئیشەشم نەبوو بەو شێوەیە کە پێویستە بەڵام دیسان لە برادەران زیاتر دەوامم دەکرد ئەوە کاک رەفعەت دانیشتووە خۆی لەوێ بوو ئەوە دەزانێ.. لێرەش بەڕاستی یەک شت هەیە ، من ناتوانم لە شوێنێک ئیش بکەم مومکینە پێت سەیر بێت هەتا شتەکان بەخۆم نەبینم بە خۆم بەسەریاندا نەچمەوە دڵم داناکەوێ دەنا خوا هەڵناگرێ برادەران هیچ قسورییەک ناکەن مومکینە من هەندێ ئیش دەکەم ئیشی سەرنووسەر نییە. بەڕاستی من گەلێک جار هەڵەچنیش دەکەم زۆربەی شەوان لەگەڵ کۆمپیوتەر دادەنیشم ئیشی دەرهێنانی لاپەڕەکانیش دەکەم ئەوە جگە لەوەی کە بە ماکێتیش دەیانبینم ئەو تێبینیانەی کە پێویستە دەیدەم ، ئێمە لێرە لە وەتەی کە هاتووم کولتوورێکمان بەرپا کردووە ، ئەویش ئەوەیە ئێمە بە یەک ستاف ئیش دەکەین ، هەر ئەوەشە بووە بە هۆی ئەوەی هەست بە ماندووبوون نەکەم ، بەڵام دیسان دووبارەی دەکەمەوە خۆم بە قەرزاری خێزانەکەم و

منـــداڵەکانم دەزانـــم کە نەمتوانیـــوە وەکـــو پێویست بە ئەرکی خۆم هەڵسم  بۆیان.

خەڵکــی دەچــنە ســەیران و دەشــت و دەر لە جەژن و خۆشی ، ئێمە لێرە خەریکـی ڕۆژنـامە بووینە ، لێشت ناشارمەوە گەلێک جـاران دێـتە خەیاڵم بڵێم پێویستە سێ مانگان بنووم ، سێ مانگی بەڕاستی ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەیە کە ئـێمە نەخواردنمـان وەک پێویسـتە لە وەختــی خـۆی کە ئەوەش بێگومـان کـاریگەری بەسـەر باری تەندروستیمانەوە هەیە ، نە نەنووستنمان ڕاســتیی بــرادەرانیش تــاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ مندا بووینە سوپاسیان دەکەم ، بەتایبەتی ئەو بــرادەرانەی شــەوان پــێکەوە دەمێنیــنەوە تــا درەنگــانی شــەو مــن هەمیشــە ڕەئـیم وایە لە ڕۆژنامەدا لاپەڕەی یەکەم دوابخرێت بـۆ ئەوەی نــوێترین هەواڵــی تێــدابێت هەر ئەوەش بــووە دەبینــی زۆرجــاران لەگەڵ چاپخــانە بــۆتە کێشــەمان لەســەر ئەو مەوزوعــانە ئەوان داوا دەکەن و دەڵێن زوو بۆمان بنێـرن ئـێمە بۆیـان نانێرین جا ئیتر گیروگرفت دروست دەبێت.

*** وەکو ئینسانێکی قاڵبووی ناو سیاسەت و ڕۆژنامەگەریی ئایندەی کوردستان بەرەو کوێ دەبینی و چۆن دەبینی و تا چەند گەشبینی بە ئایندەی کوردستان؟**

- ئێمە دەرفەتێکمان بۆ هەڵکەوتووە بەڵام ئەم دەرفەتەش لە خۆڕا نەهاتۆتە دی ، دەبێ ئێمە جیلی تازە تێبگەێنین ، کە ئەو دەرفەتە بە خوێنی هەزاران شەهید و ئەنفالکراو و زیندانی سیاسییەوە بە دەیان و بە سەدان کارەساتی مێژووی ئەو سەد ساڵەی ڕابردوو ئەو دەستکەوتە هاتۆتە دی ، پێموایە دەبێ گەشبین بین هیچ چارەیەکمان نییە ، ئێمە مەحکومین بەوەی گەشبین بین بە ئایندەی خۆمان تەسەوریش دەکەم ئەو زەمانە ڕۆیشت جارێکی دی تووشی کارەساتی لەو جۆرە کارەساتانە ببینەوە کە هەبوو ، هەموو شتێکیش پەیوەستە بە خۆمان بەر لەوەی پەیوەست بێت بە دەرەوەی خۆمان و بە فاکتەرەکانی دەرەوە ، ڕاستە فاکتەری دەرەوە

کــاریگەری خــۆی هەیە تــاڕادەیەکی زۆریــش بەتایبەتی لە جیهانی ئەمڕۆدا کە وەک دەبینین ئەوەی کە پێیدەگوترێت گلۆبالیزەیشـن بەسـەر هەموو ئەو دونیایەدا زاڵە بەڵام ئێمە پێویسـتە چــاو لەو ئەزمــوونە ســەرکەوتووانە بکەیــن بەتــــایبەتی لە ڕۆژهەڵات وەکـــو ئەزمـــوونی ژاپۆن و کۆریـای باشـوور و هیتـر بەڕاسـتی کە ئەوانە لە حاڵێکــدا کە نســکۆی گەورەشــیان بەســـــەرهاتووە ، بەڵام توانیویــــانە خۆیـــان هەڵبســتێننەوە و ئێســتا ڕکــابەری دەوڵەتــی گەورە بـــــــکەن ، بەڵام لە هەمانکاتیشــــــدا ڕەسەنایەتی خۆیان لە دەسـت نەداوە تەنـانەت لە کولتووری خۆشیان.

من گەشبینم بە ئایندەی خۆمان ، گەشبینم بە سەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان و زۆر لەوانە کە بە حیکمەت بیر دەکەنەوەو دەزانن قسـە لە چ وەختێکــدا دەکەن ، بەڵام دیســـان دەڵـــێم هەموو شتێک بەندە بە خۆمان ئـێمە پێویسـتە جیلی تازە هانبـدەین حاڵەتێـک دروسـت ببێـت بۆیان ئەو حـاڵەتەی ئینتمـای خـاک و وڵاتیـان

بە وەزعێک بۆ بگەڕێتەوە ، ناڵێم نییە ، نەخێر بەڵام ڕەنگە بەهۆی زۆر ئەگەرەوە یەکێک لەو فاکتەرانە لەوانەیە دەسەڵات لێی مەسئوول بێت لەوانەیە بارودۆخی کوردستان لێی مەسئوول بێت بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە جیلەکان لە دەست نەدەین و لاوانمان لەیاد بن ئەو گەنجانە هەمیشە داینەمۆی پێشکەوتنی وڵاتەکەمانن ، هەوڵ بدەین بە ڕەئی من گرنگتیرن شت کە بەڕاستی زۆر تەئکیدی لێدەکەمەوە بنەمایەکی ئابووری و ژێرخانێکی ئابووری خۆمان دابنێینەوە دوێنێ لە لاپەڕەی ئابووری و بازاڕدا کە یەکێک لەو فایلانەی کردومانەتەوە ئامارێک بڵاوکراوەتەو ئامارەکە بەداخێکی زۆر جێگای داخ بوو ، ئەو ئامارەی بۆ ئەو شتانەی کە ئێمە لە دەرەوە دەیهێنین لەو شتانەی کە خۆماڵینە و خۆمان بەرهەمی دەهێنین بۆ نموونە شتێکی سەیرم بەرچاو کەوت زیاتر 91,5% زیاتر میوەو سەوزە لە دەرەوە دێن ئەوە بەڕاستی دڵخۆشکەر نییە ئەوە زەنگی خەتەرە بۆ هەموومان بۆ هاووڵاتی.و جەماوەر و بۆ دەسەڵاتیش ئێمە

بەیەک شــت لەو میــنەبەرەی ئێــوەش ڕا داوا دەکەم کە گرنگـــی بە دێهاتەکـــان بـــدرێت بەڕاستی جێگای نیگەرانییە کە خەڵکی دێهات دێن لە شار بەرهەم بکڕن مەسـەلەن ماسـت و سپیایی و شتی تر کە جاران لە دێهات بەرهەم دەهێنرا ئەمە بەڕاستی لێکۆڵینەوە و دیراسـەی دەوێ ئەو دیراسەیەش دەبێ بە بێلایەنـی و بە شـێوەی زانسـتی بکرێـت کە چـی پێویسـتە بکـرێ و ئەمە بـۆ وایە بەڵام لەگەڵ هەمـوو ئەو کەم و کوڕیـــــانەش لەگەڵ هەمـــــوو ئەو گەندەڵیانەشـــدا کە بـــاس دەکرێـــت و هەیە بەڕاسـتی مـن گەشـبینم دەبـێ گەشـبینیش بـم چـــونکە ژیـــان یـــانی گەشـــبینی بـــێجگە لە گەشبینی هیچ شتێکی ترمان لە پێشدا نیـیە ، دەبێ هەبین یان هەبین ، چارێکی ترمان نییە.

*** پێمـان خۆشـە ڕەئیتـان لەسـەر گۆڤـاری (دەشـت) بـزانین هەرچەنـدە سـێ ژمـارەی لێدەرچووە؟**

– خۆی لەو گۆڤـارانەی دەردەچـن و تـا ئێسـتا دەیـانبینم ڕەنــگە چ لە ڕووی دیـزاینەوە چ لە

ڕووی مەوازیعەوە من نالێم (دەشت) گۆڤـارێکە دەتوانێ ئیشـارەتی پێبـدرێت بلێـی گۆڤـارێکی واو وایە بەڵام ڕەنـگە تایبەتمەنـدییەکی خـۆی هەبێت و هەستی پێبکرێت بەو شـێوەیە نـا کە هەست پێکردنێکی وا بێت بتوانێ باسی بکەی، دەبـێ خۆتـان لەنـاو ئەو هەمـوو گۆڤـارانەدا بـدۆزنەوە هەویەی خۆتـان ئاشـکراتر بـکەن ، چـونکە هەر وەزارەتە و گۆڤارێـک دەردەکـات هەر لـقە و بڵاوکراوەیەکـی هەیە بەڕاسـتی مـن نەمگوتـووە لەو ئاسـتەدایە و ناشـلێم وەکـو پێویسـتە هەرچەنـدە چەنـد ژمـارەیەکی لێدەرچووە تا ئێسـتاکە ، بەڵام هەسـت دەکەی هەتا لە ڕووی دیزاینەوە خەڵکێکی لە پشتە کە مەبەستیانە گۆڤارەکە پێشـکەوێت ئەگەر هەتـا ئێسـتاکەش بەو شـێوەیەی کە پێویسـتە نەبووبێت بەڵام پێدەچێت خەڵکێکـی لە پشـت بێ مەبەستیان بێت پێشی بخەن.

*** زۆر سوپاستان دەکەین ماندوومان کردن.**

- بەخێربێن...

( گۆڤاری **ئاماژە** ژمارە 20 ئاداری 2010 )

## نەژاد عزیز سورمێ سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات:
## یاسای ڕۆژنامەگەریی هەمەلایەن نییە

**دیمانە: دڵشاد باڵەکی**

کە پەیوەنـــدیم بە کـــاک نەژاد کـــرد بـــۆ ئەوەی چاوپێکەوتنێـک لەگەڵـی ئەنجـام بـدەم بـۆ گۆڤـاری ئاماژە ، سەرەتا پرسـیارەکەمان کـردن بـۆ دوو بەش هەنـــدێک پرســـیار دەربـــارەی ژیـــانی کـــاک نەژاد هەندێکیتریان دەرباری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەی خەبـات بوو ، بەڵام پرسـیارەکەمان گـۆڕین ، چـونکە وەڵامـی هەنـدێکی نەدانەوە. دواتـر جەنـابی دوو پەرتـووکی خـۆی پێـدام بیخـوێنمەوە دەربـارەی پەرتووکەکـان پرسیاری ئاراستە بکەم ، پەرتووکەکانم خوێندنەوە ،

پاشـــان پرســـیارەکەمان لا جێهێشـــتن دوایـــی ئەوە پەیوەندیم پێوە کرا لە ڕێگەی ئینتەرنێت دیمـانەکەم بەدەست گەیشت. ، وەڵامی پرسـیارەکانی دایـنەوە ، بۆیە بە ماندووبوونێکی زۆرەوە لەگەڵ ئەم دیمانەیە ، سوپاسی دەکەین .

**ئامازە:** سەرەتا با لەم پرسیارە دەسـتپێبکەم ئەزموونی چەند سـاڵەت لە نێـو ڕۆژنـامەگەریی کوردیدا لە چ قۆناغێکدا بوو؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** مـن لە سـەرەتای تەمەنـی هەرزەکاریمـدا هـاتمە نـاو ئەو دونیـایە تـژی ماندووبوونە. هەر لە دەسپێکەوە ، لەوەی پێی دەگوترێ (ڕۆژنـامەگەریی دیـوار) لە سـەرەتای خوێندنـدا دەسـتم پـێ کـرد. هـیچ کـارێکی ڕۆژنامەنووسیی نەماوە نەمکردبێ ، لە نووسین لە دەرەوەی ڕۆژنـــامە ، تـــا پەیـــامنێری ، بەرپرســـی پەیـــامنێران ، بەرپرســـی لاپەڕە ، هەڵەگـــر ، وێنەگـــر ، ڕێپـــۆرتەر ، تایـــپ ، دەرهێـنەری هـونەری ، سـکرتێری نووسـین و سەرنووسەر. لە ڕاگەیاندنی پێشمەرگایەتیشـدا، جگە لەوەی وەکو نووسەر لە گۆڤاری (دەنگـی

پێشمەرگە)ی ئەوسا ، شۆڕشی ئەیلوول کارم کردووە. یەکەمین پەیامنێری ڕادیۆی دەنگی کوردستانیش بووم لە بەرەکانی شەڕ ، لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان نووسین و ڕیپۆرتاژم بڵاوکردۆتەوەو یەکەمین کەسیشم لێکۆڵینەوەم لە بواری تەکنیکی ڕۆژنامەنووسیی بە کوردی و بەتایبەتی تەکنیکی ڕۆژنامەگەریی کوردی نووسیوە.

**ئاماژە:** کاک نەژاد تا ئێستا چەند پەرتووکت بڵاوکردۆتەوە لەبارەی ڕۆژنامەوانی؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** بێجگە لە چەندین لێکۆڵینەوە و وتاری جیاجیا ئەم کتێبانەشم لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بڵاوکردوونەتەوە کە زۆربەیان دووجار چاپ کراونەتەوە:

1- برایەتی ، یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیا چاپی یەکەم 1991 چاپی دووەم 1997.

2- ڕۆژنـــامەگەریی کـــوردی  و ڕۆژنامەنووســـی کورد ، چـاپی یەکەم لە شـاخ 1984 بە نـاوی پـــاکزاد مـــحەمەد کەریـــم چـــاپی دووەم دوای ڕاپەڕین 1991.
3- ڕۆژنـــــــامەگەریی کـــــــوردی ، چەنـــــد سەرەقەڵەمێک لەبارەی تەکنیک و هونەرەکـانی چاپی یەکەم 1999 چاپی دووەم 2006.
4- ئــــازادی لە بەهـــــاری تەمەنیـــــدا 2006 ، کۆمەڵێک وتـار لە بـارەی نووسـین و تەکنیکـی ڕۆژنامەنووسیی.
5- درەختـــی بنکـــۆڵ کـــراو ، پـــەنجەنمـــایەکی ڕۆژنامەنووسیانە 1975 تا 1994 ، چـاپی یەکەم 1998 چاپی دووەم 2005.
6- ئاژانسی دەنگوباسـی کوردسـتان ، پـڕۆژەی دامەزرانـــدن و بەڕێـــوەبردن ، چـــاپی یەکەم 1997، چاپی دووەم 2006.

**ئامـــاژە:** بـــا بـــێمە ســـەر ئەوەی بیـــرۆکەی (ئاژانسـی دەنگوباسـی کوردسـتان)ت چـۆن لا دروست بوو؟

**نەژاد عزیـــز ســـورمێ:** ڕاســـتی هەر زوو دوای ڕاپەڕیـــن ، کە لە پێشـــەکی چـــاپی دووەمـــی

(ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد) ساڵی 1991 ئاماژەم پێ کردووە ، بەهـۆی زۆر ئەگەران دامەزراندنی ئاژانسێکی دەنگوباسـم لە کوردستاندا بە پێویست زانی لە پێشەوەی ئەو هۆیـانەش هەر ئەوسـا دیـار بـوو ئەزمـوونی کوردســـتان و هەروەهـــا خـــودی هەرێمـــی کوردســـتان وەک نـــاوچەیەکی هەڵایســـاو لە هەمانکاتدا سەرنجڕاکێش جێی بایەخی نزیـک و دوور دەبێـت ، ئەمەشـم لە پـڕۆژەکەدا وتـووە ڕاســـتە ئـــێمە ئەوکـــاتەش بزاڤێکـــی ڕۆژنامەگەریمان هەبوو ، بەڵام وەکو ئاژانسێکی بـاوەڕپێکراو کەلێنێـک هەسـتی پێـدەکرا لە هەمانکاتـــدا نمـــوونەی وەک فەڵەستینیشـــم لەبەرچاو بوو کە قەوارەی فەرمیان نییە و هەر زوو بایەخیـــان بە دامەزرانـــدنی ئاژانســـێکی دەنگوباسی تایبەت بە خۆیـانەوە داوە ، ئینجا بـــۆ گەیانـــدنی هەواڵەکـــانی کوردســـتان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و بەرپەرچدانەوە یـــاخود ڕاســـتکردنەوەی ئەو هەڵانەی لە هۆیەکـانی ڕاگەیانـدنی جۆراوجـۆر (دۆسـت و نەیار) بەرامبەر گەل و نیشتمانەکەمان دەکرێن

بەدەستی ئەنقەست بێ یا هەروایی هەورەها ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسانمان بە مامەڵەکردنی پیشەییانە لەگەڵ هەواڵدا و زۆر وردە هۆی دیکەش لە هەمووانیش لە پێشتر دامەزراندنی ئاژانسێکی دەنگوباسی باوەڕپێکراو ، لە خۆیدا ڕەنگە بتوانێ ڕۆژانە کێشەی ڕەوامان بێنێتەوە بیر بەوەی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئاماژەی پێ دەکرێت ، ئەمانە هەمووی بوون بە ئەنگیزەی نووسینی ئەو پرۆژەیە کە سەرەتا ساڵی 1993 بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی (برایەتی)دا بڵاوم کردەوە ، پاشان لە شێوەی کتێب بە 4 پاشکۆوە ساڵی 1997 کە بریتی بوون لە:

1- بیبلۆگرافیای ئاژانسەکانی جیهان (هەموو دنیا).

2- ئازادی ڕاگەیاندن (بەڵگەنامەیەک بە مافی ڕاستکردنەوە کە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە 24ی ئابی 1962دا هاتۆتە واری جێبەجێ کردن و لە مەڵبەندی مافی مرۆڤ لە ژنێڤ دەرچووە و تایبەتە بە ڕاگەیاندن.

3- پرۆژەی قانوونی دامەزراندن کە لە 12 بەند پێکهاتووە.

4- هەنـــــــدێ لەو زاراوانەی لە دونیـــــــای ئاژانسەکاندا بەکاردەهێنرێن بە هەرسێ زمـانی کــوردی و عەرەبــی و ئینگلیــزی لە شــێوەی فەرهەنگۆکێکی 24 لاپـەڕەیی.
لە دواییشدا چـاپی دووەمـی لە سـاڵی 2005دا بڵاوبووە. ئەو پڕۆژەیە ، یەکەمین پڕۆژە بـوو ، کە بە تێروتەســـەلی بـــاس لە دامەزرانـــدنی ئاژانســــێکی دەنگوبـــاس لەســــەر خـــاکی کوردستاندا دەکات و یەکەمین پڕۆژەش بوو کە پێشکەشـی پەرلەمـانی کوردسـتان کـرا ، بەڵام دوای ئەوەی مـــــاوەیەکی زۆر لای لیـــــژنەی ڕۆشــــنبیری پەرلەمـــان مــــایەوە بەداخەوە دەنگوباسـێکی لێـنەکەوتەوە دەنـا هەر ئەوسـا دادەمەزرا.
**ئامۆژە:** لەکاتی پێشکەش کردنت بـۆ پەرلەمـان ئایا کاریان لەسەر کرد؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** نـازانم ، بەڵام بەپێـی ئەو نـامەیەی کە لەلایەن بەڕێـز فرسـەت ئەحـمەد سکرتێری پەرلەمانەوە بۆم هاتبوو کە ئێستاش

ماوه دەڵێت ماوەیەکی زۆرە دراوەتە لیژنەی ڕۆشنبیری ، بەڵام هیچ وڵامێکیان نەبووە.

**ئامارژە:** دەوترێت مافی تۆیان خواردووە لەکاتی دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباس باسی ناوی تۆ نەکرا؟ ئەمە تا چەند ڕاستە؟
**نەژاد عزیز سورمێ:** کاتی خۆی لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی خەبات باسی ئەو مەسەلەیەم کردووە نامەوێ لێرە بچمەوە سەری. ئەوەی لای من گرینگ بوو ئاژانسێک هەبێ دیارە پڕۆژەکەی منیش کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بڵاوکراوەتەوەو یەکەمین پڕۆژە بووە لەم بارەیەوە پڕۆژەیەکی سێ جار بڵاوکراوەی لەو جۆرە خۆ دەرزی ناو کادانێ نییە ون بێت.

**ئامارژە:** بە تێڕوانینی تۆ لەو ئاژانسانەی لە کوردستان هەن تا چەند کارمەندەکانی ئیلتیزام بە پاراستنی نهێنییەکانی ئاژانس دەکەن؟
**نەژاد عزیز سورمێ:** تێناگەم مەبەستت لە پاراستنی نهێنییەکانی ئاژانس چییە ، ئاژانسی دەنگوباسی پرۆفیشناڵ کاری ئەوەیە

تاڕادەیەکی باش مامەڵەیەکی بێلایەنانە لەگەڵ هەواڵ و گەیاندنی هەواڵدا بکا کە دەشڵێم تاڕادەیەک ، مەبەستم تەنیا ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و ئەمنییەتی نەتەوەیی و نیشتمانییە ، ئەمەشم لە پرۆژەکەدا بەدرێژی باس کردووە ، خۆ ئەگەر مەبەستت سەرچاوەی هەواڵە ، بێگومان لە ئیتیکی ڕۆژنامەنووسیدا نییە ، سەرچاوەی هەواڵ ئاشکرا بکەی بۆ هەر کەس و لایەنێک بێت نابێت ، مەگەر دادگایەکی دادپەروەر داوای بکا، ئەگەر لە کێشەیەکی دیاریکراودا ، عەدالەتی پێ بسەلمێنرێ و مافی مافخوراوانی پێ وەربگیرێتەوە. ئەویش پێویستە لە ڕێگایەکی تایبەتی قانوونییەوە بێت.

**ئامـاژە:** لە قۆناغی ئێستای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا پێیتوایە بایەخ بە وێنە بدرێت؟ ئەی ئەرشیفی بڵاوکراوەکان؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** بێگومان هەندێ جار کاریگەری وێنەیەک بەقەد سەدان وشە دەبێت. دیارە وێنە لە ڕۆژنامەگەریدا چەندین جۆری

هەیە کە بەڕای من ئەوانەی گرینگن زیاتر ئەو وێنـــــانەن زینـــــدوون و لەگەڵ هەواڵـــــدا بڵاودەکـرێنەوە ، هەروەهــا ئەوانەشـــی لەگەڵ ڕیپۆرتــاژ و ڕاپــۆرتە هەواڵ.. بـۆ ئارشــیفیش وەکو دەبینن ئێستا ڕۆژگار گۆڕاوە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پێگەیشـتن هێـزی جارانی لەبەر ئارشـیفکردنی کۆنـدا بڕیـوە ، لەگەڵ ئەوەشـدا دەخوازێ ڕۆژنـامە ئارشـیفی تـایبەت بەخـۆی ، بە تەکنیکـی نوێـوە هەبـێ و ئەو بەشـەی کـارا بێت و ڕۆژانە زانیاری نوێی بخرێتە سەر.

**ئامــــاژە:** بـــۆ قۆنـــاغی ئێســـتا یاســـایی ڕۆژنامەگەریت پـێ چۆنە؟ ئەی بـۆ سـێ چـوار ساڵی تر؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** دەرچـوونی یاسـایەک بـۆ ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان لە خۆیدا نیشانەی بە هەنـد گرتنـی ئەو بـوارە بایەخـدارەیە کە لە وڵاتە پێشـکەوتووەکاندا بە دەسـەڵاتی چـوارەم حســـاب دەکـــرێ. لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەمە ئەوە نــاگەیەنێ کە ئەو یاســایە بـێ کەم و کــورتی

نییه ، جارێ پێشەکی ئەو یاسایە بە ئاماژەش ڕۆژنامەگەریی (بینراو) و (بیستراو) (ئەلکترۆنی) نەگرتۆتەوە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بووە بە واقیعی حاڵ سەرەڕای ئەوەش ئەو یاسایە ئەگەرچی مافی ڕۆژنامەنووسانی (وەک دەق) تێدا پارێزراوە ، لەمەشدا هیچ ئاماژەیەکی بە دانانی پرەنسیپی بڵاوکردنەوە و دەرچوواندنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی دیکەی تێدا نییە ، کە ئەمەش وایکردووە دەرچوواندنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی لاواز و بێ ناوەڕۆک و تەنانەت فەزائحیش دەربچن. کە بەڕای من پێموانییە لە قۆناغی ئێستایدا خزمەتێک بە ڕەوتی کۆمەڵگەی کوردەواری و ئێستای کوردستان بکات ، لێرەدا هەمووارکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی بە شێوەیەک خڕ گرەوتر بێت و هەموو کەناڵەکان بگرێتەوە (نووسراو ، بینراو، بیستراو ، ئەلکترۆنی) بە پێویستییەکی ئەو قۆناغە دەبینم ، کە ئەمەش دەڵێم هەرگیز مەبەستم لە وێکهێنانەوەی ئازادی بیروڕا نییە بە پێچەوانەوە پێویستە بازنەی بیروڕا دەربڕین

فراوانتـــر بكرێـــت ، بەڵام لە هەمانكاتیشـــدا ڕۆژنامەنووســـان لێیـــان دەخـــوازرێ ڕەچـــاوی ئیتیکـــی ڕۆژنـــامەوانی بـــکەن و وای لێـــک نەدەنەوە ڕەچـــاوکردنی ئیتیکـــی ڕۆژنـــامەوانی ئەركێكـــی قـــورس بێـــت و لە ئازادیـــان کەم دەکاتەوە.

**ئامـــاژە:** لە بەرهەمەکانتـــدا هەســـت دەکرێـــت ماندوویەتییەكت پێوە دیارە بە ئەرشـیفکردن و گەڕان بە دوای ژمـــارە ونبووەكـــانی ڕۆژنـــامە و گۆڤارەكـان کە لە سـەردەمی شـاخ دەرچـوون؟ هەوڵتان نەداوە ژمارەكانی تری ئەو بڵاوکراوانە بـدۆزنەوە لە ئەرشـیفی ڕۆژنـامەگەریی کـوردی هەبن؟

**نەژاد عزیـز سـورمێ:** ڕاسـتی مـن ئارشـیفێكی چاکم هەبـوو لە کتێـب کە خـۆی لە 8 هەشـت هەزار کتێـب دەدا هەروەهـا زۆربەی ڕۆژنـامە و گۆڤاری ئاشکرا و نهێنییەکان کە زۆریـان پێـوە ماندووبووم تا پەیدام کردبوون. ئەو برادەرانەی لێم نزیک بوون بینیبوویان بەداخەوە لە شـەڕی

شومی ناوخۆ بە کۆمەڵێک دەستنووسەوە تالان کران.

**ئامازە:** خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەڵێن خوێنەری ڕۆژنامە ئەهلییەکان خوێنەریان زیاترە لە هی حزبی؟ تۆ چی دەڵێی؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** لەگەڵ پارێز وەرگرتنیشم لەناوی (ئەهلی) کە تا ئێستاش نازانم مەبەست لە (ئەهلی) چییە! ئەگەر مەبەست خەڵک بێت، جەماوەر، بە حزبی و ناحزبییەوە خەڵکە، ئەگەریش مەبەست لەوە بێت کە ئەو ڕۆژنامانە سەربەخۆن من پێموانییە لە هەموو دونیا ڕۆژنامە یا کەناڵێکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ هەبێت، هەر کەناڵێکی دەیگری ئەگەر وەکو کۆمپانیایەکیش خۆی دەربخا، دەبێ کەسێک یا سەرمایەدارێک یا حزبێک، لایەنێک مەسروفی بکێشێ، لەو ڕاستەشدا هەر ڕۆژنامەیەک یا گۆڤار یان بڵاوکراوەیەک خوێنەری خۆی هەیە.

ڕەنــگە هەلــومەرج و دیــاردەی دیــاریکراو و ماوەیەکی دیاریکراو یا ژمارەیەکی دیاریکراو یا تەنانەت هەندێجار هەواڵێکی دیاریکراو ڕۆژنـامە یا بڵاوکراوەیەک بخـاتە پـێش ئەوانـی دی ، لە ڕووی مەسـئولییەتی سیاسـی و لێکـدانەوەو خوێنـدنەوەی ئیتیکـی ڕۆژنـامەوانیش هـۆی تـر بن.

لەگەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا مـن هەمیشـە وای دەبینم ڕۆژنامەنووسی کـارامە سـەرەڕای ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ خۆی بە شتی نوێوە پێدەگەیەنێ ، پابەندیش دەبێ بە پیشەیی ڕۆژنامەوانی ، هەر ئەو پابەندبوونەشـــە بە پیشـــەییایەتی ، ڕۆژنـــامەگەری وڵاتە پێشـــکەوتووەکانی پـــێ ناسراوە ، لە کاتێکدا مەرج نیـیە سـەربەخۆش بـن بەتـایبەتیش لە ڕووی تەمـویلەوە ، ئەمـڕۆ بازاڕی ڕێکلامـی بازرگـانیش (کە ئەویش دوور نییە لە نزیک و دووری ئەو لایەن و ئەم لایەن) بـۆ ڕۆژنـامە ، بەو ڕادەیە نیـیە بـایی ئەوەنـدە بێت هـیچ بڵاوکـراوەیەک بە ڕەهـایی خـۆی پـێ لەسەر ڕابگرێ.

**ئامــاژە:** دەزگــا ڕاگەیانــدنەکان بە هەر ســێ بەشــییەوە تــا چەنــد توانیویــانە خزمەتــی هاووڵاتیان بکەن؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** کاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەڕای مــن ئەوەیە ڕاســتییەکان وەکــو خــۆی (لەگەڵ تێبینی کردنــی بەرژەوەنـدییە باڵاکـانی وڵات ، نەتەوەیــی و نیشــتمانی) بگەیێــنن. بەو کــارەش دەزگــای ڕاگەیانـــدن ڕای گشـــتی پێکــــــــــدەهێنێ ، کە لە پرســــــــە چارەنووسسـازەکاندا، بەتـایبەتی بـۆ ئـێمە زۆر گرنگە ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەمـڕۆ لە قەیرانـدا دەبیــنم ، زۆری لە ســنوور بەدەر ، لاوازی لە نــــاوەرۆک ، ڕەچـــــاونەکردنی ئیتیکــــــی ڕۆژنامەوانی و پیشـەییایەتی. ئەمەش بێگومـان لە توانای ئەو خزمەتکردنەی تۆ باسـی دەکەی بە هاووڵاتیانی کەم کردووەتەوە.

**ئامـاژە:** ئەگەر مامۆسـتایانی ئەکـادیمی بەشـی ڕاگەیاندن ڕاو سەرنج و تێبینییەکتان پێ بدەن

دەربــارەی ڕۆژنامەکەتــان ئێــوە کــاری لەســەر دەکەن؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** ئێمە پرنسیپ و سیاسەتی گشتی خۆمـان لە ڕۆژنامەکەمانـدا هەیە ، بەڵام ئەوە بەو مانــایە نیــیە گــوێ لە پێشــنیاز و ڕەخــــنە و تێبینــــی نەک هەر مامۆســــتایانی ئەکــادیمی ، بەڵکــو خــوێنەرانیش نەگــرین ، بێگومـان بە سـوپاس و ڕێـزەوە پێشـوازی لەو سەرنج و تێبینیانە دەکەین کە دەزانین خزمەت بە بەرەوپێشچوونی ڕۆژنامەکەمان دەکات.

( گۆڤاری هەرێم
ژمارە 331 ی 15 ی نیسانی 2005 )

# حاڵی ڕۆژنامەگەریی کوردی

**ئامادەکردنی: دیار عەزیز شەریف**

کایەی میدیا بەگشتی ڕۆڵێکی گرنگ لەناو کۆمەڵگەدا دەبینێت ، بەتایبەتی لە سەردەمی ئەمڕۆدا میدیا بە هەموو جۆرەکانییەوە بووەتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی ڕۆژانەی ئینسان ، لەبەر ئەوەی هەموو چرکەیەک لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە چ لە ئارادایە ، واتە ڕووداوەکانی ڕۆژ بە هەموو شێوەکانییەوە لە ڕێی ڕۆژنامە و سکرینی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانەوە پێمان

دەگـــات ، هەورەهـــا زیـــادبوونی ڕۆژنـــامە ئەلکترۆنییەکانی نێو دنیای ئینتەرنێت ، هەموو ئەمانە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا میدیا بەسەر دوو تەوەری سەرەکی دابەش دەکەن:
یەکەمیـان: ڕاگەیانـدنی هەواڵەکـان (نـاوخۆ و دەرەکـی). دووەمیـــان: گەیانـــدنی زۆرتـــرین زانیـــــاری گشـــــتی ، لەبەر ئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنی بواری تەکنۆلۆژیا ڕاگەیاندن زیاتر وەزیـــفە ســـەرەکییەکەی خـــۆی دەبینێـــت کە پێیـــدەوترێت "دەســـەڵاتی چـــوارەم".. لەژێـــر ڕۆشنایی پێشکەوتنە خێراکانی کایەی میدیای جیهانی و هاتنی یادی ڕۆژنـامەگەری کـوردی ، بە پێویســـتمان زانـــی ڕووی پرســـیارەکانمان ئاراستەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسان و کادیرانی ڕاگەیاندن بکەینەوە.

**نەژاد عزیز سورمێ (سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات)**

**- ڕایەکی دەستەجەمعی هەیە کە دروستنەبوونی ڕای گشتی بۆ ڕۆژنامەگەریی حزبی دەگەڕێنێتەوە کە ساڵانێکە لە وڵاتی**

**ئێمە ڕێچکەی گرتووەو زاڵە بەسەر کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی ، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**نـەژاد** ــ مـن پێمـوا نیـیە دروسـتنەبوونی ڕای گشتی لە کوردستان (ئەگەر شتێک هەبێ بەو مانـایە) بە ئەگەری وجـوودی ڕۆژنـامەگەریی حزبی بێت.. تەواو بە پێچەوانەوە ، ئەساسـەن ڕای گشـتی وەکـو ئامـاژەم پێـدا ، (ئەگەر شـتێک بەو ناونیشـانە هەبێـت یـا هەبووبێـت) ڕۆژنامەگەریی حزبـی و کـاریگەریی ڕاگەیانـدنی حزبی پێکیهێناوە و دروستی کردووە.
لەلایەکیتـــر ، ئەوەی ئێـــوە ناوتاننـــاوە ، ڕۆژنـامەگەریی ئەهلـی ، بەو چەشـنە سـیمای ڕوون نیـــیە ، لە تارمـــایی بەدەر بووبێـــت و پیشەییایتی پێش لایەنگیریی ئەم لاو و ئەو لا خستبێ.
جـگە لەوەی تـا ئێسـتا ئەو هێزەشـیان تێـدا نەبینـراوە وەک ڕۆژنـامەگەریی حزبـی تـاقەتی تەیارکردنیـان تێـدا بـووبێ.. یـاخود لانـی کەم ڕایەکـــی دەســـتەجەمعیان لە بەرامـــبەر

مەسەلەیەکی چارەنووسسازدا پێ دروست کرابێ.
لە کاتێکدا کەم و زۆر ڕۆژنامەگەریی یا ڕاگەیاندنی حزبی ئەمەی پێکراوە.. هەر بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا لە کوردستان و لە ئێراق، ئەوەی بە ڕۆژنامەگەریی حزبی کرا، بەوانی تر نەکرا.. ئاکامیش هەروا دەرچوو کە ڕۆژنامە حزبییەکان بانگەشەیان بۆ کردبوو، بەتایبەتیش لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی عێراقیدا.

ئەمە واقیعێکە و پێویستە لەبەرچاو بگیرێ.. تەنانەت لە زەمانێکی زووشدا، لەکاتی خەباتی نهێنی حزبە سیاسییەکانی کوردستان، بمانویستبێ و نەمانویستبێ، تارادەیەکی زۆر دەیانتوانی ڕایەکی دیاریکراو بەهۆی ڕۆژنامەگەریی و بڵاوکراوەکانیان پێکبهێنن.

**- تا چەند ڕۆژنامە کوردییەکان توانیویانە پەیوەندییەک لە نێوان خۆیان و هاوولاتیاندا دروست بکەن؟ ئەگەر ڕۆژنامە خۆی لە هەواڵە**

**ناوخۆییەکان لابدات یان ڕاستی ڕووداوەکان نەگوازێتەوە ، متمانەی خۆی لە دەست نادات؟**

**نەژاد** ـ وەڵامی ئەم پرسیارە ، هەروا نادرێتەو، ئەگەر ئامارێک یاخود ڕاپرسییەک لەبەردەستدا نەبێ ، بەشێوەیەکی گشتی ، پەیوەندییەک هەیە لە نێوان ڕۆژنامە و هاووڵاتیان ، هەریەکەو بەپێی بۆچوون و لاگیری و بەهەندگرتنی خودی پرۆسەی بەدواداچوون و خوێندنەوە .

دیارە ئەو پەیوەندییەش لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەدا بێگومان بەهێزتر دەبێت تا هەفتەنامەو مانگنامە و.. تاد. بە حوکمی کات و بە حوکمی هەلومەرجەکە.. بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەشتان بێگومان ڕۆژنامە خۆی لە ڕاستی ڕووداوەکان لاتەریک بکا و وەکو خۆی بڵاویان نەکاتەوە ، ڕاستگۆیی لە دەست دەدا و متمانەی لای خوێنەرانی نامێنێ.. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایێ ، هەرچی ویستت بیڵێی و هەرچی گوترا و ڕوویدا بێ پەردە و حیجاب بڵاوبکرێتەوە.. من پێموایە

بەرگدرووی چاک ، یاخود دارتاشی کارامە ، دوو جاران دەپێوێ ، تا جاری سێیەم بڕیاری بڕین بدات.

هەواڵێک کە دەگونجێ ببێتە هۆی پەردەپۆشکردنی تاوانێک ، بە چ هەقێک ڕۆژنامەنووس بڵاوی بکاتەوە. یاخود هەواڵێکی تر ڕەنگە تاوان یا تەنانەت کوشتن و بڕینی لێبکەوێتەوە ، بە کام هەق کە تۆ وەکو ڕۆژنامەنووس نەتوانی دەورێکی لە پەراوێزیش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی لێی دەکەوێتەوە بنوێنی.. بەڵام بێ بێ مەسئوولییەت و تەنیا بە مەبەستی خۆدەرخستن و وروژاندن بڵاوی بکەیەوە.

لەم ڕاستەدا هەمیشە پیشەی ڕۆژنامەنووسیی ، جگە لەوەی پیشەیەکی ناسک و لەترکزەیە.. لە پاڵ ئازادی ڕادەبڕینیش مەسئوولیەتێکی بە ترس و بایەخداریشە.

( ڕۆژنامەی **هەولێر**

ژمارە 502 – 2 ی نیسانی 2009 )

**لە سالوەگەڕیی 50 ساڵەی ڕۆژنامەی (خەبات)دا**

## چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی هەولێر لەگەڵ سەرنووسەری خەبات نەژاد عزیز سورمێ

**دیمانە: جەواد قادر**

ڕیەکەی کەرکـــووک هەمـــوو بەری بەیانێـــک ئاپۆڕەی خەڵکی تێدەڕژێت. لە هەردوو سـەری ڕێـــیەکەوە ئۆتۆمبێـــل دێـــن ، دەوەســـتن و هەندێکیان بە پەلە تێپەڕ دەبن. لە هەنـدێکیان خوێندکار دادەبەزن و لە ئەوانـی دی کارمەنـد. هەنـــدێک بە پەلە ڕێ دەکەن و ئەوانـــی دی بە نەرمـــی. هەیـــانە جلکـــی جـــوانی پۆشـــیوەو

هەیشیانە بیری لە پۆشاک نەکردووەتەوە. ڕێ دێــت و دەگــاتە مزگەوتێــک و پــێش ئەوەی بگەیتە خەبات زانکۆییێکت لێ بە دیاردەکەوێت. لە نێــوان مــزگەوت و زانکــۆدا پیرەمێردێــک سەرنجت ڕادەکێشێت کە دانیشتووە و سەرنجی ڕەوانەی ئەو کــچە خۆشپۆشـــە کـــردووە لە دەروازەی زانکـــۆ هێـــدی هێـــدی نزیـــک دەکەوێتەوە. بەر لەوەی بگەیتە خەبات بیر بـۆ ڕابـــردووی ئەو ڕێـــیە و دواڕۆژی شـــارەکە دەبەیت. هەر چەند ساڵێک پێشتر، کێ لەو باوەڕەدا بـوو شـار وەهـا ڕێـگەیەک بپێوێـت؟ ڕاســتی، ئەمە هەر ئەو شــارەیە تروســکەی ئومێدی تێدا نەمابوو؟

وەک زۆربەی ئێـــــواران، لە هەیـــــوانە بچکـــــۆلانەکەی بەردەم ژووری کاریـــــدا دەیبیــنمەوە. کە چــاوی پێمــدەکەوێت بەرەو ڕووم دێـت و بە دەم نـوکتەوە لێمدەپرسـێ و ئاگاداری هەواڵی خۆیم دەکات. دەڵێت: "باشـم باش.. تا ئێرەمان هێنـاوە..." کە دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی، کورتە تاوێک بـێ ئەوەی هـیچ بڵێـت ڕادەمێنێـت و دواتـر بە دەنـگ دێـتەوە:

"ئەو وڵاتە هەموومـــانی فێـــرە درۆ کـــردووە. بەلانـی کەمەوە ، پیـاو لەگەڵ ئەوانەی خۆیـدا نابێ درۆ بکات. وا نیـیە؟" ئەو ئێـوارەیە نـانی گەرم و ماسـتی خۆماڵییـان بـۆی هێنـاوە. نە فەرمووم لێـدەکات و نە منـیش دڵـم بـۆ نـان و ماســـت دەچێـــت. پـــارووییەک لە ماســـتەکە دەدات و دوایـــــی یەک دوو حەب دەخـــــوا. "عیلاجی دکتۆرانە".

(نەژاد عزیـــز ســـورمێ) بەر لەوەی باســـی داهـــاتووی خەبـــاتم بـــۆ بکـــات ڕابـــردووی ڕۆژنامەکەم بیردەهێنێتەوە و دەڵێت: "دەزانـی، لە شەسـتەکاندا مـاوەیەک خەبـات لە ڕێـگەی وەزارەتـــی دەرەوەی ئێراقـــی ئەوکـــات بـــۆ دەرەوەی وڵات دەنێردرا. خەبات بڵاوکراوەیەکی گرینگ بووە. یەکەم سەروتاری خەبات جەختی لە دیموکراســـــی و مافەکـــــانی مـــــرۆڤ کردووەتەوە." ئەو بـۆم دەگێـڕێتەوە کە هەر لە سەردەمی (مستەفا بارزانی نەمر)ـەوە خەبـات وەک ســـــەکۆیەک بـــۆ لە یەکگەییشـــــتنی نەتەوەکـــان و ئاشـــتی لە وڵاتـــدا دەنگـــی هەڵبڕیوە. لەگەڵ ئەوەشـدا ، خەبـات هەڵگـری

ڕێبازێکی دیاری نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز بووە. سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دەڵێت: "مێژووی پارتی-بە خۆش و ناخۆشەوە- لە خەباتدا دەبینییەوە. مێژووی وڵاتێک-لە نەهامەتی و خۆشیدا- لە خەباتدا سۆراغ دەکرێت. خەبات نیو سەدەیە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتدا بووە." ئەو دەگێڕێتەوە کە ئەگەرچی ڕۆژنامەی خەبات لە 4ی 4ی 1959وە مۆڵەتی فەرمی لەلایەن حکوومەتەوە پێدرا، بەڵام بەر لە ڕووخانی پاشایەتی و شۆڕشی تەمموز، هەمان بڵاوکراوە بەناوی "خەباتی کوردستان"ـەوە، لە نێوان ساڵانی 57 و 59ـدا دەردەکرا.

(نەژاد عزیز سورمێ) دەگێڕێتەوە:
خەبات لە زەمانی پاشایەتی و بە درێژایی شەستەکان، هەوڵیدا لە پێناوی چارەی کێشەی کورددا کار بکات و داکۆکیی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەشدا کردووە. ئەمە شتێکی شاراوە نییە. ئێمە کە باس لە مێژووی (خەبات) دەکەین

باس له شۆڕشی ئەیلوولیش دەکەین. شۆڕشێک که خوێندەوار و نەخوێندەوار داکۆکی لێدەکرد. بۆیه خەبات سەنگەری بەرگری له مافه نەتەوەییەکانی کورد بوو. قەڵەمێکی بوێر و بەرپرس بوو دەنگی میللەتێکی مافخوراو بوو. خەبات هەروەک له ناوەکەیەوە دیاره ، به تەنیا ڕۆژنامەیەک نەبوو، بڵاوکراوەیەکی خەباتگێڕ بوو.

بەڵام دوای ڕاپەڕینی 1991 قۆناغێکی نوێ له وڵات و ڕۆژنامەگەریی کوردیدا سەریهەڵدا. خەبات که لەکاتی خۆیدا بەرەنگاری دەسەڵاتە بیانییه چەوسێنەرەکان دەبوووەوە ، له سەردەمی نوێدا هەوڵیدا داکۆکی له دەستکەوت و دامەزراوه نەتەوەییەکان بکات و هاوکات له شوێنی پێویست به ڕەخنەی جیددییەوە حکوومەت و حزب به ئاگا بهێنێتەوە.

(نەژاد عزیز سورمێ) دەڵێت: ئێمه خۆمان به بەشێک لەو ئەزموونه دەزانین. ڕاسته کەموکوڕی هەن بەڵام ئایا تەنیا دامەزراوه حزبی و حوکمەتییەکانن که کەم و کوڕییان

هەیە یان کەم و کورتی لە زۆربەی کایەکانی دیکەدا — بە ڕۆژنامەگەرییەکەشمانەوە– هەیە.
سەرنووسەری گەورەترین ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان دەڵێت : بڵاوکراوە کوردییەکان ، ئەگەر لە خەمی دوارۆژی ئەو وڵاتەدان ، دەبووایە چاو لە ڕووی ئەو پێشکەوتنانە نەنووقێنن کە کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە خۆیەوە دیوە. ئەو لەوە بە گومانە کە بەشێک لە میدیای کوردی بە ویژدانەوە سەرنج بداتە ڕەوشی وڵات و زانیاری بە هاووڵاتیان بدات (نەژاد عزیز سورمێ) دەڵێت: "لە ڕاستیدا تۆ هەمیشە دەتوانیت بە دڵسۆزییەوە ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵات بکەیت و چاوەڕێی گۆڕان بیت . کێشە ئەوکاتە دروست دەبێت تێکڕای نیشتمان بە هەموو دامودەزگاکانییەوە بکەوێتە بەر پەلامار و وروژاندن ببێتە سەرنامەی ڕاگەیاندن!
(نەژاد) دەڵێت: "ئێمە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنیشدا بین هەرگیز نابینە ئۆپۆزسیۆنی نیشتمان ، نیشتمان لە سەرووی هەموو شتێکە و پێویستیشە وا بێ".

( له كتێبی ـ میدیا و دەسەڵات ـ ی
هێرش ڕەسووڵ )

# لەبارەی ئازادی ڕادەربڕینەوە

**ئامادەکردنی : هێرش ڕەسووڵ**

**هێرش ڕەسوڵ:** تا چەند ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی ئامادەگی هەبووە؟ چۆن؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** دیارە ئێوە مەبەستتان سەردەمی دوای ڕاپەڕینە.. ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕێگای کەناڵەکانی میدیاوە بووبێت ، یاخود لەسەر سەکۆ جیاجیاکانی دیکەدا بە بەراورد لەگەڵ پێش ڕاپەڕین نەک هەر ئامادەگی هەبووە ، بەڵکو ئاماژەیەکی دیار و

ڕاشـــکاوانەش بـــووە لە ڕوونـــاک کـــردنەوەی تاریکەڕێی سـەردەمی دەمکوتکردن و سـتەم و گەمارۆی ڕۆشنبیریمان .

لێم دەپرسی چۆن؟

پێتـــــدەڵێم ئەگەر مەبەســـــتت لە ئـــــازادیی ڕادەربـڕین ئەوە بێـت هەرچـی بڵێـی و بـڵاوی بـکەیەوە بەبـێ لەبەرچـاوگرتنی هـیچ یاسـاو ڕێسـایەک ، دیـارە لەوەیانـدا ڕەنـگە مـن وەکـو خـــــۆم هەڵوەســـــتەیەکم هەبێـــــت ، ئەو هەڵوەستەیەشم لەو دیتنەوە سـەرچاوە دەگـرێ کە وەکـو خـۆم مەرج نـیـیە بەرژەوەنـدی بـاڵای گەلەکەم لە کـاودانێکی وەک دوای ڕاپەڕیـن کە بێگومـان بە پێـوەری چـوونە پێشـی کێشـەی ڕەوام لە ژیـــــانێکی لایەق بە ئـــــادەمزاد پیلانەکـانیش بە پـێچ و گەورەتـر و تـۆختر و مەترسـیدارتر بـوون ، لەوەدا بووبێـت یـا لەوە دابێـــت بە دابـــڕان لەڕادەی پەرەســـەندن و پێشـکەوتنی کـۆمەڵی کـوردەواری هیچـی تێـدا نەهێڵینەوە .

وەکـو خـۆم لەگەڵ ئەوەی بـڕوای تەواویشـم بە مافی تاک و ئازادیی ڕادەربڕین هەیە ، ویـژدانم

ڕێگەی پێنەداوم ، هەموو فاکتەرە بابەتییەکان بخەمە ژێر پێ.. ئەمەشم بە بەشێک لە پاراستنی بەرژەوەندیی میللەتەکەم زانیوە.
بۆیە وای دەبینم ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەبووە ، هەندێجار ، چونکە یاسایەک بۆ ئەو مەبەستە لە گۆڕێ نەبووە گەیشتووەتە ڕادەی سنووربەزاندنیش.

**هێرش ڕەسوڵ:** ڕۆژنامەی حزبی لە ئێستادا کۆنترۆڵی گۆڕەپانەکەی کردووە ، ئەو گۆڕەپانە بە چ شێوەیەک لەو ڕۆژنامەیە دەسنرێتەوە و دەدرێتەوە بە ڕۆژنامەی ئازاد ، لە کاتێکدا حزب پارەیەکی خەیاڵی بۆ ڕۆژنامەکانی خۆی تەرخاندەکات؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** جارێ پێشەکی من لەوەدا لەگەڵتدا نیم کە دەڵێی حزب پارەیەکی خەیاڵی بۆ ڕۆژنامەکانی خۆی تەرخانکردووە.
من وەکو کارمەندی بەرپرسیاری ڕۆژنامەی (خەبات)ی زمانحاڵی پارتی ئامادەم حساباتی مانگانەی ئەو ڕۆژنامەیەتان بۆ ڕوون بکەمەوە

ئەگەر بتەوێ (والمجالس بالامانات) ، ڕەنگە سەرتان سووڕبمێنێ بەوەی زۆر لەو خەیاڵەی تۆ لای خۆت دروستت کردووە دوور دەکەویتەوە .

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی ئازادیش گۆڕەپانەکە لە ڕۆژنامەی حزبی وەرگرێتەوە لەوەشدا من مەسەلەکە بەو چەشنە نابینم.

جارێ با بێین بزانین و ببینین کامەن ئەو ڕۆژنامە ئازادانەی لە گۆڕەپانەکەدا ئایا ئەو ڕۆژنامانە بەڕاستی سیمان یاخود تارمایین .

من وای نابینم ڕۆژنامەیەک هەبێت لە هەموو دونیا نەک بەتەنیا لە کوردستانێکی کاولکراوی دواکەوتوو ، ئازاد بە هەموو مانای وشەی ئازادی.

ڕەنگە لە ڕووی پەیڕەوکردنی پیشەییایەتییەوە هەندێک لەو ڕۆژنامانەی دنیا بەتایبەتی لە ئەوروپا و ئەمەریکادا لەپێش بن ، بەڵام ئایا ئەو ڕۆژنامانە لە کوێوە خەرجی دەرچوون و بڵاوکردنەوەکەیان دابین دەکرێ ؟ پێمدەڵێی ڕیکلام.. باشە ئەو ڕیکلامانە هی کێن و کێ دەیانداتێ و بە چ حسابێک وەریدەگرن کە

بەشی ئەوە بکات ڕۆژنامە پێویستی بە خەرجی تــر نەبێــت... کەواتە ئەو ڕۆژنامــانەش کە لە دونیــای پێشــکەوتوودا دەردەچــن لایەنێــک پاڵپشتیان دەکات ئینجا گرنگ نییە ئەو لایانە چیــیە و کێــیە. ڕەنــگە حزبێــک بێــت یــا کۆمپانیــایەک ، یــاخود کەســێکی خــاوەن سەرمایە ، یا دەزگایەکی تایبەتی کە لەوانەیە هەندێ جار دەزگای جاسووسیش بن .
لێــرەڕا پێمــوایە نە ڕۆژنــامەگەریی حزبــی لە کوردســتاندا لەو ســاڵ و زەمانــانەدا دەتــوانێ ڕێگە لە سەرهەڵدانی جۆرەکەیتر ئەوەی کە تۆ ناوتلێناوە ڕۆژنامەی ئازاد بگرێ ، نە ئەوانیش دەتــوانن گۆڕەپــان بە ڕۆژنامەنووســیی حزبــی چۆل بکەن.

**هێرش ڕەسوڵ:** ڕۆژنامەی حزبی لە هەرێمی کوردستاندا تا چەند توانیویەتی کراوە بێت و ئازادیی ڕادەبڕینی تیا بپارێزرێت؟

**نەژاد عزیــز ســورمێ:** بەو پرەنســیپ و بیــرو بۆچوونــانەی لە هەردوو پرســیاری پێشــوودا

باســـمکردن بەتـــایبەتی لە پرســـیاری دووەم تاڕادەیەکی باش ، دیارە وەکو ئاماژەم پێدا بە لەبەرچـــاوگرتنی بـــارودۆخی زاتـــی و بـــابەتی کوردســـتان و ئاســـتی پێشـــڤەچوونی کـۆمەڵی کوردەواری .

**هێـرش ڕەسـوڵ:** چـی بکرێـت بـۆ ئەوەی لە کوردستان میدیا ببێتە "دەسـەڵاتی چـوارەم" ، لە کاتێکـدا بـۆ بـوونی میـدیا بە "دەسـەڵاتی چوارەم" پێویستمان بە دڵگەورەیی هەریەک لە دەسـەڵاتەکانی تـر هەیە و ئەم هاوکێشـەیە لە کوردستان چۆن دەبینی و چ هەنگاوێک بۆ ئەم قۆناغە بە پێویست دەزانیت؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** بەڕای مـن ئەمە ڕۆژگـار و ڕادەی ڕەوتـــی بەرەوپێشـــچوونی کـــۆمەڵ و ئەزمـوونی دیموکراسـی لە کوردسـتان یەکـاڵای دەکـاتەوە . بـرای بەڕێـز دەسـەڵاتیش ، ئەگەر دەسەڵات بێ هەرگیز دڵی گەورە نابێـت. ئەگەر دەسـەڵات دڵـی گەورە بـوو دەسـەڵات نیـیە ، شـتێکی دیکەیە .دیـارە ململانـێش ئیکسـیری پێشکەوتن و بەردەوامبوونە .

( گۆڤاری **خەباتی قوتابیان**

ژمارەی شوباتی 2006 )

---

## نەژاد عزیز سورمێ:
## لە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە فێری شەونخونی بووم

**دیمانە: خەباتی قوتابیان**

**زۆرن ئەوانەی لە قوتابخانەی دێرینی (ی. ق. ک)دا پێگەیشتوون ، چونکە قوتابخانەیەک بوو چەندین سەرکردە و کادیری لە هەموو بوارەکانی سیاسی و**

**ڕۆشنبیری و بەڕێوەبردن و...هتد پێگەیاندووە (نەژاد عزیز سورمێ) کە ئێستا سەرنووسەری ( ڕۆژنـامەی خەبـات )ـــە خـۆی بە قەرزاری ئەو قوتابخـانەیە دادەنێت و لەمیانەی دیمـانەیەکی گۆڤارەکەمـان بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن.**

*** هەرچەندە (نەژاد عزیز سـورمێ) پێویسـت بەوە ناکـــات بیناســـێنین ، بەڵام وەکـــو پرســـیارێکی تەقلیـــدی ئەکـــرێ لە ژیـــانی تایبەتییەوە دەست پێ بکەین؟**

- من (نەژاد عزیز سورمێ) دەرچـووی کـۆلیژی ئەدەبیـــات- زانکـــۆی بەغـــدا بەشـــی شوێنەوارناســـی هەر لە تەمەنـــی منـــداڵیمەوە خەریکـی کـاری ڕۆژنامەنووسـیم لەو کـاتەی کە لە (ی. ق. ک) کارم دەکرد ، بەڕاستی بۆ مـن (ی. ق. ک) قوتابخـانە بـوو ، چـونکە کاتێـک کە لە کۆتایی ساڵی شەشتەکانەوە چوومە نـاو ڕیزەکانی ، کارەکان زۆر ئەستەم تر بوون وەک ئەوەی لە ئێســتا دەیبینـــین ئەو کـــاتە وەکـــو پیشـــمەرگە لە شـــاخ بـــوو و ڕێکخســـتنەکانی ئـێمەش لەنـاو شـار کاریـان دەکـرد بـاوک و

خـزم و برامـان پێشـمەرگە بـوون زیـاتر کـاری ئـــێمەی قـــورس کردبـــوو ، لەڕووی کـــاری ڕۆژنامەنووسـیمەوە هەرچەنـدە (ی. ق. ک) لە هەموو ڕوویێکەوە ئەندامانی خـۆی هانـدەدا کە شارەزایی گشـت بوارەکـان بـن بەڵام ئـێمە ئەو کـات لە بڵاوکراوەیـی دیـوارییەوە دەسـتمان پێکرد ، مـن هەر لە سـەرەتا کە پەیوەنـدیم بە (ی. ق. ک) کرد بەلایەنگرییەوە دەسـتمپێکرد کـاتێکیش بـوومە ئەنـدام ئەو ڕۆژە کە شـەو داهات لە کاتژمێر 10 تاکو 12ی شـەو هەر بـۆ دایکـم دووبـارە دەکـردەوە کە مـن لە (ی. ق. ک) بوومە ئەندام ئەویش پێـی شـتێکی سـەیر بوو چونکە ئەو کات ئەنـدام بـوون شـەرەفێکی گەورە بـوو ، ئەوە بـوو پـاش مـاوەیەک بـوومە کارگێری ناوچەی قوتابیان.

*** کێ بوون ئەو کات کـارت لەگەڵ دەکـردن؟ کاری هونەریتان چ بوو؟**

-: هەرچەنـدە کـاری مـن زیـاتر ڕاگەیانـدن و بڵاوکراوەکـــان بـــوو لە شۆڕشـــی ئەیلـــوولی

کارگێری ناوچەی چۆمان بووم خوالێخۆش بوو (حەسەن کوێستانی) بوو کاک (ئازاد جوندیانی) و سەردار هەڵۆ هەروەها ئیبراهیم سعید بەرزنجی و غفور حوسێن و فەوزی جەودەت لەو کاتەی کە لە چۆمانیش بووین بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش لەوێ بوو هەرچەندە ئێمە دووربووین لە زۆر شتی مەدەنی بەڵام بەپێی پێویست خۆمان ڕاهێنابوو لەگەڵ بارودۆخەکە ، زۆر جاران کە پارتی دیموکراتی کوردستان ئاهەنگی دەگێڕا ئێمەش داوەت دەکراین کە ئەوکات کۆڕاڵێکمان هەبوو کە لە 16 کچ و 18 کوڕ پێک هاتبوو کە بۆ ئەوکات شتێکی زۆر دەگمەن بوو هەرچەندە ئافرەتی کورد بەتایبەتی لە لادێکان ئازادی زۆرتریان هەبوو هەروەها لە ساڵی 1971 تیپی شانۆیمان لە ناحیەی گەڵاڵە دامەزراند.

*** ئەو کات هیچ بڵاوکراوە یاخود ڕۆژنامە و گۆڤارتان هەبوو؟**

ــ لە بڵاوکـراوەی دیـوارییەوە دەسـتم پێکـرد بڵاوکراوەیـــەکی دیـــوارم بەنـــاوی (کـــاوە) دەردەکرد ، چەند ژمارەیەکم لێ بڵاوکردەوە تـا وایلێهات مـانگی دووجـار بڵاومـان دەکـردەوە ، چونکە ئەوکـات ئاسـان نەبـوو تـۆ ڕۆژنـامەیەک یان گۆڤارێـک دەربـکەی بەڕاسـتی مـن لە (ی. ق. ک) فێـــری شـــەونخونی بـــووم ، چـــونکە ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ڕۆژنامەی خەبات تـا درەنگـانی شـەو نـانوم ئەمەش لە (ی. ق. ک) لێڕاهاتم .

پـــاش هەوڵێکـــی زۆر توانیمـــان بە یـــارمەتی هاوکـاری هەڤـاڵانی پـارتی بەتـایبەتی شـەهید فرەنسۆ هەریری بە هەرچەشنێک بێت گۆڤـارێ دەربکەین بەناوی (بەرەو ڕووناکی) کە بەهـۆی فێڵێـــک کە کردمـــان ســـەردانی چاپخـــانەی کوردسـتانمان کـرد کە ئەو کـات مـۆڵەتی هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێـک دەبـووایە لە بەغـدا مـۆری لێبـدرێت ، بەڵام بە مامۆسـتا گیـوی خـاوەنی چاپخانەمان وت ئەمە ڕۆژنامەی قوتابیانە و بە نووسراوێکی پارێزگار پێکمان هێنـا و توانیمـان

قەنــاعەتی پێــبکەین ، بۆمــان چــاپ بکــات بەتـایبەتی کە بـابەتی بـۆ ئەوسـا قەدەغەشــی تێدا بوو.

*** کێ سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بوو؟**

ـ سەرنووسـەری نەبـوو ، دەسـتەی نووسـەرانی هــەبوو ، ئیبــراهیم بەرزنجــی ئــازاد جونـدیانی ســەردار هەڵــۆ و غەفــور حوســێن گەلاڵــی و فــەوزی جەودەت جەمیــل و مــن بــووم چەنـد ژمارەیەکمــان لــێ بڵاوکــردەوە و گەیانــدمانە هەولێــــر و دهـــۆک و ســـلێمانی هەروەهـــا لیژنەیەکمـان بەنـاوی لێـژنەی زمـان و ئەدەبـی کــوردی دامەزرانــد بەڵام بارەگــای تایبەتیمــان نەبوو لە دووکانێکدا بـووین ، هەروەهـا دامـان نابوو چەند ژماریەکی تایبەت دەربکەین یەکێک لەو ژمــارانەی کە دامــان نــابوو دەری بکەیــن لیژنەیەکمـان بـۆ پێکهێنـابوو کە بچێـت دەقــی فۆلکلـۆری کۆبکـاتەوە و دوایــی چـاپی بکەیـن بەڵام بەداخەوە بارودۆخ رێگـای پێنەداین و لە ســاڵی 1974 شەڕ دەستی پێکردەوەو پڕۆژەی ئـــێمەش وەســـتا لە ڕووی ڕاگەیانـــدنەوە هەریەکێکمـان کەوتیـنە شـوێنێک مـن چـوومە

ئێـزگەی دەنگـی کوردسـتان و لە (ی. ق. ک) دابڕام.

*** دواتـر پەیوەنـدیت نەکـردەوە بە (ی. ق. ک)؟**

ـ نەخێـر پـاش ئاوارەبوونمـان بـۆ ئێـران ئـێمە کەوتیــنە زێــوە لەوێ دەمانخوێنــد ئەوکــاتەش کۆمەڵێک گەنج کاریـان دەکرد لە (ی. ق. ک) بەڵام بەم شێوەیە نەبوو لە دواییـدا گەڕاینـەوە بۆ ئێراق ، ئەوەبوو یەکڕاست نەفـی کـراین بـۆ باشووری ئێراق کە لەوێش بـووین (ی. ق. ک) ئەو تەنـزیمەی نەبـوو لەنـاو شـار کە پێشــتر هەیبوو ، ئەوەبوو دەستم بە خوێنـدن کـردەوە پاش چەند ساڵ دابڕان تا چوومە زانکۆ.

*** لە نێــو (ی. ق. ک) کۆمەڵێــک گەنــج لە دەوری ئێــوە بــوون ئەوکــات چیــان دەکـرد؟ بەتایبەتی لەڕووی نەتەوەییەوە؟**

ـ من ئەوکاتەی منالٚ بووم (قۆناغی دەسپێکی خوێندن) لە ئەشکەوت دەمانخوێند بۆ مامۆستا بووین یەکێک لە مامۆستایان کە وانەی بە ئێمە دەگوت (عادل موراد) بوو کە دوای بوو بە سکرتێری (ی. ق. ک) هەروەها دکتۆر مەحموود عوسمان و هاشم عەقراوی لەوکاتە دەرسیان پێدەگوتین ئەمانە ئەندامی سەرکردایەتی بوون لە بێ مامۆستایی دەرسیان پێدەگوتین ئیتر کۆمەڵێک گەنج لە ڕیزی (ی. ق. ک) پەروەردە کرابوون کاری زۆر باشیان دەکرد لە ڕووی خزمەتکردن بە بیری نەتەوەیی و هۆشیارکردنەوەی خەڵک چونکە ئەوکات ئەگەر لە (ی. ق. ک) نەبووایە وەکو ئەوە وابوو شتێکمان کەم بێت ئەگەر هەر قوتابییەک ئەندام نەبووایە لە (ی. ق. ک). ئەو کاتە وا بوو .

*** ئێستا (ی. ق. ک) لە قۆناغێکی تر دایە و قۆناغێکی زۆر جیاواز لە سەردەمی ئێوە پێتوایە (ی. ق. ک) چی بکات باشە؟**

ـ شتێک هەیە کە نابێت لەبیری بکەین ئێمە تاکو ئێستا بە ئاواتین بگەین بە سەربەخۆیی ، ئەمڕۆش (ی. ق. ک) ئەرکێکی زۆر قورسی لەسەر شانە دەخوازێ گرنگی بە ڕێکخستنەکانتان بدەن هۆشیاری نەتەوەیی و پابەندبوون بە بنەما نەتەوەییەکان ئەرکی سەرشانی ئێوەیە ئەوەش بە پتەوکردنی ڕێکخستنەکانتان دەبێ ، کاتێک ئێمە کارمان دەکرد ئەگەر کۆبوونەوەیەک هەبووایە ، هەڤاڵێک نەهاتبا چەند کۆبوونەوەیەک نەهاتبا فەسڵ دەکرا (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) ئەوسا و ئێستا فەرقە! چونکە ئەندامانی پابەندبوون بە ڕێکخستنەکانەوە کە ئەندامیش پابەندبوو ئیتر ڕاسپاردەکان جێبەجێ دەکات بۆیە دەبێت (ی. ق. ک) ئەندامانی خۆیان هانبدەن بۆ ڕاهێنان و خۆڕۆشنبیرکردن چونکە ئێستا تەمبەڵییەک دەبینین لەنێو قوتابیاندا ئەویش نایانەوێ خۆیان ڕۆشنبیر بکەن و بخوێننەوە بۆیە دەبێت گرنگی بەم لایەنە بدرێت چونکە زەمان گۆڕاوە ئێستا بە ئیمێڵێک پەیوەندی بە هەموو جیهانەوە دەکەی.

*** ئەگەر ئامۆژگاریەکت هەبێت؟**

ـ من لەوە بچووکترم ئامۆژگاری ئێوە بکەم چونکە من (ی. ق. ک) بە قوتابخانەی خۆم دەزانم هەر ئەوەندە دەڵێم پێمخۆشە ئێوە وەکو (ی. ق. ک) ببنە نموونەی قوتابیان بۆ کاری باش دەبێت ئێوە ڕێگا لە گەندەڵی و کاری نابەجێ و هەموو ئەو کەم کوڕیانە بگرن کە ئێستا لە ئارادان چونکە (ی. ق. ک) ئەو قوتابخانەیە دەتوانێ کادیری وا پێبگەێنێ بتوانێ ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان بێتەوە.

( گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە
ژمارە 133 –نیسانی 2009 )

**نەژاد عزیز سورمێ ، سەرنووسەری (خەبات) :**

# ( خەبات )ی ڕۆژنامە و خەباتی گەلی کوردستان پێکەوە گرێدراوە

**دیمانە: سەفەر یوسف میرخان**

بە بۆنەی (50)یەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەی (خەبات) ، لە دەرفەتێکی کورتدا چەند پرسیارێکمان لە سەرنووسەری ڕۆژنامە بەڕێز (نەژاد عزیز سورمێ) کرد و بە خۆشحاڵییەوە بەم شێوە بەرسڤی داینەوە:

*** بەناوی مەکتەبی گشتی ڕێکخستنی پێشمەرگە و گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە پیرۆزبایی یۆبیلی زێڕین لەم ڕۆژنامە ئازیز و هاوڕێبازەمان و ستافەکەی دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بەردەوامی بۆ دەخوازین؟**

- سوپاستان دەکەم و بەخێربێن.

*** ڕۆژنامەی خەبات وەک زادەی ئەو بـایەخ و تێکۆشانە ڕۆشنبیرییە بەردەوامەی پارتی ، تا چەند لەم مێژووی خۆیـدا توانیـوویەتی ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت؟**

- (خەبات) بەپێـی ئەو قۆنـاخەی بـزووتنەوەی ئازادیخوای گەلی کوردستانی پێدا تێپەڕیـوە ، وەکـو کەنـاڵێکی کـاراو کـاریگەری ئەو بـزاڤە بـــووەو هەمـــوو ئەو قۆناخانەیشـــی تێـــدا ڕەنگـــداوەتەوە، بەتـــایبەتیش لە ســـەرەتای دەسـپێکی بە ئاشـکرا دەرچوونیـدا کە ببـووە سـەکۆیەک نە بە تەنیـا بـۆ کـورد بەڵکـو بـۆ هەموو ئازادیخوازێک.

*** خەبـات بە چەنـدین قۆنـاخی سـەختدا تێپەڕیووە ، هۆکاری بەردەوامی تا ئەمڕۆ زیاتر لە چیدا دەبینن؟**

- وەک وتم (خەبات) کە هەمیشـە و پـا بە پـا لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمانـدا

بووە و زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە ، بێگومان بەردەوام بوونی پەیوەست بووە بە بەردەوامی شۆڕش و مقاوەمەتی گەلی کوردستان.

*** سەرۆک بارزانی فەرمووی: یادکردنەوەی خەبات تەنیا یادکردنەوەی ڕۆژنامەیەک نییە بەڵکو یادکردنەوەی خەباتی نەتەوەیەکە ، کەواتە خەبات توانیوویەتی لە زۆر ڕووەوە جەمسەرێکی دیاری نێو کاروانی شۆڕشی کوردستان بێت؟**

ـ ئەمە زۆر ڕاستە ، وەک ئاماژەمان پێکرد جەنابی سەرۆک بارزانیش (خەبات)ی ڕۆژنامەو خەباتی گەلی کوردستانی پێکەوە گرێدا ، ئەمەش حەقیقەتە.. هەر لەو ڕوانینەوە (خەبات) نەک هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن بووە ، بەڵکو لە درێژبوونەوەی تەمەنیدا لە پاڵ چەندین کادری ڕاگەیاندن ، بەدەیان کادری سیاسیشی پێگەیاندووە. بەو چەشنە (خەبات)

بـــووە بە بەشـــێک لە خەبـــاتی سیاســـی کوردستان.

*** یەک لە خەســــــڵەتەکانی خەبـــــات ئاراســتەکردن و پابەنـدبوونییەتی بە پەیـامی دیمـوکراتی و نەتەوایەتــی پێشـکەوتنخواز تـا چەند ئەمە گوڕی بە کاریگەریی بەم ڕۆژنامەیە بەخشیووە؟**

ـ (خەبات) لە وەختێکدا بە ئاشکرایی دەرچـوو کە هەلــومەرجێکی تــازە لە ئێراقــدا هــاتبووە گــۆڕێ بەوەی ڕژێمێــک لە دەســەڵات لادرابــوو ڕژێمی نـوێ هـاتبووە شـوێنی کە لە سـەرەتادا تـــاڕادەیەکی بەرچـــاو بانگەشـــەی ئـــازادی و یەکسانی دەکرد.
لەو ئان و ساتەدا و هەر لە یەکەمـین ژمارەیـدا (خەبات) دیموکراسیەتی بە باشترین چارەسەر بــۆ کێشــەکانی ئێــراق دانــا دوای ئەوەی لە دەســتووردا ئەوە جێگیــر کرابــوو کە کــورد و عەرەب لە ئێراقــدا هاوبەشــن و ئەم ئێــراقە لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت ئەویش کورد و

عەرەب.. بێگومان ئەو پەیامەی (خەبات) کە لە پرسیارەکەتدا هاتووە تا زۆر ئەوەی پێی دەگوترا متمانە و کاریگەریی بە ڕۆژنامەکە بەخشیووە.

*** زمانی نەرم و ڕاستگۆیی هەمیشە لە ڕووخساری خەباتدا دیارە، تا چەند ئەمە کاریگەریی دروستبوونی ئەو متمانەیەیە کە بەم ڕۆژنامەیە دەکرێ؟**

- ڕاستیی من وەکو خۆم وای چاو لێدەکەم کە هەمیشە پیشەییایەتی لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا، لە پێش هەموو مەرجەکانی دیکە دایە، ئێمە لە (خەبات)دا هەوڵمان بەو ڕووکارەیە، ئەوەی بڕیاری بڵاوکردنەوەیان دەدەین پێمان باشە ئەوەندەی مۆرکی پیشەییایەتی بەسەردا زاڵ بێ، ئەوەندە بەلای ڕووی ئاراستەکردنەوە نەشەکێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا و لە هەمانکاتدا بڕوام بەوەش نییە لە هەموو دنیادا ڕۆژنامەیەک یا کەناڵێکی ڕاگەیاندن هەبێ بە ڕەنگێک لە ڕەنگەکان ئاراستەکراو نەبێ. هەر

له سەرەڕێی پرسیارەکەی تۆشدا ، من پێموایە تـا نزیکتـربین لە پیشـەییایەتی ئەوەنـدە لە ڕاستگۆیی نزیک دەبینەوە .

*** لە دنیـای ڕۆژنـامەگەریی ئەمـڕۆی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا و ئەو فەوزایەی بەناوی ئـازادی ڕادەربـڕینەوە هەسـتی پێـدەکرێ ، پێگەی خەبات لـە چ ئاستێکدایە و جیـاوازی لەگەڵ ئەوانی تر چییە؟**

- بـرای بەڕێـز ، (خەبـات) زمانحـاڵی حزبێکـی دەسـەڵاتدارە کە بە کۆمەڵێـک پەیوەنـدی و ئیلتزامـاتی نـاوەخۆ و دەرەوە و کوردسـتانی و نەتەوەییەوە بەندە .
ئەوەی لە (خەبـات) دەنووسـرێ و بڵاودەکرێتەوە حسابی بۆ دەکرێ .
من بەخـۆم لەگەڵ بیـروڕای ئـازاد و جیـاوازم ، چـونکە بیـروڕای جیـاواز سـوننەتی ژیـان و ململانێ و بەرەوپێشچوونە .. بەڵام ئازادی ئەوە ناگەیێنێ ، بە نوێژی نیـوەڕۆ مـن بـێم بوختـان بەتۆ بکەم و لێت لە هەڵڵا بدەم ، وەک ئەوەی

ئەگەر کەم و کورتییەک هەبوو ، هەنگوینم لە کۆڵکەداردا دۆزیبێتەوە.

ئێمەش بەدەیان جار ڕەخنەمان لە خودی دەسەڵات و دام و دەزگاکانی حکوومەت گرتووە و زۆرجاریش یاخود زۆربەی جار جێگەی خۆی گرتووە و کێشەیەک هەبووبێ چارەسەر کراوە. بەڵام بەڕاستی ئێمە (تەشهیرکردن)مان لە (ڕەخنە) جیاکردۆتەوەو هەرگیز لە ڕۆژنامەنووسانی هاوکارانیشمان لە وان ڕۆژنامانە ناوەشێنینەوە کە لەکاتی ڕەخنەگرتن و دەست لەسەر دانانی کەم و کورتییەکان نیشتمانیان لەبەر چاو ون بێت ، کە ئەمە لە خۆیدا کارەساتە.

ئەو فەزایەی باسیشی دەکەی بەڕاستی ئەوەندەی لە ژمارەی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووساندایە ئەوەندە ناکەوێتەوە سەر ئازادی دەربڕین.

نە جوگرافیای کوردستان و نە ڕادەی خوێنەری کوردی و نە ئیمکانیاتی ماددی ناگەنە ئەو ئاستەی کوردستان ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەی لێ دەربچێت کە

وایلێهاتووە، تەنیا ئەوەندە ماوە هەر گەڕەکێک ڕۆژنامە و یان گۆڤاری تایبەت بە خۆی هەبێ
که بەداخەوەیش زۆربەیان لە یەکدەچن..
ئەوەی حزبیش ئەوە دیارە ، ئەوانەی دیکەش هەر هەموویان دەنووسن (گشتی سەربەخۆ)..
ئەمە پاشەگەردانییە کە لەو هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە دایە ، کە بێگومانم ئەگەر زیاتر نەبێ بەقەد ژمارەی ڕۆژنامەنووسانمان ڕۆژنامەو بڵاوکراوەمان هەیە. بزانە لە کوێی ئەم دنیایەدا پرۆسەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیی وایە بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی لە زۆر ڕووەوە لە وڵاتی ئێمە دەچن؟.

# نەژاد عزیز سورمێ : "خەبات" ڕۆژنامەیەکی ئازادە لە سنووری یاسا و پێشێلنەکردنی مافی ئەوانی تر

**ڕاوێژ:** ئێوە وەکو بەربڵاوترین و بەناوبانگترین ڕۆژنـــامەی کوردســـتان ، گلەیـــی ئەوەتـــان لێدەکرێت کە وەکو پێویست ئازاد نین؟

**نەژاد سورمێ:** نازانم تۆ مەبەستت لە ئـازادی چیـیە و پێوەرەکـانی لای ئێـوە چـۆنە ، بەڵام خەبـات وەکـو ئۆرگـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردســتان ، ڕۆژنــامەیەکی هەواڵە و ئێســتا سایتی ڕۆژنامەکەشمان لەگەڕدایە و بـۆتە ئـۆن لایــن و ڕۆژانە هەواڵەکـــان بە بەردەوامـــی و گەرمـی بڵاودەبێـتەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا بەڕای خـــۆم و زۆربەی نووســـەران "خەبـــات"

ڕۆژنــــامەیەکی ئـــازادە لە ســـنووری یاســـا و پێشێلنەکردنی ماف ئەوانی تر.

**ڕاوێژ:** ئێوە یەکەم ڕۆژنامەن لە جیهان ژمارەی پســـوولە و پـــارەی پســـوولەی ڕێکلامەکـــان بڵاوبکـاتەوە ڕۆژنـامەکەی ئێـوەیە ، ئایـا ئەوە هیچ چیرۆکێکی لە پشتەوە هەیە؟

**نەژاد سـورمێ:** نەخێـر ، هـیچ چیرۆکێکـی لە پشتەوە نییە ، بەڵکو ئەوە تەنیـا لە سـۆنگەی شەفافییەتمانەوە دێت و بەس.

**ڕاوێــژ:** دەڵــێن ئێســتا داهــات و خەرجــی ڕۆژنامەی "خەبات" خەریکە بگاتەوە یەک؟

**نەژاد سـورمێ:** نـا بەو شـێوەیە نیـیە ، بەڵام ڕۆژنامەکەمــان بەهــۆی گەیشــتنی بــۆ زۆربەی شـــارەکانی کوردســـتان و بەناوبـــانگییەکەی ، ڕێکـــلام و ئاگـــادارییەکی زۆری تێـــدا بـــڵاو دەبێـتەوە ، کە داهـاتی هەیە ، ئەمە جـگە لە داهـــاتی تـــری ڕۆژنامەکەمـــان ، بەڵام لەگەڵ

ئەوەش هێشتا خەرجیمان تاڕادەیەک زۆرترە لە داهات.

**ڕاوێژ:** بۆچوونێک هەیە دەڵێت "ئەگەر خەبات بە ناچاری بەسەر دەزگا حکوومی و حزبییەکان دابەش نەکرێت ، خوێنەری ڕۆژنامە کەم بەلای دادەچێت".

**نەژاد سورمێ:** نەخێر ، ڕێک ئەمە وانییە ، بەهۆی داواکاری زۆری خەڵک بۆ "خەبات" هەمیشە دابەشکەری ڕۆژنامە داوای زیادکردنی ژمارەمان لێدەکات ، ئێوە خۆتان دەتوانن ، تەئکید لەمە بکەنەوە ، "خەبات" داواکارییەکی زۆری لەسەرە و بۆیە تیراژیشی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە.

**ڕاوێژ:** کێشەکەتان لەگەڵ "مەلا ئەنوەر" چی بەسەرهات؟

**نەژاد سورمێ:** بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لەسەر دروستبوونی شەڕێک لە ئەنجامی وتارێکی هەینی مامۆستا ئەنوەر ، ئەو بەڕێزە داوایەکی یاسایی لە دادگا لەسەر تۆمارکردین

گـوایه ناومـان زڕانـدووه ، که وانیـیه و ئـێمه تەواوی هەواڵەکەمان بە وێنە و ڤیـدیۆ هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕێزمـان لە دادگـا و یاسـا گرت و بە حورمەتەوە چووینە بەردەم دادگـا ، دوو سێ دانیشتن کراوە.

**ڕاوێــژ:** حەنابتـــان کە بــوونە سەرنووســەری "خەبات" هەندێک ستافی ڕۆژنامەکە وازیانهێنا، لەبەر چی؟
**نەژاد ســورمێ:** ئەوە تەنیـا گواسـتنەوەیەکی ئاسایی بوو بۆ ئەو بەڕێزانە.

**ڕاوێــــژ:** جەنابتـــان پـــێش ئەوەی ببـــنە سەرنووسەری "خەبات" سـکرتێری ڕۆژنـامەوانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بـوون ، ئایا کامەیان بۆتان ساناتر بوو یا بەشێوەیەکی تر لە کامەیان زیاتر ماندووتر بووی؟
**نەژاد ســورمێ:** وەڵاهــی ، هەردوو کـارەکە بە شانازییەوە کارم تێدا کرد و لەوەی خەبـات تـا ئێستاش بەردەوامـم ، هەردوو کـاریش هیلاکـی

خۆیـــان هەبـــووە و بەرپرســـیاریەتییەکی مێژووییە، بەڵام لە کاری ئێستام ماندووترم.
**ڕاوێژ:** پەیوەندیتان لەگەڵ مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆنە؟

**نەژاد سورمێ:** زۆر باشە و ئێمە بەشێکین لەو مەکتەبە؟

**ڕاوێژ:** ئەی بۆ دەڵێن ئێوە ڕاستەوخۆ سەر بە مەکتەبی بەڕێز سەرۆک بارزانین؟

**نەژاد سورمێ:** نەخێر ، وەکو گوتم سەر بە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنین و تەوجیهات لەوان وەردەگرین.

**ڕاوێژ:** واتە تەوجیهات لە بەڕێز "سەرۆ قادر" وەردەگرن.

**نەژاد سورمێ:** تەوجیهات لە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن وەردەگرین.

**ڕاوێژ:** "خەبات" کە هەفتانە حەوت ڕۆژ بەبێ پشوو دەردەچێت ، ئایا هەست ناکەی ستافەکە بەجۆرێک ماندوو دەبن کە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر چۆنایەتی ڕۆژنامەکە دەبێت؟

**نەژاد سورمێ:** خۆی ئێمە ئێستا بە سیستەمی شەفتات کار دەکەین و هەر چەند نووسەرێک لە مەلەفێک بەرپرسیارن و بەشێوەیەکی گشتی لاپەڕەکان بەرپرس و سکرتێری نووسین و نووسەری خۆیان هەیە بە جۆرێک کە هەرچەندە ماندوو و هیلاکن بەڵام لەگەڵ ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر چۆنایەتی ڕۆژنامەکە نییە و بەڵکو خوێنەران شاهیدن کە "خەبات" لەڕووی چۆنایەتییەوە گۆڕانی پێوە دیارە.

( گۆڤاری **خەباتی قوتابیان**
ژمارە 70 ی 2007 )

**نەژاد عزیز سورمێ :**

## ڕۆژنامەگەریی کوردی
## هەر لە سەرەتاوە یا حزبەکان
## دەریان چواندووە
## یا ئەو ڕووناکبیرانەی لەهەمان
## کاتدا کاری سیاسیان کردووە

بە بـاوەڕی مـن لە دونیـادا هـیچ شـتێک بـێ سـنوور نیـیە هەمـوو شـتێک سـنووردارە بـڕوا نـاکەم پیشـەی ڕۆژنامەنووسـی لە هەمـوو ئەو شتانەی دیکە جیابکرێتەوە کە لە دونیادا هەبێ من نازانم مەبەست لە خەتـی سـوور چیـیە کـە باسی دەکەن ، بەڵام پێموایە ژیانی مرۆڤایەتی لەسـەر بنەمـای کۆمەڵێـک یاسـا و ڕێسـاوە داڕێژراوە بۆ ئەوەی کە بێ سەروبەری لە ژیاندا

نەیەتە ئاراوە دیارە گرنگترین شت لە ڕۆژنامەدا ئەوەیە کە ڕای گشتی دروست بکات ، بێگومان ئەو خەتی سوورە کە تۆ ناوت لێناوە خەتی سوور دەنا من بە خەتی سووری تێناگەم من بە پەیوەست بوون بە یاساوە ئەو یاسایەی کە هەمووومان لەسەری کۆکین پێناسەی دەکەم ، ڕۆژنامە یا هەر کەناڵێکی میدیا دەخوازێ پەیوەست بێ بە ڕادەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگە ، بێگومان ڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەلای منەوە گرینگە ، ئەمەش پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەر و کۆمەڵێک تەقالیدی وا کە هێشتا بەتاییەتی لە کۆمەڵی دواکەوتووی وەک ئێمەدا ماوە.

بۆیە پێموایە سنوورێک هەمیشە هەبێ ، سنوور بۆ ئازادی نا ، بەڵام بێگومان لە هیچ شوێنێکدا تۆ بۆت نییە هەرچییەک بتەوێ بیڵێی ، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بەزاندنی ئازادی خەڵکی دیکە  کە ئەمەش لەگەڵ یاسادا تێک ناکاتەوە.

*** هەندێک ڕۆژنامەنووس شکاندنی کەسایەتی خەڵکانی دیکە و جنێودانیان کردووەتە**

**کولتووری خۆیان ، بۆ پشتگیری لەمە دەبێ دەسەڵات زبری زیاتر بنوێنێ و سانسۆر بخاتە سەریان؟**

- مــــن لەگەڵ سانســــۆردا نــــیم ، عەرەب قسەیەکیان هەیە دەڵێ (الكلام صفة المتكلم) قسە پێناسەی قسەکەرە ، نازانم مەبەستت لە جنێودان چییە ، من ئامادەنیم باسی جنێو بــکەم ، بەهــیچ شــێوەیەک ، بەڵام ئەگەر مەبەســتت ئەوەیە کە دیــاردەی نــابەجێ لە هەنــدێک شــوێندا دەردەخرێــت کە نــامۆن و پێویســتیان بە چارەســەرکردن هەیە ، ئەوەش دەچێتەوە چوارچێوەی ڕەخنە زیاتر ، بەڵام جنێودانی پەتــی جنێــوە ئیتــر ئەوە نــاچێتە چوارچێوەی کاری ڕۆژنامەوانییەوە ، دەنا هەر کەسێک ئازادە لەسەر جادە جنێو بە خەڵک بدات و ئەوانیش جنێوی پێ بدەنەوە. دیارە ئەمەش لە کاری ڕۆژنامەنووسیی دوورە.

*** بۆچی دەسەڵات و حزبەکان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا هەوڵدەدەن ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس بکەنە پاوانی خۆیان؟**

ـ کاکی برا شتێک هەیە دەبێ ئێمە بیزانین ، هەمیشە ئەو ململانێیە هەبووە ، لەوەتەی شارستانییەت لە دونیادا دروست بووە لە نێوان دەسەڵات و فکر ، لە نێوان دەسەڵات و بیروبۆچوون ، لە نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر ، هاوتەریبێک هەیە ، واتە بەیەک نەگەیشتنەوەیەک ڕەنگە بە یەک ڕێگادا بڕۆن ، بەڵام ناگەنەوە یەکتر لەگەڵ ئەوەی هەندێجار بەرژەوەندی هاوبەشیش بیانگەیێنێتەوەیەک ، لەگەڵ ئەوەی هەندێ جار بەرژەوەندی هاوبەشیش کۆیان بکاتەوە ، دەسەڵات مافی خۆیەتی بۆ سەقامگیرکردنی ئەو پرەنسیپە و بنەمایانەی بڕوای پێیان هەیە ، هەموو شتێک بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ، بەتایبەتی کاتێک کە پێویستی پێ هەبێ ، لە هەمانکاتیشدا ڕۆشنبیران مافی خۆیانە ئازادبن لەوەی کە بڕیار بدەن بچنە ژێر هەژموونی ئەو دەسەڵاتەوە یان نا ، بەڵام لێرەدا خاڵێک هەیە، لە کاتێکدا تۆ دەسەڵات بە دەسەڵاتی خۆت بزانی جیاوازە لەوەی کە دەسەڵاتێکی

سەرکوتکاری بێگانە حوکمت بەسەردا بکات کە بە مرۆڤیشت نازانێ ، لە هەمانکاتدا دەسەڵاتی نیشتمانیش بێ کەم و کورتی نییە، بێگومان هیچ دەسەڵاتێک بێکەم و کورتی نییە، دەسەڵات ئەگەر هەبێ ، دەبێ کەموکورتیشی هەبێ.

برادەرێک لەم ڕۆژانە لێی پرسیم ، دەبێ دەسەڵات دڵی گەورە بێ بۆ ئەو ڕەخنانەی کە باسی دەکەن؟!

من پێموایە کە دەسەڵات بێ ، مەرج نییە دڵی گەورە بێ ، چونکە ئەگەر دڵی گەورە بوو دەسەڵات نییە. تۆ دەتەوێ دەسەڵات وەکو شاعیرێک بیربکاتەوە ئەوە ناکرێ شتی وا نییە لە دونیادا ، بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی دەخوازێ ڕۆشنبیران لە قۆناغی رزگاری نیشتمانیدا یارمەتی دەسەڵات بدەن ، مەبەستم ئەوە نییە ببن بە داردەستی ، بەڵکو یارمەتی بدەن ، بۆ گەیشتن بە ئامانج ، دڵسۆزانە ڕەخنەی لێ بگرن تیشک بخەنە سەر ئەو شوێنە نادیارانەی دەسەڵات نایانبینێ یا لێی دەشاردرێتەوە.

*** تــرس لە دەســەڵاتە یــا تێنەگەیشــتنی ڕۆژنامەنووس لە دەسەڵات کە بۆشایی دەخاتە نێوان ڕۆژنامەنووس و دەسەڵاتەوە؟**

- بە بــاوەڕی مــن هەردووکیــانە ، لەلایەک تەقدیری ئەو بارودۆخ و کاودانە ناسکە نـاکرێ لەلایەن هەندێکەوە یا تەقـدیر کـراوە و بەهەنـد وەرنــاگیرێ ، لەلایەکیتریشــەوە بە حەقــیقەت جۆرە مۆدێکی دروستکردووە ، مۆدیلێک کە تۆ هەڵکوتیتە سـەر دەسـەڵات بەبـێ بیرکـردنەوەو دەســەڵات بکــوتی ، گرینــگ ئەوەیە کە ئەوە دەسەڵاتە و تۆ دەبێ دژی بی ، مەبەسـتی مـن لەو قســانە ئەوە نیــیە کە ئــێمە ببیــنە دارو دەســـتەی دەســـەڵات ، ئـــێمە لەکـــاتی دەســـەڵاتداریەتی ڕژێمـــی بەعـــس ، چـــونکە دەســـەڵاتمان بەهـــی خۆمـــان نەدەزانـــی دژی ڕادەوەستاینەوەو هەمیشە لە بەرەی دژ بووین، ئەوەی کە چیمـان پـێ کرابـێ یـا چیمـان پـێ نەکرابێ، ئەوە قسەیەکی دیکەیە ، هـیچ نەبـێ لە ناخی دڵەوە ڕقمان لە ڕژێمەکە دەبـووەوە ، لێمان هەبـوو زینـدانی دیتبـوو ، لێمـان هەبـوو

دوورخرابـووەوە ، لێمـان هەبـوو هەمـوو ژیـانی خـۆی لەســەر دانــا ، ئێســتا ئەزموونێــک لە کوردستان هەیە ، بە حەقیقەت لە ئەزمـوونیش دەرچـووە ، هەڵێـک هـاتووەتە پـێش، پێمـوایە کە بەشــێکی زۆری ڕۆشــنبیران و ڕەخنەگــران تەحەمــــــولی ئەوە دەکەن کە ئەو هەلە بەرەو ســەقامگیری و ئــارامی بــڕوا ، ئەو کەنــارە ئــارامەی کە هەموومــان چــاوەڕێی دەکەیــن و هیـوای بـۆ دەخـوازین. وەچـەی ئـێمە لەژێـر ئــاڵایەک پەروەردە بــووین کە ئــاڵایەکی زۆر قێـزەونە ، بەرەی ئێسـتا دەبـێ زۆر بەخـتەوەر بـێ بەوەی لەژێـر ئـاڵای کوردسـتان پەروەردە بـووەو دەبــێ ، ئـێمە بـا تەنیـا خــراپەکەی دەسەڵاتی خۆمـان نەبینـین ، مـن نـاڵێم کەم و کـورتی نیـیە ، گەنـدەڵی نیـیە ، ئەگەر ئـێمە بەراورد بکەیــن لە نێــوان ســاڵانی ڕابــردوو و ئێســتا ، گۆڕانکــارییەک بەدی دەکــرێ ، ئەو گۆڕانکـارییەش لە ئاسـتی پێویستیشـدا نەبـێ بەڵام گۆڕانکـاری هەیە ، ئەو ئەمـن و ئەمـانەی کە هەیە پێـت کەمە ، کە تـۆ ئەمـن و ئەمانـت نەبـوو نە ڕەخـنە دەمێنــێ ، نە دەســەڵات ئەو

هەلەی دەمێنــێ گــوێ لە ڕەخــنە ڕابگــرێ و نە ڕۆژنــامە دەتــوانێ دەربچــێ وەکــو شــوێنەکانی دیــکەی ئێــراق ، ڕۆژانە دەیــان کەس دەبــنە قوربــانی ئەو بــارودۆخەی ئێســتا هــاتووەتە ئاراوە .

*** پێتوایە ڕۆژنامەنووسی حزبی دەتوانێ ئازاد بنووسێ؟**

ـ مــن تێنــاگەم ئەو کێشــەی حــزبییە ، وەک ئەوەی ئەو حــزبییە لە ئەســتێرەیەکی تــرەوە هــاتبێ ، ڕۆژنــامەگەریی حزبــی ، نــازانم چــی حزبی ، فلانــی حزبــی ، چــوزانم چــی حزبــی ، باوکم حزبیش بەشێکە لەو میللەتە ، ئێستا کە دوو حزبــی دەســەلاتدار لە کوردســتاندا هەیە ، ئەو دوو حــزبە ئەو خەڵــکە دەنگــی پێــداون و ئێســتا حــوکمی ئەو کوردســتانە دەکەن ، بــۆ ئاگاداریــت ســەرەتای ڕۆژنــامەگەریی کــوردی ، هەر لە سەرەتاوە یا حزبەکان دەریانکردووە یــا ئەو ڕونــاکبیرانە دەریــانکردووە کە لەهەمــان کاتــدا حــزبیش بــوون لە بزاڤــی ڕزگــاریخوازی

گەلی کوردستان دا ، من تێناگەم حزبی حزبی ئەم حزبی بوونە چییە ، بۆ نموونە با سەیرێکی ڕۆژنامەی خەبات بکەین ، ئەوە جەنابت بۆ خۆت دەبینی بە چاوی خۆت دەبینی ، بڕوام پێ بکە ئەو خەڵکە لە گۆترە حوکم دەدەن بەبێ ئەوەی بخوێننەوە ، بابچن بیخوێننەوە ، داخۆ ئەوەی ئێمە بڵاوی دەکەینەوە خەڵکانی دیکەش هەمان شت بڵاو ناکەنەوە؟ ئەوەی ئەوان بڵاوی دەکەنەوە ئێمەش بڵاوی دەکەینەوە ، بەڵام حەقیقەت ئێمە نەهجێکی دیاریکراومان هەیە ، ئەو نەهجە جیاوازە لەگەڵ نەهجی ڕۆژنامەیەکیتر ، با ئەویش هەبێ با ئێمەش هەبین ، زۆر سرووشتییە ، بابزانین ئەو ململانێیە دەگاتە کوێ ، من پێموانییە ڕۆژنامەی ئازاد بەو مانایەی لە خەیاڵی خۆمان دروستمان کردووە لە هەموو دونیادا هەبێ ، ڕۆژنامە بە زەبری پارە دەردەچێ ، خەرجی تێدەچێ ، ئەو خەرجییە یا دەبێ لایەنێک بیدا یا دەبێ حزب یا تاکە کەس یا شەریکە و کۆمپانیایەکی دیاریکراو، یا لەوانەیە دەزگایەکی جاسووسی ،

ئەویش دوورنییە ، لە دونیادا زۆر شتی وا هەیە ، نازانم ئەتو لە ماڵی خۆت جارێکیان لە بەرامبەر ئاوێنە وەستاوی جنێوان بەخۆت بدەی ، وەڵاهی من شتی وام نەدیتووە ، واتە دەیانەوێ من بێم لە خەبات کە ئۆرگانی پارتییە جنێو بە پارتی بدەم، شتی وا چۆن دەبێ نازانم من نەمزانیوە خەڵک لە بەرامبەر ئاوێنە جنێو بدا ، دەنا ئەوەی کە لە ڕۆژنامەکانی دیکە بڵاودەبێتەوە ئێمەش بڵاوی دەکەینەوە لە چەند بابەتێک بترازێ کە ئێمە نەمانخستووەتە چوارچێوەی کاری خۆمانەوە، ئەوە خاڵێک ، خاڵێکی دیکە ئەو ڕۆژنامەگەرییەی بەناوی حزبی ناوی ڕۆیشتووە و ناوی ڕۆژنامەی حزبیش بەد بووە لە حاڵێکدا دەخوێندرێتەوەو خەڵکیش موتابەعەی دەکات ، ئێمە هەوڵماندداوە میسداقیەتمان لەو شتانە بپارێزین بڵاوی دەکەینەوە چ لە هەواڵەکان یا لە بابەتەکانی دیکە ، بە حەقیقەت ئێمە هەرشتێک بڵاوبکەینەوە چونکە حزب لێی بەرپرسیارە چ بەرامبەر بە وڵاتانی دراوسێ بێ، چ بە نیسبەت ئەوانەی دیکە ، حزب لێی

بەرپرسـیار دەبێ ، مـن نموونەیەکـت بـۆ دێنمەوە، پێش ئەوەی کە ڕژێم بڕوخێ زۆر لە لایەنە سیاسـییەکانی کوردسـتان ئـاڵای کوردسـتانیان هەڵـدابوو هـیچ کەسـیش قسـەی نەدەکـرد ، بەڵام سـەرۆک بـارزانی لە موناسـەبەیەکدا گـوتی (مـن لەژێـر ئـاڵای کوردسـتان لەدایـک بـووم و لەژێـر ئـاڵای کوردسـتانیش دەبێ بمـرم ) هەمـوو وڵاتـانی دەوروبەر هەژان و وتیـان ئەوە ئیعلانـی دەوڵەتـی کـردووە ، ئەوە کـورد دەوڵەت دادەنـێن و ئەوە نـازانم چـی ، ڕونکردنەوەیـان ویست ، لە ئێـران و تورکیـا و لەجێـی دیـکە ، ئەوە مەسعود بارزانی وایگوتـووە ، دەی باشـە ئەی بـۆ ئەوانەی دیـکە هیچیـان نەدەگـوت ، لەسەر پارتی ئەوا حیساب دەبێ ڕەنگە لەسـەر ئەحزابـی تـریش بەتایبـەتی حـزبە دەسـەڵاتدارەکان هەروا حیسـاب بێ ، پاشـان دەمێنێـتەوە سـەر ئەو بابەتـانەی کە هەسـت دەکەم بوونەتە جۆرێک لە مۆدێـل ، ئـێمە قەت قەت نەپشتگیریمان کردووە و نەگوتوشمانە کە ئەوانە بـۆ دەردەچـن ، ئەوەی کە وەک خۆیـان

دەڵـێن لە ڕۆژنـامە ئازادەکانـدا بڵاودەبێـتەوە ، ئەوان ئـــازادن ، کوردســـتان ئـــازادە و زۆر سرووشـتییە ڕۆژنـامەی جۆراوجـۆر دەرچــێ ، زیـــاتر لە 300 تـــا 350 ناونیشـــان هەیە لە کوردســـتان لەوانەی مۆڵەتیـــان لە وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیری وەرگرتـــووە ، بێجگــە لەوانـــەی مۆڵەتیان وەرنەگرتووە ، با هەبن ، ڕۆژێـک دێ کە ئەوانە لێکهەڵداوێرێن و باشـەکانیان، ئەوەی کە دەتوانێ درێژە بـدا دەمێنێـتەوە و ئەوەشـی نەتــوانێ بــەردەوام بــێ نـامێنێتەوە و لەکـار دەکەوێ ، ئەوەش یاسای ژیانە.

*** لای ئـــێمە چەنـــد گـــوێ لە دەنگـــی ڕۆژنامەنووس دەگیرێ؟**

ئەوە پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە کە پێویستە دەنگــی ڕۆژنـــامەنووس ببیســـتێ ، ڕەنـــگە بەڕێـوەبەری گشـتییەک یـا وەزیرێـک ، لەلای خۆیە زۆر قەدری ڕۆژنـامەنووس بزانـێ ، ڕێـزی لـێ بگـرێ ، لەوانەشـە ئەوەی کە بابەتێـک لە ڕۆژنـامە لەسـەر وەزارەتەکەی بڵاودەبێـتەوە بە

هەندی وەرگرێ  و حیسابی بۆ بکا ، یا هەر بەرپرسـێکی دیـکه ، ئەوە پێوەنـدی به بەرپرسانەوە هەیه ، ڕەنگه خەڵکانێکیش هەبن قەدری ڕۆژنامه نەزانن ، ئەوەی که من دەیبینم له دەسەڵاتی هەره سەرەوە زۆر ڕێز له ڕۆژنامه دەگیرێ و موتابەعەو بەدواداچوونی ئەو شـتانه دەکرێ له ڕۆژنامه و گۆڤار و کەناڵەکانی دیـکه بڵاودەبێـتەوە ، بەڵام تـا چەنـد دەتـوانرێ ئەو گیروگرفتـانەی که له ڕۆژنامەکانـدا خـراوەته بەربـاس چارەسـەر بکـرێ ، ئەمەیـان بـۆ ئەو بـارودۆخه دەگەڕێـنمەوە که کوردسـتانی پێـدا دەڕوا ، ئەمه خاڵێک ، خاڵەکەی تریش ئەوەیه که زۆرجاری وا هەیه ڕۆژنـامەنووس قەسـەیەک دەکا بێ بەڵگەیه ، بەڵگەی پـێ نییه ، ئەگەر قسـەکەش ڕاسـت نەبـێ ، بەڵام پێویسـته هەمیشه که تۆ باسـی شـتێک دەکەی بەڵـگەی سـەلمێنراوت پـێ بێـت ، له هەمـوو دونیـاش وایه، تـۆ که بـێ بەڵـگه شـتێک بڵاوبـکەیەوە ، بەرپـرس دەبـی له بەرامـبەر یاسـاو یاسـا لێپێچیـنەوەت لەگەڵ دەکـا، بەداخەوە هەنـدێک لەو کانەڵانه که شتێک بڵاودەکەنەوە چونکه به

بەڵگە نییە سرووشتییە بە هێند وەرنەگیرێ ، بەڵام ئەوانەی بەڵگەیان هەبووە کەم و زۆر ئاوڕیان لێدراوەتەوە ، تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆش گوێیان نەدراوەتێ بەیانی هەر دەبێ لێبپێچرێتەوە ، بەیانیش نەبێ دوو بەیانی هەر دەبێ لێبپێچرێتەوە ، تۆ لێی نەپێچیتەوە من لێی دەپێچمەوە ، منیش لێی نەپێچمەوە خەڵکیتر هەیە لێی دەپێچێتەوە ، واتە شتی بەڵگەدار هەرگیز ون نابێ قەتیش ماف ناخورێ ئەگەر هاتوو خەڵکێک هەبوو بەدوایدا چوو.

( گۆڤارى **صوت الاخر**
ژماره 236 له 1 ى نيسانى 2009 )

**خەبات الصحيفة الاولى في يوبيلها الذهبي**
**خمسون عاماً من النضال و مازال العطاء مستمرا**

**محمد زنگنه**

**في الرابع من نيسان لهذا العام تطفىء جريدة خەبات (النضال ، الصحيفة المركزية للحزب الديمقراطي الكوردستاني شمعتها الخمسين).**
**هذه الجريدة التي عاصرت مختلف المراحل في التاريخ الكوردي مازالت مستمرة في العطاء والتطور نحو الافضل ، فهي اليوم**

الصحيفةالكوردستانية الاولى والمعتمد عليها لدى القارىء لما تتسم به من مصداقية في ايصال الرسالة الحقيقية التي تحملها وهي كوردستان قبل كل شيء. وقد اثبت اغلب الاستفتاءات التي اجريت حول اكثر الصحف ان خهبات مازلت في الصدارة من حيث عدد القراء والاقبال عليها.
اليوم والجريدة تحتفل بيوبيلها الذهبي يطمح العاملون فيها من رئيس التحرير وهيئة التحرير الى التقدم بها نحو الاحسن والافضل والوصول بها الى مستوى العالمية وهذا الطموح كما قال رئيس التحرير يحتاج جهدا جهيداً وتعاونا وطيدا بين العاملين فيها.

في غرفته بمقر الجريدة وبعد انتهاء العمل التقينا السيد نژاد عزيز سورمي رئيس التحرير وسألناه بداية عن التاريخ الحقيقي للجريدة حيث قال: يعتبر الرابع من نيسان لعام 1959 هو الولادة الحقيقية لجريدة خهبات ، فقبلها صدرت جريدة باسم (خهباتى كوردستان- نضال كوردستان) بصورة سرية في وكر صغير للحزب الديمقراطي الكوردستاني الذي كان المرحوم صالح شيره قد استأجره وقد ساهم في اصدار هذه الجريدة الاخ

خورشــيد شــيره والــذي كــان في الجــيش العراقــي انذاك وقد طبعت احد اعدادها القليلة في المعسكر.
امــا خــهبات فقــد منحــت الاجــازة الرسميــة قبــل التاسع من نيسان لعام 1959 بعدة شهور لكنها صدرت بهذا التاريخ.
افتتاحيــة العــدد الاول تحــدثت وبصــراحة عــن مسألة الديمقراطية في العراق كحل مناسب لجميـع المشكلات في العراق وهو ماثبت لنا اليوم حيث ان العــراق لــن يــنجح ولــن يتقــدم دون تــبني الديمقراطية وتطبيقها.

وبــين رئــيس التحريــر ان خــهبات ومنــذ صــدورها كان الاقبال عليها كـبيراً وكانـت ذات اهميـة وتـأثير كــبيرين علــى المســتويين الكوردســتانى والعراقــي والكثير من كتابها اليوم معروفون على المستويين ، يقول السيد سورمي:
لم تكن خهبات جريدة عادية ولم يكن صدورها حــدثاً عاديــاً بــل كــان للجريــدة تــأثير كــبير علــى المستويين الكوردستاني والعراقي وكثير مـن كتابها الذين مازالوا على قيد الحياة اطال الله في اعمارهم نجــدهم اليــوم في ارقــى المناصــب والمســؤوليات في كوردســتان والعــراق في بــدايات صــدورها كانــت

مقرات الحزب في النواحي والقصبات تعرف بأسم (خەبات) لما لها من تأثير كبير على القراء.
وعن مراحل تطور الجريد منذ صدورها ولحد اليوم قال السيد نژاد:
مرت الجريدة بكل المراحل التي مرت بها الحركة التحررية الكوردية وخصوصاً بعد ثورة ايلول بقيادة البارزاني الخالد في حينها كان وصول الصحف لمتناول ايدي القراء امراً صعباً للغاية لذا نرى ان دور الصحافة المطبوعة كان اقل تأثيراً بسبب مسائل التوزيع لذا فقد تأسست اذاعة صوت كوردستان العراق عام 1963 لكن مسيرة خەبات لم تتوقف حتى بعد ثورة ايلول وحتى اليوم.

## نهج قومي تقدمي

السيد نژاد اكد ان نهج الجريد مرتبط بنهج الحزب الديمقراطي الكوردستاني الذي تأسس بقيادة البارزاني مصطفى واليوم مستمر بالنضال بقيادة الرئيس مسعود بارزاني ، وكما هو معروف فأن نهج الحزب هو نهج قومي تقدمي.
وقال: نذكر جيداً كيف جمع الحزب الكوردستانيين بجميع قومياتهم ومذاهبهم في

صفوفه في ثورة ايلول وناضل الكل لرسالة واحدة، هذا هو نهج الحزب ونحن متمسكون به كجريدة.

ولا اعتقد ان كون الجريدة حزبية سيؤثر على نهجها لان لها مباديء وثوابت واهتمامات منها المصداقية والاهتمام بمطاليب الشعب والمهنية والابتعاد عن الاثارة المبالغ فيها والتي يعتقد الكثير انها جيدة.

نحن كجريدة خەبات حتى لو لم نستطع الابتعاد عن هذه النقطة مئة بالمئة لكننا راعينا فيها المهنية في ايصال الحدث والمصداقية لان للاعلام تأثيراً مباشراً على الرأي العام.

## اختبار صعب

أكد السيد سورمي ان حصول الجريدة على المركز الاول في العديد من الاستفتاءات التي اجريت من قبل مؤسسات ( لاتمت للحزب والحكومة بصلة ) يضع الجميع امام اختبار صعب بل ورهبة للتقدم بالجريدة نحو الافضل حيث قال: اننا حقا في موقف صعب فمع فرحنا واعتزازنا بهذا المركز الا اننا نشعر بشيء من الرهبة للحفاظ على هذا المستوى .

واتمنـى ان نبـدأ نصف القـرن الثـاني مـن عمـر الجريدة بكل جد ونشاط وتفان لنتقدم بمستوى خەبات نحو الافضل.

وعن اهتمامات الجريدة قال السيد نژاد سورمي: اهتمت الجريدة بالكثير من المواضيع والملفات التي لم يتطرق اليها كثير من الصحف منها على سبيل المثال وليس الحصر (الطبقة الوسطى) ومواضيع اخـرى ذات اهميـة بالنسـبة لتجربـة كوردسـتان والتي كانت مهملة لكننا اهتمنا بها و جمعنا كل الاراء المنشورة حول هذا الموضوع في كتاب.

الى جانـب ذلـك كـثيرا مايلومونـا حـول مسـألة الانتقاد لكنني اؤكد اننا ننتقد دائما اي ظاهرة سلبية إلا أن انتقاداتنا بناءة وتهدف الى تصحيح الاخطاء بعد تشخيصها تشخيصاً سليماً لغرض مساعدة السلطة الوطنية على اتخاذ القرارات اللازمة لمعالجة هذه الاخطاء.

انشاء مركز دراسات أستراتيجية

وعـن طموحـاتهم لمسـتقبل الجريـدة قـال رئـيس التحرير: قبل مدة ليست بقصيرة اقترحت ايجاد طريقـة لتوزيـع الجريـدة خـارج كوردسـتان واذكـر

انني طرحت الموضوع مرة على مسؤول الفرع السابع ( فرع اميركا وكندا ) ورِاينا ان الموضوع ليس بالصعب فالشركات اليوم تقوم بهذا العمل من حيث الطبع والتوزيع.

واليوم وحيث التطور وبوجود جاليات كوردية كثيرة في دول العالم نرى انه من الضروري ان تصلهم جريدة خەبات كما نتمنى ايضاً ان تكون خەبات حاضرة في الابنية الرسمية في العالم كاي جريدة في العالم واعتقد ان موقع الجريدة على شبكة الانترنيت سد الى حد ما هذه الفجوة اذ ان موقعنا بالحروف الاتينية والعربية يزوره يومياً حوالي مايقارب نصف مليون شخص وهذا في رأينا يعتبر رقما قياسياً لموقع جريدة كوردية.

كما ولم ننس اخواننا الكورد في الاجزاء الاخرى من كوردستان حيث وضعنا قسماً باللغة الكوردية بالحروف اللاتينية كي يتسنى لهم قراءةماينشر فيها.

اتمنى ايضاً ان يكون للجريدة مركز استراتيجي للدراسات على غرار الصحف العريقة.

( گۆڤارى **صوت الاخر**
ژماره 285 له 7 ى نيسانى 2010 )

**خەبات توقد شمعتها الاولى بعد يوبيلها الذهبـي**

**نژاد عزيز سورمي:**
**خەبات مدرسة لاعداد**
**الصحفيين والسياسيين**

**حوار/ الصوت الاخر**

**( خەبات ) الصحيفة الكوردستانية اليومية ، لسان حـال الحـزب الـديمقراطي الكوردسـتاني ، احتفلـت قبل ايام بالذكرى (51) لصدورها العلني في بغـداد وشاركت هيئة تحريـر الصـوت الاخـر في احتفاليـة (خەبات) وكانت لنا وقفة مع الزميـل نـژاد عزيـز سورمى رئيس تحرير خەبات حيث تحدث قائلا:**

- بدأت خەبات في مرحلة تأريخية مهمة بصدورها العلني ، حيث كان العراق بشكل عام وكوردستان بشكل خاص يشهدان نقلة نوعية في تغيير المفاهيم اذ كان لعودة البارزاني ورفاق دربه النضالي من الاتحاد السوفيتي والتغييرات والمستجدات على الساحة السياسية بعد 14 تموز 1958 تحتم ضرورة وجود اعلام كوردي منظم وهادف ومؤثر ، حيث كانت الساحة الاعلامية تفتقر لوجود القنوات الأعلامية الكوردية ، والأمكانات المتاحة في ذلك الوقت سهلت فقط اصدار صحيفة يومية ، أي لم يكن بالأمكان انشاء محطات لأذاعة أو التلفزيون واستطاعت خەبات خلال الفترة الأولى من صدورها وبامكاناتهم المادية والصحفية والفنية المتواضعة ان تواكب الأحداث وتعبر عن تطلعات الكوردستانيين وعموماً.

* هل هذا حديث عن مرحلة اخرى من عمر خەبات؟

- نعم.. يمكن ان نقول بأن المرحلة الثانية من عمر خەبات بدأت بأندلاع ثورة ايلول التحررية في 1961/9/11 ، حيث كان العمل الأعلامي او

الصحافي يتمحور حول اذاعة صوت كوردستان والمنشورات الحزبية واصدار خەبات بشكل دوري اذ كانت الصعوبات بوجه الطباعة الورقية كثيرة ولا يمكن مقارنة العمل الصحفي بين الوديان والكهوف مع الواقع الضروري لهذا العمل.. ومع ذلك لو عدنا الى الاعداد التي صدرت في عهد ثورة ايلول التحررية ، وحتى ثورة گولان نلاحظ انها كانت تراعي التصورات المقبولة المعقولة والأمانة الصحفية والالتزام المبدئي الثابت بنهج الكوردايتي ، واستطاعت التوافق بين الواقع المعاش واالطموحات القومية الشرعية لجيل متعطش للحقائق.

★ لنتحدث عن مرحلة ما بعد الأنتفاضة الاذارية عام 1991 والعمل الصحفي ، وبالأخص عمل صحيفة خەبات.

- الصحافة الكوردستانية بشكلها العام شهدت نقلة نوعية جديدة وبالغة الأهمية بعد انتفاضة 1991 واستطاعت (خەبات) اثبات وجودها ، اذ دخلت الساحة الأعلامية بنشاط مفعم بالحيوية وهي تحمل رسالة واضحة المعالم مفادها الأمانة

والصدقية والالتزام بالأخلاقية الأعلامية والدفاع عن الثوابت القومية والوطنية ونشر الثقافة التي تدعو الى حمالة الحريات مع تحسين نوعية الأداء وضبط التجاوزات وافساح المجال للتعبير الرصين. وخلال هذه المرحلة اصبحت (خەبات) مدرسة رائدة لاعداد الكوادر الأعلامية وحتى السياسية ، واستطاعت ان تنمو تدريجياً وتنافس تلك التي على الساحة على كسب القراء والحصول على ثقة الأعلاميين والسياسيين الكوردستانيين بمختلف انتماءاتهم الحزبية والقومية واستناداً الى استفتاءات عديدة اجرتها مؤسسات محايدة وبعضها غير مؤيدة لـ( خەبات ) ان لم نقل ضدها ، أكدت ان خەبات كانت على الدوام لسان حال الشعب الكوردستاني قبل ان تكون لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني وتلتزم بالأمانة ولمصداقية في نقل الأخبار والأحداث.

* نحن نحتفل بالذكرى (51) لصدور (خەبات) كيف تقيمون واقع الصحافة وانتماءها الكوردستانية؟

- الواقـع الصـحافي الكردسـتاني يعـيش حاليـاً نوعـاً من الارباك بسبب الخلط بين المفاهيم والكم الهائل مـــن الصـــحف والمجـــالات اليوميـــة والاســـبوعية والشهرية الـتي تصـدر في الأقلـيم ، الأمـر الـذي أدى الى طغيـــان الظـــاهرة الســـلبية علـــى الكـــثير مـــن الايجابيـــات ، حيـــث نلاحـــظ الطعـــن والتشـــهير بالجملة.

★ هل هذه الظاهرة مستوردة؟ أم بدعة محلية؟

- هـذا.. وذاك ، اذ ان الأخـلاق الكورديـة وثوابتنـا القومية لاتقبل الطعن والتشهير ولكن ومـع الاسـف احيانـاً بأسـم الديمقراطيـة وحريـة وحـق التعـبير والصحافة المستقلة والشعارات الرنانة يمنح البعض لانفســهم حقوقــاً تنـــال مـــن حقـــوق الأخـــرين ، والسبب الاساس في هذا يعود الى تغير الصحافة مـن مهنة المتاعب الى مهنة المكاسب عند البعض بهدف الحصول على مكاسب شخصـية وماديـة أو معنويـة من خلال اللجوء الى الطعن والتشهير بفلان وعـلان والاشـادة بفـلان.. والغريـب في الأمـر ان الأعتـدال بمعنـاه المعـروف في الصـحافة اصـبح عنـد الـبعض تهمـة ، ولغـة الأحـتراب والشـتم والتلفيـق بطولـة ،

وارى بهذه المناسبة ضرورة الوقوف على اخطاء هؤلاء بعين ثاقبة لكي يتم اعادة وتقويم اوضاع الصحافة الكوردستانية والتي ظلمت كثيراً وابتعدت عن الأعتبارات المبدئية الأحترافية.

**★ هل تعني ضرورة وجود استراتيجية مواد اعلامية ذات ابعاد معرفية ملتزمة للجمهور؟**

- اعني وجود استراتيجية لأخراج الصحافة من النفق الضيق الذي تمر به ، والوقوف على عيوبها، على شرط ان لا تحمل هذه الأستراتيجية في طياتها ابعاداً رقابية تقيد من الحريات الصحفية ، وتصور العمل الصحفي على أنه عمل ترفيهي يستطيع أي شخص ممارسته.. وعلى العموم فأن وجود الاستراتيجية في عموم مجالات الحياة اصبح من الضروريات في هذه المرحلة ، وكفانا تحمل تبعات الوضع المتردي للصحافة.. فحرية التعبير ، والمساحة المتاحة التي يمكن التحرك من خلالهما لممارسة النشاط الأعلامي قد تخطت الحالات المأساوية أو حالة تكميم الأفواه ولكن هناك من يستغل هذا الوضع.

★ **وما هو خطابكم المستقبلي؟**

- الخطـاب المسـتقبلي المهـني والسياسـي والأعلامـي ينطلــق مــن خصوصــية كونــه نتــاج ممارســات جماعيــة ، وحيــث ان هــذه الممارســات الفاعلــة في الأنجاز تحقق المشروعية ، فأننا نحاول ان نسهم في تــدوين واقــرار الأهــداف المنشــودة للكوردســتانيين ونطرح الذي نؤمن به وخهبات على ثقة دائماً بما تطرحه وتؤكد مراراً علـى الايمـان بعدالـة المطالـب الكوردستانيـة ومفعمـة بأمـل العبـور الى بـر الأمـان وتكشف السقطات وتسهم في تصويب الأخطاء وسـد الثغرات والتبصير بالأخطاء والأخطار.

★ **كلمة اخيرة...**

- خهبات لا تعجز عـن ضبط خطواتها ولا تتنكـر لوعودها..

( ڕۆژنامەی **بارزان**
ژمارە 151 ی 31 ی1ی 2010 )

نەژاد عزیز سورمێ:
دیالۆگ ڕۆحی زیندووی ڕاگەیاندنە

**سەبارەت بە پرسی ڕاگەیاندن و ئەرک و ئازادی ڕادەربڕین ، نەژاد عزیز سورمێ سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات ، بەم جۆرە دەربارەی پرسە گرنگەکان و ئەرکی ڕۆژنامەنووس وەڵامی داینەوە:**

**بارزان نیوز:** ئایا لە قۆناغی سیاسی ئێستای کوردستان چ جۆرە ڕاگەیاندنێکمان پێویستە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** خودی قۆناغی سیاسی بە هەموو مەوداو ڕەهەندە کۆن و نوێیەکانییەوە جۆری خیتابی ڕاگەیاندن دیاری دەکا و هەندێجار تەنانەت بێ خواستی ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارانیش بە چەشنێک دەکەوێتەوە کە زیاتر بازاڕی ویست و خستنەڕووی بەسەردا زاڵ بێت. تۆ کە دەپرسی ئێستای کوردستان چ جۆرە ڕاگەیاندنێکی پێویستە لە پێش پرسێکی واداو لە هەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆی کوردستان کە ڕاگەیاندنیش لە بازنەی جاراندا نەماوە ، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئەمڕۆی تەکنۆئابووریدا ، ئاسان نییە ئەو ڕوانینانە برەخسێنین ببن بە سەرنامەی جۆری ڕاگەیاندنی پێویست لە کاتێکدا هەڵکەوتی قۆناغی سیاسی بەتایبەتیش لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێک دەرهاوێشتەی لێکەوتۆتەو کاری ڕۆژنامەنوسی و ڕاگەیاندنی لە هاوسەنگ بوون ترازاندووەو بە بارێکی نامۆی ئەوتۆی وەرگێڕاوە وەک دەبینی بەو دەردەچووە کە لە کەسمان شاراوە نییە. زۆری لە ناونیشان ، بۆری لە ناوەرۆک ، دووربوون لە

پیشـــــەییایەتی و لاســـــایی کردنەوەیەکــــی وەڕسکەر.
لەلایەکی دی هاوکێشـەکان لاسـەنگیان ئاشـکرا پێوە دیارەو بەهۆی فراوان بـوونی کەناڵەکـانی ڕاگەیاندنمان کە تا دوێنێ ڕەنـگ بـێ خـۆی لە ڕۆژنامە و ڕادیۆدا نواندبێ ئەمڕۆ ڕۆژنـامەگەریی بینراو و ئەلکترۆنیش بوون بە واقیعـی حـاڵ لە کۆمەڵگەیەک کە بەداخەوە تـا ئەمـڕۆ نـاتوانین نـاوێکی لێبنێـین لە شـوانکارەییەوە بگـرە تـا دەگاتە کۆمەڵگای کشـتوکاڵی و پیشەسـازی و تادێ.. کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر و چیدی نا!
لەم ڕاسـتەدا ڕۆژنامەنووسـی ئـێمە لە قۆنـاغی سیاسی ئێستای کوردستان لێی دەخـوازرێ تـا بکرێت (بەندە و تاقەت) لە مەداری ئیلتـزام بە ئیتیکی پیشـەییایەتیدا لەنگەر بگرێت و هەوڵ بــــدات پابەنــــد بێـــــت بەوەی لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشـــدا لە حســـابان دانـــراوە ، ئەوەی دەچێـــتە نـــاو بەرژەوەنـــدی بـــاڵای نەتەوەیـــــی و نیشـــتمانی و ئەو پرســـــە بە مەسئوولیەتێکی ئەخلاقی ببینێ.

لێرەدا هەرگیز مەبەستم لەوە نییە رەخنە نەگرێ ، بەڵام پێشموانییە گەورەکردنی شتی بچووک و بچووککردنەوەی پرسی گەورە پیشەییایەتی تێدا پارێزراو بێت ، بەتایبەتیش لە کەش و هەوایەکی نادروستی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەریمانی تێدایە چ لە ڕووی لاسایی کردنەوەی یەکتری یا خاڵی بوونی خیتابی ڕاگەیاندنمان لە گیانی پێشزانی و گەمارۆدرانی بە ڕۆحیەتی چەپڵە لێکوتان لە دواییشدا ون بوونی ئەو ڕاستیانەی پێویستە خوێنەر یا بینەر یا گوێگر لێیان باخەبەر بێت.

**بارزان نیوز:** کاتێک ڕاگەیاندن ئازادی بۆ بڵاوکردنەوەی پشێوی و شێواندن و گرژی دەقۆزێتەوە چەند خزمەتی ئازادی ڕۆژنامەگەریی دەکات؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** وەک عەرزم کردن ، ئەوەی لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا پابەند بێت بە پیشەییایەتی هەمیشە مەترسی ئەو زاراوانەی لەبەر چاو دەبێت کە دەبێ دەرک بەوە بکات چ مەسئولیەتێکی نیشتمانی و ئەخلاقی لەسەرە وەختێ دەیەوێ هەواڵێک یا بابەتێک

بڵاوبکـاتەوە. لێـرەدا بە نمـوونە ئەو کێشـانە دەهێـــنمەوە کە لە دادگاکانـــدا دانوســـتانی لەسەرەو هێشتا یەکلایی نەکراونەتەوە.

نـازانم ڕۆژنـامەنووس چـۆن حەق بەخـۆی دەدا دوور لە پرەنســیپی پیشــەییایەتی هەواڵێکـی پەیوەندار بەو کێشـەیە بڵاوبکـاتەوە کە هێشـتا یەکلایـی نەکـراوەتەوە ڕەنـگە وەک دەڵـێن بە (نەرێنی) کار لە چەسـپاندنی دادوەریـدا بکـات ئەمە لە کاتێکـــدا ڕۆژنـــامەنووس هەمیشـــە نـوقڵانەی ســەروەری یاسـا بکـاتە دەســکەلاو خودی دەسەڵاتی دادوەری پێ تاوانبار بکا.

ئەمـــڕۆ لە زۆر بـــواری دیـــکەدا حـــاڵەتی لەم چەشنە لە ڕۆژنامەگەریماندا بە ڕوونـی بەرچـاو دەکەون. بەڕای من ئازادی ڕۆژنـامەگەریی ئەوە نییە هەرچی بڵێی و هەرچی بڵاوی بکەیەوە.

ئازادی ڕۆژنـامەگەریش وەک هەمـوو بوارەکـانی دیـــکەی ژیـــان مەســـئوولییەتی قـــانوونی و ئەخلاقـــی خـــۆی هەیە. بەڵام وەک وتـــم بەو مانایە نا ڕاستییەکان دیزە بەدەرخوونە بکرێـت لەهەمـان کاتـدا بە هەواڵ و بـابەتی ناڕاسـتیش (بەهەر نیازێک بێت) خوێنەر و گوێگر و بینەر

چەواشە بکرێ ، کە توانای بڕیار وەرگرتن و متمانەی لەلادا لاواز بکات.

**بارزان نیوز:** بەکارهێنانی ڕاگەیاندن بۆ تاوانبارکردنی یەکتر و قۆزتنەوەی لەلایەن نەیارانی کورد چەند ئەرکی ڕاگەیاندن دێنێتە ژێر پرسیارەوە؟

**نەژاد عزیز سورمێ:** هەمیشە دیالۆگ ڕۆحی زیندووی ڕاگەیاندنە. بەڵام کاتێ دیالۆگ بە ئامانجی شەخسی پەتی و بە ڕۆشنایی توانجپۆشی و دوور لە ڕوونبینی و گفتوگۆی بەڵگاوەر و هەڵدانەوەی هەندێ لاپەڕە و پەردەپۆشکردنی هیتر و سوکایەتی بە یەکترکردن بە بەرچاوی دوژمن و نەیاران لە هەر کەناڵێکەوە بێ ، (بێ جیاوازی) جگە لەوەی تۆوی نائومێدی بڵادەکاتەوە کولتوور و فەرهەنگێکی سەقەتیش دەچەسپێنێ کە ڕووکاری نێگەتیڤی بۆ نەوەکانی ئایندەش دەکشێنێ.

بەوەش بمـــانەوێ و نەمـــانەوێ ئەو کەنـــاڵانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە بەوەی زۆرجـار لەلایەن نەیارانی کورد و کوردستانەوە وەک سەرچاوەی بـــــــاوەڕپێکراو بە ڕوومانـــــــدا دراوەتەوە و دەدرێـــتەوە و بە قســـەی خۆمـــان ئیـــدانەمان دەکەن ، دیارە زۆرجار هەندێ لە کەناڵەکانمان جێـــــی داخە ئەو ئاراســـــتەیەی بە هەنـــــد وەرنەگرتـووە بەڵکـو هەنـدێ جـار بە خـاڵێکی پۆزەتیڤیشی بینیوە! .!

هەوڵەچاپکراوەکانی



## 1) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا

- ڕۆژنامەگـەریی کـوردی و ڕۆژنامەنووســی کـورد1984،بـەناوی خـوازراوی (پـاکزاد محمـد کریم)،چـاپکردن وبڵاوکردنـەوەی یـەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ( لەشاخ ) ـ چاپی دووەم بەناوی سەریح ، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین1991.

- پرۆژەیەك بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە بە کوردی - لێکۆڵینەوە - گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) بەغدا ، پایزی1986.
- هەڵەی چاپ ، ئەمرۆ و ئاسۆی دوارۆژ ــ لێکۆڵینەوە - بە دوو بەش ، رۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا 1988
- وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەرۆژنامەگەریی کوردیدا ــ لێکۆڵینەوە ــ بە سێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە 85و86و87)ی1990.
- برایەتی: یەکەمین رۆژنامەی رۆژانە لەمێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا. لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا

- چاپی یەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) - هەندەران (دانیمارك ) ، چاپی دووەم چاپخانەی خەبات1991. چاپی سێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر 1997.
- ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان( ئاداك ADAK) پرۆژەی دامەزراندن وبەرێوەبردن - لێکۆڵینەوە - رۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە1993،چاپی یەکەم بە کتێب هەولێر1993، چاپی دووەم بەکتێب چاپخانەی خەبات دهۆك1997، چاپی سێیەم هەولێر2005.
- درەختی بنکۆڵ کراو: پەنجەنماییێکی رۆژنامەنووسییانە بۆ باری رووناکبیری وکلتووری کوردی - چاپی یەکەم کوردستان1995، چاپی دووەم سوید1996، چاپی سێیەم - هەولێر2006.
- ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، وتار لە بارەی رۆژنامەنووسییەوە ، چاپی یەکەم هەولێر - کوردستان2005.
- رۆژنامەگەریی کوردی - چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك و هونەرەکانی ، چاپی یەکەم هەولێر1999، چاپی دووەم 2006.
- شار لە هەڵبوون وکوژانەوەیدا - وتاری رۆژنامەنووسیی چاپی یەکەم2005.
- میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا – 2017

## 2) شيعر

- ئەوشەوانەی خەوم نایێ : چاپخانەی (النعمان)نەجەف ـ**1977**
- تاڤگەی مەند. چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ**1987**.
- چەندکۆتەڵێکی جەنازەیی: چاپی ئیتاڵیا **1994** ،
چاپی کوردستان دهۆك **1995**.
- هەندێ لەوشوێن پێیانـەی بەسەرشـەختەدا مابونـەوە ـ چـاپی یەکەم کوردستان **2005**.
- تاڤگەی مەندوئەوانیتر ـ کۆی 4 کۆشیعر پێکەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان**2005**.
- بـەو ڕێیانــەدا تێپــەریم لــەو کانییانــەم خــواردەوە ـــ چــاپی یەکەم**2010**.
- ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو ـ چاپی یەکەم **2015**.
- کەویە بەفرەکانی دۆزەخ ـ چاپی یەکەم کوردستان **2016**
- تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی .. ـ چاپی یەکەم **2018**

## 3) لەبواری وەرگێڕاندا

- نووســـتوی بـــەرباران: شیعرلەفارســـییەوە چـــاپی یەکـــەم بەغدا**1980**، چاپی دووەم بەزیادکراوییەوە هەولێر کوردستان **2005**
- ڕێگاوبـان ، پێـنج چـیرۆکی درێـژ و شـانۆنامەیەك لـەنیکۆلای خایتۆفەوە ـ چاپی یەکەم،چاپخانەی (الحوادث) بەغدا **1983**، چاپی دووەم هەولێر ـ دەزگای موکریانی **2005**
- سەرەتایێك بۆتێگەیشـتنی هونـەری شـێوەکاری. چـاپی یەکـەم چاپخانەی(حسام) بەغدا **1986**.
- چاپی دووەم ـ هەولێرـ دەزگای موکریانی**2005**.چاپی سێیەم ـ هەولێر**2015**.
- چـەندنامەیەك بــۆ تارانتابــابۆ: نــازم حیکمــەت ، وەرگێــڕان لەعەرەبییەوە.چاپی یەکەم ـ چاپخانەی (الزمان)بەغدا **1990**،چاپی دووەم ـ سوید ـ کتیبخانەی ئەرزان. چاپی سێیەم کوردستان **2005**

- دایکی کورد - دانییل میتران وەرگێڕان لەعەرەبییەوە،چاپی یەکەم **1996**، چاپی دووەم **2011**.
- شوانی بۆشایی - شیعر ، چاپی یەکەم - کوردستان **2010**.
- سترانبێژی شەقام - شیعر - چاپی یەکەم **2018**
- خەونمان بۆ زستان دی - شیعر - چاپی یەکەم **2018**

## 4) پیشانگاکانی کۆلاژ- ناوەرۆکی 5 پیشانگا

- پـاییزی چـاوەکان ، کـۆلاژ لەتاراوگـەی شـیعردا وەزارەتـی رۆشنبیری - هەولێر**1998**
- چـاوەکان هەمیشـە چـاوەکان، کلاورۆژنەیـەك لەشـەختەدا، وەزارەتی رۆشنبیری **1999**
- دیسان چاوەکان چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری **2005**.
- شرفە – بـەزمانی عـەرەبی ، چـاپی یەکـەم چـاپخانەی خـەبات دهۆك **1998**چاپی دووەم بەکوردی بەناوی ( گەمەشاراوەکانی با )، بەوەرگێرانی نەجات حەمەد ئەحمید وپێداچوونەوەی نووسەر **2008**
- ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا ، چاپی یەکەم **2008** .
- هونەری کۆلاژ – مێژوو .. تەکنیك .. ئەزموون – چاپی یەکەم کوردستان **2020**
- دیدار لەبارەی شیعر و رۆژنامەنووسییەوە - چاپی یەکەم **2020**
- بێجگە لە دەیان شـیعری وەرگێـردراو و نووسـینی دیکـە لـەکات وشوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی.
-

**Nazhad A. Surme**

# About Poetry and Journalism

*(Interviews)*

First edition
Kurdistan – 2020

**Nahzad A.Surme**

# About poetry and journalism

## ( Interviews )

*First edition*
*Kurdistan - 2020*

